

# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و "کوردستان میدیا"وە

## ڕەشەمەی ٢٧٢٤

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- پوختەی ڕاپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان.................................. مستەفا هیجری ..... ٥

٢- وتاری کردنەوەی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان.......................................... خالید عەزیزی ..... ١٠

٣- کەماڵ کەریمی: بوونی ژن لە ڕێبەریدا تاکە پێوەری گرینگدان بە ژنان نییە و نەبوونیشیان بەو مانایە نییە پرسی ژنان وەلانرابێت.................................................................... دیمانە: سابیر فەتاحی ..... ١٥

٤- خەسارناسیی ئینقلابی ٥٧ لە ڕوانگەی کوردستانەوە........................................ د. ئاسۆ حەسەنزادە ..... ٢٠

٥- ئیسرائیل بەتەمای هێرش بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێرانە.......................... و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٢٩

٦- ژنێک، نیشتمانێک!................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ٣٣

٧- لە پێناو گەشەی وشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیدا........................................ بێهزاد قادری ..... ٣٦

٨- پرۆکسی بەدوای دێموکراسی و دابینکردنی مافی مەدەنییەوە نییە.................................. ئازاد مستۆفی ..... ٤٠

٩- زمانی دایک؛ داڵدەیەکە بۆ مانەوە و ملبادان لە بەرامبەر یەکدەستبووندا........................ هەردی سەلیمی ..... ٤٦

١٠- باسێک لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان............................................ عومەر باڵەکی ..... ٤٩

١١- کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و دەسپێکی قۆناغێکی نوێ.................................. مادح ئەحمەدی ..... ٥٣

١٢- "نەورۆزی خاکیپۆشان" لە بزووتنەوەی نەورۆزی کوردستاندا........................................ سمایل شەرەفی ..... ٥٨

١٣- گرینگیی کۆنگرە لە ژیانی حیزبیدا.................................................. ئەلبورز ڕوویینتەن ..... ٦٢

١٤- گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەرفەت بۆ کوردان.................................. محەممەدساڵح قادری ..... ٦٥

١٥- ئەمن چیرۆکی شێعرێ بووم، کە هەر دێڕێکی سەنگەر بوو.................................. برایم چووکەڵی ..... ٦٨

١٦- کۆماری پشووپارێز لە ڕاگەیاندنی پشوو بەردەوامە................................................ دارسمە ..... ٧١

١٧- یادێک لە شەهید محەممەد نادر لە چل ساڵەی شەهیدبوونیدا.................................. مستەفا مەولوودی ..... ٧٤

١٨- "ئەی ڕەقیب" مانیفێستی نەتەوەیەک.................................................. ڕێبوار دوونان ..... ٧٨

١٩- بۆچێ کۆماری ئیسلامی ناتوانی لە ڕووسیە داببڕێ؟........................................ ڕێباز مەریوانی ..... ٨٣

٢٠- پەیامێکی زیندوو................................................................... سمایل شەرەفی ..... ٨٥

٢١- ڕێژیمی ئێران خەریکە ناوچەی مەرگەوەڕ وێران دەکات.......................... ڕاپۆرت: مەرگەوەڕ - نێوخۆی وڵات ..... ٩٠



سەرچاوە
Serchawe

٢٢- ڕاگەیاندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە پەیامی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان.................. ٩٢
٢٣- ئێستا نۆرەی تورکیەیە........................................................ هەردی سەلیمی ..... ٩٣
٢٤- خاکیپۆشی و "نەورۆزی خاکیپۆشان" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان....................................... قادر وریا ..... ٩٦
٢٥- دووڕیانێکی سەخت و هەڵبژاردنێکی قورس......................................................... عەلی بداغی ..... ١٠٠
٢٦- عەلی مێهرپەروەر: ڕەزامەندیی خەڵک لە کۆماری کوردستان گەورەترین دەسکەوتی کۆمار بوو...........................
.............................................................................. وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٠٣
٢٧- بێ داهاتوویی سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران................................................ د. قادر وریا ..... ١٠٩
٢٨- داوی تاران بۆ ترامپ................................................... و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١١٥
٢٩- پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن............ ١١٩
٣٠- زمانی دایکی و کاریگەریی لەسەر شوناسی نەتەوەیی.................................... ڕەزا محەممەدئەمینی ..... ١٢٢
٣١- زمان و سیاسەتی زمانی.............................................................. پەیمان ئابجامە ..... ١٢٧
٣٢- شیکاریی پێکهاتەیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان....................................... شاڕوخ حەسەنزادە ..... ١٣١
٣٣- ٨ی مارس؛ خەبات بەردەوامە.......................................................... هەردی سەلیمی ..... ١٣٦
٣٤- فرمێسک ڕەزایی: ژنان کۆڵەکەی ئازادی هەر کۆمەڵگەیەکن واتە پێوەری ئازادی وڵاتەکان بە ئازادی ژنان پێوانە و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەکرێت............................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٣٩
٣٥- لە کێبڕکێی قژ و ڕیشدا، وادیارە قژ دەیباتەوە........................................ دارسمە ..... ١٤٤
٣٦- نوێنەری زامی گەل و مێژووی خەم و خۆڕاگری............................................... برایم چووکەڵی ..... ١٤٧
٣٧- ترس لە زمان............................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١٥٠
٣٨- نەورۆز، بەڕۆژڤکردنەوە لێکگرێدانی گێڕانەوەی وجوودیی کورد............................... تەها ڕەحیمی ..... ١٥٣
٣٩- بۆ خاکیپۆش؟ بۆ نەورۆز؟.......................................................... ئەلبورز ڕووینتەن ..... ١٥٧
٤٠- وەهمە بێکۆتاییەکانی میراتگری دیکتاتۆری پێشوو............................................. ڕەزا دانشجوو ..... ١٦٠
٤١- ڕاگەیاندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی ڕێککەوتنی نێوان فەرماندەی گشتیی هەسەدە و سەرۆک کۆماری سووریە............................................................................ ١٦٤
٤٢- سێیانەی نەورۆز، جامانە و جلی خاکی.................................................. دڵشاد هەورامی ..... ١٦٦
٤٣- نەورۆز وەک بزاڤێکی ڕزگاریخوازانە.................................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ١٧١
٤٤- نەورۆزی کوردستان و پەیامەکانی..................................................... هەردی سەلیمی ..... ١٧٣
٤٥- ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، وێنایەک لە ماریفەتی کۆمەڵگەی کوردستان.............................. سمایل شەرەفی ..... ١٧٦



سەرچاوە
Serchawe

٤٦- هێما نەتەوەییەکانی کورد لە نەورۆزدا.................................................. حەسەن قارەمانی ..... ١٧٩
٤٧- لە ئاوارەیەکی دوورە وڵاتەوە بۆ نەورۆزی خاکیپۆشان........................................ هاشم ڕۆستەمی ..... ١٨٢
٤٨- پەیامی نەورۆزیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەبۆنەی دەسپێکی ساڵی نوێی خەبات و تێکۆشان.................. ١٨٦
٤٩- پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(بە بۆنەی جێژنی نەورۆزی ١٤٠٤ی هەتاوی )........................................................................................................ ١٩٠



# مستەفا هیجری: ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕەپانی سەرەکیی خەبات و ڕەسالەتە مێژووییەکەی حیزبی دێموکراتە



**(پوختەی ڕاپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)**

**هاوڕێیانی هێژا!**

**بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان (کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)!**

به نوێنەرایەتی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان پێ دەڵێم. جێی خۆیەتی پیرۆزبایی گرتنی ئەو کۆنگرەیە کە هەنگاوی کاریگەر و دواوێستگەی پڕۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانە، لە ئەندامانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان وەک پشتیوانانی هەمیشەیی و سەرەکی حیزبی دێموکرات، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی بکەم. هەر لەو دەرفەتەشدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل، بەتایبەت شەهیدانی دوای یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب و شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا لە نێوخۆی کوردستان وەک تازەترین شەهیدانی کاروانی سەروەریی خەبات و نەتەوەکەمان.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بەرهەمی زەروورەتێکی مێژوویی، ویستی بەردەوامی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، داوا و هاندانی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات و خەباتی سیاسی-نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بە ئیرادە و هەست بە بەرپرسایەتی ڕێبەری و تێکۆشەرانی ڕیزەکانی دوولایەنی دێموکرات سەرکەوت و ئاکامی دڵخواز و چاوەڕوانکراوی لێکەوتەوە.

بێگومان ئەگەر گرتنی ئەم کۆنگرەیە لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبەکەماندا زۆر گرینگ و پڕبایەخە، هاوکات ئەو هەلومەرجەش کە کۆنگرەکەی تێدا دەگیرێن پتر گرینگ و چارەنووسسازە. لە هەلومەرجی ئێستادا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاریگەریی شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان و لایەنەکانی دیکەی سەر بە ئێرانی لەسەرە و، کۆماری ئیسلامیش لەژێر کاریگەری ئەم ئاڵوگۆڕانەدا زیاتر لە هەمیشە لە سیاسەتی جیهانیدا تەریک کەتۆتەوە و لە نێوخۆی وڵاتیش دا مەشرووعیەتی خۆی لەدەست داوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخ و پێگەی سیاسی و شەرعییەتی خەڵکیی کۆماری ئیسلامی هیچ پێویست ناکا پەنا بۆ داتا و لێکدانەوەی سیاسی ببەین، بەڵکوو تازەترین هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم باشترین پێوەرە بۆ لێکدانەوەی پێگە و جێگەی کۆماری ئیسلامی لەنێو خەڵکی وڵاتدا.

بەشداری‌نەکردنی زۆرینەی خەڵک لەو هەڵبژاردنانەدا دوو پەیامی ڕاشکاوانەی لە خۆ گرتبوو: "نا بە کۆماری ئیسلامی" و "بەڵێ بۆ گۆڕانی بنەڕەتی."

ئەم ڕێژیمە میراتگری دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتی ناوەندگەرای پەهلەوییە کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی ئێرانی بنیات نراوە، ناسیۆنالیزمێک کە قەت دانی بە فرەنەتەوەبوونی کۆمەڵگەی ئێراندا نەناوە. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لەبەرچاونەگرتنی ئەو حەقیقەتە لە بنیاتنانی ئێران، بە تایبەت لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەو کۆمەڵە کێشە و قەیرانەیە کە ئەمڕۆ بەرۆکی خەڵکی وڵات و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی گرتوە.

کۆماری ئیسلامی لەلایەک هەوڵی داوە هەستی نەتەوایەتی لەنێو کوردە شیعەکاندا لاواز بکا و لەلایەکی دیکە دەمارگرژیی ئایینیزایی و توندڕۆیی لەنێو کوردە سوننییەکاندا پەرە پێ بدا؛ هاوکات بە بەرفراوانکردنی کەلێنی نێوان ئایینزاکانی دیکەی وەک یارسانەکان ڕێ لە بیچمگرتنی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد بگرێت. بەڵام وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی کورد لەلایەک و ستراتیژیی حیزبی دێموکرات کە بەهێزکردنی ڕوحی نەتەوەیی و بەرپەرچدانەوەی مەیدانیی سیاسەتەکانی ڕێژیم بووە. بەرجەستەبوونی هەست و شعووری نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ڕووداوێکی وەک

بوومەلەرزەکەی ئەزگەلە و سەرپێلی زەهاو لە پارێزگای کرماشان و لافاوەکەی لوڕستان و بۆنە نەتەوەییەکانی وەک نەورۆزدا نیشانەی ئەوپەڕی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیی ئەمساڵیش کە بە شکۆیەکی کەموێنەوە بەڕێوە چوون لەلایەک نیشاندەری ئیرادە و هەستێکی بەهێزی نیشتمانپەروەریی کوردانە بوون و لەلایەکی دیکەش تا ڕادەیەکی بەرچاو لە ئامادەیی زەینی، هزری و مەیدانیی خەڵکی کوردستان بۆ خەبات و نافەرمانیی مەدەنی لەدژی کۆماری ئیسلامی سەرچاوەیان دەگرت. ئەم بۆنانە نیشانیان دا کە پرسی ڕێکخستن و شوناسویستیی کورد لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی و جەماوەریدا قۆناخێکی پتری بڕیوە و ئاستی تێگەیشتن و ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی کوردستان ئەوەندە لەسەرێیە کە لە ئاستی ئێراندا دەکرێ بە نموونەی بێنیەوە.

لەم ماوەیەدا ڕاپەڕینی ژینا کە لە کوردستانەوە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەری هەڵدا بوار و بەستێنێکی ئەوتۆی پێکهێنا کە زۆربەی لایەنە ئێرانیەکان بەتایبەت کۆمەڵگەی ژنانی کوردستان و ئێران خۆیان لەو جووڵانەوەیەدا دیتەوە.

ئەم ڕاپەڕینە کە سیمای سیاسیی کوردستان و ئێرانی گۆڕی دەوری بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا، بازاڕی و دوکانداران، پزیشکان، مامۆستایان، کەسایەتی و نوخبەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ژنان، لاوان، خوێندکاران بە قوتابییانەوە، مامۆستایانی ئایینیی دەروەست لە کوردستان و هەروەها دیاسپۆرای کورد لە دەرەوەی وڵات دیار و پڕبایەخ بوو کە پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم سەرنجی تایبەتیی لەسەریان هەبێت و هەم لە توانا و زەرفییەتەکانی خۆی بۆ پێشخستنی پرسی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و ڕێکخستن و یەکخستنی وزەی خەباتگێڕییان کەلک وەربگرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هەمیشە باوەڕی وایە کە کێشەی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی نابێ لە پرسی ئەتۆمی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و بەوپێیە لە بەرجامدا سنووردار بکرێ. کێشەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی نەحاواوەبوونی ئەم ڕێژیمە لە چوارچێوەی نەزمی جیهانی، ئایدۆلۆژیی ڕێژیم و ئەجێنداکانی ئەم ڕێژیمە بۆ پەرەدان بە تیرۆریزمی دەوڵەتی و ناسەقامگیرکردنی ناوچەیە. هەروەها پرسی نێوخۆی ئێران، ئیستبدادی سیاسی و بەبارمتەگرتنی خەڵکی وڵات و سەرکوت و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانیانە کە کۆمەڵگەی جیهانی لە تەعامولی سیاسیی خۆی لەگەڵ ئێراندا دەبێ بیبینێ.

ڕوانین و نەخشەڕێگای حیزبی دێموکرات بۆ ئێرانی داهاتوو تەواو ڕوونە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێداگری لەسەر ئەوەی ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، لەسەر ئەو باوەڕەیە نیزامی سیاسیی فیدڕالیزم دەستەبەری هاوبەشیی پێکهاتە

نەتەوەیی، ئایینی و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئەم وڵاتە دەکا. بۆ وەسەریەکخستنی وزەی خەباتگێڕیی هەموو نەتەوەکانی ئێران بە مەبەستی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامییش پێویستە هاوپەیمانییەک لەنێوان هەموو حیزبە پێشکەوتووە سەرانسەری و ناوچەییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێوخۆی وڵاتدا پێک بێ.

حیزبی دێموکرات لەو باوەڕە دایە کە بە ئەزموونوەرگرتن لە هەڵە و کەموکورییەکانی ڕابردوو، بە ڕێگەگرتن لە کۆمەڵێک دیاردەی نەرێنی و نەخوازراو، بە ڕەخنەگرتن و ڕەخنەقبووڵکردن و ڕاشکاوبێژیی ڕێبەری و ئەندامان لە نێوخۆی حیزبدا، بە گۆڕین و نوێکردنەوەی کولتوور و سیستەم و شێوازی حیزبایەتی و پێکەوە کارکردن، بە ڕەخساندنی هەلومەرج بۆ شایستەسالاری، بە پێکهێنانی گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست یەکگرتوویی حیزب و پەسندکراوەکانی، بە پەروەردە و بارهێنانی ئەمرۆیی و ڕاهێنانی تاکەکان بە گیانی وێکهەڵکردن و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆری و جیاوازییەکان، بە خوڵقاندنی کەشوهەوایەک کە هەمووان حیزب بە هی خۆیان بزانن، قەیران و کێشە نێوخۆییەکان کەم دەبنەوە و چارەسەر دەکرێن.

حیزبی دێموکرات پێویستە لە نێوخۆی وڵات بە خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵک بەرەورووی ڕێژیم ببینەوە و لە دەرەوەی وڵات بە دیپلۆماسی و بەتایبەت لە عێراقیش بە وتوویژ لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان پیلانەکانی ڕێژیم پوچەڵ بکەینەوە.

ئەولەوییەتی حیزبایەتی لە دەرەوەی وڵاتیش دەبێ بۆ دەستکەوتی دیپلۆماسی بە قازانجی حیزب و پرسی شوناسخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵات، ڕێکخستنەوەی تەشکیلاتێکی بەدیسیپلین، بەهێز و خۆڕاگری حیزبی بێ. بۆیە لە پێداچوونەوە بە ئۆرگانیزمی حیزبی و چەندیوچۆنیی کاری حیزبیمان گەیشتن بەو ئامانجە دەبێ لە دەستووری کارماندا بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وێڕای پشتیوانی لە پرسی مافخوازیی ڕەوای کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گۆڕەپانی سەرەکیی خەبات و ڕەسالەتە مێژووییەکەی خۆی دەزانێ. بۆیە لەگەڵ بەئامانجگرتنی کۆی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی، هەوڵ بۆ بەهێزکردن و ڕێکخستنی پتری خەباتی جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەردەوامی لە هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی هاوپێوەندیی زیاتر لەگەڵ نەتەوە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێران دەدا.

ناوەندی بڕیاری حیزب و ئۆرگانیزمی حیزبی بەتایبەت بەشەکانی پلاندانان، تەشکیلات و ڕاگەیاندن بە بایەخدانی پتر بە ناوچەکانی باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵات هەوڵی زیاتر بۆ

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

شۆڕکردنەوەی خەباتی نەتەوایەتیی و شوناسخوازی لەو ناوچانەی کوردستان و بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی کورد لە ئێرانی داهاتوودا دەدەن.

پێویستە تەشکیلات و ئۆرگانیزمی خۆمان لە نێوخۆی وڵات و دەرەوە بە جۆرێک ڕێکبخەین و بەرۆژیان بکەینەوە ژینگەیەکی گونجاو، هیوابەخش و ئامانجدار بۆ بەشداریی تاکەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆ و دەرەوە بڕەخسێنین.

١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

## خالید عەزیزی: دەبێ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بکەین بە پڕۆژەی هاوبەشی هەموو پێکهاتەکانی ئێران




**خالید عەزیزی: دەبێ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بکەین بە پڕۆژەی هاوبەشی هەموو پێکهاتەکانی ئێران**
**(وتاری کردنەوەی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)**

**هاوڕێیانی هێژا، نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە!**

بەخێر بێن بۆ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، کۆنگرەی ئەمجارەمان لە کاتێکدا دەگیرێ کە حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی ناوەتە هەشتایەمین ساڵی دامەزرانی. بۆیە پێش هەموو شتێک سڵاو دەنێرم بۆ پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات و یەکەم ڕەئیس‌جمهووری کوردستان کە بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان؛ بناغەی ناسیۆنالیزم و حوکمڕانیی سەردەمیانەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا. سڵاو لە شەهیدانی ڕێبەر، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی و سڵاو لە یاد و بیرەوەریی سەرجەم شەهیدانی حیزب کە لە ماوەی ٨ دەیە خەبات و خۆڕاگریی حیزبی دێموکراتدا گیانیان کردە بەردەبازی گەیشتن بە ئازادی.

سڵاو لە سەرجەم ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکەمان، بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی کە ئیلهامدەری خۆڕاگری و هیوا بە سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمانن، سڵاو و پێزانین بۆ هەموو تێکۆشەران و کوڕان و کچانی نیشتمان کە سەرەڕای تێچووی زۆر و قورسی خەباتی مافخوازانە، بەڵام لە بوار و سەنگەرە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی خەباتی شوناسخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵسووڕ و چالاکن.

## بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

بێگومان گرتنی کۆنگرە یەک لە ڕووداوە گرینگەکانی حیزبی ئێمەیە و دەرفەتێکە بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەت و ستراتیژییەکانی حیزب و خەسارناسیی کارکردی حیزب لە ڕابردوودا و، هەروەها ساغبوونەوە و پەسندکردنی نەخشەڕێی نوێی مەیدانی بۆ داهاتووی کار و تێکۆشانی حیزبەکەمان. مخابن وەک دەزانن لە کۆنگرەی ئەمجارەماندا دەرفەتی ئەوە نەڕەخسا هەمووان پێکەوە و لە یەک شوێن کۆ ببینەوە. بەڵام هیوادارم سەرەڕای ئەوە کۆنگرەیەکی پڕ دەسکەوتمان هەبێ و ڕێبەریی داهاتووی حیزبەکەشمان بە شێلگیرییەوە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە دەستنیشانکراوەکان لە کۆنگرەدا بەردەوام بێت.

## بەڕێزان!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئێستا نوێترین کۆنگرەی خۆی دەگرێ حیزبی دوێنێیە، بە ئێعتباری ئەوەی لە ٨ دەیە خەبات و تێکۆشانیدا زۆر دەسکەوت و شانازیی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تۆمار کردوە کە ئێستا سەرمایەیەکی بەنرخی سیاسیین بۆ ئێمە. حیزبی ئەمڕۆیە، بە ئێعتباری ئەوەی لە بارودۆخی زۆر هەستیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەنێو گێژاوی قەیرانەکاندا بە ژیریی سیاسی و هەڵوێستی بەجێ و حەوڵ و هیممەتی کۆی ئەندامەکانی توانیویەتی لەسەر پێ بمێنێتەوە و لەسەر ڕێبازی خۆی بەردەوام بێت. حیزبی سبەینێ ، بە ئێعتباری ئەوەی لەژێر ڕووناکایی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە لە ژیانی سیاسی و خەباتی مەیدانیی خۆی بەردەوام دەبێت. بۆیە کۆنگرەکەمان بەم سێ پێناسەیە ئەویش لەو سێ قۆناغە زەمەنییە جیاوازەدا ئەرکی گرینگ و ئامانجی دیاریکراومان بۆ دەستنیشان دەکا کە دەبێ بە یەکگرتوویی و بە حەوڵ و تێکۆشانی هەمەلایەنە بەرەو بەدیهێنانیان بچین.

یەکێک لە هۆکارەکانی دیاربوون و بەرجەستەبوونی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەسەرپێ بوونی بزووتنەوەکەش بۆ بەڕێکخراوبوونی خەباتی سیاسیی کورد لە ئێران و بوونی حیزبی بەئەزموون و خەباتکاری وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە. ئەمەش لەجێدا ئەرکێکی گرینگ دەخاتە سەر شانمان کە ئەم حیزبەمان بە

بەهێزی بمێنێ و بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ هەمووان لە خەمی پاراستنی یەکڕیزیی حیزبەکەماندا بین.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بەرهەمی ویست و داخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ئیرادەی بەهێزی هەموو ئێمە ئەندامانی حیزب بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بوو. بە باوەڕی من یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات ئەوپەڕی هەست بە بەرپرسایەتیی تێدا بوو کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە وەک ئەرک خرایە سەر شانی ئێمە و ئێمەش بە ئەرکەوە بە ئاکاممان گەیاند و بۆ ئەوە کە لە داهاتووشدا دەور و کاریگەریی زیاترمان لەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی کوردستان و ئێران هەبێت، دەبێ ئەم یەکگرتوویيە بپارێزین.

## هاوڕێیان!

حیزبی ئێمە لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا سەرەڕای بەدیهێنانی زۆر دەسکەوت و خوڵقاندنی زۆر شانازی لە ژیانیی سیاسیی خۆماندا، بەڵام لە ئیدارەی و بەڕێوەبەریی حیزبەکەماندا بێهەڵە و کەموکووڕیش نەبووین. دیارە لەجێدا حیزبێکی گەورە و لەمێژینەی وەک حیزبی دێموکرات کە هەزاران ئەندام و، سەدان کادر و پێشمەرگە و دەیان ئەندامی ڕێبەریی لە بواری جۆراوجۆری سیاسی و تەشکیلاتیدا کار دەکەن، ڕەنگبێ هەڵەش بکات و ڕەخنەشی بێتەوە سەر. بەڵام ئێمە دەبێ هەڵەکانمان ببینین و بە ڕوحێکی ڕەخنەگرانەوە خەسارناسییان بکەین و بۆ نەهێشتن و چارەسەرکردنیان پلانمان هەبێت.
ئێمە هەر بەو مێتۆدە سەیری دابڕانەکانی پێشوومان کرد و قبووڵمان کرد کە لەو دابڕانەدا هەموو لایەکمان بەرپرسایەتیمان دەکەوێتە سەر شان و هیچ لایەنێکمان بێهەڵە نەبووین و ئێستاش کە بەتەمای کارێکی گەورەین؛ دەبێ ئەم دیاردەیە نەهێڵین و بە یەکگرتنەوەمان ئەو سەرکەوتنەمان تۆمار کرد.

## هاوڕێیان!

پێکهاتەی حیزبی ئێمە و باوەڕ بە دێموکراسی و مێکانیزمەکانی پێڕەوی نێوخۆ و ئاییننامەکانمان ڕێکاری زۆری لە بەردەم چارەسەری کێشە و گرفتەکان داناوە. بۆیە لەپێناو دووپاتنەبوونەوەی ئەو دۆخە لە داهاتوودا با ئەوە بکەین بە باوەڕ و بڕیار و ئەو قەناعەتە لای تاک بە تاکی خۆمان و هەمووان دروست بکەین کە لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر کێشەیەکدا کە سروشتییە لە ڕەوتی ژیان و تیکۆشانی حیزبیدا بێتە پێش، لە چوارچێوەی تەشکیلاتی و بەپێی ڕێوشوێنە نێوخۆییەکان و بە ڕوحی پاراستنی یەکیەتی و یەکڕیزییەوە دەتوانین چارەسەری بۆ ببینینەوە و نابێت لە دەرەوەی ئۆرگان و لە دەرەوەی حیزبدا بەدوای چارەسەردا بگەڕێین.

**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان!**

کۆنگرەکەمان لە کاتێکدا دەگیرێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ٤٦ ساڵ ئەزموونی شکستخواردوو لە ئیدارەدانی وڵات ئێستا ئیدی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی و بەڕێوەبەریدا زۆر لاواز بووە، لە سۆنگەی ئەو ناسەرکەوتوویی و کەڵەکەبوونی قەیرانەکانەوە لە نێوخۆی وڵاتدا بەرەوڕووی ناڕەزایەتیی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک بۆتەوە و لە ئاستی ناوچە و هاوکێشە نیودەوڵەتییەکانیشدا سیاسەتەکانی داڕماون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەتا ئێستا پشکی هەرە زۆری ڕێبەریکردنی جووڵانەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان پێ دەبڕێ، هاوکات لەگەڵ بەردەوامیمان لەو ئەرک و بەرپرسایەتییە بۆ بەهێزکردنی پتری جووڵانەوەکە؛ بەنیسبەتی داهاتووی ئێرانیش بێتەفاوت نابین. بەهێزکردنی بیرۆکەی دروستکردنی کۆڕ و کۆمەڵ و ئەنجومەن و دامەزراوەی جۆراوجۆری مەدنی و شوناسخوازانە نەخشەڕیگایەکی پێویستە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتدا بە ئامادەییەوە بەرەوڕووی سێناریۆ ناڕوونەکانی پێش ڕووخان و دوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە بێتەوە. بۆیە ڕێبەریی داهاتووی حیزب دەبێ لەژێر ڕووناکیی باس و بڕیار و پەسەندکراوەکانی کۆنگرە و ئەزموونەکانی خەباتی چەندین ساڵەی قورسایی پتر بخاتە نێوخۆی وڵات.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

حیزبی ئێمە لە ماوەی ٨٠ ساڵ تەمەن و تێکۆشانیدا گەلێک هەوراز و نشێوی پێواوە، چەند جار کۆستی کەوتوە و قۆناغی زۆر سەخت و دژواری بڕیون، وەک ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزب، وەکوو تێرۆری دوو سکرتێری حیزب شەهیدان د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و هەروەها تێرۆر و شەهیدکرانی دەیان ئەندامی ڕێبەری و چەند هەزار کادر و پێشمەرگە؛ تەنانەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار بە مووشەک و درۆن هێرش کراوەتە سەر بنکە و بارەگاکانمان، بەڵام ئەم حیزبە کۆڵی نەداوە، بەچۆکدا نەهاتوە و توانیویەتی بمێنێتەوە و درێژە بە خەبات و تێکۆشانەکەی بدات و ئەو یەکگرتنەوەیە بەهێزتریشی کردووین.

هۆی ئەو مانەوەیە لە مەیدان و بەردەوامییەش بۆ پشتیوانیی هەمەلایەنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە کە لە هەموو قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبدا لەگەڵی بوون و بە پڕکردنەوەی بەتاڵاییەکان و مەیدانداریيان کوانووی خەبات و خۆڕاگریی حیزبی دێموکراتیان گەرم ڕاگرتوە.

رەشەمەی ٢٧٢٤

**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان!**

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی ئێمە لە زۆر بواردا ڕێکار و نەخشەڕێی بۆ کار و تێکۆشان و ئەجێنداکانمان دیاری کردوە. هەم لە دیاریکردنی چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا، هەم لە بواری تێکۆشانی نێوخۆیی لە چوارچیوەی نەزم و دیسیپلینە دیاریکراوەکانی حیزبیدا. بۆیە لەپێناو بەرەوپێشچوونی خەبات و تێکۆشان و هاوکات ئامانجەکانی حیزبەکەماندا، و هەروەها جۆری مامەڵە و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ یەکتری لە نێوخۆماندا و لەگەڵ هەر تاک و لایەنێکی دی؛ هەمووان پێویستە پێبەندی پێڕەوی نێوخۆ بین و ڕەچاوی ئەو میکانیزم و دیسیپلینە بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش ڕێبەریی داهاتووی حیزب پێویستە چ لە بواری پەروەردە و بارهێنان و چ لە بواری چاوەدێری و کەڵکی باش وەرگرتن لە فەزای مەجازییەوە میکانیزم و چوارچێوەی گونجاو بۆ کەمکردنەوە لە خەسارەکان و بردنەسەرێی زەرفییەت و تواناکان لەو پێوەندییەدا دیاری بکات.

**لە کۆتاییدا:**

هەموو لایەکمان تا ڕادەیەکی زۆر ئەو قەناعەتەمان هەیە کە حیزبی دێموکرات نفووزێکی جەماوەریی زۆر و بەهێزی هەیە و یەکگرتنەوەکەش ئەو پێگەیەی بەهێزتریش کردوە. بەڵام حیزبی دێموکرات دەبێ زۆر لەوەش بەهێزتر بێت و بۆ ئەوەش پێویستیی بە خەڵکێکی زیاتر و پشتیوانیی زۆرتر هەیە. دەبێ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییش بکەین بە پرۆژەی هاوبەشی هەموو پێکهاتەکانی ئێران. بۆئەو مەبەستەش دەبێ جۆرێک سیاسەت بکەین و بە شێوەیەک بجووڵێینەوە کە پشتیوانمان زیاتر و نەیارەکانمان کەمتر ببنەوە. هەر لەو چوارچێوەیەدا بەتایبەت لەنێو لایەنە ئێرانییەکاندا پێویستیمان بە دۆست و هاوبەشی زیاتر هەیە.

**هیوادارم کاری کۆنگرەکەمان بە پیی دەستوری کاری دیارکراو و بە سەرکەوتویی بچێتە پێش.**

١ی رەشەمەی ٢٧٢٤

# کەماڵ کەریمی: بوونی ژن لە ڕێبەریدا تاکە پێوەری گرینگدان بە ژنان نییە و نەبوونیشیان بەو مانایە نییە پرسی ژنان وەلانرابێت




دیمانە: سابیر فەتاحی

## ئاماژە:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ڕۆژانی ١٥ و ١٦ی ڕێبەندان کۆنگرەی حەڤدەهەمی خۆی پێکهێنا. ئەم کۆنگرەیە کە ناوی "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"ی لەسەر داندرابوو، وێستگەیەک هەرە گرینگ و کۆتایی پرۆسەی یەگرتنەوەی دێموکراتەکان و دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە تێکۆشانی ئەم حیزبەیە. "کوردکاناڵ" پێوەندیدار بە باسە وتووێژێکی لەگەڵ کاک کەماڵ کەریمی، بەرپرسی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە پێکهێنابوو کە "کوردستان" پوختەیەکی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**سابیر فەتاحی:** حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ کۆنگرەکەی بە سەرکەوتوویی گرتوە. مەبەست لە کۆنگرەی سەرکەوتوو چییە؟

**کەماڵ کەریمی:** کە باس لە سەرکەوتن دەکەین باس لە بە ئەنجامگەیاندنی پلانێک دەکەین کە بۆ جێبەجێکردنی


سەرچاوە
Serchawe

ئەرکەکانی کۆنگرە دامانڕشتبوو. بەپێی تەواوکردنی بڕگە بە بڕگەی کارەکانی کۆنگرە و گەیاندنی ئەرکەکان بۆ کۆتاییهێنان بە کاری کۆنگرە لە هەموو بوارەکاندا چ لە بواری سیاسی، چ لە بواری تەشکیلاتی و چ بابەتەکانی پێوەندیدار بە باسە ستراتێژییەکان و باسە سیاسییەکان، هەروەها باسە نێوخۆییەکانمان. جا مادام ئێمە لە کۆنگرەدا توانیومانە بە تەوافوقێکی گشتی ئەنجامەکان پەسەند بکەین و بتوانین بیکەینە بنەمایەک بۆ داڕشتنی پلانێکی نوێی عەمەلی لە چوارچێوەی بەرنامە کارییەکانماندا، پێمان وایە کۆنگرەکەمان سەرکەوتوو بووە. دیارە سروشتییە لە کارێکی ئاوا گەورە و گراندا تووشی ئیشکالاتێکیش ببین کە ئەمە بۆخۆی وەک ئەزموونێکە بۆ کارەکانی دواترمان.

**سابیر فەتاحی**: کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ناوی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی لەسەر داندرابوو، کۆنگرەیەکی تەوافوقی بوو. لە سەر ئەساسی ئەو تەوافوقەی پێشووتر، کاروباری کۆنگرە چۆن چووە پێشێ؟

**کەماڵ کەریمی**: بەپێی ڕێککەوتنەکە پێشوو تەنیا شتێک کە نەمانتوانی لە کاتی خۆیدا جێبەجێی بکەین، کاتی گرتنی کۆنگرەکە بوو. ئێمە ڕێککەوتبووین لە ماوەی ٦ مانگ هەتا ساڵێک دوای یەکگرتنەوە ئەو کۆنگرەیە لەژێر ناوی "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"دا بگرین، بەڵام هەر وەکوو لە ڕاگەیەندراوەکەی کۆمیتەی ناوەندی و لە ڕاپۆرتی سیاسیشدا هاتوە بە هۆی ئەو کێشە ئەمنییەتییانەی بە دوای یەکگرتنەوەدا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دروست کرا کە مووشەکباران دەستپێکی ئەو هەڕەشە بەردەوامانە بوو کە لەسەر حیزبی ئێمە هەبوو، بەداخەوە نەمانتوانی لە کاتی دیاریکراوی پێشوەختەدا کۆنگرەکەمان بگرین. ئەگینا بەپێی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە ئەرکەکانی کۆنگرە وەک داڕشتنەوە و پەسندکردنی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ، ڕاپۆرتی سیاسی و بڕیارنامەی کۆنگرە و هەروەها هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و بەگشتی ڕێبەریی حیزب هەموو ئەمانە بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی پێشتر لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کرابوو، چووە پێشێ و کارەکانمان جێبەجێ کرد و کۆتاییشمان پێ هێنا.

**سابیر فەتاحی**: هەڕەشەکان هەر ئەوە بوون کۆنگرە هێرشی بکرێتە سەر؟

**کەماڵ کەریمی**: مەسەلەکە هەر هەڕەشە ی زەبروەشاندن نەبوو، بەڵکوو دەماندی کە کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی خەریکی پیلانگێڕییە و هەوڵ دەدا نەهێڵێ ئێمە کۆنگرەکەمان بگرین و ئەمەیان بە ئاشکراش دەگوت. ئەمە شتێک نەبوو کە بە قەوڵ تەنیا بە پیلانە نهێنییەکانیان بیانەوێ جێبەجێی بکەن، بەڵکوو بە ئاشکراش دەیانگوت کە ڕێگە نادەن حیزبی دێموکرات کۆنگرە بگرێت و ئەمەیان بەپێچەوانەی ڕێککەوتنی ئەمنیەتیی ئێران و عێراق دادەنا، لە حاڵێکدا ئەمە هیچ پێوەندی بەو تەوافوقەوە نەبوو. بەڵام ئێمە کارەکانی کۆنگرەمان جۆرێک بردە پێشێ و کۆتاییمان پێ هێنا کە لە ڕاستیدا

کۆماری ئیسلامی غافڵگیر بوو، و نەیزانی ئێمە کۆنگرەمان چۆن بەستوە و لە کوێ گرتوومانە و هەتا کۆتایی کاری کۆنگرەش نەیتوانی هیچ زانیارییەک لەسەر وردەکارییەکانی کاری کۆنگرەی دەست کەوێ. هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەیکە نەیانتوانی ئەو جۆرەی کە دەیانویست کارەکانی کۆنگرەکەمان پەک بخەن.

**سابیر فەتاحی**: پەسندکراوەکانی کۆنگرە چی بوون؟

**کەماڵ کەریمی**: ئێمە کۆمەڵێک بەڵگەی پەسندکراومان هەبوو. یەکیان بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب، ڕاپۆرتی سیاسیی حیزب و هەروەها بڕیارنامەی کۆنگرە. بەرنامە و پێڕەوی حیزب و هەروەها ڕاپۆرتی سیاسی پێشتر بە وردی کاریان لەسەر کرابوو و لەلایەن ڕێبەریی پێشووی حیزب و هەروەها نوێنەرانی کۆنگرەوە پاش باس و خواسێکی زۆر گەڵاڵە کرابوون و لە کۆنگرەدا دەنگی متمانەیان بۆ وەرگیرا و پەسند کران. لە تەنیشت ئەوانە بڕیارەکانی کۆنگرەش خرایە بەر دەستی ئەندامانی کۆنگرە و دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و سەرنجی نوێنەرانی کۆنگرە ڕەشنووسەکەی دراوەتەوە بە ڕێبەریی داهاتووی حیزب و ئەمەش پەسندکراوێکی دیکەی کۆنگرەکەمان بوو.

**سابیر فەتاحی**: بەپێی ئەوەی ئەم کۆنگرەیە لە دۆخێکی نائاساییدا گیرا، ئایا تووشی هیچ کێشە و بەربەککەوتنێک هاتن؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەمە یەکەم ئەزموونی ئێمە لە گرتنی کۆنگرە بەو میکانیزمە بوو. دیارە ئەم شێوازە لەمێژە لە هەموو دنیادا بۆ کۆنفرانسی زۆر گەورە کەڵکی لێ وەردەگیرێ، بەڵام ئێمە یەکەم جار بوو کارمان پێ دەکرد و لەگەڵ ئەوەی لە هەلومەرجێکی ئاساییدا نەبووین و ناچار بووین بە لەحازی ئەمنی زۆر شت ڕەعایەت بکەین، بەڵام بە خۆشییەوە لە ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆنگرەدا هیچ کێشەیەکمان بۆ نەهاتە پێش و ئەو جۆرەی بەرنامەڕێژیمان بۆ کردبوو، قۆناغ بە قۆناغ چووینە پێشێ و بە سەرکەوتوویی کۆتاییمان بە کارەکانی کۆنگرە هێنا.

**سابیر فەتاحی**: گرینگترین و دیارترین جیاوازیی ئەم کۆنگرەیە لەگەڵ کۆنگرەکانی ڕابردووی حیزبی دێموکرات چی بوون؟

**کەماڵ کەریمی**: دەکرێ بڵێم هەر خودی شێوازی بەڕێوەبردنی کۆنگرە بۆ خۆیی جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ کۆنگرەکانیتر. پێشتر لە کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتدا هەموو ئەندامان و نوێنەرانی کۆنگرە لە ساڵۆنێک لە دەوری یەک کۆ دەبوونە و لە ڕاستیدا پێوەندییەکە نیزیکتر و ڕاگۆڕینەوە و باسەکان لەگەڵ یەکتر چڕتر بوو. بەڵام ئەمجارەیان وەک باسمان کرد بە هۆی ئەو هەلومەرج و هەڕەشە ئەمنییەتییەی لە دەوروبەرمان هەبوو، نەمانتوانی بەم میکلانیزمە کۆنگرە



سەرچاوە
Serchawe

بگرین و ناچار بووین ئەندامانی کۆنگرە بە سەر چەندین گرووپدا دابەش بکەین و لە ڕێگەی ئینتێرنێتەوە پێوەندیمان بەیەکەوە هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا کۆنگرە توانی هەموو بەرنامەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی بباتە پێش و ئەم میکانیزمە نوێیەش بە سەرکەوتوویی تاقی بکاتەوە.

**سابیر فەتاحی**: یەکێک لە گلەییەکان لە کۆنگرە ئەوەیە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێبەرایەتی حیزبدا ڕێژەیان زۆر کەمە. هۆکار بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: ئێمە کە باسی حیزب دەکەین ڕەنگبێت حیزب نەتوانێ خۆی دابەش بکات بەسەر ناوچەی جیا جیادا و لە ڕاستیدا تێکۆشانی کاری ئێمەیە کە دەبێ دابەش بکرێ بەسەر ناوچە جیا جیاکاندا و کادرەکانی حیزبن کە دەبێ هەوڵ بدەن بزانن لە کام ناوچە و بواردا پێویستە تێکۆشانی زیاتریان هەبێت. لەو کۆنگرەی ئێمەدا بێگومان بە دەیان کادری بەشە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکانی کوردستانی تێدا بوو کە ڕەنگبێ شایانی ئەوە بووبێتن ئەندامی ڕێبەریی حیزب بن. بەڕاستی وەک لە کۆنگرەکەدا دەرکەوت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە دەوڵەمەندترین حیزبەکانە لە باری هێزی مرۆیی بەتوانا و کادری بەڕاستی پێگەیشتوو و شایستەوە، بەڵام ئەوەیکە لە فڵان ناوچە ئەندامی ڕێبەری کەمە و لە فڵان ناوچە زیاترە؛ هۆکارەکەی ڕەنگبێ بۆ زیاتربوونی کادری تێکۆشەری ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕوای من هەر ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی حیزب بە تایبەت کادر و پێشمەرگەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان ئەوانن کە بە قەولێ لە تێکۆشانی خۆیاندا توانیویانە ئەو مەوقعییەتە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەو ناوچەکانی خوارووی کوردستان دروست بکەن کە ئێستا خەڵک متمانەی زیاتر بە حیزبی دێموکرات دەکات. هەروەها ئەو هێزە مرۆییە خەباتکارە بووە کە بوونەتە هۆی دروستبوونی پێگەیەکی بەرینتریش بۆ کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی خوارووی کوردستانی ئێران. بەڵام وەک باسم کرد هۆکارەکەی تەنیا ئەوەیە لە ناوچەکانیتر ڕەنگبێ کادری بەرجەستەتر زیاتر بن و ئیتر حیزبیش پەرلەمان نییە کە ئەتۆ بڵێی ئەندامەکانی ڕێبەری بەپێی شارستان و بەپێی ناوچەکان دابەش بکات و تەبیعییە بەپێی شایستەیی و لێوەشاوەیی کادرەکانی ڕێبەرییەکەی هەڵدەبژێرێ. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە ئەوەیکە هەڵنەبژێردراوە یا لە ڕێبەریی حیزبدا نییە ئەو شیاوی و پێگەیشتووییەی نییە، یا ئەوەیکە ئێستا هەڵبژێردراوە زۆر زۆر لەسەرترە. وەک عەزرم کردی ئێمە لە بزووتنەوەی کورددا یەکێک لەو حیزبە دەوڵەمەندانەین کە زۆرترین کادری باشمان هەیە لەنێو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئیدی ئەوە هەڵبژاردنە و پێشوەختەش پلانی ئەوەمان نەبووە بۆ ئەوەیکە ئەندامانی ڕێبەری بەپێی ناوچەکان و شارەکان دابەش بکەین.

**سابیر فەتاحی**: بوونی چوار ژن لە ڕێبەریی حیزبدا کەم نیە؟



سەرچاوە
Serchawe

**کەماڵ کەریمی**: بوونی ژن لە ڕێبەریدا بەو مانایە نییە کە حیزبی دێموکرات گرینگی دەدا بە ژنان و نەبوونیشیان بەو مانایە نییە حیزبی دێموکرات گرینگی نادا بە پرسی ژنان. پرسی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسێکی سیاسی کۆمەڵایەتییە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەمیشە گرینگی پێ داوە. هەمیشە لە هەر بوار و حاڵەتێکدا کە باس لە پرسی ژنان کرابێت حیزبی دێموکرات گرینگی خۆی پێ داوە و هەر بەو ڕوانینیشەوە دەڕوانێتە پرسی ژنان. ئێمە بۆمان گرینگ بوو زیاتر لەوەندەش ژنان بەشدار بن لە ڕێبەریی حیزبدا و ئەوە نییە کە ئێمە دیاریمان کردبێت کە تەنیا دەبێ ٢ ژن ئەندامی کۆمیتە ناوەندی بن. بە هەڵبژاردن دەکرا زیاتریش بایە. دیارە دیتنی گرینگیپێدانی حیزب بە پرسی ژنان نابێ تەنیا لەوەدا بەرجەستە بکرێتەوە کە چەند ژن لە ڕێبەریی حیزبدا هەن، بۆ ئێمە گرینگ ئەوەیە ژنان چەندە گرینگیان پێ بدەی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبیدا. تەنیا ڕێبەری شەرت نییە، بەڵکوو بەڕێوەبردنی حیزب شەرتە لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا بە تایبەت لە کاری تەشکیلاتدا زۆر زۆر گرنگە و لە بەشەکانی دیکەی وەک ڕاگەیاندن و دیپلۆماسیدا هەر زۆر گرینگە. بۆیە پێمان وایە حیزبی دێموکرات دەبێ گرینگی زیاتر بەوە بدات کە نەقشی ژنان لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبیدا بەرجەستەتر بکاتەوە.

**سابیر فەتاحی**: ڕوانینی کۆنگرە بۆ خەباتی ڕۆژهەڵات و داهاتووەکەی چی بوو؟

**کەماڵ کەریمی**: ئێمە لە ڕاپۆرتی سیاسییدا ئەو باسانەمان کردوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا ئێستاش باوەڕی وایە هەلومەرجی سیاسی ئێستای ناوچە و جیهان ئەوەمان لێ دەخوازێ لەگەڵ ئەوەیکە زۆر بە جیددی بە دوای گرینگیدان بە مافە نەتەوایەتییەکانماندا، بەڵام هەوڵ بدەین لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێک بۆ هەموو ئێران تێبکۆشین. هەر ئەوەیکە هەتا ئێستاش دروشمی ستراتێژی حیزب فیدراڵیزم ماوەتەوە، واتە ئێمە داواکاری گەیشتن بە قۆناغێکین حکوومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵیلە ئێراندا بێتە سەر کار و ئەمە ئاکامی ئەو ڕوانینەیە. دیارە هەر لەجێدا باوەڕمان وایە کە دەبێ گرنگی زیاتر بە پرسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەین و تەنانەت پێمان وایە هەموو ئەو هەوڵانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا داومانە بۆ ئەوە بووە بتوانین لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بگەینە ئەو ئاکامەی ئەوان دان بەم پرسە دابنێن و بتوانین بە قەبووڵکردنی ئەم پرسە هەماهەنگیی زیاتر و تەنانەت هاوپەیمانییەک دروست بکەین بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و حکوومەتێکی دێموکراتی فیدراڵ لە ئێراندا بێتە سەرکار. بەڵام پێمان وایە ناکرێ بۆ هەمیشە بە دوای ئەوەدا بڕۆین و ئەگەر ئەمە سەری نەگرت، ئێمە دەبێ بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن مافە نەتەوایەتییەکانمان بەرجەستەتر مەترەح بکەین.

ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# خەسارناسیی ئینقلابی ٥٧ لە ڕوانگەی کوردستانەوە




**د. ئاسۆ حەسەنزادە**

وێڕای دەسخۆشیم لە ناوەندی هەواڵی ڕۆژهەڵات بۆ پێکهێنانی وێبینار لەسەر بابەتێکی ئاوا گرینگ، مایەی سەرنج و جێگای داخە کە چل و شەش ساڵ پاش ئینقلابی ١٣٥٧ تا ئێستا بەشێوەی سیستماتیک و هاوبەش خەسارناسییەکی ئەو ئینقلابە لە گۆشەنیگای کوردستانەوە نەکراوە. ڕاستە خەسارناسییەکی وا، بەتایبەتی بۆ ئەو بەشەی دەگەڕێتەوە سەر نێوان ناخۆشی و گرژییەکانی نێو ماڵی کوردی ڕۆژهەڵات لەپاش ئینقلاب، ئەگەر لە چوارچێوەی گونجاو و بە چەشنی ئاراستەکراو نەکرێ، دەتوانێ زیانی لە قازانجی زۆرتر بێ. بەڵام قەت ناتوانین ئایندەیەکی بەڵێندەر و یەکگرتوو بۆ گەلەکەمان بنیات بنێین ئەگەر حازر نەبین ئاوڕ لە کێشە و هەڵەکانی ڕابردوو بدەینەوە و پێکەوە دەرسیان لێ وەربگرین.

دیارە هەر جۆرە خەسارناسییەک دەبێ بە شێوەیەکی ڕێژەیی چاو لێ بکرێ و پێویستە شتەکان بخرێنەوە کۆنتێکستی هەلومەرجی ئەودەمەوە. چونکە تێپەڕینی زەمان و ڕەوت و ئاڵوگۆڕەکانی دواتر دەتوانێ زۆر شت لە یادەوەریی بەکۆمەڵدا دەسکاری بکا و تێگەیشتن لە سروشتی ڕووداوەکان بەپێی ئەزموونی دواتر یان ئارەزووی ئایندە بگۆڕێ. بۆ نموونە ئەمڕۆ

دەستەواژەی شۆڕشی گەلانی ئێران تەنانەت لەلای هێزە کوردییەکانیش جێگای خۆی داوە بە ئینقلابی ٥٧ یان تەنانەت شۆڕشی ئیسلامیی ئێران. لەگەڵ ئەوە کە ناوبردنی ئەو ئینقلابە بە شۆڕشی ئیسلامی کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواییدا هەر لە سەرەتاوە باو بوو، شتێکی مایەی تێگەیشتنە. بەڵام وازهێنانی حیزبە کوردییەکان لە بەکاربردنی دەستەواژەی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دروست نازانم، چونکە جیا لەوە کە ئەمە کورتکردنەوەی کۆی پرۆسەیەک لە ئاکامەکەی‌دایە، لەڕووی بەها و بایەخە گوتارییەکانیشەوە کێشەی هەیە. خۆ ئەگەر تەنانەت ئەوەش لەبەرچاو نەگرین کە جیا لە کوردستان گەلی دیکەش لەو ئینقلابەدا هەستانە سەر پێ و بەهۆیەوە سەرکوت کران (بۆ نموونە تورکمەن سەحرا و خوزستان)، لە کۆتاییدا ئەوە هەر گەلانی ئێران بوون کە ئینقلابیان کرد، بە گەلی فارس و ئازەریشەوە، با لەو سۆنگەیەشەوە خۆیان پێناسە نەکردبێ. پاشان لە وڵاتێکدا کە شەڕی ئێمە لەگەڵ نەیارانی مافەکانمان پێش هەموو شتێک شەڕی ڕوانگە و چەمکەکانە، دروست نیە کە لەگەڵ درێژبوونەوەی خەبات و لەدەستدانی مەیدان، چەمکەکانمان و جەهانبینیشمان بۆ مەوجودییەت و دوارۆژی سیاسیی گەلەکەمان ڕادەست بکەین.

دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێمە واقعیەتی ئەو ئینقلابە و ئەوە کە کام توێژی کۆمەڵگە هێزی بزوێنەری بووە و بەرهەمی ئینقلابەکەی بۆخۆی بردوە لە خۆمان بشارینەوە. ڕاستییەکی ئەزموونکراو لەپێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی نێوخۆی وڵاتاندا ئەوەیە کە لە هەر جێیەک پۆپۆلیستەکان سواری شەپۆلی ڕق و بێزاری خەڵک دەبن، لەو شوێنە نیهادێک و توێژێک شکستیان خواردوە، نیهادەکە دەوڵەتە، توێژەکەش بژاردەکانن. لە پرۆسە و ئاکامی ئینقلابی ١٣٥٧ی ئێرانیشدا هەر وا بوو.

بە هەموو جیاوازییەکانی دۆخ و ڕوانگەی کوردستانەوە، ناتوانین ئاڵوگۆڕەکانی ئەودەمی کوردستان لە ئاڵوگۆڕە سەرتاسەرییەکانی ئێران دابڕین. هەربۆیە هەرجۆرە خەسارناسییەکی ئینقلاب لە ڕوانگەی کوردستانەوە پێویستە پارالێلیسم یان هاوتەریب سازییەک لەنێوان ئاستی گشتیی ئێران و ئاستی تایبەتیی کوردستان بکا، بە مانایەکی دیکە تێبکۆشێ درێژکراوەی عەیبە زاتییەکانی پرۆسەی شۆڕش لە ئاستی ئێراندا بۆ نێو ئاستی کوردستان دەربخا.

ئاشکرایە ئینقلابی ئێران هۆکاری زۆر بوون: لە نادادپەروەری و ڕیفۆرمی سەقەتی زەوی و زار و گەندەڵیی دەربارییەکان و چاوەڕوانیی زۆری بۆرژوازیی نوێ و بە گشتی درزی قووڵی چینایەتی سەرەڕای داهاتی زۆری نەوتەوە بگرە تا سەرەڕۆیی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر کە تەنانەت تەحەمولی دوو حیزبی ملکەچی خۆیشی نەدەکرد و لە کۆتاییدا بڕیاری دابوو تەنیا یەک حیزبی کارتۆنی هەبێ.

لەنێو پاڵنەرەکانی ڕوودانی ئینقلابدا دوو دانەیان کە یەکیان پێکهاتەیی و ئەوی تریان برگەییە سەرنجپێدانیان بۆ پرسی خەسارناسی پێویستە، چونکە لەوەدا کە کامە هێزە نێوخۆییە زۆرترین شانسی چنینەوەی بەرهەمی ناڕەزایەتیی گشتیی هەبوو و کامە فاکتەرە دەرەکییەش چارەنووسی ئینقلابی یەکلا کردەوە، دیاریکەرن. شتێک کە بۆ ئەمڕۆش گرینگە.

لە ئینقلابی ئێراندا کارکردی بەستێنی نێوخۆیی (بە ناڕەزایەتیی خەڵک و کارکردی ڕێژیمی شاشەوە) و فاکتەری دەرەکی هەردووکیان بە قازانجی یەک هێز تەواو بوون کە بریتی بوو لە خومەینی و پەیڕەوانی. لەگەڵ ئەوە کە لە دوو دەهە پێش ئینقلابەوە خومەینی لە ئێران دوور خرابۆوە، بەڵام جیا لەوە کە بەدرێژایی مێژووی سەت ساڵەی ئێران ڕووحانیەت هەمیشە نیمچە دەوڵەتێکی لەنێو دەوڵەتدا بەڕێوە دەبرد و نیهادی دین زۆر لە جومگەکانی کۆمەڵگەی بەدەستەوە بوو، شا بۆخۆیشی لەو جێیەی تەحەممولی تاقە نامیلکەیەکی چەپەکانی نەدەکرد، چاوپۆشیی لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی ئیسلامی و دژە ڕۆژئاوایی کەسانی وەک عەلی شەریعەتی و جەلال ئال ئەحمەد دەکرد و بەم چەشنە ماری لە باخەڵی خۆیدا پەروەردە کرد. بە هەمان شێوە، ڕۆژئاواییەکان، بەلەبەرچاوگرتنی ئاست و سروشتی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران و لە ترسی ئەوەی ئێرانیش بکەوێتە نێو زۆنی ژێر نفووزی شووڕەوی، دوای ئەوەی لە کۆنفرانسی گوادلوپ بەو قەناعەتە گەیشتن دەست لە پشتیوانی لە شا هەڵگرن، بە زۆر شێوە ڕێگایان بۆ هاتنەسەرکاری ئاخوندەکان خۆش کرد، بەتایبەتی کە لە کۆتاییەکانی حاکمیەتیدا شا بە جارێک لە خۆی دەرچووبوو و لانیکەم لە ڕیتۆریکدا وای دەنواند کە دەتوانێ لە بەرامبەر ڕۆژئاواشدا سەرکێشی بکا. بەپێی زۆر بەڵگە ئەمریکا بۆخۆی ڕۆڵی لە خونساکردنەوەی ئەرتەشی بەناو شاهەنشاهیدا هەبووە و هەر ئەوەش ڕاڕایی و سەرەنجام دەستەوەستانیی شا لە کۆنترۆڵی دۆخەکەی لێ کەوتبۆوە. بەمجۆرە ئەوەندەی تەقەکردن لە خۆپێشاندەران و هەنگاوە سەختگیرییە ئابوورییەکانی ڕێژیم بە زیانی شا تەواو بوو چونکە هەڵچوونی زیاتری ڕقی خەڵک و مانگرتنی گشتیی لێ کەوتەوە، ئەوەندەش پاشەکشەکانی لە قۆناغی دووەمدا بە دانانی بەختیار وەک سەرۆکوەزیر و نەرمی نواندن لە بەرامبەر خۆپێشاندەراندا خەڵکی بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم سوور و جەسوور کرد.

بە کورتی، شا بە قەولی خۆی پەیامی خەڵکی بیست، بەڵام زۆر درەنگ. لێرەدایە کە وەک گوترا سەرکەوتنی پۆپۆلیزم ئەنجامی ڕاستەوخۆی شکستی دەوڵەت و بژاردەکان بوو. ئەگەر ئاخوندەکانی لێ دەربکەین کە هێزی هەرە ڕێکخراو و ڕیشەدار و مەیدانپێدراو بوون، هێزەکانی دیکە لە میللی - مەزهەبەکانەوە بگرە تا تەواوی چەپەکان، بە هەموو پێگەیەک کە لەنێو لاوان و ڕووناکبیر و خوێندەوارانـدا هەیانبوو، لە وێنە گشتییەکەی کۆمەڵگەدا ژمارەیەکی بڕیاردەر نەبوون. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ئەوان نوێنەرایەتیی قووڵایی و زۆرینەی هەژار و لە دەڤەری خۆ هەڵقەناوی کۆمەڵگەیان نەدەکرد کە کۆمەڵگەیەک بوو کە بەدەر لە بێزاری لە خەفەقان و ناعەدالەتی، گرێیەکی دەروونیی پەنگخواردووشی لەگەڵ مۆدێرنیتەیەک هەبوو کە بە سەقەتی هاوردە کرابوو.



سەرچاوە
Serchawe

هەموو ئەوەش وای کرد کە خومەینی بتوانێ پشت بەو شتە ببەستێ کە فەیلەسووفێکی وەک میشێل فووکۆ کە ئەودەم بۆ ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژ لەسەر ئینقلابی ئێران بۆ ڕۆژنامەیەکی ئیتالیایی هاتوچۆی ئێرانی دەکرد ئاماژەی پێ دەکا، ئەویش سێحری کۆمەڵانی خەڵک. سەرسووڕماویی فووکۆ لە کارکردی ئەو سێحرە و بەگشتی لە پرۆسەی ئینقلاب بە ڕادەیەک بوو کە وەک چۆن ژان پۆل سارتر بە لایەنگری دیکتاتۆریی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە قەڵەم درا، ئەویش تۆمەتی ئەوەی خرایە پاڵ کە ئەوەندە هۆگری ئینقلاب و کاریزمی خومەینی بووە کە مەترسیی هاتنەسەرکاری حکومەتێکی ئیسلامیی بۆ سەر ئازادی نادیدە گرتوە.

**ئێستا ئەگەر بێینەوە سەر باسی کوردستان و بمانەوێ خەسارەکانی جێگە و پێگە و چارەنووسی کوردستان لە ئینقلابدا پۆلێنبەندی بکەین، دەتوانین ئاماژە بەم کەمایەسی و سەقەتییانەی خوارەوە بکەین:**

١- یەکەمین کەمایەسی کە هەمیشە باس دەکرێ و هەموو لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە بە زۆر هۆکار ڕێژیمی شا بەسەر زۆربەی نەیارەکانیدا ڕووخا، بە کوردیشەوە. بەو مانایە کە کورد و هێزەکانی، بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیشەوە کە تا ئینقلاب تەنیا هێزی ناسراوی نێو مەیدانەکە بوو، هیچ خۆیان بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە ئامادە نەکردبوو. ڕەنگە کەس حاشا لەوە نەکا کە چل و حەوت ساڵ پاش دەسپێکی ئەو پرۆسەیەی ڕووخانی ڕێژیمی شا و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە، کورد و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، ئەمجارەش وەک پێویستە هێشتا بۆ ئاڵوگۆڕێکی دیکە و دەرفەتی نوێ ئامادە نین!

٢- ڕاستە زەمانبەندی و جۆر و مەبەستی بەشداریی کوردستان لە ئینقلابدا لەگەڵ شارە گەورەکانی ئێران بەتایبەتی تاران وەکیەک نەبوو؛ کورد زۆر درەنگتر بە ئینقلاب پەیوەست بوو و دوایەش ڕوانگەی تایبەت بە خۆی هەبوو کە لەگەڵ باقیی ئێران جیاواز بوو. بەڵام ئەو فەزا چەپ و دژە ئیمپریالیستییەی کە پاش کودێتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ تەواوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی داگرتبوو و لەکاتی ئینقلابیشدا لە سەرجەم ئێراندا زاڵ بوو، لە کوردستانیش کە تازە بۆخۆیشی ڕاستەوخۆ قوربانیی پشتیوانیی ئەمریکا لە ڕێژیمی شا ببوو، درێژکراوەی هەبوو. لەڕووی مەیدانی و جێگە و پێگەی خەڵکییەوە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لایەنگری حیزبی مێژوویی و نەتەوەیی خۆی واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو (وەک دواتر ئاکامەکانی یەکەمین هەڵبژاردنەکان بۆ مەجلیسی خوبرەگان و پارلمانیش دەریخست)، بەڵام ژاوە ژاوی فکری و تەبلیغاتیی هێزە چەپە کوردی و ناکوردییەکانی حازر لە کوردستان و گوتارە ئیدئۆلۆژییەکەیان تەشویشێکی زۆری خستبووە سەر وێژمانی نەتەوەیی کورد و لە کۆتاییدا بە زیانی یەکریزی و یەکدەنگیی کورد تەواو بوو.

لە وڵامی ئەو پرسیارەی وێبینارەکەدا کە ئایا ئەو ئانتی ئیمپیریالیزمەی ئەودەمی لایەنە کوردییەکان دروست بوو یا نا، دەڵێم دروست یا هەڵە ئەو ئانتی ئەمپریالیزمە شتێکی ناچارانە و ڕێگایەک بوو بۆ ئەوەی کورد لانیکەم لە بوارێکدا هاوبەشیی خۆی لەگەڵ ئاقاری زاڵ لە کۆمەڵگەی سەراسەریدا نیشان بدا. ئانتی ئیمپریالیزمی ئەوسا لەو سیغەیەدا کە حیزبی دێموکڕات پەیڕەویی دەکرد، سیاسەتێکی مەعقوول بوو، بەتایبەتی کە ئەو حیزبە داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا لە تارانی مەحکوم کرد و دواتریش لە پێناوی ڕاکێشانی پشتیوانیی سیاسیی ئورووپاییەکان لە دەرگای سۆسیال دێموکڕاسیی دا.

بەڵام لەو شوێنەدا کە لایەنەکانی دیکەی کوردستان پرۆسۆڤیەتیسم (لایەنگری لە شووڕەوی) - بە سیغە سەروگوێکراوەکانیشیەوە - و ماکسیمالیزم (ئەوپەڕخوازی) لە دابینکردنی خواستی چینایەتییان دەکردە ئامرازێک بۆ ململانێ لەگەڵ کەمپی نەتەوەیی و زەمینەی ناکۆکی و گرژییان خۆشتر دەکرد، بێگومان هەڵە بوو. بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە لەڕووی سیاسیەوە ئانتی ئەمپریالیست بوون و نەبوونی کورد لەو کاتەدا نە لەگەڵ ئەمریکا و نە لەگەڵ تاران شتێکی لە مەسەلەکە نەدەگۆڕی. ئەوەش کە ئایا ئەمڕۆ دەبێ چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو بابەتە بکرێ، لە دنیای فرەجەمسەری ئەمڕۆدا و لە کاتێکدا کە کۆدەنگیی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زاڵە، نابێ بە چاوی سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکانی ئەودەم چاو لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکانی ئەمڕۆ بکرێ و پێویستە کورد لە هەر جێیەک دەرفەتی ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی دەرەکیی بۆ بڕەخسێ، کاری لەسەر بکا و کەڵکی لێ وەربگرێ. بەڵام هێشتا ماون لە کوردستان هێزی کلاسیک و خاوەن پێگەی خۆیان کە هەروا بە چاویلکەی ئەودەم لە فاکتەری نێونەتەوەیی دەڕوانن.

٣- ئەگەر لە ئاستی ئێراندا خەڵک دەیانزانی چیان ناوێ بەڵام نەیاندەزانی چیان دەوێ، لە کوردستانیش دۆخەکە زۆر باشتر نەبوو، بەتایبەت کە ئەزموون و ئاستی وشیاریی سیاسیی خەڵک و پێگەیشتنی سیاسی و نەتەوایەتیی بژاردەکانیشی وەک ئێستا نەبوو. ڕاستە کوردستان خاوەنی هێزی سیاسیی ڕێکخراو و ڕیشەدار بوو، ئەزموونێکی دوور و درێژی لە خەبات بۆ ویستە نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانی هەبوو و بایکۆتی ڕیفراندۆمی دیاریکردنی نیزامیش لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ئەوەی دەرخست،

**بەڵام سنووربەندییەکی ڕوون و پتەو و یەکدەست لە دوو بواردا نەکرابوو:**

**یەکەم؛** بابەتە ئیدئۆلۆژی و چینایەتییەکەیە کە لە سەرەوە باس کرا. دووەم، پێوەندیی نێوان دێموکڕاسی و مافی نەتەوایەتی. ئەو بابەتەش ڕەهەندێکی تاکتیکی و ڕەهەندێکی ستراتژیی هەیە. ڕەهەندە تاکتیکییەکە جۆری تەعامول لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە کە بەهۆی جیاوازیی بۆچوونی هێزە سیاسییەکان لەبارەیەوە دەرفەتی ئەوەی پێک

هێنابوو کە نەک تەنیا ڕوانگەی ئەو هێزانە بۆ وتوویژ لەگەڵ ڕێژیم وەکیەک و هەماهەنگ نەبێ، بەڵکوو لەنێو حیزبی دێموکراتیشدا ڕەوتێک - هەرچەند پەراوێزییش بووبێ - سەرهەڵبدا، واتە "پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار"، کە پێیان وابوو دەبێ لەگەڵ ڕێژیم بسازێن. لە ڕەهەندە ستراتژییەکەوە، ڕاستە کوردستان خاوەنی داوای نەتەوایەتی بوو کە هێزێکی هەشتا لە سەدیی خەڵک وەک حیزبی دێموکرات (بەپێی ئاکامی یەکەم هەڵبژاردنەکان) ئالاهەڵگری بوو، بەڵام فۆرموولێکی ڕوون و هاوبەش لەنێوان هێزەکانی کوردستاندا بۆ بەرز کردنەوەی ئەو داوایە لەبەردەست نەبوو. ئەوە جیا لەوە کە کوردستان ببووە مەیدانی تەڕاتێنی کۆمەڵێک هێزی ئێرانی کە ڕێک بەدژی مافەکانی کورد دەدوان و کاریان دەکرد.

**لەلایەکی دیکەوە** (و ئەوە حیزبی دێموکراتیش دەگرێتەوە) لەو کاتەدا کوردستان زیاد لە ڕادە پاشکۆ و چاو لە ڕێگای پرۆسەی سیاسیی سەرتاسەری و ڕووداوەکانی تاران و بەتەمای دێموکراتیزاسیۆنی ئێران بوو. ئەوە بابەتێکە کە بۆ ئێستاش هەر مەوزووعیەتی هەیە و دڵنیا نیم کە ئێستاش بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لەسەر ئەوە ساغ بووبێتەوە کە بۆ ئەوەی بە ئامانج بگا پێشدا دەبێ کار لەسەر خۆی بکا و بۆخۆی ببێ بە فاکتەر و "دوفاکتۆ" (واقیعی مەیدانی)یەکی وەها لە کوردستان زاڵ بکا کە بە هیچ هێزێک زەوت نەکرێتەوە. بێگومان کورد دەبێ لە ئاستی ناوەندی و سەراسەریدا چالاک بێ، بەڵام ئەو چالاکبوونە لەناوەندا پێشدا دەبێ پشت بە بەهێزبوون لە کوردستان و بەهێزکردنی جەمسەری نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران ببەستێ نەک ئەوە کە تەنیا لەسەر تەوەری دیالۆگی بێکۆتایی و دانوستانی بێبەرهەم لەگەڵ هێزە ناوەندگەرا بەناو سەراسەرییەکان بخولێتەوە.

٤- کەمایەسییەکی دیکەی پاش ئینقلاب لە کوردستان ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوە کە حیزبی دێموکرات ئادرەس و بڵیندگۆ سەرەکییەکەی هاواری کوردستان ڕوو بە ئێران و دەرەوە بوو، کورد لە مەرجەعیەتێکی یەکگرتووی سیاسی بێبەش بوو. لەوەش خراپتر، بەهۆی نەبوونی ئەزموونی پێکەوە کارکردنی پێشووتری حیزبە کوردییەکان، بەتایبەت لەسایەی ئەو فاکتەرە ئیدئۆلۆژییەی باس کرا کە لەڕاستیدا بیانوویەک بوو بۆ پاساودانی یەکتر تەحەمولنەکردن و حەساسیەت بە حیزبە نەتەوەییەکە کە حیزبی دێموکرات بوو، پێوەندیی نێوان ئەو حیزبانە زۆر خراپ بوو تا ئەوە کە گەیشتە گرژی و شەڕی نێوخۆیی کوردستان. ئێستا بەخۆشییەوە بابەتە ئیدئۆلۆژییەکە ئەوەندە لە ئارادا نیە، بەڵام دڵنیا نیم کە ئەقڵیەتی ڕکابەریی خراپ و وە یەکتر هەڵنەکردن لە ئەگەری ئاڵوگۆڕدا جارێکی دیکە سیناریۆ شوومەکانی ڕابردوومان لێ دووبارە نەکاتەوە. بۆ عیلاجی ئەو دەردە پێویستە هەرچی زووە فکرێک بۆ مەسەلەی چەک و چەکداری بکرێتەوە. بێگومان گەلێکی وەک گەلی کورد کە هەڕەشەی لەسەرە پێویستە هێزی پێشمەرگە هەردەم بیپارێزێ، بەڵام دروست وایە پێش ئەوەی بۆشایی دەسەڵات لە ئێران و کوردستان دروست بێتەوە، مێکانیزمێک بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە لەنێوان هەموو حیزبەکان (هەر کامە بەپێی قورسایی و ڕێژەی خۆی) دابنرێ و ئەو هێزە تەنیا بە بڕیاری ستادێکی هاوبەشی فەرماندەیی و بۆ کۆنترۆڵ و

دیفاع له خاکی کوردستان و نەک بەدژی یەکتر بجوڵێندرێ.

مەسەلەی دیکه و گشتیتر هەر لێرەدا، یەکگرتنی سیاسیی هێزه کوردییەکان لەسەر بنەمای چارتێکی ئەخلاقی و پەیمانێکی ستراتژی بۆ ئێستای خەبات و قۆناغی گواستنەوه و دواتریشه. بەداخەوه ئەزموونی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد له پاش ئینقلاب زۆر کورتخایەن و دەڵەمه بوو و ئەزموونی دواتری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش بەهۆی فراوان نەبوون و پتەو نەبوونی بنەماکانی بەرگەی ڕکابەریی و جیاوازیی بۆچوون له کاتی "شۆڕشی ژینا"یدا نەگرت. چارەی ئەوه تەنیا تەوازوعی سیاسیی هەموو لایەک و خۆماندووکردن به بنەماکانی یەکبوونی لایەنەکانی ڕۆژهەڵات و شۆڕکردنەوه و ڕەنگدانەوەی یەکبوونیانه له هەموو بەستێنەکانی خەباتدا (له بواری سیاسی و ستراتژی و دیپلۆماسییەوه بگره بۆ بواری پێشمەرگانه و مێدیایی و جەماوەری) بۆ نێو بەدەنەی حیزبەکان و کۆمەڵگه.

ئەگەر جارێکی دیکه گۆڕان له ئێراندا دروست بێتەوه و دەرفەتی نوێ بۆ کورد هەڵکەوێ، ئەمجاره کارەکه به لایەکدا له جاری پێشوو دژوارتر و وەدیهێنانی یەکێتییەکی وەها پێویستتر و چارەنووسسازتریشه، چونکه ئەگەر له پاش ئینقلاب تەنیا دوو هێزی سەرەکیمان هەبوو، تایبەتمەندییەکی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی سیاسیی ڕۆژهەڵات ئەوەیه که ئەو کۆمەڵگەیه زۆر له جاران فرەچەشنتر و فرەئەکتەرتره ئەگەر نەڵێم له هێندێک بارەوه به جارێک ئەتۆمیزه (ورد و خاش) بووه. هەم ژمارەی حیزب و ڕێکخراوەکان زۆر بووه، هەم فرەچەشنییه فەرهەنگییەکانی ژێر پێستی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەریان وەدەرناوه و داوای بەڕەسمی ناسین و بەشداریی تایبەتمەند له بزووتنەوەدا دەکەن، هەم هێزی کوردیی دەرەوەی ڕۆژهەڵات چنگی خستۆته نێو یاریی سیاسیی کورد له ئێران، و هەم بەستێنی بناژۆیی ئیسلامی لەلایەک و مەزنیخوازیی ئازەری لەلایەکی دیکەوەش لەجێی خۆیانن. هەموو ئەوانه لەوێ ڕاوەستێ، ئۆپۆزیسیۆنی بەناو سەراسەری له بەرامبەر کورددا له جاران یەکدەستتر و چاوچنۆکتر بووه.

٥- له پاش ئینقلابی ئێران، به زۆر هۆ که هەموویان خەتای کورد خۆی نەبوو، دوفاکتۆیەکی کوردی که له سەرەوەش ئاماژەم پێ کرد، دروست نەبوو. که دەڵێین دوفاکتۆ ئەوه لەپێشدا لایەنی سیاسی و خۆناساندنی هاوبەشی کورد لەڕووی حقووقییەوه بەڕووی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێراندا دەگرێتەوه. به هەموو ئاستەنگ و کێشەکانی ئەودەم، کورد دەبوو لەو وەختەدا ئەوەندە دەرفەتە له ئازادی بۆ ئەوه بەکار ببا که ستاتووسێکی سەربەست بۆ خۆی ڕابگەیەنێ، جا کۆماری کوردستان با یا هەرچییەکی تر. ئەو کاره له بەرامبەر ڕێژیمێکدا که هەر له سەرەتاوه دیار بوو لەگەڵ مەسەلەی کوردستان و به گشتی پرسی ئازادی له ئێران بەنیازه چۆن بجوڵێتەوه، هیچی له مەسەلەکه نەدەگۆڕی. لەبەرامبەردا، کارێکی وا له ئاستی ئێران و نێونەتەوەییدا دەنگدانەوەی زۆرتری دەبوو، بزوتنەوەی سیاسیی کوردستانی زووتر و ڕوونتر به ڕێچکەی



سەرچاوە
Serchawe

حقـووقی - مێژوویـی خـۆی دەبەسـتەوە و ڕەنگـە یارمەتیشـی بـە کاڵکردنـەوەی دڕدۆنگـی و ناکۆکییـە نێوخۆییـەکان و یەکدەستکردنی مامەڵەی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کردبا.

بۆ داهـاتووش دەبـێ بـزانین دوفـاکتۆی ڕۆژهـەڵات پێـک نایـە و جـێ ناکـەوێ ئەگـەر هێـز و لایـەنە سیاسییەکان بنـەما و ڕێکارەکانی کۆنترۆڵ و پاراستنی خاکیان لەبەردەستدا نـەبێ. ئـەوەش بـە زۆر لـەو فاکتەرانـە جێبـەجێ دەبـێ کـە بەشێکیان بـاس کـران؛ هـەم گوتـارێکی سـەروەریخوازانەی ڕوونـی دەوێ کـە هـەموو کۆمەڵگە خـۆی تێدا ببینێتـەوە، هـەم یـەکیەتیی بـەکردەوەی لایـەنـە ڕەسـەن و هـەڵقوڵاوەکانی ڕۆژهـەڵات بەتایبـەتی لـەڕووی سـەربازییەوەی پێویستە، هـەم ئـامرازەکـانی گەرەنتی و هێنانەسەر خەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئەگەری هێرشی دووبـارە بـۆ داگیرکردنـەوەی کوردسـتان. بزوتنـەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات دەبێ لە ئێستاوە بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن دەتوانێ بە هێزی یەکگرتوو و پلانی ژیرانەی خۆی، نەک بـە سازان و پاشگەزبوونەوە لە داوا ڕەواکانی، پێشگیری لە سێ بارە بوونـەوەی سیناریۆی ڕادەست کردنی شـارەکان و کەوتنـەوە شـاخ و هەنـدەران بکـا، بەتایبـەتی کـە ئـەمجارە ئـەو بزوتنەوەیـە، جیـا لـە چیاکـان کـە هەمیشـە دەمێـنن، ئیـدی پشـتی جەبهەیەکی لە دەرەوەی سنوورەکان نابێ!

٦- خەسارێکی دیکەی هەلومەرجی پـاش ئینقلاب لـە کوردسـتان فاکتـەری نێونەتـەوەیی بـوو. دنیـای دوو جەمسـەری و کپ و داخراوی شەڕی سارد وای کردبوو کە دوای ئینقلاب دەنگی کـورد زۆر کـەم بگاتـە دنیـای دەرەوە. ئێسـتا دۆخەکـە گـۆڕاوە، هـەم ئامرازەکـانی گەیانـدنی دەنـگ و ڕەنگـی کـورد بـە دنیـا زۆر و ناسـراون، هـەم دنیـای دەرەوەش حـازرە زیـاتر سـەرنج بداتـە فاکتەری کوردی لە ئێران. بەڵام بۆ ئەوەش دیسان یەکخستنی هێز و توانای ماددی و مرۆیی و هـەنگاوی کردەیـی بەتایبـەتی بۆ دانانی مێدیایەکی گەورەی یەکگرتوو پێویستە.

٧- کەمایەسییەکی دیکەی بنەڕەتیی کورد لە پاش ئینقلابی ئێران کە لە خاڵەکانی دیکەشدا ئاماژەی پێ کرا بەڵام پێویستە بـەجیا بەرجەسـتە بکرێتـەوە تۆکمـە نـەبوونی بزوتنـەوەی کوردسـتان لـەڕووی نیزامـی و سـتراتژیی بەرگریکارانەیـە. ئـەوە بابەتێکی کارناسانەی هـەرە حەیاتییـە و لـە سـەردەمی ئێسـتادا کـە دەوڵـەتـەکان لـەڕووی تێکنۆلـۆژیی سـەربازییەوە یـەکجار پێشکەوتوون بەڵام ئاستی تەیاری و شارەزایی بزوتنەوەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات هـەر لـە ئاسـتی سـەردەمی ئینقلابـدا مـاوە، تێڕامان و خەملێخواردنی خێرای پێویستە.

وەک ئاکامگیری لە باسەکەم دەمەوێ ئاماژە بە وتەیەکی ڤیکتۆر هۆگۆ لەبارەی بەلاڕێدابردن یـان دزرانـی ئینقلابـەکان بکـەم کە دەڵێ هەمیشە ئینقلاب دوو دەستە لە خەڵک بە لاڕێیدا دەبەن: زرینگەکان و کورتبینەکان. ئەو قسەیەی هۆگۆ هەر



سەرچاوە
Serchawe

تەنیا لەڕووی مێژووییەوە و لەبەر ئەوە بۆ ئینقلابەکەی ئێران گونجاو نیە کە ئەو ئینقلابە لەلایەن ئاخوندەکانەوە بەلاڕێدا چوو، بەڵکوو لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئەمڕۆی ئێران و مەترسیی سەر ڕاسانی ئەمجارەی خەڵک لەو وڵاتەش دێتەوە. هۆگۆ ئەو قسەیەی لەبارەی شۆڕشی ١٨٣٠ی فەڕانسە کردوە کە شۆڕشێک بوو کە لە ناخی خۆیدا خاوەنی ئیدەئالی بەرز و دژی پاشایەتی بوو، کەچی بەهۆی تەڕدەستیی هێندێکان و ترسەنۆکی و قازانجپەرستیی هێندێکی دیکە بەرهەمەکەی بوو بە پاشەکشەی بەها لیبراڵەکان و گەڕانەوەی پاشایەتی. هەمووشمان دەزانین ئەو توێژەی ئەمجارە بەتەمایە شۆڕشی نوێی گەلانی ئێران بدزێ کامەیە!

***

**سەرنج: ئەم وتارە لە وێبیناری ناوەندی هەواڵی ڕۆژهەڵات پێشکێش کراوە**

ای ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# ئیسڕائیل بیر لە هێرش بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران لەمساڵدا دەکاتەوە




**بە گوێرەی لێکدانەوەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسڕائیل بیر لە هێرش بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران لەمساڵدا دەکاتەوە**

**تایمز - ئاف ئیزرائێل**

**کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی**

بە گوێرەی هەواڵەکانی ڕۆژی چوارشەممە، کۆمەڵگەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو دواییانەدا لێکدانەوەیەکی پێشکەش کردوە کە لەوێدا دەگوترێ ئیسڕائیل بەتەمای هێرش بۆ سەر بەرنامەی ناوکیی ئێرانە و، گریمانە دەکرێ ئەوساڵ هێرشەکە ڕوو بدا.

ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست لە ڕاپۆرتیکدا دەڵێ هێرشی پێشگیرانە بۆ سەر بەرنامەی ناوکی ئێران دەتوانێ لە نێوەڕاستی ئەمساڵدا ڕوو بدا. ڕۆیتەرز نەیتوانی دەستبەجێ ئەو ڕاپۆرتە پشتڕاست بکاتەوە و کۆشکی سپی خۆی لە لێدوان لەو بارەوە

بوارد. بە گوتەی واشینگتۆن پۆست، دەوڵەتی ئیسرائیل،سی ئای ئەی، دەزگای هەواڵگریی سەربازیی و نوسینگەی بەرپرسی هەواڵگریی نەتەوەیی خۆیان لە لێدوان لەو بارەوە بواردوە.

بە گوتەی واشینگتۆن پۆست، وردترین ڕاپۆرتی هەواڵگریی لە سەرەتاکانی مانگی جانیوەری، کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان و ئاژانسی هەواڵگریی بەرگرییەوە ئامادە کرابوو، پێشکەش کراوە. بەڵام کاربەدەستانی ئیسرائیلی و ئەمریکایی خۆیان لە لێدوان لە بارەی نێوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتە بواردوە.

لە هەمان کاتدا، ڕۆژنامەی واڵ ستریت جورنال لە زمان دوو سەرچاوەی ئاگادارەوە باسی ڕاپۆرتەکەیان کردوە. لێکدانەوەی یەکەم، کە لەوێدا باسی هێرش لە ٢٠٢٥ کراوە، لە دوایین ڕۆژەکانی دەسەڵاتداریی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پێشکەش کراوە.

لە دووهەمین ڕاپۆرتی هەواڵگریدا کە لە یەکەم ڕۆژەکانی بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن دۆناڵد ترامپەوە پێشکەش کراوە، ئاماژە بەوە کراوە کە ئیسرائیل بیر لە هێرش بۆ سەر ئێران دەکاتەوە.

دوو سەرچاوەی ئاگادار لە لێکدانەوەکان گوتیان، لە یەکەم ڕاپۆرتدا هاتوە کە وێدەچی ئیسرائیل زەخت بخاتە سەر بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ تا پشتگیری لە هێرشەکان بکات، بەگوێرەی ئەو لێکدانەوەیە سەردەمی دەسەڵاتی زۆرینەی کۆمارییەکان بۆ هێرشی سەربازیی گونجاوترە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە کاتی دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە بایدنەوە بۆ ترامپ، هێندێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتییە نوێیەکەی ترامپ بیریان لە بەشدرایی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هێرشەکەی ئیسرائیلدا دەکردەوە. نووسینگەی سەرۆک وەزیران و هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل خۆیان لە لێدوان لەبارەی ڕاپۆرتەکە بواردوە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی نەتەوەیی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکانیش لێدوانێکیان لەوبارەوە نەداوە.

ڕۆژی پێنج شەممە، سەرکۆماری ئێران مەسعود پزشکیان گوتی ڕەنگبێ دوژمنانی تاران بتوانن هێرش بکەنە سەر ناوەندە ناوکییەکانی ئێران، بەڵام ناتوانن تواناییەکانمان بۆ دروستکردنی ناوەندی نوێ لەناو بەرن.

ئێران کە دوژمنی سوێندخواردوی ئیسرائیلە و بەڵێنی داوە ئیسرائیل لەناو بەرێ، پێداگرە لە ئیدیعاکەی کە بەرنامە ناوکییەکەی تەنیا مەبەستی ئاشتیخوازانەی هەیە. بەڵام ناوەندی چاودێریکەری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی گوتوویەتی ئێران ئێستا خەریکی پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ ئاستێکە کە هیچ پاساوێکی مەدەنی بۆ نییە و، ئەو وڵاتە پێش بە پشکێنەرە نێودەوڵەتییەکان دەگرێ سەردانی بنکەکانی بکەن. بێجگە لەوە، نیویۆرک تایمز لە سەرەتاکانی ئەم مانگەدا ڕایگەیاند کە هەواڵگریی ئەمریکا ئاشکرای کردوە کە تیمێکی نهێنیی زانایانی ئێرانی لە ڕێگاکانی گەشەپێدانی خێرای چەکی ناوکی دەکۆڵنەوە، بێتوو ڕێبەریی ئەو وڵاتە بڕیاری وەدەستهێنانی چەکی ناوکی بدا.

هێندێک کاربەدەستی ئیسرائیلی باسی خولیای خۆیان بۆ هێرش بۆ سەر ئێرانیان کردوە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، دوای لە پەلوپۆخستنی ڕایەڵەی بەکرێگیراوانی ئێران لە لایەن ئیسرائیلەوە، دوابەدوای شەڕی غەززە لە ٢٠٢٣، هەلومەرجەکە بۆ ئەو کارە گونجاوە. لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، کاتێک تاقمی تێرۆریستیی حەماس هێرشێکی داگیرکاریی کاولکارانەی لە باشووری ئیسرائیل بەڕێوە برد و ١٢٠٠ کەسی کوشت، کە زۆرینەیان خەڵکی مەدەنی بوون، شەڕ دەستی پێکرد. ڕۆژی دواتر، حیزبوڵڵای لوبنان کە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیریی دەکرێ، دەستی بە هێرش بۆ سەر باکووری ئیسرائیل کرد. لە کاتێکدا کە ئیسرائیل لە غەززە دژی حەماس دەجەنگا و وەڵامی هێرشە هاژەکییەکانی حیزبوڵڵای دەدایەوە، حوسییەکانی یەمەن، کە ئەوانیش لە لایەن ئێرانەوە پشتگیریی دەکرێن، دەستیان بە هاویشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەکی بالیستیکی بە ئیسرائیلەوە کرد.

لە مانگی سێپتەمبەردا، ئیسرائیل هێرشێکی گەورەی دژی حیزبوڵڵا دەست پێکرد، بەشێک لە بەڕێوەبەریی ئەو تاقمەی لەنێو برد و توانایی شەڕکردنی حیزبوڵڵای تا ڕادەیەکی بەرچاو کەم کردەوە. لە کۆتایی نۆڤەمبەر ڕێککەوتنی ئاگربڕ ڕاگەیەندرا. حیزبوڵڵا بۆ ماوەیەکی دوور، لەبەر هەڕەشەکانی بۆ هێرشی بەربڵاوی هاژەکی بۆ سەر ئیسرائیل لە ئەگەری هێرش بۆ سەر ئێران بەربەستێک سەیر دەکرا. بەڵام ئەو شەڕە تواناییە هاژەکییەکانی حیزبوڵڵای تا ڕادەیەکی زۆر لاواز کردوە.

لە هەمان کاتدا، ئیسرائیل هێرشی کردووەتە سەر حوسییەکانی یەمەن و بەو شێوەیە سەلماندوویەتی دەتوانێ تەنانەت هێرش بکاتە سەر شوێنی دوورتر لە ئێران و هەروەها هێرشی کردووەتە سەر سووریە و دوای نزیکبوونەوەی ڕۆژئاوا لە بەرهەڵستکارانی ئەسەد، ڕێژیمی ئەسەد کە هاوتەریبی ئێران بوو، ڕووخاوە.

لە ئاکامی ئەو شەڕانەدا، ئێران دوو جار بە ژمارەیەکی زۆر فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەک هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیل و یارمەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانە

ناوچەییەکانی ئەو هێرشانە پووچەڵ کرانەوە.

ئیسرائیل بە دوو هێرش وەڵامی ئەو هێرشانەی ئێرانی دایەوە، لە دووهەمین هێرشدا، کە لە مانگی ئۆکتۆبەردا بوو، بەشێکی بەرچاوی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها چەند بنکەی سەرەکیی سەربازیی ئێرانی لەنێو بردن و بەو شێوەیە پیشانی دا لە ئاسمانی ئێران، بەبێ ئەوەی پێشی پێ بگیرێت، دەتوانێ ئۆپەراسیۆن بەڕێوە بەرێ.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکان، لە کاتی ئەو ئۆپەراسیۆنانەدا بەڕێوەبەرایەتیی بایدن داوای لە ئیسرائیل کردبوو خۆی لە هێرشکردن بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران ببوێرێ. بە پێچەوانە، بە گوێرەی هێندێک ڕاپۆرت وەزیری کاروبارە ستراتێژیکییەکان، ڕۆن دەرمەر، لە مانگی نۆڤەمبەر دوای کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرکۆماری هەڵبژێردراو دۆناڵ ترامپ، گوتی پێی وایە ترامپ پشتگیریی لە هێرشێکی سەربازیی ئیسرائیل دژی بنکە ناوکییەکانی ئێران دەکات، یان لەوانەیە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆخۆی ئەو کارە بکات.

لە نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوو، وەزیری بەرگریی ئیسرائیل کاتز گوتی، "ئێرانی ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر لە زەرەر گەیشتن بە بنکە ناوکییەکانی نزیکترە. هەلێک بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجێکی گرینگ، بۆ پێش گرتن و نەهێشتنی هەڕەشەی لەنێوچوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، ڕەخساوە".
لەو کاتیەوە ترامپ گوتوویەتی دەیهەوێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک، وتوویژ بکات بەڵام ستراتێژیی ئەوپەڕی زەختی سەپاندنی گەمارۆ و جێبەجێ کردنیانی دژی ئێران گەڕاندووەتەوە کە لە وەڵامدا ئێرانییەکان گوتوویانە بە تەمای گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی سیاسین.

ڕۆژی دووشەممە، ترامپ ڕایگەیاند پێی باشە بۆ ڕاگرتنی بەرنامە ناوکییەکەی ئێران و پێشگرتن بە بەرهەمهێنانی بۆمبی ناوکی، لەگەڵ ئەو وڵاتە بگاتە ڕێککەوتن. ئەو بە فاکس نیوزی گوت، "پێموابێ لەگەڵ ئێران دەگەینە ڕێککەوتن. لام وایە ئەوان ترساون. من وا بیر دەکەمەوە کە ئێران زۆری پێ خۆش بێ لەگەڵمان ڕێک بکەوێ و منیش زۆرم پێ خۆش دەبێ، بێ ئەوەی بۆمبارانیان بکەم، بگەینە ڕێککەوتن. هەموو کەس وا بیر دەکەنەوە کە ئیسرائیل، بە ڕەزامەندیی یان بێ ڕەزامەندیی ئێمە، بۆمبارانی خەستیان دەکات. من پێم باشترە ئەوە ڕوو نەدا".

# ژنێک، نیشتمانێک



**ئاسۆ مینبەری**

ڕووداوەکان زۆر جار وەک بزوێنەرێکی سەیر، هەست و سۆزی مرۆڤەکان دەجووڵێنن و وا دەکەن کە تێڕامان لە هەندێ بابەت، ببێتە کەڵکەڵەیەکی سەرەکی بۆ مرۆڤەکان. ڕووداوەکان ئەتوانن جۆراوجۆر بن، ئەتوانن بایەخی جیاوازییان هەبێ و تەنانەت ئەتوانن بەردەنگی تایبەتیشیان هەبێ، بەڵام هەندێ جار هەندێ ڕووداو سنوورە دەستکردەکانیش دەشکێنن و وا دەکەن کە هەمووان لە خاڵێکدا کۆ ببنەوە ! کۆبوونەوە لە خاڵێکی هاوبەش ڕەنگە ئەستەم بێت، ئەم ئەستەمبوونەش ئەوکات زیاتر دیارە کە تاکەکان ڕوانگە و ویستەکانیان جیاواز بن یان دوورەدیمەنێک کە بۆ داهاتووی دەبینن، وەک یەک نەبێت، بەڵام دۆزینەوەی خودی ئەم خاڵە هاوبەشە دەکرێ وەک هونەرێکی پڕبایەخ چاوی لێ بکرێت.

کوردستان ئەگەرچی وڵاتێکی داگیرکراوە و قەت نەیتوانیوە ڕووی خۆشی بە خۆیەوە ببینێ، بەڵام هەمیشە گۆڕەپانی خەبات و ململانێ بۆ دەستخستنی سەربەستی بووە. لەم پێناوەشدا ئایدیا و بۆچوونی جیاواز سەریان هەڵداوە و هەر کامەیان لە سووچێکەوە هەوڵیان داوە بۆ ڕزگاریی ئەم خاکە تێبکۆشن.

هەبوونی دەنگوڕەنگی جیاواز لە کوردستان دەکرێ وەکوو یەکێک لە تایبەتمەندییە باشەکان چاوی لێ بکرێ، هەرچەند کە ئەم خاکە هێشتا لە دەستی داگیرکەردایە بەڵام بێگومان فرەچەشنی و فرەڕەنگییەکان نەک لەمپەر بەڵکوو خۆیان خاڵێکی بەهێزی بەردەوامبوونی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانن. حاشا لەوە شناکرێ کە لە قۆناغی ئێستادا، نەبوونی یەکدەنگی و یەکبوونێک لە باری سیاسییەوە وەک بۆشاییەک بە بزووتنەوەی کوردستانەوە دیارە بەڵام، هاوکات لەگەڵ ئەوەش خاڵە گرینگەکە واتە کوردستانیبوون وەک هەمیشە لەگەڵ یەک کۆمان دەکاتەوە.

تێپەڕینی کات و وەرگرتنی ئەزموونی سیاسی لە گرینگترین هۆکارەکانی زاڵبوونی ئەم دۆخەی ئێستا بە سەر ڕەوت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، لایەنە سیاسییەکان لە جیاتی سەرەڕۆیی، هەوڵ دەدەن خاڵە هاوبەشەکان بدۆزنەوە و پێکەوە لە دەوری ئەو خاڵە هاوبەشەدا بەهێزتر دەرکەون. کەوایە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش بەشێکی گرینگ لە هاوکێشەکەیە.

لەم خاڵە هاوبەشانە لە مێژووی کوردستاندا زۆرن، لە هەر بڕگەیەکی مێژووییدا ڕەنگە بە دەیان و سەدان خاڵی هاوبەش بووبێت و کۆکەرەوەی هێزەکان بووبێ، بەڵام قۆناغی ئێستا هەستیارترە و هەوڵی زۆرتری دەوێ، بەتایبەت کە پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، یەکدەنگبوون و یەکڕەنگبوونی خەڵکی کوردستان لە نێوخۆ و تێکۆشان و خەبات و قوربانیدانیان لە پێناو کوردستان، ئەوانی لە دەوری خاڵێکی گرینگ بە ناوی ڕزگاریی خاک کۆ کردەوە، هەست بە بەرپرسایەتی لەلایەن حیزب و لایەنە سیاسییەکانیش بێگومان دەبێ گەشە بکات. چونکە لە ڕاستیدا ئەم حیزب و لایەنانە خۆیان ئامرازێکن بۆ یارمەتیدانی خەڵک بۆ گەیشتن بە ڕزگاری! هەر وەک چۆن حیزبی دێموکرات لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، هەوڵی دا لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە یەک ڕاستادا و لەپێناو گەیشتن بە ڕزگاریی خاک و دەستەبەرکردنی سەربەستیدا خۆی لە خاڵی هاوبەشی کوردستانیبوون و ڕزگاریدا کۆ بکاتەوە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا کوردستان جارێکی دیکە یەکێک لە خاڵە کۆکەرەوەکانی بە خۆیەوە بینی! کۆچی دوایی ژنێک لە ئاوایییەکی شاری بۆکان هاوکات لەگەڵ خەمبارکردنی خەڵکی کوردستان، حەشیمەتێکی زۆری لە دەوری یەک کۆ کردەوە. لێرەدا "دایە ئەستی" کۆکەرەوەی خەڵک بوو.

ئەم حەشیمەتە تەنیا ئەو کەسانە نەبوون کە چوونە سەر مەزارەکەی دایە ئەستی و فرمێسکی وەفا و ئەمەگناسییان بۆ ڕشت و تەرمەکەیان ئەسپەردەی خاکی کوردستان کرد، بەڵکوو هەموو ئەو کەسانە بوون کە دڵیان بۆ ڕزگاریی خاکی کوردستان لێ دەدا.

## ڕەشەمەی ٢٧٢٤

دایە ئەستی لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دایکێکی جەرگسووتاو کە سێ ڕۆڵەی خۆی پێشکەشی بارەگای ئازادی کردبوو. ئەو وەفادار بە ڕێبازێک بوو کە ڕۆڵەکانی تەمەنی لاویەتیی خۆیان بۆ دانابوو. دایکێکی بوێر و ئازا بوو کە خەمی لەدەستدانی ڕۆڵەکانی کردبوو بە هیوایەک بۆ بینینی ڕزگاریی ئەو خاکەی کە کوڕەکانی خوێنیان بۆ ڕشت.

کاتێ دایە ئەستی کۆچی دوایی کرد، شەپۆلێکی بەرین لە هاوخەمی کوردستانی گرتەوە، دایە ئەستی بوو بە هۆکارێک بۆ کۆبوونەوەی خەڵک و هاوکات بیرە جیاوازەکانیش، چونکە ئەو دایکی سێ شەهیدی کوردستان بوو! هەر بۆیە خەڵکی کوردستان بە نیشانەی ئەمەگناسی بەرانبەر بە بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان و بۆ ڕێزگرتن لە دایە ئەستی وەک ژنێکی خۆڕاگر، لەژێر کڵوەبەفری زستاندا، گۆڕستانەکەیان تەنی و بە گوڵی سوور پێشوازییان لە تەرمەکەی کرد و بە ڕێزەوە و داپێچراو بە ئاڵای کوردستان و جامانەی پێشمەرگانە ڕەوانەی ماڵە ئەبەدییەکەیان کرد و بە دانانی یوبیلی حیزبی دێموکرات، پەیامی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی کوڕە شەهیدانی نوێ کردەوە.

دایە ئەستی، دایکی سێ شەهیدی کوردستان بوو، هەر بۆیە زۆربەی خەڵکی کوردستان سەر بە چ لایەن و حیزبێک بووبێن، لە خاڵی هاوبەشی کوردستانیبووندا کۆ بوونەوە و ڕێزیان لە گیانفیدایی ڕۆڵەکانی دایە ئەستی و خۆڕاگری و وەفای ئەم دایکە جەرگسووتاوە گرت. ئەم وەفا و ئەمەگناسییە بەرانبەر ژنێک، ڕێک ئەو وەفا و ئەمەگناسییەیە کە بەرانبەر بە نیشتمان دەکرێ، دایە ئەستی لەو ڕۆژەدا بوو بە نیشتمان و قیبلەگایەک بۆ ئازادیخوازان و هەمووانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە.

دایە ئەستی بە چەشنی نیشتمان، هەمووانی لە ئامێز گرت و جارێکی دیکە ئەو پەیامەی پێ داین کە کوردستان بەبێ یەکگرتن و یەکبوون سەر ناکەوێ.

١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# لەپێناو گەشەی وشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیدا



**بێهزاد قادری**

بۆ گەشە و بەهێزکردنی وشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کورد کە خاکی داگیر و هەموو مافە سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی پێشێل کراوە، ڕێکارگەلێکی زۆر هەن کە دەتوانرێت کەلکیان لێ وەربگیرێت و ئەنجامی کاریگەریان هەبێت. لێرەدا بە جەختکردنەوە لەسەر "ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، بەکورتی دەپەرژێمە سەر چەند خاڵێکی گرنگ و بەرچاو و کاریگەر.

## فێرکاری، پەروەردە و ئاگادارکردنەوە

- لەبەر ئەوەیکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگیر کراوە، دەرەتانی فێرکاری و باسکردن لە مێژووی کوردستان وەک وانەیەکی خوێندن لە قوتابخانەکان و زانکۆکان نییە، کەوایە دەبێ لە ڕێگای میدیا و سۆشیال میدیایەوە باس لە مێژووی ڕاستەقینەی کوردستان، خەباتی گەلی کورد و ئەو ستەمانەی لە کوردستان و کورد کراوە بکرێت؛ تاکوو نەوەی نوێ لە

نامۆیی نەتەوەیی و مێژوویی بپارێزرێن.

- دەبێ جوگرافیا، سنوور، نیشتمان و سەرچاوە سەرزەوی و بنزەوییەکانی کوردستان بە خەڵک، بەتایبەتی نەوەی نوێ بناسێنرێن و باس لە گرنگایەتیی ئەم بابەتە و تاڵانکردنی نیشتمانمان لەلایەن داگیرکەرانەوە بکرێت.

- گەشە و برەودان بە فەرهەنگی کوردی، لەوانە "زمان، ئەدەبیات، مۆسیقا، هەڵپەڕکێ، جێژنی نەتەوەیی (نەورۆز)، جلوبەرگ و داب و نەریتی کوردی" و باسکردن لە گرنگایەتییان بۆ ناسنامە و شوناسمان، پێویستە و دەبێ بەردەوام جەختیان لەسەر بکرێتەوە. ئەمە بۆ خۆی پەرچەکردارێکیشە لەهەمبەر سیاسەتی ئاسمیلاسیۆنی داگیرکەر دژی گەلەکەمان کە دەیانەوێت ئێمە لەنێو خۆیاندا بتوێننەوە.

- دامەزراندن و پشتیوانی لە سۆشیال میدیا و میدیا کوردییەکان (تیڤی، ڕادیۆ، ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) کە بە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە دەپەرژێنە سەر پرسە پەیوەندیدارەکان بە کوردستان و کوردەوە، بەتایبەتی پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان؛ ئەرکێکی گرینگ و هەستیارە.

- چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە و... بە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە لەبارەی مێژوو، جوغرافیا، فەرهەنگ، سیاسەت و پرسە پەیوەندیدارەکان بە کوردستان و کورد کە دەبێ گرینگیی پێ بدرێت.

- پێویستیی دامەزراندن و پشتیوانی لە ڕێکخراوە خەڵکییەکان کە لە بواری "مافی مرۆڤ، فەرهەنگ، پەروەردە، ئەدەبیات و ژینگەی کوردستان و..." چالاکی دەکەن.

## چالاکیی فەرهەنگی و هونەری

- بەڕێوەبردنی جێژن و ڕێوڕەسمە فەرهەنگی و نەتەوەییە کوردییەکان، وەک نەورۆز، بە شێوەی بەشکۆ و بە بەشداریی بەرچاوی خەڵک و کەڵکوەرگرتن لە هێما نەتەوەییەکان و ڕێگەنەدان بە هێماکانی داگیرکەر لەم جێژن و ڕێوڕەسمانەدا.

- بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی فیلم و شانۆگەلێک کە دەپەرژێنە سەر پرسە پەیوەندیدارەکان بە کورد و کوردستانەوە و باس لە مێژوو و فەرهەنگ و ناسنامەی کوردستان دەکەن. (لەمبارەوە باشووری کوردستان خاوەن پۆتانسییەلێکی باشە و

دەتوانێت یاریدەری پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بێت).

- پشتیوانی لە هونەرمەندانی کوردستانی و دەروەست و بەڕێوەبردنی کۆنسێرت بۆ هونەرمەندان و مۆسیقاژەنان و گرووپەکانی هەڵپەڕکێ. هەروەها ئاگادارکردنەوەی ئەم گرووپە هونەرییانە کە بە هیچ شێوەیەک لە ڕێورەسمە حکوومەتییەکاندا بەشداری نەکەن.

- بەڕێوەبردنی پێشانگەی هونەری و فەرهەنگیی کوردیی جۆراوجۆر لە کوردستان و وڵاتانی دیکەی جیهان (ژمارەیەکی زۆری کورد بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژاوایی دەژین).

## چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی

- هاتنەڕیز و پشتیوانی لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردی و کوردستانییەکان کە بۆ سەروەریی سیاسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد خەبات دەکەن.

- پشتیوانی و بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکان و کۆبوونەوە خەڵکییەکان بۆ دەربڕینی خواست و ویستەکان و ناڕەزایەتیدەربڕین لەمەڕ ستەم و هەڵاواردنەکان.

- پەیوەندیگرتن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی تر بۆ ئاگادارکردنەوەیان لەمەڕ دۆخی کوردەکان و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی پشتیوانییەکانیان، هەروەها ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لەم هەوڵ و چالاکییانە.

- پێکهێنان و گەشە و بەهێزکردنی هاوپەیوەندی و یەکانگیریی نێوان کوردستانییان لە هەموو کوردستان و دیاسپۆرا. (لەمبارەوە حیزب و ڕێکخراو و ئەنجومەنە کوردستانییەکان دەتوانن بە باشترین شێوە چالاکی بکەن).

## گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی

- هەوڵدان بۆ گەشەی ئابووریی کوردستان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ لاوانی کورد لە ڕێگەی سەرمایەدارە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانەوە.

- گەشـەی ژێرخانەکـان؛ نـۆژەنکردنەوەی ژێرخانەکـانی کوردسـتان، بەتـایبەتی قوتابخـانە، نەخۆشـخانە و ناوەنـدە فەرهەنگییەکان لەلایەن سەرمایەدارە نیشتمانپەروەرە کوردەکانەوە.

- پشتیوانی لە جووتیاری لە کوردستان و پێکهێنانی بەستێنی پێویست بۆ گەشەی جووتیاری.

**تێبینی:** ئابووریی بەهێز بۆ ئەو چالاکییانەی کە مەبەستیان گەشە و بەهێزکردن هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانییە، زۆر زۆر پێویستە.

## پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە مێژوویی و فەرهەنگییەکان

هەوڵـدان بـۆ پاراسـتن و نـۆژەنکردنەوەی شـوێنەوارە مێژووییەکـانی کوردسـتان کە پیشـاندەری ناسـنامە و مێـژووی ئەم نیشـتمانەن. (لەم پەیوەندییەشـدا پێویسـتمان بە ڕێکخـراوەی خەڵکـی و پشـتیوانیی مـاڵیی سـەرمایەدارە نیشـتمانپەروەرە کوردەکانە).

نۆژەنکردنەوەی شوێنە ئـایینی و فەرهەنگییەکـانی کوردسـتان کە بەهـۆی سیاسەتی هەڵاواردن و ئاسمیلاسیۆنی داگیرکەرانەوە وێران کراون یان پەراوێز خراون، هەروەک شوێنەوارە مێژووییەکان، پێویستە.

## ئەنجام:

پێویستە ئەم چالاکییـانە بە شێوەی بەردەوام و شێلگیرانە، لەلایەن هەمـوو چین و توێژەکـانی کوردسـتان (ڕوونـاکبیران، هونەرمەندان، چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی و تەنانەت خەڵکی ئـاساییش) جێبەجێ بکرێن، تـاکوو کـاریگەریی پۆزەتیڤ لەسەر هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانییان دابنێن و ڕزگاربوونمان لە داگیرکاری مسۆگەرتر بێت.

١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# پرۆکسی بەدوای دێموکراسی و دابینکردنی مافی مەدەنییەوە نییە




ئازاد مستۆفی

"الاستقوا بالخارج" چەمکێکی سیاسییە لە وڵاتانی عەرەبیدا کە ئاماژەیە بۆ گرووپێک، حیزبێک یان بزووتنەوەیەکی سیاسی کە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانیی دەرەکی دەدات بە هەر ڕێگەیەکی شەرعی یان ناشەرعی، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ڕکابەرە سیاسییەکانیدا پێگەی خۆی بەهێز بکات. ئەم بزووتنەوە سیاسییانە سیاسەتێکی "لەسەر هێڵی موشتەری "Client Politics پەیڕەو دەکەن بۆ ئەوەی سەرنجی زلهێزە دەرەکییەکان ڕابکێشن و لەبری پشتبەستن بە پاڵپشتی نێوخۆیی چین و توێژە جیاجیاکانی گەلی وڵاتەکەیان، ڕوو لە ئەکتەرە بیانییەکان دەکەن.

ئەم بزووتنەوەیە سیاسییە دەسەڵاتی خۆی لە هێزی پشتیوانیکراوی بیانی Foreign-backed Strength وەردەگرێت و وەک پرۆکسیی ئەوان کارا دەبێت. لەڕاستیدا ئەم گرووپە یان بزووتنەوە سیاسییە بایەخێک بۆ ئیرادەی دانیشتووانی ئەو خاکە نادات کە تێیدا دەژی، یان کاریان بۆ دەکات، بەڵکوو دەسەڵات و کاریگەریی خۆی بۆ ڕازیکردنی سیاسەتی ڕاگوزەری بیانییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتە دەرەکییەکان دادەنێت و دەبێتە ئەکتەرێکی هاوئاراستە لەگەڵ دەسەڵاتە

بیانییەکان .Externally Aligned Actor پرۆکسی، لە یارمەتیی ئابووری Rentier Politics وەکوو کەرەستەیەک بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات و ڕکابەریی لەگەڵ حزبەکانیتر کەڵک وەردەگرێت و، لە پرۆمۆتی میدیایی ئەوان Media Proxy بەهرەمەند دەبێت.

گرووپی سیاسیی سەر بە پشتیوانی دەرەکی، لە کاتی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا، چەندین ئیمتیاز بە لایەنگرانی بیانیی خۆی بۆ پاراستنی دەدات و لە ڕاستیدا، ئەم پەیوەندییە دەبێتە هۆی کۆنترۆڵی ناڕاستەوخۆی وڵاتی بیانی بەسەر سەرچاوە ئابووری، سیاسی یان بڕیاردانی سەرەکیی وڵاتی خانەخوێ و دەتوانرێت وەک فۆرمێک لە نیوکۆلۆنیالیزمی Neo - Colonialism وەسف بکرێت.

ئەگەر حکوومەتێکی بە وەکالەت دوای هاتنە سەر دەسەڵات ئیمتیازاتی ئابووری وەک گرێبەستی دەرهێنانی سەرچاوە سرووشتییەکان یان ئیمتیازاتی باج بداتە وڵاتێکی بیانی، ئەم ڕەفتارە هاوشێوەی وابەستەیی ڕەنتیەر Rentier State Dependency پێناسە دەکرێت. لە بواری دیپلۆماسیشدا ڕوو دەکاتە Payback Diplomacy پێدانەوەی دیپلۆماسی. واتە هێزێکی سیاسی کە دەسەڵاتی خۆی لە یارمەتیی دەرەکییەوە وەردەگرێت، دوای هاتنە سەر دەسەڵات، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئیمتیازە ئابووری، دارایی، یان ستراتیژییەکانەوە هاوکارییەکانی وڵاتی پشتیوان قەرەبوو بکاتەوە.

## پرۆکسییەکانی جیهانی عەرەب و ئێران

لە مێژووی هاوچەرخدا وابەستەیی بزووتنەوە سیاسییەکان بە زلهێزە بیانییەکان یەکێک لە گرنگترین پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانی عەرەبی بووە. ئەم وابەستەییانە بەزۆری بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی دارایی، سەربازیی یان سیاسی لە وڵاتانی زلهێزەوە دامەزراون و لێکەوتەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەرفراوانیان هەیە.

### نموونەی بزووتنەوە سیاسییە پەیوەندیدارەکان لە وڵاتانی عەرەبی و ئێران بریتین لە:

### لوبنان و حیزبوڵڵا

حیزبوڵڵای لوبنان یەکێکە لە نموونە دیارەکانی گرووپە سیاسی و سەربازییەکانی سەر بە ناوچەکە. ئەم گرووپە لە سەرەتای دروستبوونیەوە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، پاڵپشتیی ڕاستەوخۆی دارایی، چەک و مەشق و ڕاهێنانیان لە

ئێران وەرگرتـوە. ئەم بەستراوەییە ئەوەنـدە ئاشکرایە کە حیزبـوڵڵای لوبنـان بە فەرمی وەک هێزی بەوەکـالەتی ئێرانە لە لوبنان و ناوچەکەدا. هاوکات حیزبـوڵڵای لوبنـان بە کەڵکوەرگرتن لەو پاڵپشتییە، بـووەتە ئەکتەرێکی گرنگی نێوخۆیی و نـاوچەیی کە لە شەڕەکانی غەززە و سووریادا بەقـازانجی حەمـاس و حکوومەتی بەشار ئەسەد دەستێوەردانی دەکرد و ئەم دەستێوەردانانە بووە هۆی کوشتنی سەرکردەکانی ئەم گرووپە میلیشیاییە.

## یەمەن و حوسییەکان

حوسـییەکان لە یەمەن نمـوونەیەکی دیـکەی ئەو گرووپـانەن کە پەیوەسـتن بە زلهێزێکـی دەرەکیـیەوە. ئەو گـرووپە کە لە سەرەتـادا وەک بزووتنەوەیەکی نێوخۆیی لە باکووری یەمەن سەری هەڵدا، وردە وردە بـووە یەکێک لە هێزە بەوەکالەتەکـانی ئێـران لەبەرامـبەر ئەو هاوپەیمـانییەی کە سـعوودی و ئیمـارات سـەرۆکایەتییان دەکـرد. حوسـییەکان لە لایەن ئێـرانەوە پـاڵپشـتی دارایـی دەکـرێن و چەکیـان دەدرێتـێ و ئەمەش ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـووە لە پەرەسـەندنی شـەڕی نێوخـۆی یەمەن و هەروەهـا گـرژییە دەریاییەکـان لە نـاوچەکەدا. بێگومـان هاوکـاریی مـاددی کە دەبـوو بـۆ گەشـە پێدان و خۆشگوزەرانی لە شەڕەکەدا خەرج بکرایە، بۆ درێژەدان بە شەڕ و کوشتن بەکار هێنراوە.

## عێراق و گرووپی میلیشیایی شیعە

لە عێـراق، گـرووپە میلیشـیا شیعەکانی وەک کەتـائێبی حیزبـوڵڵا، عەسـاعێب ئەهلـی حەق و ڕێکخـراوی بەدر نمـوونەی ئەو گرووپانەی سەر بە ئێرانن کە لەلایەن سوپای قودسەوە ڕێکخراون و ئاڕاستە دەکرێن. هەروەهـا ئەو میلیۆنەهـا دۆلارەی ئەم گرووپانە خەرجی دەکەن لە باخەڵی خەڵکی ئێرانە کە بۆخۆیام لە دۆخێکی ئابووریی پـڕ قەیرانـدا دەژیـن. ئەم گرووپـانە نەک هەر لە گۆڕەپانی سەربازیدا بەڵکوو لە گۆڕەپـانی سیاسیی عێـراق و ناوچەکەشدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. پشـتیوانیی ئێران لەم گرووپانە لە ڕێگەی چەک و مەشق و دارییەوە، کاریگەریی تارانی لە پێکهاتەی سیاسی عێراق لە دوای ڕووخـانی سـەدام حوسـێن بەهێزتـر کـردوە. کـردەوەی پرۆکسـییەکانی ئێـران لە عێـراق بـووەتە هـۆی پەرەسـەندنی شـەڕی ئـایینی و تایفەگەری و قووڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان دەسەڵاتە ئایینییە شیعەکان و ناکۆکی نێوان بەغدا و هەولێر.

## فەلەستین و حەماس

حەماس وەک بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی - فەلەستینی لەلایەن قەتەر، تورکیە و ئێرانەوە پشتیوانیی دارایی و سیاسیی

وەرگرتوە. ئێران یەکێک لە لایەنگرانی سەرەکیی بزووتنەوەی حەماسە بەتایبەتی لە ساڵانی ٢٠٠٠ ەوە، پێداویستییە دارایی و چەکدارییەکان بۆ ئەو گرووپە دابین دەکات. ئەم پشتیوانییە بەشێکە لە ستراتیژیی ئێران بۆ فراوانکردنی نفووزی ناوچەیی و بەرپەرچدانەوەی کاریگەریی ئیسرائیل و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی کە بێگومان ڕووداوە خوێناوییەکانی ئەم دواییەی غەززە بەرهەمی بوونی ئەو پرۆکسیانەیە.

## ئێران و ڕۆڵی زلهێزەکان لەنێو دەسەڵات و هەندێ گرووپی سیاسی
## سەردەمی قاجار

هەر لە سەردەمی قاجارەوە، ئێران بەهۆی پشتبەستنی هەندێ پاشا، سەرۆکوەزیران، نوخبە و پیاوانی ئایینی بە ڕووسیە یان بەریتانیا، هەمیشە لەژێر کاریگەریی زلهێزەکاندا بووە. گرێبەستەکانی وەک "تورکمانچای" و "گوڵستان" و هەروەها ئیمتیازە ئابوورییەکانی وەک ئیمتیازی "ڕۆیتەرز" یان "تەنباکوو"، نموونەی پشتبەستنی ئابووری و سیاسیی ئێران بە زلهێزە دەرەکییەکان لەم سەردەمەدایە. قاجارەکان لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی خۆیاندا بەکردەوە نەیانتوانیوە سەربەخۆیی سیاسییان بەرامبەر بە زلهێزەکان بپارێزن و زۆرێک لە بڕیارە گرنگەکان لەژێر کاریگەریی هێزی دەرەکی یاخود دەوڵەتێکی بیانیدا بووە. ڕێککەوتنە بازرگانییەکان و چەندین ئیمتیازاتی ئابووری کە پاشاکان، شازادەکان، یان سەرۆکوەزیرانی سەردەمی قاجار بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا، موزایەدەیان بە وڵاتەوە کردوە بووەتە هۆی دابڕانی ٣،٤١٣،٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە لە ئێران، واتە نزیکەی ٣،٥ میلیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشە و ئەمە لە مێژووی ئێراندا بێوێنەیە و لە وڵاتانی دیکەشدا دەگمەنە.

## پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیی ئێران

ڕەزاشا کە لە ڕێگەی کودەتا و بە پاڵپشتیی بریتانیا هاتە سەر دەسەڵات، لەلایەن هەمان پاڵپشتی بیانییەوە لە پۆستەکەی وەلا نرا و بۆ باشووری ئەفریقیا دوور خرایەوە و هەتا مردنی لەوێ مایەوە. لە سەردەمی ڕەزاشادا پەیمانی سەعدئاباد بەسترا و، ناوچەی ئارارات بە ڕووبەری ٨٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە بە تورکیە و ناوچەی دەشتی ناهید بە ڕووبەری ٣٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە بە ئەفغانستان و ناوچە نەوتییەکانی بە ڕووبەری ١٨٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە بە عێراق درا، کە لەلایەن ڕەزا شا پەهلەوی لە ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی واژۆ کراوە. ساڵی ١٣٣٣ بە ڕەزامەندیی محەمەد ڕەزاشا پەهلەوی، خاکی ناوچە سنوورییەکانی باکووری ڕۆژئاوای (برام تپە، دیمان، تازەکن، باغچەسرا و...) و زەویی مەزرای فیروزە، گوندێک و دوو پارچە زەوی بە یەکێتیی سۆڤیەت درا. لە ساڵی ١٣٤٩ خاکی بەحرێن لەلایەن بنەماڵەی پەهلەوی


سەرچاوە
Serchawe

لە ئێران جیا کرایەوە. بەڵام ئەم گوێلەمست بوونانەی ڕێژێمەکانی ئێران بە زلهێزە دەرەکییەکان نەیتوانی بەربەستێک لە بەردەم شەپۆلی ئاڵوگۆڕ و شۆڕش دروست بکەن و ڕێژێمی پەهلەوی ڕووخا.

لە مانگ و ساڵانی سەرەتای ڕووخانی پاشایەتیی پەهلەویدا، حیزبی کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی کەسانی وەک ئایەتوڵڵا محەمەد بەهەشتی و سەید عەلی خامنەیی، ڕۆڵێکی گرنگی لە سەقامگیرکردنی ڕێژیمدا بینی. ئەم حیزبە کە لە پشتیوانیی هێزە بناژۆخوازە ئیسلامییەکان و هەروەها بەشێک لە زلهێزە دەرەکییەکانی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت بەهرەمەند بوو، توانی دەسەڵاتی خۆی لە پێکهاتە سیاسییە نوێیەکەی ئێراندا بچەسپێنێت و ڕکابەرەکانی تیرۆر بکات یان لەناویان ببات. ئایەتوڵڵا خومەینی، کە لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوییەوە لە پشتیوانیی میدیای فارسیی بی بی سی بەهرەمەند بوو، لە ماوەی ساڵانی دەسەڵاتداریدا، پشتیوانیی تەواوی ڕووسیە و بەشێک لە هێزە بیانییەکانی هەبوو. و سەید عەلی خامنەیی، جێنشینی خومەینیش بە هەمان شێوە و ئێستاش قەرزاری زلهێزەکانی ڕۆژهەڵاتە بۆ پاراستنی ڕێژیمەکەی.

## ئێران و نموونەی هاوچەرخی "الاستقوا بالخارج"

لە نێو نموونە هاوچەرخەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنی ئێران لە دەرەوەی وڵات کە بە دوای پشتیوانیی دەرەکیدا دەگەڕێت بۆ لەنێوبردن و نەهێشتنی ڕکابەرە سیاسییەکانی نەک بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی ئێران، دەتوانرێت بە ڕوونی ئاماژە بە گرووپی پەهلەوی بکرێت. ئەم گرووپە کە پێشتر وانەی خۆی لە حوکمڕانی و بەربڵاویی گەندەڵیی ئیداری و دارایی داوە و، مێژووی کوشتنی بەکۆمەڵی نەیارانی سیاسی و کوشتنی گەلی خۆی هەیە؛ ئێستا دەیەوێت لە هەر هەلومەرجێکدا بگەڕێتەوە سەر دەسەڵات و وەک ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی خۆی دەخاتە بەردەم زلهێزە دەرەکییەکان. بەڵام لە واقیعدا وەک پرۆکسییەکی مۆدێرن بۆ هەندێک وڵاتی بیانی دەجووڵێتەوە.

تاقمی پەهلەوی کە پشتیوانیی دارایی و میدیایی بەشێک لە تاک و ڕەوتی ڕۆژئاوایی و شانشینی سعوودیەی هەیە، هەوڵێکی هاوبەش دەدات بۆ بەکارهێنانی ئەم پشتیوانییە بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی خۆی بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆنی بنەڕەتی کە شەڕی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکات. لۆبیکردنی ئەم بە وەکالەتە، کە تا دوێنێ محەممەدڕەزا پەهلەویی بە تاکە پادشای شیعەی جیهان ناو دەبرد و وتاری ئاگرینی دژ بە ئیسرائیل و بەهاییەکان دەدا، ئەمڕۆ لەگەڵ وەرچەرخانی دەسەڵات، کوڕی شا بەهەزینەکردنی بەرچاو، توانیویەتی کەسایەتییە ناودارەکان لەڕووی داراییەوە ڕابکێشێت و سوپایەک لە فەزای ئەلیکترۆنیدا دروست بکات و بوختانی قێزەون دژی چالاکانی سیاسی و مەدەنی بڵاو دەکاتەوە و وێنەیەکی زیادەڕەویی لە خۆی بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای پرۆکسییەوە پێشان دەدات. لە کاتێکدا مێژووی ئەدای

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

ڕەزا پەهلەوی سەبارەت بە توانای جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنانە پرسیاری جددی دێنێتە ئاراوە و ئەو هەوڵی زۆر بۆ فرۆشتنی خەونەکانی دەدات. دەرەنجامی سیاسەتەکانی ئەم گرووپە الاستقوا بالخارج، نەفرەت و دووبەرەکی‌نانەوە لە نێوان گرووپە سیاسییەکان، هەوڵنەدانی جددی بۆ ڕێکخستن دژی دیکتاتۆری، هێرشی فیزیکی و سۆشیال‌میدیایی بۆ دژبەرانی ڕاستەقینەی دیکتاتۆری و لەکۆتاییدا بوون بە هۆبەیەکی سوپای قودس لە دەرەوەی ئێران.

بێگومان هەروەک لەم وتارەدا بەکورتی ئاماژەی پێدراوە، وابەستەیی تەواوەتی بزووتنەوەیەکی سیاسی بە زلهێزە دەرەکییەکان دەرئەنجامی قەرەبوو نەکراوەی هەیە بۆ سەربەخۆیی و سەروەریی دیموکراسی و دانانی پێوەرە گشتگیرەکانی مافی مرۆڤ. شیکاریی نموونە جۆراوجۆرەکان، لە حیزبوڵڵای لوبنانەوە تا گرووپی پەهلەوی دەیسەلمێنێت کە ئەم وابەستەبوونانە زۆرجار دەبێتە هۆی زیادبوونی قەیرانە نێوخۆییەکان و چڕبوونەوەی دەستێوەردانەکانی دەرەکی.

ئایندەی سیاسیی ئێران پێویستیی بە وشیاری و هەوڵدان هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەو وابەستەییانە و پتەوکردنی پشتیوانیی جەماوەری و ڕێکخراوە مەدەنییە بەرفراوانەکانی نێو خەڵک. ئەوەی لە بەرخۆدانی مەدەنیی لەمێژینەی کوردستاندا دەبینرێت، نموونەیەکی بەرچاوی سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. ئەم حیزبە بە درێژایی مێژووی خەباتی خۆی هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئامادەکراو بۆ بناغەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ڕێگەی ڕێکخستنی مەدەنیی بەرفراوانەوە داوە و لە ساتەوەختە گرینگەکانی خەباتیشدا هاوپەیمانی لە نێوان لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی مەیدانەکەدا دابین کردوە. هەروەها حیزبی دێموکرات بە پەروەردە و ڕاهێنان و ڕێکخستنی سیاسیی بەرفراوان لە ماوەی ساڵانی بەردەوامی خەباتی خۆیدا توانیویەتی پەیامی یەکگرتوویی کوردستان لە ڕێی مانگرتنە مەدەنییەکان بەرامبەر داگیرکەران و ستەمکاران بەگوێی کۆمەڵگەی جیهانی و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بگەیەنێت و لە کوردستان سیمایەکی لانکەی شارستانییەت و یەکگرتوویی کە جیاوازە لەگەڵ ناوچەکانیتری بۆ بەردەنگی ڕێگەی ئازادی و دیموکراسی پیشان بدات.

ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# زمانی دایک، داڵدەیەکە بۆ مانەوە و ملبادان لە بەرامبەر یەکدەستبووندا




**هەردی سەلیمی**

ئەمساڵیش لە کاتێکدا ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکمان بەڕێ کرد، کە هەر ئێستا لە دنیای بەناو پێشکەوتووی ئەمڕۆدا، سەدان میلیۆن کەس لە مافی پەروەردە و ڕاهێنان بە زمانی دایک و خوێندنی زمانی خۆیان، بێبەشن. هەر ئێستا و ڕۆژانە چەند زمان لە ئاستی جیهاندا لە بەرەبەری لەنێوچوونداەن. زمانێک کە تاکە ئامرازی پێوەندیی مرۆڤە لەگەڵ دەوروبەری خۆی. مرۆڤ ئەم بوونەوەرە بیرمەندە لە ڕێی زمانەوەیە کە دەتوانێ پێوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆی و مرۆڤەکانی تردا ساز بکات و هەر لەم ڕێیەوە خۆی بناسێ و ژینگەی بناسێ و بناسێنێ.

کاتێک مرۆڤێک دەبینین کەوا بە شێوەی زگماک یا بەبۆنەی ڕووداوێکەوە توانای قسەکردنی نییە و لە ڕاستیدا کەسێکی لاڵە، هەستی بەزەییمان هەڵدەخرێنێ و ئەو کەمایەسییە بە غەدرێکی گەورە دەبینین کە لە هەقی ئەو مرۆڤەدا کراوە؛ بەڵام با بێنینە پێش چاوی خۆمان کاتێک دەوڵەتێک، دەسەڵاتێک و هێزێک، کۆمەڵە مرۆیەک مەنع دەکەن کە بە زمانی خۆیان بئاخفن و بخوێنن و بنووسن، واتە مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ بێبەش بکرێ، چەندە قورستر و دڵتەزێنتر نائەخلاقیترە.

لە ڕاستیدا دیاریکردن و تەرخانکردنی ڕۆژێک لە ڕۆژژمێری جیهانی بۆ زمانی دایک، پێش لە هەر شتێک دەرخەر و نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە دۆخی زمانەکان دۆخێکی قەیراناوی و ترسناکە. دەوڵەت-نەتەوە مۆدێرن و ناوەندگەراکان، تەنیا بەوە ڕازی نەبوون کە یەک ئاییینیان هەبێ، یەک کولتووریان هەبێ، یەک سپایان هەبێ، یەک ئاڵایان هەبێ، یەک ناوەندی ڕاهێنانیان هەبێ، یەک دراویان هەبێ و... بەڵکوو بە زۆر و دەسەڵاتێکی خۆسەپێنانە کولتووری تاکزمانییش بڵاو دەکەنەوە و بێشەرمانە شانازییشی پێوە دەکەن. بۆ نموونە زمانگەلێکی وەک "ئالزانسی" و "ئۆکسیتانی" کە لە زمانە هەرە کۆنەکانی ئورووپان، بەبۆنەی یاسای سەقەت و فاشیستییانەی بنەڕەتیی وڵاتی فەڕانسە لەمەڕ زمانەوە، خەریکە بەرەو نەمان هەنگاو دەنێن. هەروەک ئەو سیاسەتە چەوتەی کە ڕێژیمەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی سەدەیەکە لەم ڕووەوە گرتوویانەتە بەر و زیاتر لە بیست زمانی نێو ئەم جوغرافیایە کە لە ڕابردوویەکی نەزۆر دووردا زیاتر لە سی زمان بوون، بەکردەوە بەرەو لەنێوچوون پاڵ پێوە دەنێن.

ئەوەی کە لە ئێراندا و لەلایەن کەسانی فاشیستی پۆزیسیۆن و ئۆپۆزیسیۆنەوە دەوترێ زمانی فارسی زمانی فەرمی و هاوبەشی مێژوویی دانیشتووانی ئێرانە، درۆیەکی ڕووتە و هیچ پاساوێک هەڵناگرێ. هەر ئێستاش لە کوردستان و بەلووچستان و ئازەربایجان و... پیرەپیاو و پیرەژنی زۆرمان هەیە جگە لە زمانی خۆیان هیچ زمانێکی تر نازانن، کەواتە کام زمانی هاوبەشی مێژوویی؟ ئەوەی نەچووبێتە قوتابخانە و لە ڕابردووشدا لە حوجرە نەیخوێندبێ و نەبووبێتە خوێندەوار هەرگیز زمانێکی تر فێر نەبووە. ئەمە دەرخەری ئەوەیە ئەم زمانە لە ڕێگەی سیستمی پەروەردە و بە زۆرەملێ داسەپاوە بەسەر نەتەوەکانی تری ئەو وڵاتەدا. گەر ئەو گریمانەیەمان قەبووڵ بێت، بۆچی هەر ئێستاش مامۆستایانی زمانی دایک دەسبەسەر دەکرێن؟ گەر خەڵک خۆی بە ویست و حەزی خۆی و لە ڕێگەیەکی دێموکراتیک و لە پرۆسەیەکی مێژوویی‌دا فێری زمانی فارسی دەبێت، بۆچی زراویان لە فێرگەی زمانە نافارسییەکان چووە؟ یان با پرسیارێکی تر بکەین، هەر لە بنەڕەتڕا فەرمی و نافەرمی یانی چی؟ کێ دیاریی دەکات زمانێک نافەرمییە و زمانێکی تر فەرمی؟ کێ ئەو مافەی پێ داوە؟ ئەم ئیستدلالە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئیستدلالی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی حیجابدا هەیە کە دەڵێ ئێران وڵاتێکی ئیسلامییە و بەپێی یاسای ئەم وڵاتە دەبێ پۆششی "فەرمی"تان هەبێ؟ بۆ لێرەدا ئەم فەرمییە نافەرمییە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ زمانی فارسی‌دا فەرمییەکەی نێو یاسای کۆماری ئیسلامی نابێتە نافەرمی؟

پێشەوا و سەرۆککۆماری مەزنمان، شەهید قازی محەممەد لە بەشێک لە وتارەکەیدا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا دەڵێ؛ "چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە. مەدرەسەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران، چەندسەد کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەدارسی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن، لەجیاتی ئەوەی شەش‌حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی زمانی فارسی بن، لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

و دەنووسن." له پێشدا بەداخەوه کە پاش هەشتا ساڵ لەو ڕێکەوتە، ئێمه هێشتاش دەبێ له هەوڵدا بین بۆ ئەستاندنی سەرەتاییترین مافمان و لابردنی بێئەخلاقانەترین ستەم و سیاسەتێک کە لەسەرمان پیادە دەکرێ، بەڵام سەرنج بدەینە ئەو بەشە له وتەی پێشەوا کاتێک باس لەوە دەکات کە کەسێک بە دوو مانگ دەبێتە خوێندەوار چون زمانی خۆی دەخوێنێ، له بەرامبەریشدا هەمان کەس چەند ساڵی پێدەچێ و هەر نابێتە خوێندەوار چون زمانی خۆی ناخوێنێ و بۆی نامۆیە. ئەم قسەیە بەپێی ئەزموون وتراوە، بەڵام ئێستا دەزانین پشتڕاستکردنەوەی زانستیشی لەگەڵە.

بەخۆشییەوه لەدوای نزیک بە سەدەیەک تێچووی ماددیی زۆر و زەبەند و سیاسەتی تواندنەوە و فاشیستیی دوو دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێران، وشیاریی سیاسی و شوناسخوازانە و نەتەوەیی نەتەوەکانی جوغرافیای سیاسیی ئەم وڵاتە، گەورەترین لەمپەرێک بووە له بەردەم سیاسەت و بەرنامەکانیاندا و دیسان بەخۆشییەوە ڕۆژانە شایەدی ئەوەین ئەوان له پاشەکشێدان و ئێمە له بەرەوپێشچووندا. بەبۆنەی ئەم ڕۆژەوە کە ژیانی هەموو ڕۆژێکی ئێمەیە، دەبێ پیرۆزبایی بکەین له هەموو ئەو کەسانەی له زیندووڕاگرتن و پەرەپێدان بە زمانی خۆیاندا هەوڵ دەدەن.

٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe

# باسێک لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان




**عومەر باڵەکی**

کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئێوارەی ڕۆژی ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی (٤ی فێورییەی ٢٠٢٥ی زایینی)، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و کاتێک یەکەم بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یەکگرتنەوە ڕوو بە خەڵکی کوردستان و ئەندامان و دۆستانی حیزب بڵاو بۆوە، هەواڵەکە لە لایەک بوو بە مایەی دڵخۆشی و شادمانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و هەموو دڵسۆزانی بزاڤی مافخوازنەی خەڵکی کوردستان و، لە لایەکی دیکەوە بوو بە مایەی پێناخۆشبوون، تووڕەیی و سەرسووڕمانی دەسەڵاتدارانی تاران. لە هەمان کاتدا لە نێوان دۆست و نەیاردا بۆچوونی جۆراوجۆر لەسەر شیوازی بەڕێوەچوون و ئاکامەکانی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هاتە ئاراوە کە کۆمەڵێکی بەرچاو لە بۆچوونەکان پێویستە جیگای سەرنجی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧ی دێموکراتەکان بێت. کۆمەڵێک بۆچوونی دیکەش هەبوون کە نووسەرەکانیان هەموو کات بە چاک و خراپ لە خەتی دژایەتیی حیزبی دێموکراتدا بوون و ئەو دەستە لە ڕاستیدا نە بەشداریی خەباتی بەکردەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بوون و نە لە شێوازی حیزبایەتی دەزانن، بۆیە بۆچوونەکانیان ناتوانی یارمەتیدەری

کاروتێکۆشانی دواڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێ.

## کۆنگرەی ئەمجارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو بوارەوە لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکەی حیزب جیاوازیی بەرچاوی هەبوو.

**یەکەم**؛ لە بواری تەشکیلاتییەوە هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بوو، بەو مانایە دوای ١٦ ساڵ لە یەکدابرانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبدا توانرا لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو کۆنگرە بگرێ و ئەرکەکانی خۆی سەرکەوتوانە و بە شێوەیەکی زۆر دێموکراتێک جێبەجێ بکا.

**دووهەم**؛ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە هەلومەرجێکی بە تەواوی ئەمنییەتی و لەژێر گوشار و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە شێوازێکی بەتەواوی جیاواز بەڕێوە چوو، و کاتێک هەواڵی کۆتاییهاتنی کۆنگرە بڵاو بووە، دەزگا ئەمنییەتیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تووشی حەپەسان و سەرسوورمان بوون.

بۆ هەر حیزبێکی سیاسیی کە باوەڕی بە دێموکراسی هەبێ، گرتنی کۆنگرە بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو حیزبە دادەنرێ، بەو مانایە کە گرتنی کۆنگرە هەم پێداچوونەوەیە بە سیاست و کردەوەکانی نێوانی دوو کۆنگرەی حیزب و لە هەمان کاتدا داڕشتنی خەتی گشتیی سیاسەتی حیزب و باوەڕ بە دەستاودەستکردنی بەڕێوەبەریی حیزب لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازد و ڕاستەوخۆ و نهێنییە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە سوور بووە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە و هیچ کۆسپ و لەمپەرێک نەیتوانیوە ڕێگر بێ لەسەر ئامادەکاری بۆ گرتنی کۆنگرە.

ئەگەر چاو بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بگێڕین دەبینین بەپێی ئەو هەلومەرجەی حیزب تێیدا ژیاوە هەموو هەوڵێک ئەوە بووە کۆنگرە لە کات و ساتی خۆیدا بەڕێوە بچێ، بەڵام زۆر جاران چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە لایەن دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە تاران هەوڵ دراوە پێش بە بەڕێوەچوونی کۆنگرەکانی حیزب بگیردرێ. بۆ کۆنگرەی ئەمجارەش ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای دامودەزگا هەواڵگری و ئەمنییەتیەکانیەوە زۆر لە هەولی ئەوەدا بوو پێش بە گرتنی کۆنگرە بگرێ و ئەگەر بۆی نەکرا لانی کەم زانیاریی لە کات و شوێنی کۆنگرە دەدست بکەوی بۆ ئەوەی زەبری لێ بوەشێنن و بتوانن کۆسپ لە بەردەمد بەڕێوەچوونیدا دروست بکەن. بەڵام سەرنەکەوتن و بەخۆشییەوە وریایی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزب و هاوکاری هەمەلایەنەی تەشکیلاتی

حیزب هەرهەموو پیلانەکانی دوژمنی پوچەڵ کردەوە و لەو کات و شوێنی دیاریکراودا کۆنگرە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و هەموو ئەو ئەرکانەی بەپێی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دیاری کرابوو، بە ئەنجامی گەیاندن.

بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز زیاتر ئاشنا بێ بە شێوازی کارکردنی کۆنگرەی حیزبی دێموکرات پێویستە باس لەو ئەرک و دەسەڵاتانەی کۆنگرە بکەین کە لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا هاتوون.

**بەپێی پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و ئەرکەکانی لە چوار خاڵدا دەست نیشان کراوە:**

**١- هەڵسەنگاندن بۆ ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی لە نێوان دوو کۆنگرە دەکا و بریاری لەسەر دەدا.**
**٢- ڕێبازی گشتی، ستراتیژی و تاکتیکی حیزب دیاری دەکا.**
**٣- بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب بەپێی پێویست دەستکاری و پەسند دەکا.**
**٤- کۆنگرە ئەندامانی ئەسلی و جێگرانی کومیتەی ناوەندی بە دەنگی نهینی و ڕاستەخۆ لە نێو ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێرێ.**

- ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندییش باس لە کار و تێکۆشانی ڕێبەرایەتیی حیزبە لە نێوان دوو کۆنگرەدا، بەو مانایە نیشاندەری ڕادەی کارکردنی ڕێبەرییە بۆ جێبەجێکردنی بریارەکانی کۆنگرەی پێشوو. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی لەگەڵ ئەوەدا وێنەیەک لە ڕابردوو نیشان دەدا، ڕێکاریش بۆ داهاتوو دەستنیشان و هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرج و گۆڕانکارییەکان و شیکردنەوە و لێکدانەوەیان ڕێباز و تاکتیکەکان بە کۆنگرە پێشنیار دەکات. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی، ڕاپۆرتی کاروتێکۆشانی کەسێک یا خۆ ئۆرگانیکی حیزب نییە، بەڵکوو ئاکامی کاری بەکۆمەڵ و پوختەی تێڕوانین و بیری جەمعییە کە کۆنگرە بریاری کۆتایی لەسەر دەدا و دەبێتە بەڵگەیەکی کاریی حیزب.

- بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرە، دیاریکردنی ڕێبازی گشتیی سیاسی، ئیستراتیژی و تاکتیکی حیزبە. ئەو باسە لەگەڵ تەوەری یەکەم پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە، واتە ڕێبازی گشتی لە سیاسەتی حیزب سەرچاوەگرتوو لە خوێندەوە و لێکدانەوەی باسە سیاسیەکانی نێو ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەیە. باس و لێکدانەوەی نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرە لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی سیاسی کە هەرکامیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەڵیدەسەنگێنن و لە ئاکامدا ڕاو و بۆچوون و پێشنیارە هاوبەشەکان دەستەبەندی دەکرین و دەبن بە بنەمای ڕێباز و سیاسەتی داهاتوومان و لە دوو

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

بڕیارنامەی نێوخۆیی و دەرکیدا کۆبەند دەکرێن و دەبن بە ڕێنیشاندەری کومیتەی ناوەندی بۆ کاروتێکۆشان.

- بەشیکی دیکەی کاری کۆنگرە پێداچوونەوە و دەستکاری پێویست لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبە. ئەو دەستکاریکردنە بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئێران و کوردستان دەبێ. بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ناسنامە و نیشاندەری شوناسی حیزبە. بنەما و جەوهەری بەرنامەی حیزب لە تێکۆشان لە پێناو دێموکراسی و ئازادی و مافی نەتەوایەتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا خۆ دەنوێنێ. لە ڕاستیدا ئەوانە کۆڵەکەی ئەسڵی ڕێبازی حیزبن و بەرنامەی حیزب لەژێر ڕوناکایی ئەو بنەمایانەدا گەڵاڵە دەکرێ و بە پەسندی کۆنگرە دەگا.

- بەشی کۆتایی کاری کۆنگرە هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندیی حیزبە کە لە نێوان دوو کۆنگرەدا ئەرکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دەکەوێتە سەر شان. هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە کۆنگرە نیشانی ئەوەیە کە بەدەنەی حیزب لە ڕێگای نوێنەرانیەوە لە دیاریکردنی ڕێبەریدا ڕۆڵی هەیە. بەو مانایە کە ڕێبەری بەرپرسیار دەکا لە بەرانبەر تەشکیلات و ڕێکخستنەکانی حیزبیدا وڵامدەر بێ. بۆیە کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرە دەبێ ئەوە بزانی هەم نوێنەری ئەو کەسانەیە کە دەنگیان پێداوە و هەم نوێنەری ئەوانەیە دەنگیان پێنەداوە؛ چونکە هەرکام لەو نوێنەرانە، نوێنەرایەتیی بەشێکی بەدەنەی حیزب دەکەن.

بەو کورتە خوێندنەوە لە ئەرکەکانی کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویستە ئاماژە بەو بابەتەکە بکەین کە لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکاندا ئەم ئەرکانە بەباشی بەڕێوە چوون و بەڵگەنامەکان پەسند کراون. بێگومان هێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرچاوگرتوو لە پێگەی جەماوەریی خەڵکی کوردستان و توانای ئەندامەکانیدایە. حیزبی دێموکرات زۆر قۆناخی پڕ مەترسیی بە هۆی لەخۆبوردوویی و یەکگرتوویی ئەندامان و پشتگیریی خەڵکی کوردستان بڕیوە و سەربەرزانە لێی هاتووەتە دەر و بە هەوڵ و هیمەتی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی زۆر برینی قووڵی سارێژ کردۆتەوە. هەربۆیە بەحەق دەگوترێ ئەو حیزبە ئەمانەتی خەڵکی کوردستان و تێکۆشەران و بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسییە کە بە ئێمە سپێردراوە و ئەرکە بە یەکڕیزی تەشکیلاتیی حیزب، ئەو ئەمانەتە بپارێزین.

**٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

# کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و دەسپێکی قۆناغێکی نوێ



**مادح ئەحمەدی**

ئیدیۆمێکی جوان و فرە واتای ئینگلیزی هەیە کە دەبێژێ "کۆتایی قۆناغێک، دەستپێکە بۆ قۆناغێکی دی". لە سۆنگەی ئەم پەندەوە کاتێ قۆناغێک، ورزێکی ژیان، پرۆژەیەک یان سەفەرێک کۆتایی دێت، بە مانای ئەنجامی کۆتایی نییە، بەڵکوو سەرەتای وەرزێکی نوێیە. دەکرێ ئاواش ڕاڤە بکرێ کە ژیان بریتییە لە سووڕی بەردەوامی گۆڕانکاریی و گەشەی ژیاریی مرۆڤەکان. بۆ وێنە، تەواوکردنی قۆناعێک لە خوێندنی زانکۆ، بە واتای کۆتایی قۆناغی فێربوون نییە. بەدیوێکی دیکەدا کۆتایی قۆناغێک دەکرێ کردنەوەی دەروازەیەکیش بەرەوڕووی کۆمەڵێک دەرفەتی دیکە و زاڵبوون بەسەر ئاڵنگارییەکان بێت. ئەگەر بمانەوێ لە ڕووە سیاسییەکەوە خوێندنەوەیەک بۆ ئەم پەندە بکەین، ئەوا دەکرێ بێژین کۆتایی قۆناغێک لە ژیانی بزاوتێکی سیاسی، واتە دەسپێکی سەرەتایەکی نوێیە لە خەبات بە گوتار و خوێندنەوەی نوێەوە. لەم ڕوانگەوە ئەم وتارە باس لە کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا کە بە "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان" ناودێر کراوە. ئەم کورتە خوێندنەوەیە، بە سەرنجدان بە گرنگیی کۆنگرەکە لەم قۆناغەدا، تیشک دەخاتە سەر ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانی حیزبی دێموکرات لە دوای ئەم قۆناغەوە لەهەمبەر دۆخی ئارایی و داهاتووی بزاوتی سیاسیی کورد

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## گرنگیی کۆنگرەی ١٧ بۆ حیزبی دێموکرات

لە بنەڕەتدا گرتنی کۆنگرە، وەک مکانیزمێکی دێموکراتیک بۆ نوێکردنەوەی گوتار و سیمای حیزب بووەتە بەشێک لە ناسنامەی مێژوویی حیزبی دێموکرات. حیزبی دێموکرات وەک بە ڕابردووترین حیزبی کوردی، بەردەوام هەوڵی داوە لە کاتی خۆیدا کۆنگرە بگرێ و بۆ ڕێبەریی و ئۆرگانەکانی ڕەوایی لە ئەندامانی وەربگرێ و لەخۆیدا داخوازییە ڕەواکانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەڕۆژ بکاتەوە و نوێنەرایەتیی بزاوتێکی نەتەوەیی بکات. حیزبی دێموکرات تەنانەت لە قۆرسترین قۆناغی خەباتی خۆیدا لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی کە لە چەند بەرەوە لە شەڕدا بووە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، هەوڵی داوە و توانیویەتی دوو ساڵ جارێک خۆی نوێ بکاتەوە و کۆنگرە پێک بێنێت. جیاواز لە کۆنگرەکانی پێشوو،

### بەتایبەتی لەبەر دوو هۆکار، دەکرێ بێژین گرتنی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکرات لە دۆخی ئێستادا، پڕ گرنگ و مێژوویی بوو.

**یەکەم**: دوای یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، حیزبی دێموکرات کەوتە دۆخێکی تەواو هەستیار و نوێیەوە و بنکە و کەمپەکانی حیزب کرانە ئامانجی هێرشە یەک لە دوای یەکە درۆنی و هاژەکییەکانی کۆماری ئیسلامی. جیا لەم هێرشانە چەند کادر و پێشمەرگەی حیزب لە شارەکانی باشووری کوردستان تێرۆر کران. لە ئەنجامی ئەم دۆخەدا ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان عێراق و ئێران بۆ کەلەپچەکردنی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات هاتە ئاراوە. هاوکات، تیمێکی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات تایبەت بەدواداچوونیان بۆ ئەوە دەکرد ڕێگا نەدەن حیزبی دێموکرات کۆنگرە بگرێت و یان لە ئەگەری گرتنیدا، بتوانن کۆنگرەکە بکەنە ئامانج. ئەگەرچی ئەم دۆخە وای کرد کە حیزبی دێموکرات نەتوانێ لە کاتی خۆیدا کۆنگرەکە بەڕێوە ببا، بەڵام حیزبی دێموکرات لە هیچ دۆخێکدا ئیرادە و سەربەخۆیی خۆی لە بڕیارداندا بە دەستەوە نەداوە و لەوەشدا هەر حیزبی دێموکرات سەر کەوت.

**دووەم**: دوای یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، ئەم کۆنگرەیە، واتە کۆنگرەی "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان" یەکەم کۆنگرەی حیزب بوو، بۆیە لەم ڕووەوە کۆنگرەکە ئەرکی خۆی جێبەجێ کرد و ڕەوایەتیی بەخشی بە یەکگرتنەوەکە و ئەو ڕێککەوتنانەی بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و بەڕێوەبردنی حیزب تا کۆنگرە کرابوون. بۆیە لێرەوە

بەدوا حیزبی دێموکرات ماڵاوایی لە قۆناغێک دەکات و پێدەنێتە قۆناغێکی تازەوە.

## بەرەو قۆناغێکی نوێ

پاش هەڵبژاردنی ڕێبەریی نوێ و کۆتایی کارەکانی کۆنگرەی ١٧ چاوەڕوانی خەڵک لە حیزبی دێموکرات ئەوەیە بتوانێ لە فۆرمێکی نوێ و یەکانگیردا نوێنەرایەتیی بزاوتی سیاسیی کورد و ناسنامەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵات بکات.

لە سەردەمی شۆڕشی ژینا و دواتریش، زۆر جار لە وڵامی ڕەخنە و چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا وەک هۆکارێک ئەو گوشارە ئەمنییەتییەی کە بۆ سەر حیزبی دێموکرات دروست کرابوو، بەکار دەهات و ڕەنگە تا ڕادەیەکیش خەڵک لەم بارەوە هەلومەرجی حیزبیان لەبەرچاو گرتبێت. ئێستا کە کۆنگرە کۆتایی پێ هاتوە، ئەم هاوکێشەیەش گۆڕاوە. ئەمە بەو مانایە نییە کە گوشار و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی کۆتاییان پێ هاتوە، ڕێک بەپێچەوانەوە لە داهاتووشدا ئەم هەڕەشانە بەردەوام دەبن و چەند پاتە دەبنەوە. بۆیە پێویستە حیزبی دێموکرات خۆی لەگەڵ ئەم قۆناغە نوێیەدا زیاتر ڕێکبخات و ڕێگا نەدا ئەو دۆخە ئەمینیەتییەی بەسەریدا سەپاوە، ببێتە هۆی لەکیسچوونی دەرفەتەکان و باندۆری حیزبی دێموکرات لەسەر ڕووداوەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاڵ بکرێتەوە. چونکە لە ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵی ڕابردوودا ژیانی سیاسی حیزبی دێموکرات لەژێر کاریگەریی هێرش و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا گۆڕانکاریی بە خۆیەوە بینیوە و بێگومان ژینگەی سیاسی حیزبی دێموکرات ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش شۆڕشی ژینا و ساڵەکانی پێشتر.

لە سەردەمی شۆڕشی ژینا و دواتریش بەتایبەتی لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ساڵی پاردا، بۆمان دەرکەوت کە کەشی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەواوەتی گۆڕاوە و ئاستی داخوازییەکانی خەڵک چووەتە سەرێ و بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیش ڕادیکاڵترن. لەم بارەوە پێویستە حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕە وێژمانییە خۆی بەڕۆژ بکاتەوە و بە خوێندنەوەیەکی نوێیەوە هەوڵ بدا کاریگەری لەسەر ئاراستەی ڕووداوەکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێت. بەلەبەرچاو گرتنی پێگەی مێژوویی و جەماوەریی حیزبی دێموکرات، ئەم حیزبە دەتوانێ ڕۆڵی خۆی سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە و لە پێوەندیی و دیالۆگێکی بەردەوامدا بێت لەگەڵ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە حیزبی دێموکرات دەتوانێ چەتری کۆکەرەوە بێت و گرووپ و هێزە کاریگەرەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی کۆماری ئیسلامی لە فۆرمێکی یەکانگیردا یەکبخات.

لەم پێوەندییەدا یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم بزاوتی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵات، نەبوونی یەکگرتوویی گوتارییە لە

نێوان هێز و لایەنە جیاوازەکاندا. لە کاتێکدا کە حیزبی دێموکرات نوێنەرایەتیی گوتارێکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات دەکات، لایەنی دیکە هەیە کە ڕەنگە ئاستی خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ پرسی مافی هاووڵاتیبوون دابەزێنێت و قورسایی سیاسیی کورد لاواز بکات. وەک چۆن لەسەردەمی شۆڕشی ژینا و ڕێککەوتنی "جۆرج تاون"دا نموونەکەمان بینی، مەترسی دووبارەبوونەوەی ئەزموونێکی شکستخواردووی لەوچەشنە لە داهاتووشدا دوور لە چاوەڕوانی نییە. بۆیە پێویستە حیزبی دێموکرات بە پشتبەستن بە پێگەی جەماوەریی خۆی، پێگەی خۆی لە نێو هێزە کوردیی و ئێرانییەکاندا دیاری بکات و بە ئاراستەی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەرین لە نێوان هێزە کوردییەکان و ئەو لایەنانەی دان بە فرەنەتەوە بوونی ئێران و پرسی نەتەوەیی کورددا دەنێن، ڕۆڵ بگێڕێت.

بەوپێیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەیەک هەڵکەوتووە کە پڕە لە ئاڵوگۆڕ و ڕووداوی لەناکاو، پێویستە لەم چوارچێوەیەشدا هاوکێشە پێوەندیدارەکان بە پرسی کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنەوەیان بۆ بکرێت. ڕووداوەکانی پاش ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ هەتا ڕوخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە. بەو پێیەی پرسی کورد، پرسێکی "ترانسناشناڵ"ە، هەلومەرجی پرسی کورد لە باشوور، ڕۆژاوا و باکووری کوردستان کاریگەریگەریی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. بەپێچەوانەی ساڵانی کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم کە پرسی کورد کرا بە قوربانیی سیستمی "دەوڵەت - نەتەوە"، ئێستا پرسی کورد بابەتێکی گرنگە لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا و هەندێ جار کورد لە چەقی یارییەکاندایە. لەم سۆنگەوە حیزبی دێموکرات پێویستە بەرچاوڕوونیی لەسەر ڕکابەرایەتییە ناوچەییەکان هەبێت و تاکتیک و ستراتیژیی خۆی بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەبەرچاو هاوکێشەکان دابڕێژێت.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هێشتا پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی ئەکتیڤ نەبووە بە بابەت. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکترین و ڕێکخراوترین ناوچەیە لە دژی کۆماری ئیسلامی. لەم بارەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانیوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، نوێنەرایەتیی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. ئەم ڕەخنەیە پێش حیزبەکانی دیکە، ڕووی لە حیزبی دێموکراتە. بۆیە حیزبی دێموکرات پێویستە کار بۆ گۆڕینی ئەم هاوکێشەیە بکات. لە ئاستی هەموو هێزە کوردستانییەکاندا، حیزبی دێموکرات توانایەکی بەهێزی ڕێکخستنی لە وڵاتانی دەرەوەدا هەیە و سەرمایەکی مرۆیی یەکجار گەورەی بەدەورەوەیە. بۆیە پێویستە حیزبی دێموکرات ئەم سەرمایە مرۆییەی خۆی چالاکانە بۆ گۆڕینی ئەو هاوکێشەیە بەکار بێنێت و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات.


سەرچاوە
Serchawe

## دوا وتە:

لە ڕوانگەی ئەو پەندە ئینگلیزییەوە کە لەسەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد، ئەگەرچی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکرات کۆتایی قۆناغێکە، هاوکات دستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی سیاسی حیزبی دێموکرات دا. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی دوای شۆڕشی ژینا و ئەو ئاڵوگۆڕە گوتارییە کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات پێکهاتوە، حیزبی دێموکرات پێویستە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و ڕێبەرایەتیی و نوێنەرایەتیی بزاوتی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵات بکات. کۆتایی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٧ لەم قۆناغەدا، دەکرێ وا لێکبدرێتەوە کە حیزبی دێموکرات گەرەکیە بەپشتبەستن بە پێگەی جەماوەریی خۆی ڕۆڵ و پێگەی خۆی لە نێو هێزە کوردییە و ئێرانییەکاندا پێناسە بکاتەوە. لەم ڕوانگەوە حیزبی دێموکرات لەبەردەم بەرپرسیارەتییەکی مێژوویی‌دایە. واتە پێویستە خۆی لەگەڵ ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ڕێکبخات و ڕۆڵ و پێگەی خۆی لە پانتای سیاسی کوردستاندا بەهێزتر بکات و چەتری کۆکەرەوەی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات لە دژی کۆماری ئیسلامی بێت.

**کۆنگرە ١٧ بۆ حیزبی دێموکرات کۆتایی قۆناغێک بوو، هاوکات کردنەوە دەروازیەکیشە بەرەوڕووی دەرفەت و ئاڵنگارییە نوێیەکان.**

٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

## "نەورۆزی خاکیپۆشان" لە بزووتنەوەی نەورۆزی کوردستاندا



سمایل شەرەفی

نەورۆز کە لە نێو بەشێک لە گەلانی ناوچەکەدا بایەخ و مانای تایبەت بە خۆی هەیە و لەگەڵ نوێبوونەوەی سرووشت و سەری ساڵی نوێدا بە شێوازی جۆراوجۆر پێشوازی لێدەکرێ، بۆ کورد و لە کوردستانیش بۆنەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە. نەورۆز لە دێرزەمانەوە لە کوردستان لە ڕێوڕەسم و بە ڕەفتاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و کلتووری پێشوازی لێ کراوە و دیاردە و بۆنەیەکی تازە و هاوچەرخ نیە.

لە یەک دوو دەیەی دواییدا نەرۆز لە کوردستان بۆ خەڵکی ئەم نیشتمانە کەونارە کە بەداخەوە تا ئێستاش سیاسەتی ئینکار، سەرکوت و دوژمنایەتیی ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی بەسەردا زاڵە، بۆتە دەرفەتێکی خەباتکارانە و چیدیکە تەنیا بۆنەیەکی کلتووری نیە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرەتای دەیەی ٩٠ی هەتاوییەوە، نەورۆز بە شێوەیەکی جەماوەری، ڕێکخراو و ئامانجدار لە



سەرچاوە
Serchawe

چوارچێوەی ڕێوڕەسمی تایبەتدا پێشوازی لێ دەکرێ و بەڕێوە دەچێ. گەشە و پەرەگرتنی چالاکیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستان و چێبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە بنیاتنانی ڕەفتار و هەڵسووکەوتی جەماوەری و گشتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، لە ڕێکخستنی ڕێوڕەسمە جەماوەرییەکانی نەورۆزیشدا کاریگەری و شوێنەواری تایبەت بە خۆی هەبوو.

لە دوای بەڕێوەچوونی یەکەم ڕێوڕەسمی جەماوەری کە لە نەرۆزی ١٣٩١ی هەتاوی لە شاری ڕەبەت بەڕێوەچوو، ساڵبەساڵ ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز گشتگیرتر، ڕێک و پێکتر، پڕنێوەڕۆکتر و ئامانجدارانەتر بەڕێوەچوون. بەشداریی خەڵک لە ڕێوڕەسمەکاندا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەی سەند، چالاکانی مەدەنی کە زۆرترین ئەرکی پێکهێنانی ڕێوڕەسمەکانیان لەسەر شان بوو، چوارچێوەیەکی ڕێکخراو و مونەزەمیان بە ڕێوڕەسمەکان بەخشی، بەشداریی کەسایەتییەکانی کوردستان، بایەخی ڕێوڕەسمەکانی بەرز کردەوە، بەشداریی ژنان و کچانی نیشتمان و ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکاندا کاریگەریی لەسەر جەماوەریبوونیان دانا، سەرنجی میدیاکان و بڵاوکردنەوەی ڕێوڕەسمەکان لە میدیا کوردییەکان، بەتایبەت میدیاکانی حیزب و کوردکاناڵ شوێنەواری تایبەتی لەسەر هاندانی خەڵک بۆ بەشداریی لە ڕێورەسمەکان دانا، هەڵبەت هەستیاربوونی کۆماری ئیسلامی و قەڵسەگێڕانی ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە بەڕێوەبەران و بەشدارانی ئەم ڕێوڕەسمانە، خەڵکی لە درێژەدان بە بەرینترکردنەوەی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان سوورتر کرد.

مانا بەخشین بەم ڕێوڕەسمانە و پەیامەکانی، یەکێک لە دڵنیگەرانییەکانی بەڕێوەبەران و بەگشتیی خەڵک بوو، کە چۆن بتوانن لەم کارنەڤاڵە جەماوەرییە بەردەوامە بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان ڕوو بە دەسەڵات و نەیاران و هەروەها خاوەندراریتی لە شوناسی خۆیان کەڵک وەربگرن. ئەو کاتە بوو کە ناو و هێماکان هاتنە ئاراوە.

:نەورۆزی پێکەوەبوون" کە بۆ یەکەمجار ئەم ناوە لە نەرۆزی ١٣٩٥ و لە ئاوایی نییەری قارەمانپەروەر و لە چوارچێوەی پۆستێرێکی گەورەدا کەڵکی لێ وەرگیرا. پەیامەکە یەکێتی و یەکرێزی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و بۆ هەردوو باڵی حیزبی دێموکرات(حدک و حدکا) بوو کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەم لەنێو خەڵک و هەم لەنێو ڕیزەکانی حیزبدا هەبوو.

لە نەرۆزی ساڵی دواتردا، واتە نەرۆزی ١٣٩٦ی هەتاوی و لە لایەن کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنییەوە ناوی "نەورۆزی جامانەکان" لە سەر نەورۆزی ئەو ساڵە نراو و داوا لە خەڵک کرا کە بە جامانەوە بەشداریی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان بکەن کە دواتر بە ئیبتکار و داهێنانی کۆمەڵێک لە کچان و ژنانی هوشیار، کەڵک وەرگرتن لە "هەوری"یشی



سەرچاوە
Serchawe

پێ زیاد کرا. نەرۆزی ٩٦ یەکێک لە نەورۆزە تایبەتەکانی کوردستان بوو؛ لە زۆربەی شار و ئاواییەکانی کوردستان خەڵک بە هەوری و جامانەوە بەشدارییان تێدا کرد و لە پڕنێوەڕۆکترین و ڕێکخراوترین ڕێوڕەسمەکان بوو.

تا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا هەموو ساڵێک ڕێوڕەسمەکان بەوپەڕی ڕێک وپێکیەوە بەڕێوە دەچوون؛ ڕێوڕەسمەکان بەرین و بەرینتر دەبوونەوە، هێماکانی جامانە، هەوری و گوڵی سوور پڕڕەنگتر لە جاران کەڵکیان لێ وەردەگیرا و یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ڕوونی بە ڕێوڕەسمەکانەوە دیار بوو. چیدیکە ڕێوڕەسمەکان تەنیا لە چەند ڕۆژی پێش نەرۆز و دوای نەرۆزدا قەتیس نەمانەوە، ساڵی وابووە بۆ ماوەی یەک مانگ و زیاتریش هەر لە نێوەڕاست مانگی ڕەشەمەوە تا دوای سێزدەبەدەری یەک مانگی بەهار ڕێوڕەسمەکان هەرجارە و لە شوێنێک بەڕێوەچوون.

دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی و بە هۆی شەهیدبوونی زیاتر لە ١٥٠ کەس لە کچان و کوڕانی نیشتمان بە دەست هێزە سەرکوتکەر و بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەرۆزی ١٤٠٢ی کوردستان لە ماتەمینێکی مانادار و بە بەشداریی خەڵک لە سەر گڵکۆی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا و سەردانی بنەماڵەی شەهیدان بەڕێ کرا. بەڵام لە نەرۆزی ١٤٠٣ی هەتاویدا خەڵکی کوردستان وێڕای بەشداریی بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا، پڕماناترین ڕێوڕەسمەکانیان بەڕێ کرد. لەگەڵ ئەوەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان کەوتە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، بەڵام خەڵکی کوردستان لە درێژەی ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا و شان بە شانی بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەکە، لە دەیان شوێنی ئەم نیشتمانە ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە نەورۆزیان بەڕێوە برد و پەیامی "لەسەرپێ"بوونی خۆیان و کوردستانیان بە گوێی دوژمن دا دایەوە. هێماکان زیاتر لە جاران لە ڕێوڕەسمەکاندا بەرچاو دەکەوتن، بەشداریی ژنان و کچانی وڵات کە لە بزووتنەوەی ژینادا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا، پڕڕەنگتر لە ساڵانی پێشوو بوو، یەکگرتویی خەڵک و یەکرێزییان ببووە وێردی سەر زمانان و دوژمن سەری لە "بزووتنەوەی نەرۆزی کوردستان" سووڕ مابوو.

ئەمساڵ کوردستان پەیامێکی تایبەتی پێیە؛ پەیامەکانی ڕوونتر و ڕاشکاوانەترن، هێماکان بە مانا و پەیامی تایبەتەوە دێنە گۆڕێ. ناوی نەورۆزی ئەمساڵ لە قوڵایی باوەڕ و ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە. پێش لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، لاوانی دەروەست و هوشیاری گەل بە لەبەرکردنی جل و بەرگی خاکی، ناوکی ناوی نەرۆزی ئەمساڵیان بڕی و ناوی "نەورۆزی خاکیپۆشان"یان لەسەر نا.

خەڵکی کوردستان، ژنان و پیاوان و کوڕان و کچانی دڵ پڕ لە هیوای نیشتمان لەمێژە کەواپانتۆڵی خاکی و جل و بەرگی ئاڵاوواڵا و جەمانە و هەورییەکانیان ئامادە کردوە بۆ بەشداریی لە ڕێوڕەسمەکانی "نەرۆزی خاکیپۆشان"، بۆ ئەوەی لەم

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

**بزووتنەوە شوناسخوازانەیەدا یەکگرتووانە وێڕای بەرگری لە کلتوور و شوناسی نەتەوەیی خۆیان، پەیامی یەکگرتوویی گەل و لەسەرڕێ مانەوەی کوردستان بە گوێی دوژمن دا بدەن.**

**بزووتنەوەی نەرۆز لە کوردستان لە نەورۆزی خاکیپۆشاندا چەند هەنگاوێکی مانادار دەچێتە پێش و لە بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکەدا بە جوانی دەدرەوشێتەوە.**

**٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

# گرینگیی کۆنگرە لە ژیانی حیزبیدا




ئەلبورز ڕووییننتەن

کۆنگرەکان لە ژیانی سیاسیی حیزبەکان گرینگیی تایبەتیان هەیە و بە هەر ڕوویەکەوە بێت کاریگەری لە سەر چارەنووسی حیزبەکان دادەنێن. ئەو حیزبانەی دێموکراسی بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتە تەشکیلاتی و سیاسیەکانی خۆیان بە تەوەر وەردەگرن بایەخی زیاتر بە کۆنگرەکانیان دەدەن. ئەگەر بابەتی بایەخدان بە کۆنگرە لە لایەن هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب وەک پێوەرێک وەرگرین، گرینگیدان بە دێموکراسی و یەکلاکردنەوەی دێموکراتیکی بابەتەکان نیشان دەدات کە دێموکراسی لە حیزبی دێموکرات تەنانەت ئەگەر چەندیوچۆنییەکەشی جێگای باس بێت هەر لە سەر پێیەو جێگای هیوایە.

ئەوەی حیزبێک لە هەشت دەیەی خەباتی خۆیدا بە گرتنی ڕێکوپێکی کۆنگرە لانی کەم هەر چوار ساڵێک جارێک کەوتۆتە بەر دەستی ئەندام و کادرەکانی کە بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدەن، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەگەر دەگمەنیش نەبێ کەم وێنەیە. بێ گومان بەگوێرەی ئاکامەکان دەکرێ لایەنگر و ڕەخنەگری لە هەر کۆنگرەی حیزب بەگوێرەی خۆیان هەڵسەنگێنن،



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام ئەوەی کە ئێستاش پەنا دەبەینەوە بەر کۆنگرە وێڕای شانازی جێگای هیواشە، بەڵام ئەو خاڵە گرینگە پێویستە بکەینە هەوێنی کارکردنمان بۆ ئەوەی بتوانین بایەخی دێموکراتیکی کۆنگرەمان بەرزت رو بەرزتر بکەینەوە بۆ ئەوەی زیاتر ببێتە هۆی سەرکەوتن، ئەو بابەتە وێڕای تەکنیکی کاری کۆنگرە پێویستە بەرزکردنەوەی کولتووری دێموکراتیک بێت بۆ ئەوەی ئاکامی باش و باشتریشی لێبکەوێتەوە.

وێڕای هەوڵمان لەوبوارەدا نابێ ئەو ڕاستییەش لە بیر بکەین گرتنی کۆنگرە لە ئاوارەیی و لە ژێر هەڕەشەی مووشەک و ڕێککەوتنی ئەمنییەتی و دەیان پیلانگێری دیکەی دوژمن بۆ گورزوەشاندنی بەو ئورگانەی حیزبی دێموکرات کە دینامیزیمی شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵات و چالاکترین هێزی ئۆپۆزسیونی دژی دیکتاتورییە ئەوەندە ئاسان نیە. بە جورێک کە هەر گرتنەکەی بەدەر لە ئاکامەکانی بە سەرکەوتنێکی گەورە دادەنرێ، بە تایبەتی بە سەرنجدان بە کارنامەی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی کە لە جنایەت و تێرۆر و ناجوامێریدا بێوێنەیە.

جا ئەگەر باس لە دۆخی حیزبی دێموکرات بکەین کە لە ناوی کۆنگرەکەی (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)دا ڕەنگی داوەتەوە، گرینگیی ئەو کارەی کراوە چەندین بەرابەر دەبیندرێ، چونکە یەکێکی دیکە لە قوناغەکانی دۆخی پەرتەوازەیی بەرەو یەکگرتوویمان تێپەڕ کرد؛ ئەو یەکگرتووییەی کە بە یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکانی شۆڕشێکی گەورەی وەک شۆڕشی ژن ژیان ئازادی، دادەنرێ کە بۆ سەرکەوتنمان لە داهاتووی هەر هەستانەوەیەکی دیکەدا پێداویستیەکی بێ ئەملاو ئەولایە. ئیتر یەک گیان زیاتر لە جاران ئاوێتەی ڕۆژهەڵات بۆ گەیشتن بە ترۆپکی سەرکەوتن دەبینین. ئیتر بەرنامە و پلانمان بۆ دابینکردنی ئازادی لە کوردستان دەگرێتەوە چونکە حیزبی دێموکراتی گەلی کورد و نیشتمانی کوردستان بۆ سەرکەوتن لەو بابەتە یەکی گرتۆتەوە و یەکگرتوویی خۆشی دەپارێزێ و ئەوەش سەکۆی بەهێزبوونیەتی کە پێویستە بە بەرنامە و پلان و پڕۆژەی سەردەمیانە و واقعی و پێشکەوتوو ئاوێتە بکرێ بۆوەی گەیشتن بە ترۆپکی سەرکەوتن کە ئازادییە زووتر و ئاسانتر مسۆگەر بکەین.

هێڵە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات سەرچاوەی لە باوەڕی قوڵی دێموکرات بە خەبات بۆ پرسی نەتەوایەتی بە کولتووری پێشمەرگە و پێشمەرگەکان وەک ڕەساڵەتێکە کە هۆکاری مانەوەمانە و هۆکاری بەرداوامی و سەرکەوتن لە داهاتووشمانە کە پێویستە هەموو ڕەهەندەکانی ڕەواو مومکینی خەباتیش لە خۆی بگرێتەوە لە بڕیارنامە و تەنانەت ویستی زۆربەی هەرە زۆری بەشدار بوانی کۆنگرەش ڕەنگی دابۆوە کە پێویستە بە بەهێزیەوە بەردەوام بێ بۆ ئازادی گەل دروست بووین بۆ ئازادی تێکۆشانمان کردوە و، قوربانیی زۆرمان داوە و لەسەر ئەو ڕێچکەش هەر بەردەوام دەبین.

**رەشەمەی ٢٧٢٤**

یەکێکی دیکە لە لایەنەکانی بەر باسی ئەو کۆنگرەیە شێوازی بەڕێوەچوون یا تکنیکی کارە کە بە هۆی ڕاستیەکانی خەبات وەک کەم وکوڕی یا تێبینی جیاوازی لە سەر بێ، کە ئەو تێبینیانە بەنرخن بۆ دەوڵەمەند کردن چونکە پێویستە ئێمە لە هەموو شێوازەکانی مومکین کەلک وەرگرین بۆ ئەوەی خەبات بە هەموو شێوەیەک بەردەوام بێت.


مشتومڕی سیاسی و تەشکیلاتی لە حیزبێکی زیندوو کە چەتری بیری جیاوازە بۆ خزمەتکردن بە پرسی نەتەوایەتیمان لە هەموو کۆنگرەکان کۆنگرەو کۆنگرەکان هەر هەبووە و دەبێت، بەڵام کە کۆنگرە تەواو دەبێت وەرزی نوێی خەبات و تێکۆشان، بە باوەڕی قوڵ و کولتوری فیداکاریی پێشمەرگانە مکوڕتر لە جاران دەست پێ دەکاتەوە. بۆ بەردەوامی لە شۆڕش، پێکەوە لە گەڵ یەک و بە پشتیوانی خەڵک بۆ بەهێزیی ئەو وەرزە هەنگاو هەڵدەگرین و بێگومان لە دوا وێستگەی خەباتدا ئازادی مسۆگەر دەکەین.

**٦ی رەشەمەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

# گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەرفەت بۆ کوردان




**محەممەدساڵح قادری**

دوای ڕووداوەکـانی ٧ی ئۆکتـۆبەر و کاردانەوەکـانی ئیسـرائیل لە دژی هێـزە نیابەتییەکـانی گرێـدراوی ئێـران (حەمـاس، حیزبـوڵڵای لوبنـان، بەشـار ئەسـەد و حوسـییەکانی یەمەن و ...)، ئیـدی هاوکێشـە سیاسـی، ئەمنـی، ئـابووری و کۆمەڵایەتییەکـانی جیهـان، بەتـایبەتی لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست، بەرەو گۆڕانکـاری و دیزاینێکـی نـوێ دەڕوات. لەم دیـزاینە نـوێیەدا وا دەردەکەوێـت کە وڵاتـانی ئورووپـایی، ئەمریکـا و ئیسـرائیل لەپێنـاو بەرژەوەنـدییە ئەمنـی و ئابوورییەکـانی خۆیانـدا، چیـدی ڕێگە بە حکـوومەتە ئیسلامییەکان و گـرووپە توندڕەوەکان نادەن مەترسـی بـۆ سـەر بەرژەوەنـدییەکانیان دروست بکەن. بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم پڕۆژە نوێیە، بە لەبەرچاوگرتنی پێشینە و ڕۆڵـی جیـاوازی وڵاتـانی وەک "ئێران، عێـراق، سـووریا و تورکیـا" لە پشـتیوانیکردنی گـرووپە ئـایینییە توندڕەوەکان لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، پێـدەچێت نە ئیسـرائیل، نە ئەمریکـا و نە ئەورووپـا ڕێـگە بەو وڵاتـانە نادەن وەک خۆیـان بمێنـنەوە و مەترسـی لەسـەر ئاسـایش و بەرژەوەندییەکانیان دروست بکەن.

لەم پەیوەندییەدا دەبینین کە ڕێژیمی ئێران و حوسییەکان چۆن لەبەردەم ئەمنییەتی گواستنەوەی نەوت و بازرگانیی جیهانی لە کەنداو و دەریای سوور، کۆسپ و مەترسی دەخوڵقێنن. لەلایەکی دیکەوە، دوای شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئەو سزایانەی کە لەلایەن ئەورووپا و ئەمریکاوە خراونەتە سەر ڕووسیا، ئاستەنگییان بۆ گواستنەوەی وزە و سووتەمەنیی ڕووسیە بۆ ئورووپا دروست کردوە و قەیرانی گەورەی لێکەوتووەتەوە.

ئەم ڕووداو و بارودۆخانە وای کردوە کە ئورووپا، ئەمریکا و ئیسرائیل پلان و پڕۆژەی ستراتیژی بۆ دیزاینکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابڕێژن، لەلایەکەوە هەوڵ بدەن لە ڕێگەی شەڕەوە، سەرکردە و توانای لۆجستیکیی سەربازی و هەژموونیی ئێران و حکوومەت و گرووپە نیابەتییەکانی لە غەززە، لوبنان، سووریە، یەمەن و عێراق لەنێو ببەن، لەلایەکی ترەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی داهاتوویان، پێویستیان بە پێکهێنانی بەدیل و ڕێڕەوی نوێ هەیە.

لەم پڕۆژەیەدا، قەڵشی گۆڕانکارییە ژێئۆپۆلیتیکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەگەرێکی بەهێزە و لەم دیزاینە نوێیەدا سیستەمی دیکتاتۆری و پشتیوانانی ئایدۆلۆژیای توندڕەوی ئیسلامی قبوڵ ناکرێن و لەبری ئەوە کار لەسەر سیستەمی فیدراڵی و پتەوکردنی بناغەی پێکهاتەکان دەکرێت. لەژێر کاریگەریی ئەو واقیعە نوێیەدا دەبینین کە لەدوای ڕووخانی حکوومەتەکەی بەشار ئەسەد لە سووریە، وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا لەگەڵ دەسەڵاتە نوێیەکەی دیمەشق خەریکی دیالۆگ و دانوستاندنن بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دێمۆکراتیک بە بەشداریی هەموو پێکهاتەکان و هەرگیز ڕێگە نادەن لە سووریای دراوسێی ئیسرائیل، حکوومەتێکی ئیسلامیی توندڕۆ و دیکتاتۆر بێتە سەر دەسەڵات. بە هەمان شێوە گوشاریان خستووەتە سەر حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی گرووپە میلیشیاکانی سەر بە ئێران یان هەڵبووەشێنێتەوە یان لە ڕێگەی سەربازییەوە لەنێویان دەبەن. لەلایەکی ترەوە بەهێزکردنی پێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی بالانس و هاوسەنگیی ناوچە و دەوڵەتی عێراق، گرنگییەکی تایبەتی بۆ ئەمریکا و ئەورووپا هەیە. لە وەها دۆخێکدا دوور نیە عەرەبی سوننەی عێراقیش لە داهاتوودا داوای دروستکردنی هەرێمێکی فیدراڵ بۆ خۆیان نەکەن.

لەژێر کاریگەریی ئەم دۆخە نوێیەدا دەبینین دەسەڵاتدارانی تورکیە بە مەبەستی تێپەڕاندنی هەندێک قەیرانی سیاسی، ئابووری و ئەمنیی ناوخۆیی و ناوچەیی، ناچارن بۆ قەیرانی گرێدراو بە پرسی کورد، گۆڕینی دەستوور و دێمۆکراتیزەکردنی وڵات هێندێک هەنگاو هەڵبگرن و پرۆسەیەکی نوێ لەگەڵ بەڕێز "عەبدوڵڵا ئۆجەلان" و "دەم پارتی" دەست پێ بکەن.

بەڵام گرنگترین قۆناغی گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران دەگاتە کۆتایی. لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا سیستەمی حوکمڕانیی ئیدئۆلۆژیکی ئاخوندەکانی ئێران کە لەسەر بنەمای هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی شیعە

رەشەمەی ٢٧٢٤


ناسراو بە "بەرەی موقاومە" کە بووەتە سپۆنسەری هەموو تاقمە توندڕەو و تیرۆریستییە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا. دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و پشتیوانیی ڕێژیمی ئێران و گرووپە نیابەتییەکانی لە حەماس، بینیمان چۆن ئەو بەرەیە لەلایەن ئیسرائیلەوە کرانە ئامانجی لەنێوبردن و تا ئێستا چەندین گورزی گەورە لەو بەرەیە دراوە و پەڕ و باسک و دەست و پێیان، یەک لە دوای یەک دەشکێنرێت، بەڵام ڕوونە کە سەری مار هێشتا لە تاران دەجووڵێت و دەبێ ئۆپەراسیۆنی کۆتایی بۆ لەنێوبردنی ئەو ڕێژیمە تیرۆریستییە کە فیتنەی جیهانە، ڕێک بخرێت.

گومانی تێدا نییە کە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و کۆتاییهاتنی فەلسەفەی ولایەتی فەقیهە و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئاخوندەکانی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرووپە توندڕەوانەی کە چارەنووسی خۆیان بەو ڕێژیمەوە گرێ داوە، ڕۆڵێکی دینامیکی و بنەڕەتی لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاشتی و سەقامگیریدا دەگێڕن.

هاوکات ئەم گۆڕانکارییانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەرفەتێکی زێڕینیش بۆ گەلی کورد دەڕەخسێنن. ئەگەر لایەنە سیاسی و بڕاردەکانی کورد بتوانن بە سیاسەتێکی دروست و یەکگرتووییەوە، تەعامولێکی ژیرانە لەگەل ئەم دۆخە نوێیە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن، بە لەبەرچاوگرتنی هاوپەیمانیی کوردان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان لە شەڕی تێرۆریزمی داعش، و بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی پێگەی ژیۆپۆلۆتیکی کوردستان لە هاوکێشە ناوچەییەکان و بەتایبەتی لە هەبوونی سەرچاوەی وزە و ڕێڕەوی نوێی ئەمن بۆ گواستنەوە و بازرگانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هەروەها لەگەڵ بوونی کولتووری تۆلەرانس و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ پێکهاتەکانی ناوچەکەدا، دەتوانن بە سیاسەتی ژیرانە و پلانی کردەیی باش، پشتیوانیی جیهانی مۆدێرن بۆ وەدیهێنانی مافی چارەنووس و دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەریی لە هەریەک لە وڵاتانی "عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا" بۆ کورد بەدەست بهێنن و ببنە فاکتەری بەهێز بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

٦ی رەشەمەی ٢٧٢٤

# ئەمن چیرۆکی شێعریێ بووم، کە هەر دێڕێکی سەنگەر بوو




(شەهید قادر ئیفتیخاری)

**برایم چووکەڵی**

حەماسەخوڵقێنی و قارەمانەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبەدا جێی شانازیی سەربەرزیی نەتەوەکەمانە. لە مەیدانی خەباتی ٨ دەیەی ڕابردوودا کەمتر ڕۆژی ساڵ هەیە کە ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکرات شانازییان تێدا نەخوڵقاندبێ. یەکێک لەو ڕۆژانە کە لەودا ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، بە فەرماندەیی شەهید قادر ئیفتخاری و بە فیداکاریی و کۆڵنەدەریی هێزی پێشمەرگە لاپەڕەیەکی دیکەیان بە حەماسە و قارەمانەتیی نەتەوەکەیان زیاد کرد، ڕۆژی ٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو.

شەهید قادر ئیفتخاری ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی لە ئاوایی "چەشمەگۆڵ"ی سەر بە شاری شنۆ لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بوو. قادر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەردا گەورە بوو. هەتا شەشی سەرەتایی لە قوتابخانەی "چەشمەگۆڵ" دەرسی خوێند و دوای وەرگرتنی دیپلۆم لە شاری شنۆ وەک مامۆستا لە گوندی" قەرە خدر"ی ناوچەی پیرانشار وانەی بە مندالانی

ئەو گوندە گوتەوە. ئەو ماوەی ساڵێکیش دەرەجەداری ئەرتەش بوو، و دوای تەواوکردنی ماوەی سەربازییەکەی لەنێو ئەرتەشدا، بۆ درێژەپێدانی خوێندن چوو بۆ شاری ورمێ و لەوێ فەوقی دیپلۆمی لە بەشی زانستە سروشتییەکاندا وەگرت. کاتێک ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ دەستی پێ کرد، زۆر ئازایانە بەشداریی خۆپێشاندانەکانی کرد و هەر لەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات خۆی لە ڕیزەکانی ئەو حیزبە ا دیتەوە و بەهۆی وشیاری و ڕادەی خوێندەواری لەگەڵ یەکیەتیی لاوان دەستی بە کار و تێکۆشان کرد.

ژیانی سیاسیی قادر ئیفتخاری لە هیزی شەهید ئاوارەدا تێپەری، ئەو توانی ئەو هێزە بە لێوەشاوەیی خۆی و قارەمانەتیی پێشمەرگەکانی بە خەڵکی کوردستان بناسێنێ. ئەو خۆشەویستی خەڵک بوو، لە کوورەی خەبات و بەرگریی پێشمەرگانەدا قاڵ ببوو، و بە لێوەشاوەیی هەموو پلەیەکی پێشمەرگایەتیی بڕی. ئەو لەکاتێکدا بەرپرسایەتیی هێزی ئاوارەی گرتە ئەستۆ کە ئەو ناوچەیەی کاری تێدا دەکرد بە ناسکترین هەلومەرجی سیاسی و ئەمنییەتیدا تێدەپەڕی و کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک ڕۆژانە پەلاماری دەدا.

قادر ئیفتخاری زۆر زوو توانی وەک فەرماندەیەکی بەتوانا لەگەڵ هەلومەرجی نوێی خەبات خۆی بگونجێنێ و زەبری لەبیرنەکراو لە هیزەکانی ڕێژیم بدات. گرتنی چەندین پایەگا، کۆنترۆلی جادەی ئەسلی سردەشت _ پیرانشار و بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی دوژمن لە ناوچەی پیرانشار، شنۆ و نەغەدە لە ساڵەکانی ١٣٦١-١٣٦٢ بەشێک لە چیرۆکەکانی حەماسەخوڵقێنیی هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەیی قادر ئیفتیخاریی تێدا تۆمار کرا. قادر ئیفتخاری لە هەمان کاتدا کە پێشمەرگەیەکی ئازا و بەجەرگ بوو، وەک لاوێکی ڕووناکبیر شوێندانەریی بەرچاوی لەسەر دەوروبەری خۆی هەبوو. ئاماژە بە بەشێکی بچووک لە وەسیەتنامەکەی بەرچاوڕوونیی زیاترمان دەداتێ:

"برای بەرێز و قارەمان شک لەوە دا نیە کە هەموو مەوجوودێکی زیندوو مەرگی لە پێشە، چ باشتر لە سەنگەری شەرەفدا و لە ڕێگای نەتەوەکەتدا گیان بەخت بکەی. هەر کەس هەستی بە بوونی خۆی و نەتەوەکەی نەکردبێ، ئینسان نیە، هەرکەس پێی وابێ سەرکەوتن مەحاڵە ئاقڵی لەدەست داوە. سەرکەوتن حەتمییە، بەڵام خوێنی دەوێ و فیداکاریی لازمە. کاتێک شەهید بووم نامهەوێ کەس ئاخ و ئۆخم بۆ بڵێ چونکە ئەگەر شەهید کرام دەزانم بۆ شەهید بووم".

شەهید قادر ئیفتخاری لە بەشیکی دیکەی وەسیەتنامەکەیدا دەنووسێ: "برام، پێشمەرگەی گەل، چاوەکەم! لە گەڵ تۆمە، ئەوەی کە پاش مەرگی من ئەو چەند کەلیمەیە دەخوێنیتەوە، هەرچەند مردن ناخۆشە و نامەوێ وا زوو واز لەو دنیایە بێنم، بەڵام زۆر جار دەڵیم ژیان پاش ئەو هەمووە خۆشەویستانەی وەک: محەممەدی مینە، ئەبووبەکر و کەریم، دەیان و

ڕەشەمەی ٢٧٢٤


سەدان هاوسەنگەرم چ خۆشییەکی هەیە؟ جا براکەم پاش شەهیدبوونی من ئەو شتانە لەبەر چاو بگرن و بۆم جێ بەجێ بکەن چەند شێعرم هەیە هەرچەند زۆر بێبایەخن بەڵام چ بکەم ئەوە هەستی دەروونی منە، بۆیە داواتان لێ دەکەم حەتمەن چاپیان بکەن، مەهێڵن خوێنی شەهیدان بە فیڕۆ بچێ، تەرمم لە مراد ڕەسول و مراد حاسل بنێژن، توخوداکەی هەرکات خودموختاریمان وەرگرت بۆ بیرەوەریی منیش بێ لانیکەم "ئەسکەندەر"ی کورم لە جێژنەکەدا بەشدار بکەن، تا بزانێ بابی و دەیان و سەدان وهەزاران بابی دیکە گیانیان تەنیا بۆ ئەو ڕۆژە فیدا کردوە. من قادر ئیفتخاری بە دروشمی سەرکەوێ حیزبی پێشەوای گەلی کورد، قازی محەممەدی نەمر، بەو چەند پارچە هەڵبەستە وەسێت نامەکەم کۆتایی پێ دێنم".

لە سەرما و سۆڵەی ڕۆژی ٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٢ هەتاویدا پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی هێزی شەهید ئاوارە و هێزی شەهید سمکۆ بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک چوونە نێو شاری شنۆ و هەموو لە شوێنی دیاریکراودا جێگیر ببوون. لە کاتێکدا ئاخوندێک لە مزگەوت خەریکی قسەکردن دژی حیزبی دیموکرات و جووڵانەوە بوو، لەپڕ قریشکەی چەکی پێشمەرگە لە نێو شاری شنۆ دەنگی دایەوە. پێشمەرگەکان زۆر ئازایانە لە شەقام و کۆڵانەکانی نێو شار شەڕیان دەکرد و دەرسیکی باشیان بە دوژمن دا. ڕۆڵەکانی گەل لە گەرمەی شەڕدا بوون کە گوللە خومپارەیەکی دوژمن لەنێو دەستەیەک لە پێشمەرگەکاندا تەقییەوە و بەداخەوە قادر ئیفتخاری لەگەڵ ٦ قارەمانی دیکەی نەتەوەکەمان بە ناوەکانی خالید ناسری، برایم هەمزەیی، ئەحمەد خەلیلی، سەید کەماڵ، سەعید ئەنواری و برایمی حەمەرەش گوڵی تەمەنیان پەرپەڕ بوو.

ڕوحیان شاد و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار.

٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# کۆماری پشووپارێز لە ڕاگەیاندنی پشوو بەردەوامە




**دارسمە**

دیسان پشوو ڕاگەیەندرا و دەڵێن ئەمجارە بە هۆی سەرماوەیە. ڕاگەیەنەرانی پشوو دەڵێن سەرماکە زۆر لەوە سەختترە تۆی خوێنەر بیری لێبکەیەوە. سەرمایەکی سەخت و دژوار، سەرمایەک دڵی مرۆڤی دەستەڵاتداری سەر ئەم ئاو و خاکە دەگوشێت و خوێناوی لێوە دەچۆڕێنێتەوە. ئەم سەرمایە ئێما و ئاماژەی پڕ لە هەڕەشەن. سەرمایەک پێش ئەوەی وڵات تووشی نەخۆشی بکات، وەک مێوژۆکە هەڵیدەلەرزێنێت و پسپۆڕانی دەستەڵاتپارێز دەڵێن بەدوور نیە وەک بوومەلەرزەی بەهێز لەبەریەک هەڵیبوەشێنێتەوە. جا لەبەر ئەمە یەکەم چارەسەری ئەم پەتایە ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی پشووە.

کاتێک ئازارێک یان نەخۆشییەک بەرینگمان پێدەگرێت و ئەم هەموو دەواودرمانە دەکار دەکەین و ئەم هەموو پارێزە لە خواردن دەکەین، دواجار پزیشکان هانمان دەدەن نەجووڵێین و پشوو بدەین. لە دۆخێکی وەهادا تەنیا درێژکردنەوەی پشوو چارەسەری بنەڕەتییە.

## ڕەشەمەی ٢٧٢٤

لەم ئێرانەی ئێمەدا کەس وەک کۆماری ئیسلامی قەدر و بایەخی پشوو نازانێت. جاری جاران ڕۆژانی هەینی پشوو دەدرا و زۆربەی خەڵک لەم ڕۆژەدا لە مزگەوتی شاروگوندان کۆ دەبوونەوە و گوێیان بۆ گوتاری پێشنوێژی نوێژی هەینی شل دەکرد. ماموستایانی سەرانسەری وڵات بارودۆخی وڵات و جیهانیان بۆ بەشدارانی نوێژی هەینی شی دەکردەوە و ئەوانیش کۆڵە مشتی دەستی ڕاستیان بەرز دەکرد و هاواری بمرێت ئامریکا و بمرێت ئیسرائیلیان ئەوەندەی حەز بکەی بەرز دەکردەوە.

لەم دواییانەدا پشوودان لە ئێران بووەتە دەرمانی هەموو دەردان و پشوو تەنیا بۆ چاکبوونەوەی نەخۆش و بڵاوکردنەوەی وتاری نوێژی هەینی لە بڵندگۆکانەوە نییە و وەک دیارە ئێستا کێشە نەماوە بە ڕاگەیاندنی پشوو چارە نەکرێت. ئەگەر کێشەی ئابووریت هەیە، پشوو ڕابگەیەنە. کێشەی سیاسیت هەیە، پشوو ڕابگەیەنە. خۆپیشاندان هەیە، دیسان پشوو ڕابگەیەنە و تەنانەت ڕەنگە ڕۆژێک بەهۆی پشووی زۆرەوە، پشووی زیاتر ڕابگەیەنن. بەدوور نییە ڕۆژێک دابێت بڵێن ڕێبەری ئێران و دەستەڵاتدارانی وڵات خۆیان لە پشوویەکی هەمیشەییدان. دەکرێت بڵێین ئێران تاکە وڵاتێکە سیستەمی حوکمڕانییەکەی خەریکە لەسەر بنەمای "پشووی بەردەوام" بیچمی خۆی دەپارێزێت.

لە هەمووی خۆشتر ئەمەیە، کەشناسانی ئێران ئێستا لەجیات پێشبینیی کەشوهەوا، پێشبینیی درێژ بوونەوە و بەردەوامیی پشووی داهاتوو دەکەن! لە میدیاکاندا دەڵێن: "بەپێی زانیارییان، شەپۆلێکی بەهێزی پشوو بەرەو ناوچەی ڕۆژئاوا و باکوور و نێوەڕاستی ئێران دێت." یان "پێشبینی دەکرێت هەفتەی داهاتوو لە پایتەخت و کەلانشاران تووشی بارینی پشووی قورس و بەردەوام بین!" لەم نێوەندەدا، بە دووری مەزانن لێزانانی دەستەڵات بیریان لە "پشووی هەتاهەتایی" کردبێتەوە. ڕەنگە ڕۆژێک ڕابگەیەنن: "بەڕێزان، بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی و دڵنیابوون لە سەلامەتیی هەمووان، بڕیاردرا هەموو دامودەزگاکانی حکومەت بۆ هەتاهەتایە بچنە پشوو! تکایە نیگەران مەبن، ئێمە لە پشووشدا کاروباری خۆمان ڕێکدەخەین". هەندێک لە هاووڵاتیان پێیان باشترە ناوی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" بگۆڕدرێت بۆ "کۆماری پشووی ئیسلامی" چونکە لە ڕاستیدا تاکە شتێک بە باشی کاری تێدا دەکات، سیستەمی پشوودانە! ئەمە تاکە بوارێکە حکومەت هەر نەبێت لەم سەروبەندەدا بە شێوەی کاتیش بێت تێیدا سەرکەوتووە.

مێژوونووسان لە داهاتوودا دەنووسن چۆن حکومەتێک توانی وڵاتێکی گەورە تەنها بە ڕاگەیاندنی پشوو بەڕێوە ببات. ڕەنگە ئەمە ببێتە مۆدێلێکی نوێی حوکمڕانی لە جیهاندا: "حوکمڕانی بە شێوازی پشوو." لەوانەیە لە زانکۆکان وانەی تایبەت بۆ ئەم شێوازە حوکمڕانییە دابنرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زانکۆ و قوتابخانانیش بەردەوام پشوو ڕادەگەیەندرێت، فێرخوازانیش لە پشوودا وانەی پشوو دەخوێنن.



سەرچاوە
Serchawe

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

بە کورتی، ئێران دەبێتە یەکەم وڵات لە مێژوودا سیستەمی حوکمڕانییەکەی لەسەر بنەمای "پشووی بەردەوام" دامەزراوە و ڕەنگە ببێتە نموونەیەک بۆ ئەوەی چۆن دەکرێت وڵاتێک بەڕێوە ببرێت، بێ ئەوەی هیچ کارێک بکرێت. ئەمەش دەبێتە "پەڕجۆی سەدەی بیست و یەک" و تێیدا حکومەتێک بە "هیچ نەکردن" دەتوانێت هەموو شتێک بکات!

لە ئێران هەتا ئێستا تەنیا هێزی چەکدار و سەربازانی گوماناوی ویلایەتی فەقیهـ لەبەر ئەوە خۆیان لە پشوو دەپارێزن، بەردەوام خەریکی پارێزگاری لە پشووی هەموو لایەکن و لە پێناو بەرداومیی پشووهەڵکێشاندا پشوودان دەپارێزن.

وەک پێشبینی دەکرێت و هەتا ئێستا زۆرجار شەقامی شاروبازاڕان بەخۆیانەوە دیوە، هێزی ئەمنی و سەربازی لە ئێران بە شەقامان وەردەبن و هەوڵدەدەن هاووڵاتیان ڕێز لە پشووی ڕاگەیەندراو بگرن و لەجیات ئەوەی لە نێو ئیدارە و قوتابخانە و زانکۆ و لەسەر شەقامان خۆیان ماندوو بکەن و زیان بە پشووی ڕاگەیەندارو بگەیەنن، بڕۆنەوە ماڵی خۆیان و لەسەرپشت ڕابکشێن و پشوو بدەن. لەم وڵاتەدا بە چەشنێک بیر لە پشووی هاووڵاتیان کراوەتەوە، تەنانەت ئەوانی لە ماڵەوە چاوان زەق دەکەن و پەنجەی دەستانیان بە هۆی تەختەکلیلی کامپیۆتێر و موبایلانەوە ماندوو دەکەن و لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی زیان بە پشوودانی خۆیان و هاووڵاتییان دیکە دەگەیەنن، بە دەست هێزی ئەمنی و پاسدارانی پشووپارێزەوە سزا دەدرێن.

دەسەڵاتی ئێران پێچەوانەی دەستەڵاتدارانی وڵاتانی دیکە لایەنگری پشوودانی هاووڵاتیانی ئۆپۆزسیۆن و تەنانەت دژبەرانی دەستەڵاتیشە. بۆیە لە چل ساڵی ڕابردوودا سەدان کسی ئێرانی لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی وڵات پشوویان نەداوە و خۆیان ماندوو کردووە، لە ئاسیاوە هەتا ئورووپا دراونەتە بەر دەستڕێژی پشووپارێزانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پشووبڕ کراون.

٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# یادێک لە شەهید محەممەد نادر لە چل ساڵەی شەهیدبوونیدا



مستەفا مەولوودی

وابزانم بەهاری ١٣٥٩ی هەتاوی بوو، هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشیان کردبووە سەر کوردستان و لە سێ‌ڕێیانی "محەممەدیار" لە نیزیک گوندی داشدورگە جێگیر ببوون. ئەوکات ئەو نیگەرانییە هەبوو کە بەرەو قاوەخانەی حاجی حوسێن لە نیزیک گوندی خەلیفەلیان بەرەو مەهاباد پێشڕەوی بکەن. دوو دەستە لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید پێشەوا و هێزی شەهید ئەفشین لە نەغەدە لە نیزیک قاوەخانەی حاجی حوسێن کۆ ببوونەوە بۆ ئەوەی فەرماندەکان بەرنامە بۆ پێشگیری لە پێشڕەویی هێزی دوژمن بەرەو شارەوێرانی مەهاباد دابنێن. ئەوکات من لەگەڵ ئەو دەستەیە لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بووم و شەهید محەممەد نادر لەگەڵ هێزی ئەفشین بوو.

کاک محەممەد لەو پێشمەرگە شارەزایانەی ناوچەکە بوو کە لەکاتی بەرنامەدانان بۆ ڕاوێژ و هاوفکری بانگ دەکرا. ئەو لە ئێمەمانان دیارتر بوو، لەبەر ئەوەی کە خەڵکی ناوچەکە بوو و شارەزای هەموو ئەو ناوچەیە بوو، زۆرتر ڕاوێژی لەگەڵ دەکرا. جیا لەمانەش تەمەنی لە ئێمە لەسەرتر بوو و خەڵکی ناوچەکەشی بە کورد و تورکەوە بەباشی دەناسی. ئەوکات من

زۆرتر گوێگر بووم و هەڵسوکەوتی پێشمەرگە و فەرماندەکانم لەبەر چاو بوو و گوێبیسی قسەکانیان دەبووم. لەو مەئمووریيەتەدا هاوڕێی پێشمەرگە کاک محەممەد ئەحمەد پوورم ناسی و زانیم کە خەڵکی قەڵاتانی دورگەیە. ئەو مەئمورییەتە بوو بە سەرەتای ئاشنایەتی و ناسیاویی من لەگەڵ کاک محەممەد نادر.

ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی من وەک بەرپرسی کۆمیتەی خەلیفان چووم بۆ ئەو ناوچەیە و لەگەڵ کاک محەممەد لە کاری حیزبیدا لە کۆمیتەی خەلیفەلیانی سندووس بووینە هاوکار. ئەو لەوکاتدا ئەندام و کادری ئەو کۆمیتەیە بوو و لە بەشی قەڵاتان، مەمێند و گردەقیت کاری دەکرد کە ئەو ناوچەیە بەهۆی جادەی مەهاباد- ورمێ لەیەکتر دابڕاوە. کاک محەممەد لەو ناوچەیە وەک کەسایەتییەک زمانحاڵی حیزب دێموکرات بوو.

کاک محەممەد خوێندەواریی کەم بوو بەڵام پێشمەرگە و کادرێکی پوختە و شارەزا بوو . زۆر کار کە لەو ناوچەیە دەکران، بێ ئەوەی بمهەوێ لە نەخش و ڕۆڵی هاوڕێیانی دیکە کەم بکەمەوە بەڵام لە زۆر ئاستدا بیرۆکە و ڕۆڵی سەرەکی بە کاک محەممەد بوو. هەروەک لە زمان خۆیەوە بیستوومە، کاک محەممەد پێش شۆڕشی گەلانی ئێران دژی حکوومەتی پەهلەوی ئەندامی حیزبی دێموکرات بووە و دوای ڕووخانی حکوومەت و لەگەڵ ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات چەکی پێشمەرگایەتی لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا کردۆتە شان و لە کار و تێکۆشانی حیزبیدا لەو ناوچەیە نەخشی بەرچاوی هەبوو. بەهۆی ئەوەش کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بوو و خەڵک دەیناسی و خەڵکی دەناسی، یەکێک لە کەسە دیارەکانی ناوچەکە بوو. بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ڕایی کردنی کارەکان پرس و ڕا زۆرتر بە کاک محەممەد دەکرا و زۆر بابەتی هەستیار لەسەر دەستی ئەو یەکلایی دەکرانەوە.

لەو ناوچەیە کە دانیشتووانەکەی تێکەڵاوێکە لە کورد و تورک، کاک محەممەد پێوەندییەکی پتەو و بەرفراوانی لەگەڵ خەڵکی هەر دوو نەتەوەکە هەبوو. هەر لە ڕێگای کاک محەممەدەوە چەند کەس لە تورکەکان بیوونە ئەندامی حیزبی دێموکرات و دۆست و لایەنگرێکی زۆری لەنێو تورکەکاندا بۆ حیزب پەیدا کردبوو. کاریگەری و پێوەندییەکانی کاک محەممەد خەڵکی ئەو ناوچەیەی لە زۆر کارەسات و ڕووداوی ناخۆش پاراست و ناوبراو بووە هەوێنی ئاشتی و تەبایی لەو ناوچەیەدا. کاک محەممەد بەهۆی ناسراوی و پێوەندییەکانی زۆر کێشەی نێوان کوردەکان و تورکەکانی چارەسەر کرد. بە واتایاکی دیکە دەتوانم بڵێم کە کاریگەریی کاک محەممەد لەو پێوەندییەدا بەرچاو و دیار بوو.

ئەو ناوچەیە کە "شامی داشخانە"ی تێدا هەڵکەوتوە، کاک محەممەد ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری لە سەروسامانداني شام هەبوو. بە ڕێکوپێکی سەروبەری دەکرد. لەو کارەدا نامهەوێ نەخشی ڕەوانشاد کاک مەحموود چووکەڵی لە یاد بکەم. ئەویش



سەرچاوە
Serchawe

هاوكارێكی نزیكی كاک محەممەد بوو و لەو بارەوە زەحمەتێكی زۆری كێشا. پیاوێكی چالاک و دڵسۆز و ماندوویی‌نەناس بوو، لەسەر حیزبی دێموكرات تووشی زۆر چەرمەسەری و زیندان و ئازار بۆوە بەڵام تا كۆتایی وازی نەهێنا و كۆڵی نەدا.
كارێكی گەورەی دیكەی كاک محەممەد بایەخدان بە ژینگەی كوردستان بوو. دەوروبەری شام لە نێوان گوندەكانی مەمێند و گردەڤیت و داشخانە ناوچەیەكی بەربڵاوی هەبوو، پنچكی داری گەزی خۆڕسكی لێ ڕوابوون. لە ڕاستیدا ئەو بەشەی كردبووە پاوان و چاودێری دەكرد و بە هیممەتی ناوبراو ئەو بیابانە لەو ناوچەیە بوو بە لێرەوارێكی سەوز و سروشتی ئەو ناوچەیەی ڕازاندبۆوە. شایی زۆری پێی هەبوو و ئەم كارەی ببووە وێردی سەر زمانی خەڵكی ناوچەكە.

كاک محەممەد لە پێناو ژینگەی سەوزی كوردستاندا زەحمەتێكی زۆری كێشا، بەداخەوە دارستانێک كە خۆی پارێزگاری لێدەكرد، دوژمن چاوی بە كارەكەی و بە سەوزایی و سروشتی جوانی كوردستان و خزمەتی كاک محەممەد بە گەل و نیشتمانەكەی هەڵنەهات و هەر لەنێو ئەو دارستانەدا دوژمن مینی بۆ دانایەوە و لەژێر پێیدا تەقیەوە و بەداخەوە شەهید بوو.

دوژمن كاک محەممەدی شەهید كرد، بەڵام بەرهەمی زەحمەت و ماندوو بوونی كاک محەممەد بێجگە لە جوانیی سروشتی كوردستان، ئەو دارستانە لە عەمەلیاتی ١٢ی پووشپەڕی ١٣٦٣ی هەتاوی پێشمەرگەكانی دێموكراتدا بوو بە حەشارگە و جێی حەوانەوەی پێشمەرگەكان. ئەم ناوچەیە دەشتاییە و بۆ حەوانەوەی هێزی زۆری پێشمەرگە سەخت و دژوارە بەڵام بە بیرۆكەی كاک محەممەد و دروستكردنی دەیان شوێنی خۆپاراستن لەنێو قامیشەڵانی داشخانەدا بوو بە پەناگەیەک بۆ پاراستنی هێزی پێشمەرگە و ئەوكات بۆ زۆر كار و تێكۆشانی حیزبی كەڵک لەو قامیشەڵانە وەرگیرا.

هەروەک پێشتر باسم كرد كاک محەممەد كەسێكی زۆر كۆمەڵایەتی بوو، پێشمەرگەیەكی قسە خۆش و سەنگین بوو. ئەو جێگەی بڕوا و متمانەی حیزب و خەڵكی ناوچە بوو، نەک هەر خەڵكی كورد لەو ناوچەیە بەڵكوو توركەكانیش باوەڕ و متمانەی تەواویان بە ناوبراو هەبوو.كەسایەتی و خاكەڕایی و سەنگینی ناوبراو وێردی سەر زمانی خەڵک بوو و بە دەیان كێشەی لەو ناوچەیە لەسەر دەستی ئەو چارەسەر كران چونكە لە هەموو كەس زیاتر قسەی لێ وەردەگیرا. خەڵک بۆیان دەركەوتبوو كە كاک محەممەد یەكێک لە دڵسۆزترین تێكۆشەرانی حیزبی دێموكرات و خەمخۆری سروشتی كوردستان و خەڵكی ناوچەكەیە. ئەو ڕاستە خوێندەواریی زۆر نەبوو بەڵام لە هەڵسوكەوت لەگەڵ خەڵكدا شارەزایی و ئەزموونی زۆری هەبوو، هەر بە قسەی خۆش یان بە زمانێكی سادە و خۆماڵیانە كێشەكانی چارەسەر دەكرد. لە هەمانكاتدا كادرێكی پوختەی حیزبی دێموكراتیش بوو و تا ڕادەیەكی زۆر شارەزایی لە سیاسەت و بەرنامەی حیزب هەبوو و بە زمانێكی شیرین و پاراو سیاسەتەكانی حیزبی بۆ خەڵک شی دەكردەوە و خەڵكیش بەوپەڕی دڵخۆشییەوە قسەكانیان لێ وەردەگرت.

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

لەو ناوچەیە زیاتر لە سەتا ٩٥ی خەڵکی بۆ لای حیزب ڕاکێشابوو. ڕاستە خەڵکی کورد بە گشتیی ئۆگری کوردایەتی و حیزبی دێموکرات و سیاسەتی دروست و بەرنامەی خەڵک پەسەندی حیزب بوون و لە زوڵم و زۆری داگیرکەرانی کوردستان بێزار بوون، بەڵام ئەوە کاک محەممەد و کادر و پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە بوون کە توانیان حیزب لەو ناوچەیە ئاوا بە هێز بکەن و کاریگەری لەسەر تورکەکانیش دابنێن. کاک محەممەد لەو پێوەندییەدا لەو ناوچەیەدا لە ڕیزی پێشەوەی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو.

من بە حوکمی پێشمەرگایەتیم لەو ناوچەیە و ناسیاوی و هاوکاریم لەگەڵ کاک محەممەد زۆرتر باسی کاریگەری ناوبراوم لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵ و دەوری ناوبراو لە ڕێکخستنی خەڵک و تەشکیلاتی حیزبدا کرد، بەڵام بێ پێداهەڵگوتن کاک محەممەد یەکێک لە پێشمەرگە هەرە ئازاکانی حیزب بوو لەو ناوچەیە. هەر مەئمووریەتێکی سیاسی، نیزامی، تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیە کە بیری لێدەکەمەوە نەخش و ڕۆڵی کاک محەممەد تێدا گرینگ و بەرچاو بووە. ناوبراو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، شارەزایی لە ناوچەکە و هاوکاریی هێزی پێشمەرگە هەمیشە ئامادە و لەگەڵ تیمی پێشرەوی پێشمەرگەدا بوو. زۆر شەڕی قارەمانانەی ئەو ناوچەیە لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاری و هیممەتی ناوبراو بەڕێوەچوون و پێشمەرگە سەرکەوتنی وەدەستهێناوە و کەمترین زیانی پێگەیشتوە. دوژمن زۆر جار پیلانی جۆراوجۆری دژی هێزی پێشمەرگە گێڕاوە و ویستوویەتی زەربەی لێبدا بەڵام بە چاوساغی و شارەزایی کاک محەممەد زۆر پیلانی دوژمن پووچەڵ کرانەوە. دەتوانم بڵێم لە هێندێک شوێن کە کاک محەممەد لەگەڵ نەبووە بەداخەوە پێشمەرگەکان تووشی زیان بوون و شەهیدیان داوە. لەو پێوەندییەدا نموونەم هەیە بەڵام ناکرێ لێرەدا باسیان بکەم.

بەداخەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٧ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویدا یەکێک لە پێشمەرگە هەرە ئازا و یەکێک لە کادرە تێکۆشەر و بەوەجەکانی خۆی لە دەست دا. بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم ئەگەر کاک محەممەد شەهید نەبایە و زیاتر مابایەوە کاریگەری زیاتری لەسەر خەڵکی ناوچە و خزمەتێکی زۆر زیاتری بە حیزبی دێموکرات و ڕێبازەکەی دەکرد و جێ پەنجەی بە زۆر شەڕ و ڕووداوی دیکەوە دیار دەبوو.

**ڕوحی شاد و ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی بەردەوام و پڕ ڕێبوار بێ و لە چل ساڵەی شەهیدبوونیدا سێبووری و سەرکەوتن بۆ کوڕ و کچەکانی و کەسوکاری بەئاوات دەخوازم.**

**٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

# "ئەی ڕەقیب" مانیفێستی نەتەوەیەک




**ڕێبوار دوونان**

**ئەوەی زێدە مایەی سرەنج و شانازییە شێعرەکەی شاعیری جوانەمەرگ و تێکۆشەری ڕێگای ئازادی مرۆیی کورد و سەربەستی ژیان و سەرفرازیی کوردستان، م.دڵدار(یونس ڕەئوف)ی کۆییە. ئەی ڕەقیب تەنانەت مایەی سەرنج و ڕامانە لە سەر ئاستی خەباتی نەتەوە ژێردەست و دواکەوتووەکانی جیهانی دوێنێ و ئەمڕۆ کە وەک شێعری ئەی ڕەقیب شۆڕنەبووەتەوە نێو ناخ و هۆش و گیانی هەستی تاکی نەتەوەکەیدا. لەوەش گرینگتر زۆربەی هەرە زۆری منداڵانی کوردستان دەقی "ئەی ڕەقیب "یان بە ئاوازەوە لەبەرە. بۆیە بە لای منەوە بە هەموو پێوەرێکی کولتووری، ئەدەبی، سیاسی، هونەری، نیشتمانی، شۆڕشگێڕی، مرۆڤ پەروەری و ...هتد "ئەی ڕەقیب" مانیفێستی نەتەوەیی هەموو گەلی کوردستانە کە لەم کورتە نووسینە شیکارییەدا باسی دەکەم.**

**زۆر بە کورتی لەبەر ڕۆشنایی و بۆچوون و ڕامان و لێکدانەوەدا لە مەڕ دەور و ژیانی مامۆستا دڵدار، هەر لە یەکەم وشەی دەقی شێعرەکەی بە (ئەی) ! دەست پێ دەکات، واتە پەنجە درێژکردن - پەنجە وەشاندن لە بەرامبەرەکەی. بە تایبەتیش**

ئەو دەربڕینە (ئەی) لە ناخێکی پڕ ڤینی پیرۆزی نەتەوەیی هەڵدەقوڵێ. دیارە کە دەڵێ ئەی ڕەقیب واتە ئەی دوژمن؟ کام دوژمن؟ داگیرکەرانی کوردستان!...

لێرەدا وەک شۆڕشگێڕێکی سەرسەخت بەرامبەر دوژمنەکەی، دوژمنی نەتەوەکەی وەستاوە و پەنجەی تووڕەیی چەوساندنەوە و ئێش و ئالنگاری کۆمەڵایەتی - سیاسی - نەتەوەیی دەوەشێنێ و دەڵێ:

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان.**

لێرەدا دڵدار بە دوژمنی نەتەوەکەی دەڵێ: هەرچەند دەمێک ساڵە کوردان قڕ دەکەن، لە ناویان دەبەن، بەڵام هەر ماوە قەومی کورد زمان هاوکات لە دوای وشەی بەیتەکە وشەی زمان بەکار دێنێ، بەباشی ئاگاداری ئەوەیە کە زمان نیشانەیەکی هەرە زیندووی هەر نەتەوەیەکە. لێرەدا زمان ئەوە دەگەیەنێ کە نەتەوەکەی خاوەن زمانی تایبەتی خۆیەتی وهتد.

لە نێو دێری دووهەمدا وڵامی نیوە دێری یەکەم دەداتەوە و دەڵێ: **"نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان". دیسان لێرەدا ئەم نیوە دێڕە، ئەوە دووپات دەکاتەوە قەومەکە – نەتەوەکەی هەر ماوە!...**

بە پێچەوانەی ئەو دەسەڵاتەی (دوژمنەکەی) خاوەنی تۆپی زەمانە، تۆپی نوێ بەکۆمەڵ مرۆڤکوژن کە دوێنێ سیاسەتی قڕکردنی بە شێوازێکی کۆن پەیڕەو دەکرد، ئەمرۆکەش هەرچەند خاوەن ئەو چرکە کۆمەڵ کوژە تازەیە ناتوانن ئەو نەتەوەیە بشکێنن و لە ناوی بەرن. لە نێو دێڕی سێهەمدا سەیر دەکەین م. دڵدار چۆن بەرپرچی ئەو سیاسەتە داگیرکەرانەی دوژمنانی کوردستان دەداتەوە و لە ناخەوە هاوار دەکا کە نەتەوەکەی کۆڵ نادات: "قەومی کورد هەستایە سەر پێ وەک دلێر". لەوەش گرینگتر پاش ئەو هەموو سیاسەتەی ئاگرو ئاسن کە بەرامبەر کورد کراوە بەڵکوو هەمان کات بەرامبەر ژیانیش کراوە، "ئامادەیە ، تا بە خوێن نەخشی بکات تاجی ژیان"

لە نێو دێڕی پێنجەمدا دڵداری مەزن دووبارە لە قوڵایی ڕەقی پیرۆزییەوە هاوار دەکات و ڕوو لە دوژمنە خوێنخۆرەکانی گەلی کوردستان دەڵێ:

**"کەس نەڵێ کورد مردوە، کەس نەڵێ کورد مردوە".**

ئەو دووبارە کردنەوەیە ئەو پەڕی بڕوابەخۆبوونە بە تایبەتی لە ڕوانگەی ئەوەی میللەتان هەرگیز نامرن. لەوەش زیاتر هەروەکوو سەرکردەی مەزنی هیندی جەواهیر لەعل نەهرۆ لە بارەی کوردەوە فەرموویەتی :(مادەم کورد ئامادەیە قوربانی لە پێناو سەرفرازی بدات هەرگیز نامرێ). دواتر م. دڵدار خاوەن بڕوایەکی پۆڵایین بووە بۆیە کە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە میللەتان هەرگیز نامرن، کوردیش لەو قانوونە بەدەر نییە.

دڵدار شۆڕشگێڕی کەم وێنەی سەردەمی خۆی، لە نیوە دێڕی شەشەمدا دووپات و سێ پات دەیدەکاتەوە کە ئەگەر نەتەوەیەک وەک نەتەوەی کورد لە پێناو مان و سەرفرازی ئامادەی قوربانیدان بیت ئەوە هەردەم بە زیندوویی دەمێنێتەوە و ئاڵای خەبات و تێکۆشانی هەمووکات بە بەرزی دەمێنێتەوە: "کورد زیندووە، زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان"

**دڵدار دەڵێ:**

"ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین،
سەیری کەن خوێناوییە ڕابردوومان."

**دڵدار وەک قارەمانێک کە لە مەیدانی شەڕدایە، هەمدیسان پەنجە لە دوژمنەکانی نیشتمان ڕادەوەشێنێ:**

"کەس نەڵێ کورد مردووە.
کەس نەڵێ کورد مردووە.
کورد زیندووە، زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان"

لە حەوتەم دوونیوە دێڕی شێعرەکەدا، سەیری بکەن دڵداری شاعیر چەند بە وردی و زانستی بگرە لە بەر ڕۆشنایی زانستی کۆمەڵناسی، دەوری گرینگی لاوان کە بنەڕەت و بنەمای هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتییە دەست نیشان دەکات، جا ئەو نەتەوانە لە هەر ئاستێکی دواکەوتوویی و پێشکەوتوویی ژیاندا بن، ئەوە لاوانن کۆڵەکەی بەرەنگار بوونەوە و قوربانیدانن. لەوەش زیاتر دڵدار دووربین بووە نەک تەنیا هەر ئامادەیی و قوربانی گەنجان دەستنیشان دەکات بگرە هەر لە کۆتایی ئەو نیوە دێڕەدا دووپات دەکاتەوە. نموونەیەک کە دڵداری نیشتمان پەروەر سەرسەخت لە ناخەوە هاوار دەکا و پەیامی پیرۆزی لاوان بە دوژمنان ڕادەگەیەنێ: "لاوی کورد هەر حازر و ئامادەیە.... گیان فیدایە، گیان فیدایە، هەر گیان فیدا". لێرەدا مایەی سەرنجە سێ بارەبوونەوەی گیان، ئەو پەڕی بڕوا بە هێزی گەنجان دەسەلمێنێ کە ئەو چینە هەرە خوێن گەرمی کۆمەڵگان بە ویستی پۆڵایینیانەوە دوژمنی سەرسەخت و دڕندە دەبەزێنن. بۆیە لە کۆتایی دەقەکەدا دوونیوە

دێڕی یەکەم سەرەتای شێعرەکە بە ڕقی پیرۆزییەوە دووبارەی دەکاتەوە و پەنجەی خۆڕاگری و ئازایەتی ڕادەوەشێنێ و دەڵێ: "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان، نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان."

هەر وەکوو لە سەرەتاوە باسی ئەوەمان کرد بە دەگمەن وا هەڵدەکەوێ سروودی نیشتمانی نەتەوەکانی دیکە، بەم شێوەیەی "ئەی ڕەقیب" بۆتە هێزێکی نەتەوەیی کە بە درێژایی تەمەنی شێعرەکە وەک دەقێکی زێدە زیندووی تێکۆشەر ڕۆژانە لە هەر چوارپارچەی کوردستان وەکوو شوناس و پێناسەی نەتەوەیی دەنگی زوڵاڵی شێعرەکە و هەروەها ئاوازە شۆڕشگێڕانەکەی بە ناخی مرۆڤی ستەم دیدەی کورددا هێزێکی گیانی و هاندەر و مرۆڤپەروەری پێدەبەخشێ.

## ئاکام:

مامۆستا دڵدار لە ڕۆژگارێکی هەرە سەخت و دژواری ڕەوشی ژیانی گەلی کوردستان لە دایک بووە، هەر لە باوەشی ئەو ڕەوشەی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، سیاسی، هەژاری و نەخوێندەواری و نەتەوەیی چاوی کردووەتەوە و پەروەردە بووە، بگرە هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بە هەردوو ژینگەی گشتی کوردستان و کۆی خێزانەکەی فرچی بە ئێش و ئازاری کۆمەڵگەی کوردەواری گرتووە.

- نێوەڕۆک و جەوهەر و پەیامی دەقەکە (ئەی ڕەقیب) کرۆک و ڕەنگدانەوەی چەوساندنەوە و خەبات قوربانی دانی درێژخایەنی کوردان دووپات دەکاتەوە، بە دوو کۆمێنتی بەڵگەنامەیی مێژوو و ئامێز دەژمێرێ.

- هەم دیسان ناوەڕۆک و پەیامەکەی کاردانەوە و ڕەوایەتی جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردە کە بەرامبەر دڕندەیی تێگڕای داگیرکەرانی کوردستان دەخاتەڕوو.

- لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە یەکەم دەقی شێعرییە لە ناو سەدان دەقی شێعری نیشتمانی، نەتەوەیی و سیاسی تیگڕای شاعیرانی کوردستان بووەتە ئامرازێکی هاندان و خۆڕاگری و بەردەوام بوون لە ڕەوتی تێکۆشانی کوردایەتی هاوچەرخدا.

- م. دڵدار خاوەنی ژمارەیەک بەهرەی کولتووری گشتی، ئەدەبیات، زانیاری هاوچەرخ و هەڵوێستی زانستیانەی لە مەڕ ئایینەوە بگرە بە چاوێکی ڕامان داهێنەرانە سەیری گەردوونی دەکرد. ئەگەر مردن لە کاتێکی ناسک و ناوەخت نەبوایە و

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

**پتر ژیابا و لە ڕەوتەکەی خۆی بەردەوام بوایە ئەوە بێگومان بە مرۆڤێکی تێکۆشەری سەرسەخت شاعیرێک و نووسەرێکی مەزن و شۆڕشگێڕ دەناسرا بگرە بە کەسایەتییەکی زۆر بەناوبانگ لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە دەردەکەوت.**

**- ئەم کورتە نووسینە شیکارییە لە گەڵ ئەنجامەکەیدا هەرهەمووی بە سەر یەکەوە بەوپەڕی دڵنیایی و ڕاستگۆییەوە دەسەلمێنێ دەقی شێعری (ئەی ڕەقیب) مانیفێستی نەتەوەییە و واتا پەیام و ئالاهەڵگری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی هاوچەرخمانە.**

**٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

---

## بۆچیێ کۆماری ئیسلامی ناتوانی لە ڕووسیە دابڕێ؟




ڕێباز مەریوانی

پێوەندیی دوو سەد ساڵەی ئێران و ڕووسیە و هەروەها چالاکی دەزگای سیخوڕی و ئاسایشی دەرەوەی ڕووسیە لە ماوەی رابردوودا زۆرترین کاریگەری لە سەر هەموو جمگە و بەدەنەی حکوومەت و بەڕێوەبەرایەتییەکاندا بووە و هەیە. دەزگای سیخوڕی ڕووسیە یەکێ لە سیستماتیکترین و ترسناکترین ڕێخستنە ئەمنیەتییەکانی جیهانە کە لە شەری دوهەمی جیهانییدا ڕۆڵی گرنگی لە شکستی ئەڵمانیادا هەبووە.

پێوەندی ئێران و ڕووسیە گەرچی بە رواڵەت پێوەندییەکی ستراتیژییکە بەڵام لە راستییدا هیچ هاوکێشی و باڵانسێکی هاوکاری لە نێوان دوو وڵاتدا بوونی نیە و ڕووسیە لە ژێئۆپۆلیتیکی ئێران وەک سایتێکی ڕووبەڕووبوونەوەی دنیای رۆژئاوا کەڵک وەردەگرێ کە لە ئەدەبی سیاسیدا پێی دەگوترێ کارتی گوشار.

پێوەندی ڕووسیە لە گەل کۆماری ئیسلامی تەنیا بە ئێرانەوە کۆتایی پێنایەت بەڵکوو زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەت وڵاتانی خاوەن کەمینەی شێعە بە هۆی کۆماری ئیسلامییەوە بەرەو رۆژهەڵات خوازی(ڕووسیە و چین) راکێشراون.

رەشەمەی ٢٧٢٤

نموونەی بەڵگە بۆ راستگۆ نەبوونی ڕووسیە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی، بە دەستەوەدانی سووریە بوو کە سەرئەنجامەکەی بوو بە هۆی نەمانی هەیمەنەی ئێران لە تەواوی ناوچەکەدا.

گەرچی ئێران دەیهەویست وەکوو ڕووسیە و چین سەبارەت بە رۆژئاوا مانۆری هێز بدات و لە ململانییەکاندابە هێزەوە دەربکەوێ بەڵام وادیارە پۆتین بە رێکەوتن لە گەل ترەمپ سەبارەت بە پێدانی ئیمتیاز لە سەر حەسابی ئەو وڵاتە هەم کۆتایی بە شەری دوو وڵات دێنن وهەم کۆماری ئیسلامی کە رۆڵی گرنگی لەو شەرەدا هەبوو بێ دەسکەوت دەگەرێتە دواوە. پرسێکی دیکە کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لە ڕووسیە دوور کەوێتەوە، پرسی باشووری قەفقازە کە وەک داوێک پێی کۆماری ئیسلامی لێ گیرە. تورکیا و ئازەربایجان بەرنامەی گۆرانکاری لە سنووری ئێران و ئەرمەنستاندا بە دەستەوەیە کە بێجگە لە سرینەوەی سنووری چل و دوو کیلۆمیتری ئێران و ئەرمەنستان پرسی وروژاندنی تورکەکانی ئێرانیش لە لایەن ئازەربایجان و تورکیاوە کۆماری ئیسلامی تووشی سەر ئێشە کردووە. هەر کات دەسەڵاتی ئێران بیهەوێ نەرم و نیانییەک سەبارەت بە دانوستانی ئێران و ئەمریکا نیشان بدات ئەوا ڕووسیە ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە یەکدی گرژ ئەکاتەوە و تەنانەت شەرێکی بەرتەسک درووست ئەکات کە لە ئاکامدا کۆماری ئیسلامی مەجبووره دژی واشینتۆن هەڵوێست بگرێ و دانوسان نەکات.

سەرئەنجامی باس ئەوەیە کە ئەو بارودۆخەی ئیستا لە دوای راوەستانی شەری ئۆکراین و وروژاندنی پرسی ئەتۆمی بە شێوەی رابردوو نامێنێ و لە راستییدا هەموو باس و گوشارەکان چڕ دەبێتەوە سەر کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی بێجگە لە بەرەی تورکیا و ئازەربایجان لە بەرەی ئیسرایل و غەزەوە بەرپرسیاری یەکەمە و هەڵگیرسانەوەی سەر لە نوێ ئەو شەرە رووبەرووی ئێران دەبێتەوە. بە کورتی کۆماری ئیسلامی بە پاوانخواز و چاکسازیخوازەوە لانیکەم لەم بارودۆخەدا حەز بە ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لە گەل رۆژئاوا دەکەن بەڵام بە رێکەوتنی ئێران و رۆژئاوا باڵی بەهێزی ڕووسیە لە رۆژهەڵاتی ناوین و ئاوە گەرمەکانی کەنداو ئەچرێت و پێگەی سیاسی ئەو وڵاتە قەتیس ئەبێتەوە بە سیبریا و باکووری ئاسیاوە.

٨ی رەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# پەیامێکی زیندوو



**(خوێندنەوەیەک بۆ وتاری شەهید دوکتور قاسملوو لە میتینگی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات)**

**سمایل شەرەفی**

**دوای تێپەڕینی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر ڕاگەیاندنی کۆمارە مەزنەکەی کوردستان لە مەهاباد لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی) بە ڕابەرایەتیی سەرۆککۆماری شەهید، قازی محەممەد، بۆ جارێکی دیکە و هەر لە شاری مەهاباد، حیزبی دێموکرات دەسپێکی قۆناغێکی دی لە شانازی، حەماسە و غرووری خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند. ئەم جارەیان جێگرەوە و درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی پێشەوای حیزبی دێموکرات، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی پتر لە سەدهەزار کەسی، پێکهاتوو لە خەڵکی سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان لە ئیستادیۆمی وەرزشیی شاری مەهاباددا باسی لە قۆناغێکی نوێی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی کرد.**

**ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە تیایدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای سێ دەیە**

تێکۆشـانی نهێنـی ڕاگەیانـدرا، بـۆ خەڵکی کوردسـتان بە گشـتی و بە تـایبەت بـۆ حیزبـی دێمـوکرات و شـاری مەهابـاد، وەبیـرهێنەرەوەی مەزنتـرین ڕووداوی مێژوویـی و پرشـانازیترین دەسکەوتی نەتەوەیـی بـزووتنەوەی نەتەوایەتیـی خەڵکی کوردستان بوو. لەم میتینگە جەماوەرییەدا، شەهید دوکتور قاسملوو وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئامـانج و داواکارییەکـانی خەڵکی کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا ئاسا لەسەر نەخشە ڕێگـای خەبـاتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بەرنامەی حیزبەکە لەم پێناوەدا قسەی بۆ خەڵک کرد.

دوکتور قاسملوو لە قسەکانیدا بە وەبیرهێنانەوەی چەند بڕگەیەک لە مێژووی پڕ لە شانازی و فیداکاریی حیزبـی دێمـوکرات و تێکۆشەرانی و هەروەهـا بە ناوهێنـانی ژمـارەیەک لە شـەهیدانی حیـزب و نەتەوە، وەبیـر خەڵـک دەهێنێتەوە کە حیزبـی دێمـوکرات کە پێکهێـنەری یەکەم دەسـەڵاتی کـوردی لە مێـژووی نـوێی کوردستاندایە، خـاوەنی چ پاشخانێکی دەوڵەمەنـد لە دامەزراوەی سیاسی وەک کۆماری کوردستان، دەسکەوتەکانی و گەلدۆستی و فیداکاریی ڕێبەرانی وەک پێشەوا قـازی محەممەد، شەهیدانی دیکە سەردەمی کۆمار و شەهیدانی دواتری ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ و هی دیکەیە.

وەک یەکێک لە پێناسە و تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکرات، پشتبەسـتن بـە ئیـرادەی خەڵکی کوردستان یەکەم تەوەری وتـاری سکرتێری حیـزب، دوکتـور قـاسملووە. ئەو لە قسـەکانیدا لەخۆڕادیتـووانە ڕوو بە دەیـان هەزار کەس لە بەشدارانی میتینگ، لەگەڵ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفـاداری بە مـاف و ئازادییەکـانی خەڵـک، ڕادەگەیەنێ کە وەک هەمیشە حیزبەکەی پشتی بە "هێـزی لەبڕاننەهـاتووی نەتەوەکەی" بەسـتوە و خـۆی بەرانبەر بە چارەنووسـی خەڵـک بە بەرپرسیار و وڵامـدەر دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی خەبـاتی ئاشکرای خۆیـدا زۆر ڕاشکاوانە ڕوو لـە دەسـەڵاتدارانی تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو لە تـاران دەکـا و دژایەتیی خۆی لەگەڵ هەر چەشنە دیکتـاتۆرییەک ڕادەگەیەنێ و دەڵـێ؛ "نـابێ ئیزن بدەین هیچ جۆرە ئیستیبدادێکی دیکە زیندوو بێتەوە". لەم پێوەندییەدا بۆ ئەوەی پێش بە هاتنەسەر کـاری هەر جۆرە دیکتـاتۆرییەک بگیـردرێ، پێـداگری لە سـەر "ئـازادییە دێموکراتییەکـان"، "دامەزرانـدنی ڕێژیمێکـی ڕاسـتەقینەی خەڵکـی"، دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان" دەکا.

شـەهید دوکتـور قاسـملوو لە وتارەکەیـدا بە خسـتنە ڕووی پـیلان و ئیـدیعا جۆراوجـۆر و بێبنەماکـانی دوژمنـانی خەڵکـی کوردستان کە بە مەبەستی دۆزینەوەی بیانوو بـۆ سـەرکوتکردنی تـۆمەتی جۆراوجـۆری دەدەنە پـاڵ، بەبـێ سڵکردنەوە لە هەر جۆرە تۆمەتبارکردنێکی دیکەی خۆی و حیزبەکەی، مـافی دیـاریکردنی چـارەنووس بـۆ میللەتەکەی بە ڕەوا و بەرحەق دەزانـێ.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەشەمەی ٢٧٢٤

لەم بارەوە ڕوو بە دەسەڵاتدارانی تازە لە تاران دەڵێ کە؛ "دەبێ هێزی چەکداری ژاندارمێری، ئەرتەش و پادگانەکان لە شارەکان دوور بخرێنەوە و دەبێ کوردستان لە حاڵەتی ناوچەیەکی میلیتاریزە بێتە دەر و بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆیی کوردستان دەبێ بە دەستی خودی خەڵکی کوردستانەوە بێت". بەم شێوەیە تەرحی خودموختاربوونی کوردستان و باوەڕ بە هێز و توانایی خەڵکی کوردستان لە خۆبەڕێوەبەری و ڕەتکردنەوەی هەرچەشنە خۆسەپاندنێک بە سەر کوردستاندا ڕادەگەیەنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە وەک لە ناو و نێوەرۆکی ڕا دیارە پێڕەوی لە بیروباوەڕی دێموکراتیک دەکا و پێی‌وایە لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتیکی سیاسی‌دایە کە مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر دەبێ. بۆیە لەم میتینگەشدا دامەزرانی حکومەتێکی گەلی و دێموکراتیک بە زامنی دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد دەزانێ و پێی‌وایە بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەسایەتیی نەتەوەی کورد و دابینبوونی مافەکانی، دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە لە تاران نایەتە سەر کار. بۆیە دەبێ کورد لە دەسەڵاتی سیاسی لە تاران بەشدار بێ و نوێنەرانی لە نووسینەوەی یاسا و بڕیارەکاندا بەشدار بن و ڕۆڵ بگێڕن.

پێویستیی یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان خەڵک و هێزە سیاسییەکان لە کوردستان یەکێک لەو ئەرکانەیە کە دوکتور قاسملوو لە وتارەکەیدا بەڕوونی دەستنیشانی دەکا. خۆڕێکخستن و ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی جیاواز، تەنیا زامنی ئەم یەکیەتیی و یەکگرتووییە دەبێ. تەنیا لە ڕێگای یەکگرتووییەوەیە کە دەتوانرێ پێش بە نفووزی دوژمن و دووبەرەکی بگیردرێ. لە وتارەکەی دوکتور قاسملوودا هاتووە کە؛ "نابێ ڕێگا بدەین هیچ چین و توێژێکی نیشتمانی دژی چین و توێژێکی دیکەی نیشتمانیی دیکە، عەشیرەتێک دژی عەشیرەتێکی دیکە هان بدرێ. نابێ ڕێگا بدەین دەستە و حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو، هێزی خۆی بۆ کوتانی دەستە و حیزبێکی پێشکەوتووی دیکە تەرخان بکا. با فێری دێموکراسی بین و تەمرینی دێموکراسی بکەین. کوردستان پاوانی هیچ حیزب و دەستەیەکی سیاسیی تایبەتی نیە. با هەموومان بەرنامە و بیروڕای خۆمان بخەینە بەرچاوی خەڵک و خەڵکیش ئازادانە ڕێوشوێنی خۆی هەڵبژێرێ."

دوکتور قاسملوو لە پێگەی سکرتێری حیزبی دێموکرات و وەک کەسێکی شارەزا بە مێژووی پڕ لە شکست و نسکۆی شۆڕشەکانی کورد، لەم بەشە لە وتارەکەیدا -لەگەڵ ئەوەیکە حیزبەکەی تەنیا حیزبی بەهێز و خاوەن نفووزی بەرینی جەماوەرییە- دیسان گەڕانەوە و پابەندبوون بە ئیرادەی نەتەوەکەی و دەنگی خەڵک و دێموکراسی لەپێناو یەکیەتی و یەکگرتوویی خەڵک و هێزە سیاسییەکاندا بە پێویست و زامنی سەرکەوتنەکان دەزانێ. ئەو بە دەرس‌وەرگرتن لە زیانەکانی ڕۆحی عەشیرەگەری، دووبەرەکی و خۆفەرزکردنی لایەک بەسەر لایەکی دیکە لە تاریخی نەتەوەکەیدا، دەیهەوێ بە هێنانەئارای هێندێک چەمک و ڕێکاری مودێڕن وەک دێموکراسی و ڕێزگرتن لە دەنگ و ئیرادەی گەل، بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و

کۆمەڵگەی کوردستان قەڵەمبازێک بۆ پێشەوە بدەن و خۆ لە دووبەرەکی و ناتەبایی دوور ڕابگرن.

دوکتور قاسملوو بە شارەزاییەک کە لەسەر جیاوازی و فرەیی لە کۆمەڵگەی کوردستان، ڕەوت و جەریانە سیاسییەکان و جۆری پێکهاتەی کوردستان هەیبوو، وێڕای بەڕەسمی ناسینی ئەم جۆراوجۆریانە، هەوڵ دەدا چەشنێک لە پێکەوە ژیان و پێکەوەیی کۆمەڵایەتی لەنێو خەڵک و کۆمەڵگەی کوردستاندا بنیات بنێ. بۆیە بێ پێچوپەنا دەڵێ: "هەرچەشنە تێرۆری فکری دەبێ لەنێو بچێ و نابێ هیچ کەس لەبەر بیروبۆچوونی جیاواز بخرێتە ژێر فشار. لەسەر دۆستان و ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە بیروڕا و داخوازەکانی حیزب کە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بە شێوەیەکی دێموکراتی بڵاو بکەنەوە و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای حیزب ڕابکێشن."

ئێستا کە دوای ٤٦ ساڵ لە نێوەڕۆکی دەقی ئەو پەیامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات -کە لە لایەن دوکتور قاسملووەوە بۆ ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب نووسراوە و لە میتینگی حیزبی دێموکرات لە شاری مهاباد خوێندرایەوە- دەڕوانین، دەکرێ وەک نەخشە ڕێگایەک بۆ ئێستا و داڕۆژی خەباتەکەمان کەڵکی لێ وەربگرین.

بەداخەوە تا ئێستاش دیار نییە کە ئێرانی داهاتوو چ جۆر نیزام و دەسەڵاتێکی سیاسی دەگرێتە خۆی و چۆن لە پرسی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەڕوانێ. ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کورد نەخشە ڕێگا و ڕوانگەیەکی یەکانگیری هاوبەشیان بۆ جۆری ئیدارەی ئێرانی داهاتوو نییە و کوردیش لەنێو خۆیدا ئەو جۆرەی کە پێویست و زەرووریە یەکڕیز، یەکگر و یەک گوتار نییە و کۆمەڵگەی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەیکە لە چاو ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ زۆر جیاوازە و پێشکەوتووە، بەڵام دیسانیش لە ئاست چاوەڕوانییەکاندا ڕێکخراو و تۆکمە و بێناتەبایی نییە.

بۆیە ئەگەر لە سیلەی نێوەڕۆکی پەیامی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاویی میتینگی مهاباد و دۆخی سیاسی - کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران و کوردستان و هەروەها ناڕوونیی داهاتووی بەڕێوەبەریی وڵاتەوە بڕوانین،

**جێی خۆیەتی ئەم پەیامە لە چەند خاڵدا بە زیندوو و قابیلی کەڵکلێوەرگرتن بزانین:**

- هەر دەسەڵات و نیزامێکی سیاسی کە لە داهاتوودا لە تاران بێتە سەرکار، بەبێ بەڕەسمیناسینی پرسی نەتەوایەتیی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، ناتوانێ دێموکراتیک و ڕاستەقینە بێت.

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

- ئەگەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بە ئیرادەیەکی یەکگرتووخوازانەوە نەتوانن خۆیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەییدا ڕێک بخەن، لە ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا ڕەنج بەخەسار و بێدەسکەوت دەبن.

- تەمرینی دێموکراسی و یەکتر قبووڵکردن و خۆ فەرزنەکردن بە سەر یەکتریدا و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆرییەکانی کوردستان، ئەو پێشمەرج و زەمانەتانەن کە داهاتووی نەتەوە و نیشتمان لە ناتەبایی و پەرتەوازی دەپارێزێ و لە غەیری ئەوەدا نەیاران و ناحەزانی کورد و کوردستان کار لەسەر تێکدانی شیرازەی خاک و خەڵکی کوردستان دەکەن و هیچ دوور نییە ئەزموونی شەڕی خۆبەخۆمان تێدا دووپات بکەنەوە.

***

تێبینی: ئەم وتارە پێشتر لە ژمارە ٨١٨ی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتدا چاپ و بڵاو بۆتەوە

٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ڕێژیمی ئێران خەریکە ناوچەی مەرگەوەڕ وێران دەکات



**ڕاپۆرت: مەرگەوەڕ - نێوخۆی وڵات**

ڕێژیمی ئێران بەبێ ڕەچاوکردنی لێکەوتە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان، جارێکی دیکە ناوچەیەکی دیکەی خستۆتە مەترسیی لەنێوچوون. ئەمجارەیان پلانی دروستکردنی وێستگەی کارەبای "سووره دووکەڵ" لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە کە ڕووبەڕووی دژایەتیی توندی خەڵکی ناوچەکە و چالاکانی ژینگەپارێزی بووەتەوە. ئەم پرۆژەیە کە بە هاوکاریی بەشێک لە ئەندامانی مەجلسی ڕێژیم و سپای تێرۆریستیی پاسداران جێبەجێ دەکرێت، بە مەترسییەکی جددی بۆ سەر سامانە سروشتییەکان، کشتوکاڵ و پەیکەری ئەم ناوچەیە دادەنرێت.

بە پێی ڕاپۆرتە نێوخۆییەکان، دروستکردن و کارپێکردنی ئەم وێستگەی کارەبایە، دەکرێت وردە وردە ڕووەکی مەرگەوەڕ بە تەواوی لەنێو ببات. ئەم ناوچەیە کە بە یەکێک لە پاکترین ناوچە سروشتییەکانی کوردستان دادەنرێت، بە هۆی سەرچاوە ئاوییەکانی و لەوەڕگە گەشاوە و جۆراوجۆرەکان گرنگییەکی زۆری هەیە. بەڵام لەگەڵ دروستکردنی ئەم وێستگەی کارەبایە، مەترسیی وشکبوونی سەرچاوەکانی ئاو و لەناوچوونی ئیکۆسیستمی سروشتی ناوچەکە هەیە. هەروەها دابەزینی ئاستی ئاوی

ژێر زەوی و لەناوبردنی لەوەڕگەکان مەترسی لەسەر گیانلەبەرە کێوییەکانی ناوچەکە دروست دەکات.

ئابووریی خەڵکی مەڕگەوەڕی ورمێ بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵە. هەر گۆڕانکارییەک لە سەرچاوە ئاو و خاکییەکانی ناوچەکەدا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بژێوی دانیشتوانی ناوچەکە دەکات. شارەزایان هۆشدارییان داوە لەوەی ئەم پڕۆژەیە کشتوکاڵی بەرەو لێواری لەنێوچوون ببات و هەروەها بەخێوکردنی ئاژەڵداری ئەستەم بکات. لەدەستدانی دەرفەتی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی خەڵک ناچار دەکات کۆچ بکەن و دواجار پێکهاتەی دیمۆگرافیای ناوچەکە دەگۆڕێت.

مەڕگەوەڕی ورمێ بە هۆی دیمەنە جوانەکان و سروشتی پاک و خاوێن، یەکێک لە شوێنە گەشتیارییە گرنگەکانی کوردستانە. ساڵانە زۆر گەشتیار سەردانی ئەم ناوچەیە دەکەن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئابووریی ناوخۆیی. بەڵام دروستکردنی ئەم وێستگەی کارەبایە، جگە لە لەناوبردنی سروشت، کۆتایی بە سەرنجڕاکێشیی ناوچەکە بۆ گەشتیاران دەهێنێ. لە کورتخایەندا کەمبوونەوەی هاتنی گەشتیاران دەبێتە هۆی گورزی ئابووری بۆ دانیشتوان، بەڵام لە درێژخایەندا ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانن ببنە هۆی نەهێشتنی یەکجاریی ناسنامەی مێژوویی و کولتووری ناوچەکە.

زۆرێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە ئەم پڕۆژەیە تەنیا پلانێکی گەشەپێدان نییە، بەڵکو پیلانی ڕژێمی ئێران بۆ کۆنترۆڵکردنی زیاتر و گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافیی ئەو ناوچانەیە. لەگەڵ تێکچوونی ژینگە و کشتوکاڵ، خەڵک ناچار دەبن کۆچ بکەن و لە کۆتاییدا ئەو ناوچەیە شوێنی ژیانی تێدا نامێنێ. ئەم پرسە کە لە چەند شوێنی دیکەی کوردستانیش بەدی کراوە، ئاماژەیە بۆ لاوازکردنی شوناسە ناوخۆییەکان و گۆڕانکاری لە پەیکەری دیمۆگرافیای کوردستاندا.

خەڵکی ناوچەکە چەندین جار دژایەتیی خۆیان بۆ ئەم پیلانە دەربڕیوە. ئەوان دەڵێن هیچ ڕاوێژێک لەگەڵ خەڵکی مەڕگەوەڕ نەکراوە و بڕیارەکان لە پشت پەردەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی خەڵک دراوە. تا ئێستا بەرپرسانی ڕژێمی ئێران وەڵامی خەڵکیان نەداوەتەوە و ئەم بێدەنگییە نیگەرانییەکانیی لە بەردەوامیی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە زیاتر کردوە.

١٠ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەچاوی ئەرێنی لە بابەتی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە دەڕوانێ

**ڕاگەیاندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە پەیامی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان**

ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی ڕەشەمە پەیامی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە لایەن هەیئەتی دەم پارتی بە بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی لە شاری ئیستانبۆڵ، ڕوو بە بیروڕای گشتی خوێندرایەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەمیشە باوەڕی بە ڕێگاچارەی ئاشتییانە وەکوو باشترین بژاردە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە، بەچاوی ئەرێنی لەو بابەتە دەڕوانێ و هیواداره ئەم پرۆسەیە بە باشترین شێوە ڕەوتی ئاسایی و یاسایی خۆی بپێوێ و ئاکامی دڵخوازی هەر دوو گەلی کورد و تورکی لە تورکیە لێ بکەوێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

١مارسی ٢٠٢٥

١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٣

١١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ئێستا نۆرەی تورکیەیە




**هەردی سەلیمی**

لەدوای کۆتایی‌هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، لایەنی سەرکەوتووی شەڕەکە کەوتنە سەر لەتوکوتکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی و وڵاتانێکی نوێ لەدایک بوون. بەدوای ئەم ڕووداوە و کاریگەرییەکانی دواتری لەنێو ئەم وڵاتانەدا کۆماری تورکیەش وەک وڵاتێکی سەربەخۆ پێی نایە سەر خەریتەی جیهان. ئەم کۆمارە هەر لە سەرەتاوە و لەسەر بنەمای حاشای نەتەوە ناتورکەکان خۆی پێناسە کرد و ئەو وڵاتەی بە وڵاتی تورکان دانا و لە سیاسەتی فەرمیی خۆیدا نەتەوەی کوردی - وەک گەورەترین کەمینەی ئەو وڵاتە - بە "تورکی چیایی" ناو هێنا و بە دەیان ساڵ هەوڵی نەرم و ڕەقی بۆ تواندنەوەی ئەم نەتەوەیە دا. بە چەندین بزووتنەوەی شوناسخوازانەی کوردانی نێو تورکیەیان بەتوندی سەرکوت کرد و تەنانەت لەم پێوەندییەدا دەستیان لە ژینۆسایدکردنیش نەپاراست.

لە وەها دۆخێکی سیاسی و ئەمنی‌دا بوو کە ڕێکخراوی "پارتی کرێکارانی کوردستان" لە ساڵی ١٩٧٨دا دامەزرا و شەش ساڵ دواتریش واتە لە ساڵی ١٩٨٤دا دەستی بە خەباتی چەکداری لەدژی دەوڵەتی ناوەندیی تورکیە کرد. لەو کاتەوە هەتا



سەرچاوە
Serchawe

ئێستا کە ٤١ ساڵ ڕادەبرێ ئەم بزووتنەوەیە هەر بەردەوام بووە و کۆتاییی پێ نەهاتووە. لەم نێوەدا و بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی و ئابووریی وڵاتی تورکیە و هەروەها ئاڵوگۆڕی ناوچە و تێکچوونی نەزمی پێشووتر و لەگەڵ ئەوەش خوازیاریی تورکیە بۆ چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا، ئەوەی لە ئێمەوە دیارە ئەوەیە کە ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری وردی تریش ئەم وڵاتەی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتەی ئاوڕێک لە پرسی کورد لە تورکیە بداتەوە.

تا ئێستاش دەوڵەتی تورکیە سەرەڕای ئەوەی تێچوویەکی ماددیی زۆری بۆ لەنێوبردن و نەهێشتنی ئەم بزووتنەوەیە سەرف کردووە، بەڵام نەیتوانیوە ئامانجی سەرەکیی خۆی بپێکێ. ئەوە بوو کە "دەوڵەت باخچەلی" وەک یەکێک لە دیارترین ناسیۆنالیستەکانی مەیدانی سیاسەتی تورکیە، وەک یەکەم کەس لەم پرۆسە نوێیەی ئاشتیدا باسی لە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بەڕێزعەبدوڵڵا ئوجالان، ڕێبەری بەندکراوی پەکەکە لە پێوەندی لەگەڵ کۆتاییهێنان بە کێشەی کورد لە تورکیەدا کرد، بەدوای ئەوەدا کە خۆی دانپێدانانێک بوو بەسەر ئەم ڕاستییەدا کە کێشەی کورد وەک هەموو بەشەکانی تری کوردستان کێشەیەکی سیاسییە نەک ئەمنیەتی، زنجیرە وتووێژێکی نهێنی لە نێوان "ئانکارا" و "ئیمرالی"دا دەستی پێکرد.

ئاکامی ئەم چاوپێکەوتنانە هەتا ئێستا لە پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئوجالاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئوجالان لە نامەکەیدا وێڕای لێکدانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دۆخی پەنجا ساڵ لەمەوبەری جیهان و ناوچە و بەتایبەت تورکیە لەچاو ئێستا، باسی لەوە کردبوو کە فەزای داخراوی سیاسی و سیاسەتی نادێموکراتیکی حاشاکەرانەی کۆماری تورکیە کە پێکەوەژیانی هەزارساڵەی ئەم دوو نەتەوەیەی تێک دابوو، ئەوانی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتەی ستارتی خەباتێکی چەکدارانە لێبدەن، بەڵام ئەو خەباتە بۆ قۆناغی یەکەمی خەباتەکەیان بووە و ئێستا پاش ئەو ساڵانە کە دەوڵەتی تورکیە دان بە بوونی نەتەوەی کورددا دەنێ و هەروەها دان بەوەشدا دەنێ کە پرسی کورد لەو وڵاتەدا پرسێکی سیاسییە و چەندین گۆڕانی گرنگی سیاسی و دێموکراتیکی دیکەش، ئەوی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی ئەو ڕەسالەتەی پێشووتر بۆ خۆیان پێناسە کردووە، کاتی بەسەر چووە و ئێستا پێویستە بە شێوەیەکی دیکە لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیەدا چالاکی بکەن.

دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ ئەم پەیامە لە خۆیدا پەیامێکی بوێرانە بوو هەر بۆیە بە ئاگاییەوە جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە بەرپرسیارەتیی ئەم بڕیارە مێژووییە لە ئەستۆ دەگرێت و سەرکەوتنی ئەم پرۆسەی ئاشتییشی بە ئاکار و ڕەفتاری دەوڵەتی تورکیە لە داهاتوودا بەستبووەوە. وەک چاوەڕوان دەکرا پەکەکە پێشوازیی لە پەیامی سەرۆکی خۆی کرد و بە شێوەی یەکلایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاند و ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئوجالانیشیان کردە مەرجی جێبەجێکردنی باقیی داواکارییەکان. لە ئێستادا دەبێ چاوەڕوان بین بزانین دەوڵەتی تورکیە لەم پێوەندییەدا چ هەنگاوێک هەڵدێنێتەوە و چۆن

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

بەرەوپیری ئەم پەیامە دەچێ. ئەوەی لە ئێستادا ڕوونە ئەوەیە کە لایەنی کورد لەم کێشەیەدا نیشانی داوە ڕێگەچارەی لە ئاشتیدا دۆزیوەتەوە، بێگومان هەنگاوەکانی دواتری ئەم پرۆسەیەش بەستراوەتەوە بە دژکردەوەی فەرمیی دەوڵەتی تورکیە. هەر لەم پێوەندییەدا دەرکردنی ئەم پەیامە لەلایەن بەڕێز ئوجالانەوە شەپۆلێک لە شادی و خۆشی و پیرۆزباییی بەدوای خۆیدا هێنا و گەلی کورد بەتایبەتی لە باکوور و ڕۆژاڤا پێشوازییەکی کەموێنەیان لەم پەیامە کرد. جگە لە لە کورد کە خۆی بە خاوەنی پرس و قەزیەکە دەزانێ، وڵاتانی ئەمریکا، ئاڵمان، سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی دیکەش لە هەموو جیهان ئەم هەنگاوەیان بە هەنگاوێکی ئەرێنی زانی و پاڵپشتییان لێ کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش کە هەردەم خوازیاری بە ئەنجامگەیشتن و سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بووە و هەمیشەش وەک پرەنسیپێک باوەڕی بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ڕێگەی وتووێژ و دانوستان و ئاشتییەوەیە، ئەم هەنگاوەی بە باش هەڵسەنگاند و هیوای خواست ئەنجامێکی دڵخوازی هەبێ.

**١٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

# خاکیپۆشی و "نەورۆزی خاکیپۆشان" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




قادر وریا

لەبەرکردنی جلوبەرگی پێشمەرگانە لەلایەن لاوانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە نەک هەر کوڕان، بەڵکوو کچانیشی (بە ڕێژەیەکی کەمتر) گرتووەتەوە، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر پەرەی گرتووە. لە چەند بۆنەدا بە تایبەتی زەماوەندەکان، جێژنی تەواوبوونی خولەکانی فێرکردنی زمانی کوردی و ڕێوڕەسمی نەورۆزی، ئەم دیاردەیە بەرچاوتر بووە. لە درێژەی گەشەکردنی ئەم دیاردەیەدا، ئەم ساڵ شایەدی ناودێرکرانی نەورۆز بە "نەورۆزی خاکیپۆشان" و پێکهاتنی کۆبوونەوە و ئاهەنگە نەورۆزی یەکان لە ژێر ئەم ناوەداین. بۆ باشتر تێگەیشتن لەم دیاردە و لێکەوتەکانی و، تەعامولی دروستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، چالاکانی سیاسی، کەلتووری و میدیایی لەگەڵ ئەم دیاردەیە،

جێی خۆیەتی سەرنج بدەینە ئەم خالانە:

١- خاکیپۆشی و ناودێرکردنی نەورۆزی ئەم ساڵ بە "نەورۆزی خاکیپۆشان" هەڵقوڵاوی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە،



سەرچاوە
Serchawe

چالاکانی کولتووری و بەشدار لە بزووتنەوەی ناسنامەخواز و ناسنامەپارێزی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایانهێناوە. ئەم دیاردەیەو لێکەوتەکانی تایبەت بەناوچەیەکی دیاریکراو نین؛ بەخۆشییەوە لەهەموو پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبیندرێت، لەهێندێک ناوچە پێشینەیەکی زیاتری هەیە، لە هێندێک ناوچەش تازەیە.

٢- ئەم دیاردەیە بەرهەمی بڕیاری حیزب یان ڕێکخراوێکی سیاسیی دیاریکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نییە. ئەو کەسانەی بە جلوبەرگی خاکییەوە لەو بۆنە نەتەوەیی و کولتوورییانەدا بەشدار دەبن، کەسانی وایان تێدایە کە پێوەندییان بە حیزب و ڕێکخراوێکی تایبەتەوە نییە؛ تێشیاندایە لایەنگری لەیەکێک لەو حیزبە سیاسییانە دەکەن کە هی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. جا لەوانەیە لایەنگری یەکێک لە حیزبەکان، لەوی دیکە زیاتر، یان کەمتر بێت.

٣- هەڵبژاردنی جلوبەرگی خاکی، نەک هەر لە ڕووی ڕەنگەکەی، بەڵکوو لە ڕووی فۆرمەکەشی، ڕێزگرتن لە پێشمەرگەی کوردستان و خەباتەکەیەتی. لەمەشدا، مەبەستیان پێشمەرگەی لایەنێکی تایبەت نییە. پێشمەرگە وەک هێمای خەباتێکی دەیان ساڵەی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دژی ستەمکاریی ڕێژیمە دژ بە کوردەکان، چاوی لێکراوە و چاوی لێدەکرێت.

٤- پێشمەرگە یەک لە خۆشەویستترین هێماکانی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانە و هەڵبژاردنی جلوبەرگی ئەو هێما خۆشەویستە لە لایەن خاکیپۆشانەوە، دووپەیامی ڕوونی تێدایە.

**پەیامی یەکەم ڕوو بە ڕێژیمی ئێرانە.** پەیامەکە ئەوەیە کە پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆشەویستی ئێمەن و لە ئێمەن؛ ئێمە شانازی بەوانەوە دەکەین. هەر یەک لە ئێمە لە کاتی پێویستدا ئامادەین جێگای ئەوان بگرینەوە.

**پەیامی دووهەم بۆ هەموو ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی خاوەن پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.** ئێوە کە دەیان ساڵە خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن، بە تەنیا نین؛ ئێمە وەک لاوانی وشیار و بە هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

پشتیوانتانین. ئامانجەکانی خەباتەکەی ئێوە، ئامانجی ئێمەشە و ئامادەین لێرە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەکی خاکیپۆش، ئاڵاهەڵگریان بین.

٥- ئەم قسەیە کە ناودێرکردنی نەورۆز بە "نەورۆزی خاکیپۆشان"، وەلانانی ڕەنگەکانی دیکە، پێشگرتن بە ڕەنگاورەنگی،

یـان داشـاردنی دروشـمی "ژن، ژیـان، ئـازادی"یە، لەجێـی خۆیـدا نییە. هەر لە جێـدا نـاکرێ هەمـوو کەس جلـوبەرگی پێشمەرگانەی خاکی لەبەر بکا. داپیـرەیەک، یـان ئەو هەمـووە کیـژ و خـانمەی لە شـار و دێهـاتی کوردسـتان دەژیـن، هەر مەعقووڵ و گونجـاو نییە، داوایـان لـێ بکرێت ڕەنگەکـانی دیکە وەلا بنێن و هەموویـان خـاکیپۆش بـن. هەر جـوانیش نییە هەموویـان یەک ڕەنگیـان لەبەردابێت. داوا و چـاوەڕوانییەکە بە تێگەیشتنی من ئەوەیە کە بەرگێک و ڕەنگێک کە ڕوو بە ڕێژیمی ئێران واتـادارە، واتـای کۆڵنەدان و بەچۆک دانەهـاتن، واتـای مـافخوازی، واتـای هاوپێوەنـدی لەگەڵ پێشمەرگە و خەباتکارانی کوردستانی هەیە، دیارترین جلوبەرگ و چالاکترین ڕەنگ بێت. هەر بەشداری و پێشوازیی کچـان و ژنـان لەو خاکیپۆشییە و لە خاکیپۆشـان، دەیسـەلمێنێت کە بـاوەڕ بە "ژن، ژیـان، ئـازادی" بە کـردەوە لەم شێوە خەباتەشـدا ڕەنگـی داوەتەوە. دەیسەلمێنێت کە لە ڕوانگەی ژنانی کوردستانەوە، هەر خاکیپۆشێک، هەڵگری دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یە.

٦- دژایەتیی ئەندامان و لایەنگرانی هێنـدێک ڕێکخراو، یـان هێنـدێک چالاکی سیاسی و میدیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ ناودێرکردنی "نەورۆزی خاکیپۆشان" و دیـاردەی خاکیپۆشین بەرهەمی بە هەڵە تێگەیشتن لەم دیـاردەیە و لەم ناودێرکرانەیە. هەر بەم جۆرەش، هەوڵی هێندێک ئەندامان و لایەنگرانـی حیزبێکـی دیـاریکراویش، بـۆ ئەوەی مۆرکی حیزبی لەم حەرەکەتە بدەن، هەڵەیە. ئەم کـارە هەم لە ڕووی ئەمنییەتییەوە دروست نییە، هەم زیـان بە گشتگیر بـوونی زیاتری حەرەکەتەکە دەگرێت و دەبێتە هۆی خۆبواردنی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە لە پشتیوانیکردنی نەورۆزی خاکیپۆشان.

٧- حاشا لەوە ناکرێت کە حیزبی دیموکرات نەک لەم ساڵانەدا بەڵکوو لە درێژایی مێژووی خۆیدا، پتر لە هەر ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بایەخی بەو پرسە کولتووریانەی خەڵک داوە کە پێوەنـدییان بە ناسنامەی نەتەوەیی ئەوانەوە هەیە، وەک فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی، کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکان، جلوبەرگ و هەڵپەڕکێی کوردی، جێژن و بۆنە نەتەوەییەکـان بە تـایبەتی نەورۆز، هـاندانی گیـانی هاوپێوەنـدی و پشتی یەکتر گرتنـی خەڵک لە کاتی ڕوودانی کارەساتە سروشتییەکان، ئاگرگرتنی دارستانەکان و...هتد. ئەمەش شتێکی سەیر نییە، پێکهاتەی حیزبـی دیمـوکرات و بـنکە کـۆمەڵایەتییەکەی، جەمـاوەرییە و، چییەتیـی ئـامانجەکـان و خەباتەکەشـی نەتەوەیـی و ناسـنامەخوازی و ناسـنامە پارێزییە. بـۆیە سروشـتییە کە ئەم حیـزبە کـاریگەریی زیـاتری لەسـەر ئەو شـێوە خەبـات و تێکۆشـانانەی خەڵـک لەنێوخـۆدا هەبـووە. زۆر نـاڕەوا و هەڵە دەبێـت، ڕێکخراوێکـی سیاسـی، یـان ڕوونـاکبیر و چالاکێکی کەلتووری سەبارەت بەم ڕاستییە، بەرامبەر حەرەکەتێکی گشتی و جەماوەریی دژ بە ڕێژیمێکی دیکتـاتۆر، گـارد بگرن و بە بیانووی جۆراوجۆر بکەونە دژایەتیکردنی.

٨- ئەم قسەیەش کە ناوی"خاکیپۆش" لە ئەدەبیاتی ڕێژیم بۆ پاسدار و بەسیجی و چەکدارەکانی دیکەی وەرگیراوە،

## ڕەشەمەی ٢٧٢٤

ناتوانێت پاساوێکی بەهێز بۆ دژایەتیی ئەم دیاردەیە و ئاهەنگە نەورۆزییەکان لە ژێر ناوی "نەورۆزی خاکیپۆشان"دا بێت. جگە لەوەی ئەو وشەیە نزیکەی ٦٠ ساڵ لەمەوبەر (*) لە شێعری کوردی و هەر وەک ئاماژە بۆ پێشمەرگە بە کار هاتووە، هەر لەجێدا ناکرێت بەکارهێنانی هێندێک وشەی زمانەکەمان لە خۆمان قەدەغە بکەین چونکە گۆیا دوژمنانی ئێمە بەکاریان هێناوە. وشەی پێشمەرگە (دیارە بە ئاوەڵناوی موسوڵمانەوە)، شەهید، خەبات، خەباتگێڕ، شۆڕش، شۆڕشگێڕ و دەیان وشەی دیکە لە ئەدەبیاتی کۆماری ئیسلامیدا بەرچاو دەکەون. ئایا دەکرێت بەکارهێنانیان لە خۆمان قەدەغە بکەین؟

(*) بڕوانە دیوانی "بۆ کوردستان"ی هەژار موکریانی، شێعری "چۆن جێژنە ئەگرین"( ١٩٦٨ نووسراوە)، لاپەڕەی ٣٠٣.

١٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# دووڕێیانێکی سەخت و هەڵبژاردنێکی قورس




**عەلی بداغی**

لە کۆبوونەوەی هەڵپێچان (استیضاح)ی عەبدولناسر هیممەتی، وەزیری ئابووریی دەوڵەتی پزشکیان لە مەجلیسی ڕێژیمدا کە دواجار بە وەرگرتنەوەی دەنگی متمانەی مەجلیس وەلانرانی ئەوی لە کابینەی پزشکیان لێ کەوتەوە، ناکۆکییەکانی نێوان خامنەیی و سەرکۆماری ڕێژیم لەسەر پرسی وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا و هەروەها دۆخی هەرە شپرێوی ئابووریی ئێران لە زمانی خۆی و وەزیری لەکارلادراوی ئابووریی ڕێژیمەوە دەرکەوت.

پزشکیان لە وتارە کورتە بەناو بەرگریییەکەیدا بە ڕاگەیاندنی ئەوەی قسە لە قسەی خامنەییدا ناکاتەوە و لەگەڵ ئەمریکا دانوستان ناکەن، دوا بزماری لە تابووتی دەوڵەتی خۆی دا. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی دەمودەست زەریف، بریکاری سەرکۆمار بۆ پرسە ستراتیژییەکان کە لە ڕاستیدا ئەرکە سەرەکییەکەی ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بوو، کشانەوە و وازهێنانی لە کابینە ڕابگەیەنێت. هیممەتی، وەزیری ئابووریی لەکارلادراوی ڕێژیمیش نەیشاردەوە کە قەیرانی ئابووریی ئێران کارەساتبارتر لەوەیە کە بەرپرسان لێرەولەوێ باسی دەکەن. ئەو گوتی نایهەوێ

بە درکاندنی هەندێ نهێنی دڵی نەیارانی ڕێژیم شاد بکات، بەڵام لە قسەکانیدا بۆی نەشاردرایەوە کە ئابووریی ئێران ئاداری بەسەر پاداریەوە نەماوە. هیمەتی ئەوەشی گوت کە لە ساڵدا ٣٠ میلیارد دۆلار، و بە بڕی سەرجەم داهاتی نەوتی وڵات لە بەندەر و ئیسکەلەکانەوە کاڵا بە قاچاغ دەبرێت کە مەبەستی دەوری هێزە چەکدارەکان، بەتایبەت سپای پاسداران لە خوڵقاندن و بەردەوامیی ئەو قەیرانەیە.

لەو کۆبوونەوەیەدا پزشکیانیش نەیشاردەوە کە داخستنی دەرگای وتووێژ زیاتر دەرگای شەڕ و سزای ئابووریی قورستر بۆ ئێران دەخاتە سەر پشت، فرۆشی یاسایی نەوت خەریکە چۆڕەی لێ دەبڕێ، پارەی نەوت و گازی فرۆشتراوی ئێران لەلایەن وڵاتانی کڕیارەوە گل دراوەتەوە و نایەتەوە نێو خەزێنە و لەو سۆنگەیەوە قەیرانە ئابوورییەکان لە نێوخۆ هەتا دێن زۆرتر و قووڵتر دەبن؛ بەڵام مادام ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وای پێ باشە، دەوڵەتیش چیدی لە دووی نادا و تەواو...! پرسیار ئەوەیە لە وەها دۆخێکدا پێداگریی خامنەیی لە سەر سیاسەتی "نا بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا" چ ئامانجێکی لە پشتە و دواجار ئەو پێداگری و چەقوەستانە چیی بەدوودا دێت؟

خامنەیی کە لە بنەڕەت ڕا شەرعییەتی ئایدۆلۆژیکی نیزامە سیاسییەکەی بە دژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا دەبەستێتەوە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا بەتایبەت ئەمریکای ترامپ دەبێتە هۆی لاوازیی ئاڕمانجەکانی شۆڕشی ئیسلامی و ڕێبازی نەگۆڕی دژی ئەمریکایی بوونی کۆماری ئیسلامی، بۆیە لە بری ئەوەی ئیمتیاز بە ئەمریکا بدا و ئیمتیاز وەربگرێ، خۆی گوتەنی "خۆڕاگری"یەکە لە سازانەکە بۆ ئەو بەبایەخترە. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سەدان میلیارد دۆلار سامانی ئێران لەپێناو پاراستنی کۆماری ئیسلامیدا بۆ دروستکردن و شەڕپێکردنی میلیشیا و گرووپە نیابەتییەکان خەرج بکرێ، سیاسەتێک کە لە بنەڕەتدا هەڵە بوو، و مایەپووچیی ڕێژیمی لێ کەوتەوە. هەروەها خامنەیی پێویستیی بە دوژمن و نەیارێکی هەمیشەیی هەیە بۆ ئەوەی تاوانی هەموو قەیرانەکانی ئێران بخاتە ئەستۆی خراپەکاریی ئەو بەناو دوژمنە! هاوکات لایەنێکی دیکەی گرتنەبەری ئەو سیاسەتە دابینبوونی بەرژەوەندییەکانی کارتێلی ئابووریی سپای پاسدارانە کە لە دۆخەدا باشتر دەتوانێ لە ڕێگای فرۆشتنی بە قاچاغی نەوت و مۆنۆپۆلکردنی سەرچاوەکانی داهاتی وڵاتە پەرە بە هێز و دەسەڵات و هەژمۆنیی خۆی لە وڵاتدا بدات.

ئێستاش وەنەبێ پزشکیان نەزانێ یان تەنانەت بیشارێتەوە کە دەرەنجامەکانی ملنەدان بە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا پتر لەوەی ئاماژەشی پێ دا، چ دەبێت؟ زۆرتر و قوورستربوونی سزا نێودەوڵەتییەکان و قووڵتربوونەوەی قەیرانی ئابووری وەک دابەزینی زیاتری بایی تمەن و لەو سۆنگەیەوە هەڵاوسیانی زیاتری ئابووری، لەکەمیدانی وەبەرهێنانی دەرەکی، دروستبوونی دەیان کۆسپ لە بەردەم بازرگانیی دەرەکی و کەوتنە تەنگانە بۆ دابینکردنی دەرمان و کاڵا و شمەکی ژیانەکی و



سەرچاوە
Serchawe

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

بەو پێیەش قووڵتربوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتی و بژێوییەکانی خەڵک یەکەمین لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتەن. بەستراوەیی پتری ئێران بە چین و ڕووسیە، تەریککەوتنەوە و لاوازبوونی زیاتر لە هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ناسەقامگیریی ئەمنییەتی و پەرەسەندنی مەترسییەکانی شەڕ و هەروەها کڵپەسەندنی بزووتنەوە ئێعترازییەکانی نێوخۆی وڵات بەشێکی دیکە لە لێکەوتەکانی خۆبواردنی ئێران لە وتوویژ لەگەڵ ئەمریکان.

بەڵام کەلکێکی دیکەی ئەم ڕەوشە و بۆڵدکردنەوەی مەترسی و هەڕەشەی شەڕ بۆ کۆماری ئیسلامی، قۆستنەوەی گرژی و ئاڵۆزییە دەرەکییەکان بۆ مودیرییەتی قەیرانە نێوخۆییەکانە. دەزگای پڕوپاگەندا و هەروەها ناوەندەکانی سەرکوت لە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی سەرنجی بیروڕای گشتی لەسەر قەیرانە نێوخۆییەکان بە قوتکردنەوەی هەڕەشەی دەرەکی بەستێنی گونجاو بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکان ئامادە دەکەن. هەروەها لە دوکترینی کۆماری ئیسلامیدا شەڕ و مەترسییەکانی فاکتەرێکی گرینگ بۆ یەکخستنی هێزە خۆییەکان و تۆکمەکردنی لایەنەکانی سەر بە نیزامی سیاسیی وڵات سەیر دەکرێ. لەلایەکی دیکەشەوە خامنەیی و ناوکی دەسەڵات کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا ئەزموونی ئەوەیان بووە بە کەلکوەرگرتن لە پێکدژیی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ زلهێزەکانی دیکە، لۆبیکردنی ڕاستەوخۆ، هەڕەشە و چەنەلێدان و ئیمتیازدان بە وڵاتان تەنانەت بە ئەمریکاش دەسەڵاتەکەیان هەتا ئێستاش لە پێچ و گەوە پڕ مەترسییەکان ڕزگار بکەن، بتوانن لەو چوار ساڵەی دەسەڵاتی ترامپدا هەر ئەو ستراتیژییە بگرنە بەر. ڕیسکی ئەو ستراتیژییەش بەپێی سیاسەتەکانی ئەم کابینەیەی ترامپ ئەگەرچی لە سەرێیە و تەنانەت مەترسیی بەریەککەوینی نیزامی و هێرشی سەربازیی ئامانجدار بۆ سەر ئێرانیشی لێ دەکرێ، بەڵام لە ڕوانگەی خامنەییەوە شەڕ و هێرشی نیزامیی ئەوتۆ مەرج نییە ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی لێ بکەوێتەوە، بگرە بە زەبری سەرکوتی نێوخۆیی بتوانێ یارمەتیدەری مانەوەی پتریشی بێت؛ بەڵام کارناسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆچوونی تەواو پێچەوانەیان هەیە.

لە ئێستادا دەرفەتە دیپلۆماتیکەکان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران خەریکە تەواو دەبن و کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا دوو ڕێگای لەبەرە: ملدان و بەچۆکداهاتن لە بەرامبەر ئەمریکا و ڕۆژئاوا کە پێی وایە تەنانەت ئەمەش دادی نادات، یان پێداگری لەسەر سیاسەتی هەمیشەیی و هەتا ئێستای کە سێبەری شەڕ و داهاتووی نادیار پتر دەخاتە سەر کۆمەڵگەی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

**١٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# عەلی مێهرپەروەر: ڕەزامەندیی خەڵک لە کۆماری کوردستان گەورەترین دەسکەوتی کۆمار بوو



وتووێژ: شەهرام سوبحانی


**ئاماژە:**

٢ی ڕێبەندان یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژوورییەکانی کوردستانە، چونکە لەم ڕۆژەدا یەکەمین دەوڵەتی مۆدێرنی کوردی لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد دامەزرا و بوو بە ڕێچکەیەک بۆ نەوەکانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان تا لەو ڕێگەیەوە هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانمان بدەین. لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەڕێز عەلی مێهرپەروەر، تێکۆشەر و سیمای ناسراوی حیزبی دێموکرات کە بەبۆنەی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان کردبوومان و هەتا ئێستا دەرفەتی بڵاوکردنەوەیمان نەبووە، بەڕێزیان تیشکی خستووەتە سەر زۆر ڕەهەندی گرینگ و بەبایەخی کۆمار کە لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بڵاو دەبێتەوە:

**شەهرام سوبحانی:** کاک باباعەلی بۆچی ٢ی ڕێبەندان بە یەکێک لە مەزنترین ڕووداوەکانی مێژوویی نەتەوەی کورد دادەنرێ؟

**عەلی مێهرپەروەر:** کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدرێژایی مێژووی خۆی لەلایەن ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران سەرکوت کراوە و هەموو سیاسەتێکی بۆ بە ژێردەستە هێشتنەوەی گیراوەتە بەر، لەوانەیە لە شێوەی سەرکوتکردنەکەدا جیاوازی هەبوو بێ، بەڵام لە یەک بابەتدا هەموو ڕێژیمەکان یەکڕا و یەکدەنگ بوون، ئەویش ئەوەیە کە لە ئێران مەسەلەیەک بە ناوی مەسەلەی کورد لە ئارادا نیە، ئەوەی کە هەیە سەرهەڵدان و یاخی بوونە دژ بە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی و دەبێ ئەو بزووتنەوانە و ئەو گەلە هەر چۆنێک بێ سەرکوت و ملکەچ بکرێ و لەژێر ڕکێفی ڕێژیم نەچیتە دەر. بێگومان بە بوون و بەردەوامی وەها سیاسەتێک دژ بەو گەلە، لە بەرانبەریشدا هەستی خۆڕاگری، ڕزگاریخوازی، هەستانەوە و... لەنێو ئەو گەلەدا سەرهەڵ دەدا و پەرە دەستێنێ و هەر دەشمێنێ. وەک دەزانین بەپێی هەلومەرجی هەر پارچەیەک لەو کوردستانە ئەو هەستانە ڕەنگی کردەییشیان بە خۆوە گرتووە، بۆیە لە سەدەکانی ڕابردووە تا ئێستا هەر جارێک لەلایەن سەرۆک عەشیرەیەک یان کەسایەتییەکی ئایینی یا نیشتمانی بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕاپەڕینێک دژ بە دەسەڵاتدارانی نەیارو دوژمنی کورد سەری هەڵداوە. هەر جارەش وەک باسمان کرد نە هەوڵی چارەسەری کێشەی کورد هاتبێتە گۆڕ بەڵکوو دەستوبرد سەرکوت و لەنێوبردنی بزووتنەوەکان لەلایەن ڕێژیمەکانەوە دەستی پێ کردوە و بەداخەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بووە سەرکەوتوو بوون و ڕاپەڕینەکانیان سەرکوت و دامرکاندوە. پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان تایبەتمەندی و خەسڵەتی ڕاپەڕینەکان،"تاک تەوەر" بوون کە بە گیران یا شەهیدکرانی ڕێبەر، جووڵانەوەکەیش پووکاوەتەوە. بەڵام جیاوازیی کۆماری کوردستان لەوە دابووە کە حیزبێکی سیاسی بە بەرنامە و پێڕەوێکی بەپێی سەردەم پێشکەوتوو حکوومەتێکی خۆجێی بە ناوی کۆماری کوردستان پێکهێناوە. خاوەنی دامەزراوە و نەهادی تایبەت بە حکوومەت بووە (دەرحق بە زمان) خەڵک لەو حکوومەتەدا هەستی بە ئازادی خۆی کردوە، دێموکراسی پێڕەو کراوە، ئاسەوارێک لە گەندڵی و فەساد نەبینراوە، کەمئەزموونی و هەڵە بووە بەڵام تا ئەو ڕادەیە کە مۆمکین بووە خزمەتی خەڵکی کراوە، ژنان بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کات ئازادیەکی ڕێژەیان هەبووە، زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووژانەوەی بە خۆوە بینیوە و ئەمنییەت و ئاسایش تا ڕادەیەکی باش لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆماردا هەبووە، بەگشتی ئەزموونی کۆماری کوردستان لە تەمەنی کورتی ١١ مانگیی خۆیدا سەرکەوتوو بووە، ئەوەش گرینگیی ئەم کۆمارە و پێگەکەی دەردەخات.

**شەهرام سوبحانی:** ئەگەر ئێستا چاو لە مێژووی کۆماری کوردستان دەکەین، دەسکەوتەکانی کۆمار لە سەر بەرەوپێشبردنی بزاڤی کورد لە چیدا دەردەکەوێ؟



**عەلی مێهرپەروەر**: دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە جۆری خۆیدا بەرچاون، ئەو دەسکەوتانە دەبێ بەپێی پێوەری ئەو سەردەمە کە لە هەلومەرجێکی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بووە هەڵبسەنگێندرێ کە بایەخەکەی پتر دەر دەکەوێ، بۆ نموونە: بوونی ئازادییەکی سیاسی ئەوتۆ کە هیچ کەسێک لەو ماوەدا بە تاوانی سیاسی بەند نەکراوە. یا بە وتەیەکی دیکە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هیچ زیندانییەکی سیاسی نەبووە، ئەوە نیشانەیەکی باشە لە سیستمی بەڕێوەبەریی کۆماری کوردستان. ژنان ڕێکخراوی خۆیان هەبووە، لە ئاستێکی گونجاودا خزمەت بە زمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردی کراوە، شێعر و شاعیری و هونەر بەگشتی لە برەودا بووە، ئاسایش و ئەمنییەت بە ڕادەیەکی باش هەبووە، گەندڵی و فەسادی ئیداری نەبینراوە یا نەبووە. دیارە ئەوانە و زۆر شتی دیکەش بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەدا سەقامگیر بێت و ببنە کولتوور پێویستی بە بەردەوامی ئەو سیستەمە هەیە کە پێکیانی هێناوە، لە ماوەیەکی کورتی ١١مانگەدا چاوەڕوانی زیاتر لە حکوومەتێک کە هێشتا بە تەواوی پێی نەگرتبوو و هەزاران کێشەی لە بەردەمدا بوو جێی خوی نییە. بەداخەوە ئەو دەسکەوتانە هێشتا هەر چرۆ و شکۆفە بوون کە تووشی کرێوە و زریان بوون و وەک خۆدی کۆمارەکە نەپشکووتان و خەزانیان بەسەردا هات. بە بڕوای من گەورەترین دەسکەوت، ڕەزامەندی خەڵکی کوردستان لە حکوومەتی کۆماری کوردستان بوو کە ئێستاش ئاواتی بۆ دەخوازن.

**شەهرام سوبحانی: بۆچی کۆماری کوردستان نەیتوانی بازنەی دەسەڵاتەکەی بۆ ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردستان درێژ بکاتەوە؟**

**عەلی مێهرپەروەر**: جگە لە دوژمنی سەرەکیی کۆماری کوردستان کە ڕێژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی بوو،

**کۆمەڵێک هۆکاری دیکە لەو پێوەندیەدا ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە:**

- هەلومەرجی دامەزرانی کۆماری کوردستان تایبەتی بوو، تا ڕادەیەک کتوپڕ و لە نەکاو، لەو ناوچە کە کۆماری کوردستانی تێیدا دامەزرا پێشینەی حکوومەتداری و دامەزراوەکانی نەبوو.
- پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان سوپایەکی تۆکمە و کارامە و مەشقپێکراو و تەیار بە کەرەسەی سەربازی لە ئارادا نەبوو و هەروەها کسانی پسپۆڕ و شارەزا لە کاروباری سەربازی زۆر کەم بوو. هەروەها سوپا، پاش کۆمار پێی گرت.
- ناوچەی کۆماری کوردستان بەهۆی هێزی سەربازی ڕزگار نەکرابوو، بەڵکوو هەلومەرجی شەڕی دووهەمی جیهانی و هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ ئێران و تێکشکانی سوپای ڕێژیمی پەهلەوی بۆشایەکی جۆغرافیایی و سیاسی لەو ناوچەدا پێکهێنا بوو کە کۆمار ئەو بۆشاییەی بە ژێەر و درایەتیکی سیاسی پڕ کردبۆوە.
- جگە لە هەموو کۆسپەکان گەورەترین بەربەست، نە هێزەکانی ڕێژیم، بەڵکوو حکوومەتی یەکیەتیی سۆڤییەت بوو کە بە توندی پێشی بە بەرنامەی هێرش بۆ سەر شاری سەقز کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ڕێژیمدا بوو گرت، بە بیانووی ئەوە کە ئەویَ ناوچەی ژێردەسەڵاتی بریتانیایە. لە ڕاستیدا ئەگەر سۆڤیەتییەکان لایەکیان لە کۆماری کوردستان دەکردەوە بۆ ئەوە نەبوو کە ئەو حکوومەتە کوردییە بەهێز و بەتوانا بکەن، ئەوان تەنیا حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجانیان بۆ موعامەلە لەگەڵ ئێران و وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی شیمال بوو هیچی تر. بۆیە دژ بە بەرین بوونەوەی ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆمار بوون.

**شەهرام سوبحانی**: ئێستاش زۆر جار و لە هەندێک میدیادا کۆماری کوردستان بە کۆماری مەهاباد ناو دەبردریَ، ئەمە چ مەبەستێکی لە پشتە؟

**عەلی مێهرپەروەر**: بەکارهێنانی دەستەواژەی کۆماری مەهاباد لەلایەن هەرکەس و لایەنێک بیَ یان لە ڕووی ناشارەزایی و تەنیا بە پشتبەستن بەوەی کە شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستان بووە و لەو شارە کۆمار دامەزراوە و بەبیَ سەرنجدان بە مانا و مەفهومی بابەتەکە هەر چۆن بەهەڵە بیستوویانە دووپاتی دەکەنەوە، یان نە، هێندێک کەس و لایەن بەئەنقەست ئەو دەستەواژە بەکار دێنن چونکە دەیانهەویَ کۆمارەکە لە شارێکی بچووک بە نیسبەتی شارە گەورەکان قەتیس بکەن و بەنییەتی خۆیان لە بەها و شکۆی کۆماری کوردستان کەم بکەنەوە. واتە لە جیاتی ئەوەی بابەتەکە بە کوردستانەوە پێوەند بدەن کە مانایەکی دیکەی هەیە، لە شارێکدا قەتیسی ئەکەن. تەنیا لە چەند وڵاتیکی کەم لە



سەرچاوە
Serchawe

جیهاندا کە ناوی پێتەختەکەی لەگەڵ ناوی وڵاتەکەدا یەک یان زۆر نێزیک لە یەکن نیسبەتی سیستەمی حکوومەتەکە لە ناوە هاوبەشەکە دەدرێ، بۆ نموونە "الجزایر" دەنا کەس ناڵێ "کۆماری ئیسلامیی تاران" یا "کۆماری پاریس". بۆیە ئەو لایەنانە کە لە ڕووی زانیارییەوە دەستەواژەی کۆماری مەهاباد بەکار دێنن، ئاگایانە یان نائاگایانە قسەی دوژمنانی گەلی کورد دووپات دەکەنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: دیاردەیەکی دیکەش ئەوە لەژێر ناوی ئەوەی کۆمار دێفاکتۆیەکی کوردستانی بووە، هەوڵ دەدەن ڕۆڵ و دەوری حیزبی دێموکرات لە کۆماردا بسڕنەوە، ئەمە چۆن دەبینن؟

**عەلی مێهرپەروەر**: بەڵێ کەس و لایەنی وا هەیە نەخش و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا پشتگوێ ئەخەن و دەیسڕنەوە کە دیارە ئەوە هەوڵێکی نزۆکە و هیچکات سەر ناگرێ. دیارە لە بەرانبەریشدا فیکرێک لەنێو حیزبدا هەیە کە پێی خۆشە کۆماری کوردستان وەک مڵک و سامانی حیزب لە قەڵەم بدا، و لە ڕاستیدا ئەویش جۆری لە بەرتەسکردنەوەی کۆمار و قەتیس کردنیەتی لە نێو قەفەسی حیزبیدا. هەر دووی ئەو بۆچوونانە هەڵەن. ڕاستە حیزبی دێموکرات ڕۆڵ و کاریگەریی لە دامەزراندنی کۆماردا هەبووە و نە حاشای لێدەکرێ و نە دەتوانرێ بیسڕیتەوە، لەو لاشەوە کۆمار ملکی هیچ حیزبێک نییە. کۆمار، کۆماری خەڵکی کوردستانە و خاوەنی سەرەکیی کۆمار خەڵکی کوردستانن. بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێ وەک ماهیەتەکەی چۆن بووە ئاوەها هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ و دوور بخرێتەوە لە چوارچێوەی تەسکی حیزبایەتی.

**شەهرام سوبحانی**: مەسەلەی نەبوونی یەکیەتیی فیکری و سیاسیی لە کێشە گەورەکانی بەردەم کورد بووە بە تایبەت لە کۆماری کوردستانیشدا، پێتان وایە ئێمە بۆ تا ئێستا نەمانتوانیوە یەکڕیزی و یەکگرتوویی لەنێو ماڵی خۆماندا پێک بێنین کە ئاکامەکەی ڕزگاری یەکجاری نەتەوەکەمان بێت؟

**عەلی مێهرپەروەر**: لە سیستەمی دێموکراسی و لە ڕەوتە دێموکراتیکەکاندا یەکدەنگی و یەکڕیزی بوونی نییە، دێموکراسی واتا فرەدەنگی و فرەڕەنگی، فەلسەفەی پلۆرالیزم یا فرە حیزبیش ئەوەیە، کە هەر حیزب و لایەنێک بانگەوازی بیروباوەڕی خۆی دەکا و لەو نێوەدا ململانێی و ڕەقابەت دێتە مەیدان. تا ئێستا مەترسییەکی ئەوتۆ لە فرەدەنگیدا نییە، بەڵکوو مەترسییەکە ئەوەیە کە بەداخەوە ململانێیەکە لە ڕاستیدا بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو هەرچەند بە زارەکی ئەوە نەگوترێ بەڵام بە "حەقیقەت" ململانێیەکان لە تەوەری بەرژەوەندی حیزبییەوە سەرچاوە دەگرن. زۆر بەداخەوە بزووتنەوەی کورد بەگشتی و بە ڕۆژهەڵاتیشەوە هەوڵەکان و چالاکییەکان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی حیزبەکانە.



سەرچاوە
Serchawe

حیزب جێگەی نەتەوەی گرتووەتەوە، نەخشەکەی کە دەبووا کەرەستەیەک بووایە بۆ دابینکردنی مافە نەتەوەییەکان حیزبەکان بۆخۆیان لەجێی ئامانجە سەرەکییەکان دانیشتوون و خۆیان بوونەتە ئامانج. دەبووایە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی بەرەیەکی یەکگرتوو لە بیچمی (کونفیدراڵی) لە حیزب و لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات پێکبهاتایە، بەڵام بەداخەوە ئەوە بووەتە خەون و خەیاڵ، بەڵام خۆ دەکرا و هەر دەبێ بکرێ، کە پەیمان یا میساقێکی نەتەوەیی بۆ دیاریکردنی هیلگەلێکی سوور کە هیچ لایەنێک بۆی نەبێ لێ تێپەڕ بێ، لەنێو ئەو لایەنانەدا مۆر بکرێ، کە ئەوە بۆ خۆی چەشنێک لە هاودەنگی و هاوڕەنگی لە مەسایلی نەتەوەییدا پێک دێنێ، کەچی ئەوەشمان نییە و هەتا لانیکەم ئەوە پێک نەیە دەستی نەیارانی کورد بۆ دروستکردنیان بەرینتر کردنەوەی درز لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورددا ئاوەڵاتر دەبێ. بەکورتی ئەڵێم حیزب و ڕێکخراو کەرەستەن، هەدف و ئامانج نین، با لە جیاتی حیزب خۆشەویستی لە ڕادەبەدەر بیرمان لای بابەتە گەورەکە واتا ڕزگاری گەلەکەمان بێ.

**شەهرام سوبحانی**: ئێمە وەک نەتەوەی کورد چۆن دەتوانین وانەکانی کۆماری کوردستان بکەینە نەخشە ڕێگایەک بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان؟

**عەلی مێهرپەروەر**: وانەکانی کۆماری کوردستان دوو بەشن بەشێکی دەسکەوتەکانن و لەوانەش هەبووە کە بۆ ئەو سەردەمە وەک دەسکەوت حیسابی بۆ کراوە، بەڵام بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە کە لە ماوەی ئەو دەیان ساڵە کە بەسەر دامەزران و بەداخەوە ڕووخانی کۆماردا تێپەڕیوە و لە کۆمەڵگەی کوردستان هاتووەتە ئاراوە، ڕەنگبێ لەگەڵ هەلومەرجی ئەوڕۆ نەگونجێ. لە هەمان کاتدا لە بیرمان نەچێ کە بابەتەکانی هەر سەردەمێک دەبێ بە پێوەری ئەو سەردەمە بێ، لەم بارەوە دەبێ بگوترێ کە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەی خۆی گەلێک گرینگ و پڕ بایەخ بوون، بەڵام ئەگەر هێندێکی هەروەک باسمان کرد بۆ ئەم سەردەمە نەگونجێ ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. هەروەک ئاماژەی پێ کرا وانەکانی سەردەمی کۆمار تەنیا دەسکەوتەکان نەبوون بەڵکوو هەڵەکان و کەموکوڕییەکانی خۆکردیش هەیە کە دەبێ دووپاتە نەکرێنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: زۆر سپاس بۆ بەشدرایتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**عەلی مێهرپەروەر**: سپاس بۆ ئێوەش.

١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# بێ داهاتوویی سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران



(بە بۆنەی ٢١ی فێبریوەری، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک)

**قادر وریا**

## گرنگیی زمان

زمان کۆمەڵە سیستەمێکی ئاڵۆز و هەر لەوکاتەدا پێکەوە گونجاوە کە بەشێک لە ئەندامانی جەستە و مێشک پێکەوە لە بەرهەمهێنان و بەڕێخستنیدا بەشدارن. ئەم سیستەمە بەرزترین پلەی گەشەکردن و کامڵبوونە کە لەنێو گیانلەبەراندا تەنیا مرۆڤ پێی گەیشتوە. زمان و بیر تەواوکەری یەکترن، یەکیان بەبێ ئەوەی دیکە ناتوانێ هەبێت.

هەر بۆ ئەوەی بزانین زمان چ ڕۆڵێکی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە، دەتوانین بیهێنینە پێش چاوی خۆمان، کە مرۆڤ ئەگەر زمانی نەبا، جیهان چۆن دەبوو؟ ئەو کات مرۆڤەکانیش وەک ئەو هەمووە گیانلەبەرانەی لەسەر گۆی زەوی هەن، درێژەیان



سەرچاوە
Serchawe

بە ژیـان دەدا، بەڵام لە تێگەیشتن و هەڵسوکەوت و شێوەی ژیانـدا، جیـاوازییەکی ئەوتۆیـان لەگەڵ ئەوان نەدەبـوو. ئیـدی شـتێک بە نـاوی شـار و شارسـتانییەت، خوێنـدن و قوتابخـانە و زانکـۆ، ئـاڵوگۆڕی بیـروڕا، نووسـین و کتێـب و چـاپ، دروستکردنی ئەو هەمووە پرد و بینـا و کۆشک، ڕێگـای ئاسن و کەشتی و فڕۆکە، ڕادیـۆ و تەلەڤیزیـۆن و مـانگی دەسکرد و ئەنترنێت، بە گشتی ئەو هەمووە پێشکەوتنە لە بواری زانستی و پزیشکیدا، چوون بـۆ سـەر مانگ و دۆزینـەوەی ئەستێرە و هەسارەکانی دیکە، لە گۆڕێدا نەدەبوو.

## زمانی دایک

چەمکی زمانی دایک لەوەوە داهـاتوە کە منـداڵ لە دایکییەوە فێـری زمـان دەبێت، یـان بە دەربڕینێکی دیکە یەکەم زمـان کە منداڵ فێری دەبێت، بە هۆی دایکیەوەیە. دایکە کە منداڵ لە مانگەکان و ساڵەکانی یەکەمدا پەروەردە دەکـات، هەر ئەویشـە یەکەم وشەکان بە گوێی منداڵدا دەچپێنێ. دایک بە لایە لایە و گۆرانی و دواتر بە وشە و ڕستەی کورت، منـداڵەکەی فێـری زمان دەکا.

لە ڕۆژگاری ئەمـڕۆدا چەمکـی زمـانی دایک، ڕەهەنـدی مافناسی، پەروەردەیی و لە ئاکامدا ڕەهەنـدی سیاسییشی وەرگرتـوە. چونکە هەتـا ئێسـتاش لە هێنـدێک وڵات و کـۆمەڵ، مرۆڤەکـان لە قسەکردن بە زمـانی دایـک، لە پەروەردە و فێربـوون بەو زمانە بێبەش کراون. ئەم بێبەشکردنە کردەوەیەکی دژی مرۆیی و دژی سەرەتـاییترین مافەکانی مرۆڤە کە کـاریگەریی نەرێنـی لەسەر دەروون و پەروەردەی مرۆڤەکان دادەنێت. دەبێـتە هـۆی دواکەوتـن و بەجێمـان لە ڕەوتـی پەروەردەدا. هەروەهـا دەبێتە هۆی پەراوێزخران و سڕینەوەی هەر شتێک کە بەو زمانە بەرهەم هاتوە، وەک: شێعر، گۆرانی، چیـرۆک، ئەدەبیـاتی زارەکـی و نووسراو. ئەم ڕاستییە وای کردوە کە لە نیوەڕاستەکانی سەدەی ڕابـردووەوە هەتـا ئێسـتا، زمـانی دایک لە کـۆڕ و کـۆمەڵە مرۆڤدۆستەکاندا، هەر وەها لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا گرنگیی تایبەتی پێ بدرێ.

## زمان و ناسنامە

زمان لە بنیاتنانی ناسنامەی کەسەکان و گرووپە مرۆییەکاندا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە. مرۆڤ چ وەک تـاک و چ وەک گـرووپ بە کۆمەڵێک فاکتەرەوە خۆی پێناسە دەکات، ئەم فاکتەرانە ئەوانەن کە ئەو مرۆڤـانە بە هۆیـانەوە جیـاوازیی خۆیـان لەگەڵ ئەوانی دیکە، هەر وەها وێکچوونی خۆیـان لەگەڵ هاوشێوەکانیان، هەست پـێدەکەن. نەژاد (ڕەنگی پێست و جۆری سیما و شێوەی ڕواڵەتی و تایبەتمەندیی ژێنێتیکی)، ئایین و مەزهەب، زمان، لەو فاکتەرانەن. جـاری وایە یەکێک لەم فـاکتەرانە،

ئەوانی دیکە دادەپۆشێت و کەسەکان، بەهۆی فاکتەرەکانی دیکەوە، دیسان سنوورەکانی وێکچوونی و جیاوازی لەگەڵ ئەوانیتر، تۆخ دەکەنەوە. دیارە بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک خۆیان بە نەتەوە بزانن، جگە لە زمان، فاکتەری دیکە پێویستن وەک خاک، مێژوو و کولتوور.

با ئاوڕێک لەو ناوچەیە بدەینەوە کە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی لێدەژین. لە دەوروبەری خۆمان، نەتەوەی جۆراوجۆرهەن: وەک عەرەب، فارس، تورک، بەلووچ، تاجیک، ئۆردوو، پەشتوو و ...هتد. لە ڕووی ئایینەوە، زۆرایەتیی هەموو ئەو نەتەوانە موسوڵمانن و یەک ئایینیان هەیە. بە هۆکاری ئایینی و مێژوویی و دراوسێیەتی، کولتووری وێکچوو و هاوبەشیش لەنێوانیاندا هەیە. بەڵام ئەدی بۆچی خۆیان لە یەکتر بە جیا دەزانن؟ بۆچی هەر یەکەی بە ناوێکی دیکە، بە تایبەتی بە ناوی زمانەکەیانەوە، دەیانناسین؟ چونکە سەرەڕای ئەوەی یەک دینیان هەیە، بەڵام فاکتەری دیکە هەیە کە خۆیان حەز دەکەن بەهۆی ئەوانەوە پێناسە بکرێن، یەک لەوان سەرزەوییەکەیانە، یەکێکی دیکە زمانەکەیانە. بە کورتی دەتوانم بڵێم بە تایبەتی لە ناوچەی ئێمە، زمان یەکێک لە تۆخترین، دیارترین و بەهێزترین فاکتەرەکانی دروستکردنی ناسنامەی تاک و گرووپە. زمان وەک هێندێک لە کۆمەڵناسان گوتوویانە، ناسنامەچێکەرە.

### ئامانجەکانی سیاسەتی یەکزمانی لە ئێران

لە ئێران هەر لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی ناوەندیی بەهێز بە تایبەتی لەدوای هاتنە سەرکاری ڕەزاشا، بە خەیاڵی خۆیان بۆ دروستکردنی ئێرانێکی یەکگرتوو و بۆ دروستکردنی یەک نەتەوە لەو هەمووە نەتەوە و زمانەی لە ئێراندا هەبوون، سیاسەتی سەپاندنی یەک زمان بە سەر هەمووانیاندا گرتەبەر. ئامانجیان لە گرتنەبەری ئەم سیاسەتە ئەوە بوو کە خەڵکی ئێران سەرەڕای ئەو هەمووە جۆراوجۆرییەی تێیاندایە، خۆیان بە یەک نەتەوە بزانن نەک چەند نەتەوە. ئامانجیان ئەوە بوو نەتەوەکانی نێو جۆگرافیای ئێران دەست لە زمانەکەی خۆیان هەڵگرن و فارسی ببێتە زمانی هەمووان. بۆ جێگیربوونی ئەو سیاسەتەش هەر چی لە دەستیان هات کردیان. نەک هەر ڕێگەیان بە خوێندن بەو زمانانە نەدا، بەڵکوو ڕێگرییان لە نووسین بەو زمانانە کرد و بەرنامەی جۆراوجۆریان بەڕێوە دەبرد بۆ ئەوەی تاکی نەتەوە نافارسەکان پشت لە زمانی خۆیان بکەن. ئامانجی داڕێژەرانی ئەو سیاسەتە زمانییە ئەوە بوو ئەم باوەڕە لە خەڵکدا بچەسپێنن کە زمانەکەی ئەوان، زمان نییە بەڵکوو لەهجەیەکی زمانی فارسییە، بە هۆی سەپاندنی ئەم سیاسەتە زمانییە هەوڵیان دا مێژوویەکی ساختە و داتاشراو و درۆیین بەرنە نێو مێشکی خەڵکی ئێران کە لەوەتا ئێران هەیە، زمانی فارسی، زمانی گشتی و سەرەکی و هاوبەشی هەموو دانیشتووانی ئەو جۆگرافیایە بووە کە ئەوان بە ئێرانی دەزانن! ئەم سیاسەتەی لە سەردەمی ڕەزاشاوە بناگەکەی دانرا، بە هێندێک جیاوازی - کە جیاوازیی جەوهەری نین- لە سەردەمی دەسەڵاتداریتیی



سەرچاوە
Serchawe

حەمەڕەزاشا و کۆماری ئیسلامییشدا، هەر درێژەی کێشاوە.

## خەسار و لێکەوتەکانی سیاسەتی یەکزمانی

بێبەشی لە پەروەردە بە زمانی دایک، هەر وەها سەرکوتی زمانە نافارسییەکان بە شێوەیکی سیستەماتیک، هەم لە سەر تاکەکان، کاریگەریی نەرێنیی هەبووە، هەم لەسەر زمانەکەیان، هەروەها هەم لە سەر یەکێتی و تەبایی پێکهاتە جیاوازەکانی پێکهێنەری خەڵکی ئێران، بە تایبەتی لەسەر پێوەندیی نەتەوە بندەستەکان لەگەڵ دەسەڵات و نەتەوەی سەردەست.

تاکەکان، لە ئەنجامی درێژەکێشانی ئەو سیاسەتەدا، ستەمێکی گەورەیان لێکراوە. سەرەتاییترین مافی ئینسانیی ئەوان کە پەروەردە بە زمانی دایک و بەکارهێنانی ئازادانەی زمانی خۆیانە، پێشێل و زەوت کراوە. ئەم پێشێلکارییە چونکە پێوەندیی بەناسنامەی ئەوانەوە هەیە، لە ڕووی دەروونییەوە زیانی گەورەی پێ گەیاندوون. لە ڕووی پەروەردەییشەوە، ئەوان ناچار کراون لە هەلومەرجێکی نایەکساندا، مل بە ملە لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن کە بە زمانی خۆیان پەروەردە دەبن. لە ئێران فارس‌زمان بوون بۆ تاکی سەربەو زمانە بە خاڵێکی ئەرێنی دادەنرێت و دەبێتە هۆی پێشچوونی بە هاسانی کاروبارەکانی لە دامودەزگای دەوڵەتی و، بۆی دەبێت بە پەیژەی سەرکەوتن، بەڵام فارس‌زمان نەبوون بۆ تاکی سەر بە نەتەوە و زمانە بندەستەکان، خاڵێکی نەرێنی و کۆسپی سەر ڕێی ژیان و خوێندن و دامەزران و بەڕێچوونیانە.

زمانە نافارسییەکان لە ئەنجامی درێژەکێشانی سیاسەتی تاکزمانی، هەتا هاتوە لاوازتر و پەراوێزخراوتر بوون. ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە زمانێک کە لە زێد و نیشتمانی ئاخێوەرانیدا ڕەسمییەتی نەبێت؛ نەبێتە زمانی پەروەردە ؛ ئاخێوەرانی مافی ئەوەیان نەبێت لە دامودەزگای ڕەسمی و دەوڵەتیدا قسەی پێ بکەن؛ زمانێک کە دەوڵەت بودجە و هێزی مرۆیی بۆ خزمەتکردنی تەرخان نەکات؛ زمانێک کە پێویستییەکان و دەرفەتی توێژینەوە و پەروەردەکردنی مامۆستا و پسپۆر و نووسینی فەرهەنگ و ئەکادیمیای تایبەت بە خۆی بۆ پێک نەیەت، نەک هەر گەشە ناکات، بەڵکوو گیانی لەبەردا نامێنێت و دەپووکێتەوە. تەنانەت ئاخێوەرانی زمانەکەش بەرە بەرە، تووشی نامۆیی و ڕاکردن لە زمانەکەی خۆیان دەبن؛ چونکە بەرەبەرە ئەو هەستەیان تێدا پێک دێت کە زمانەکەیان کەلکی نییە و پێویست ناکات پێی بدوێن، پێی بنووسن و خزمەتی بکەن.

### ئەگەر ئەم سیاسەتە هەروا درێژەی هەبێت:

ڕێگەگرتن لە پەروەردە بە زمانە نافارسییەکان و بەڕەسمی نەناسینیان وەک زمانێکی جیاواز، وای کردوە نافارسەکان، ئەوانەی وشیاریی نەتەوەیی و مێژوویی و کولتوورییان هەیە، زمانی فارسی بە زمانێکی داسەپاو بزانن، هەست بکەن لەم وڵاتەدا ئەوان هاونیشتمانی پلە دووهەم و پلە سێهەمن. تاکی سەر بە نەتەوە نافارسەکان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە هەست بە سەرکوتکراوی، هەست بە نامۆیی لەگەڵ نەتەوەی سەردەست و، هەست بە ماف پێشێلکراوی دەکەن. هەست دەکەن ناسنامەی ئەوان سووکایەتی پێدەکرێ و دەسڕێتەوە. بەڵام کاریگەرییەکە لەسەر تاکی کورد، جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ تاکی سەر بە نەتەوەکانی دیکە هەیە. بوونی خەباتێکی نەتەوەیی لەمێژینە لە کوردستان و بەرزبوونی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی وسیاسی، وای کردوە تاکی کورد هەر لە زووە لەم سیاسەتە یاخی بێت و بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵ بدات پووچەڵی بکاتەوە.

سیاسەتی سەرکوت و بێبەشکردنی زمانی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوە بندەستەکان، ئەگەر جێگای خۆی نەدات بە سیاسەتی دانان بە فرەنەتەوە و فرەزمان بوونی ئێران و ئەم سیاسەتەش هەم لە بەڕێوەبردنی وڵات و هەم لە پەروەردە و بوارەکانی دیکەی بەکارهێنانی زماندا، ڕەنگ نەداتەوە، بناغەکانی مانەوەی ئەو وڵاتە بە ڕواڵەت هاوبەش و یەکزمانە، هەڵدەتەکێنێ. لە هەر وڵاتێک، سەرکوتی نەتەوەیی و سڕینەوەی زمان و ناسنامە هەبووە، ئەنجامەکەی قەیران و بەربەرەکانی نەتەوە بندەستەکان لەگەڵ دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست و چوونی ئەو وڵاتە بەرەو شەڕی نێوخۆیی و پارچە پارچە بوون بووە. لە ئێران ڕاوەستان بەرامبەر ستەمی نەتەوەیی، زمانی، جێندەری و ئایینی هەموو وڵاتەکە، بە تایبەتی نەتەوە بندەستەکانی گرتووەتەوە و داوای مافە زمانی و نەتەوەییەکان لەنێویاندا بەرز بووەتەوە. ئەو نەتەوانە، چی دیکە تەحەممولی ئەو هەمووە سەرکوت وبێ مافییەیان نەماوە.

### زمانی کوردی، هەوێنی بزووتنەوەی ناسنامەپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بایەخدان بە زمانی کوردی، واتە قسەکردن بەو زمانە لەنێو بنەماڵە و لە دەرەوەی ماڵ؛ بە مانای گرنگیدان بە نووسینی شێعر و چیرۆک و ڕۆمان و کتێبی جۆراوجۆر بەو زمانە، هەروەها بە واتای بەکارهێنانی لە شانۆ و سینەما و گۆرانی و هونەرەکانی دیکەدایە. بوارەکانی دیکەی ئەم بایەخدانە بریتین لە پەرەپێدانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە ئینترنێت بە تایبەتی لە وەرگێڕانی ئەلێکترۆنیدا، وێڕای ئامادەکردن و کارپێکردنی فەرهەنگی کوردیی سەرهێڵ، برەوپێدانی زمانی کوردی لە ژێریی دەسکرد و...دا. ئەم بایەخپێدانەی زمانی کوردی، بۆخۆی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خزمەتی



سەرچاوە
Serchawe

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

بەرجەستەبوونەوەی ناوی کورد و ناسنامەی کورد و ناساندنی نەتەوەی کورد دەکات.

با ئێمە ئاوا چاو لە مەسەلەکە بکەین، ئەگەر زمانەکەی خۆت بە لاوە گرنگ نەبوو، یانی کوردبوونی خۆت بەلاوە گرنگ نییە؛ یانی مێژوو، کولتوور و نیشتمانی خۆت بۆ گرنگ نییە. ئەنجامەکەی دەبێتە هەنگاونان بەرەو توانەوە لە ناسنامەیەکی دیکەدا. ئەمەش یانی کارەسات، یانی خەیانەتکردن بە بوونی خۆت و ڕابردووت.

تاکی کورد، ئەگەر شانازیی بە زمانی کوردی بکات و ئەو زمانەی لەلا خۆشەویست بێت، هەوڵی داواکردنی مافە زمانییەکانی خۆی دەدات؛ داوای بە ڕەسمی ناسین و مافی خوێندن بەو زمانە و کارپێکردنی لە نیشتمانی خۆی دەکات؛ ئەمانەش یانی تێکۆشان و خەبات لە پێناوی سەلماندنی ناسنامەی خۆی بە بەرامبەرەکانی. خۆشەویستیی زمانی کوردی و هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە ئاستی، بە خۆشییەوە بووە بە هەوێنی سەرەکیی بزووتنەوەیەکی بەرین و فرەڕەهەندی ناسنامەپارێزی کە ساڵانێکە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرتوە و تا دێت پتر گەشە دەکات. باشترین پشتیوانی لەو بزووتنەوەیە ئەوەیە کە هاندەری هەر تاکێکی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان بین، بایەخدان بە زمانەکەی و پاراستن و بەهێزکردنی، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی، ئەخلاقی و پیرۆز چاو لێ بکات.

١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# داوی تاران بۆ ترامپ



**نەیشنال ئینتەرێست – بێهنام بین تالبلو**

**و: کەماڵ حەسەنپوور**

## تاران خەریکی نانەوەی داو بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ترامپە

لێدوانەکانی ئەو دواییانەی ڕێبەری گەورەی ئێران، عەلی خامنەیی ئاوێکی ساردیان بە سەر بیرۆکەی وتووێژ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا کردوە، یان بەو شێوەیە دێتە بەر چاو. دوای دەستبەکاربوونی ترامپ، خامنەیی چرای سەوزی بۆ وتووێژ هەڵکرد و دژی هێرشی هەمەلایەنەی کاربەدەستەکانی کە بانگەشەی وتووێژیان دەکرد نەوێستا.

## چی لێ شین بۆوە؟

پاشگەزبوونەوە و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە لایەن خامنەییەوە پێشینەوەیەکی دوورودرێژی هەیە و لە بەرەبەری وتووێژی

ناوکی لە ساڵەکانی دەسەڵاتداریی ئۆباما و بایدن، ئەوە بەتەواوی دەرکەوت. خامنەیی خوازیاری هەبوونی دەسەڵات بێ وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارییە و، زۆر جار بڕیاری سیاسیی گەورە، وەک ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان وەلا دەنێ یان ڕەتی دەکاتەوە. لە کاتێکدا دوایین لێدوانەکەی مەودای مانۆڕی سیاسی لە تاران تا ڕادەیەکی بەرچاو بەرتەسک دەکاتەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆماری ئیسلامی خوازیاری وتووێژ نییە!

خامنەیی گەلێک خوازیاری کەلکوەرگرتن لە لێدوانە بەردەوامەکانی ترامپ لەمەڕ ویستی ڕێککەوتنە، بۆیە لە کاتێکدا کاربەدەستەکانی شەرمێونانە باسی دیپلۆماسی دەکەن، ئەو بە کردەوە خەریکی بردنەسەرێی نرخی داواکراویەتی. دانوستان لێرە بە مانای چارەسەر کردنی ئاشتییانەی پرسی ناوکیی ئێران نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ پێشگرتن بە گەڕاندنەوەی گەمارۆکانی ئەوپەڕی زەخت، هاوکات کەمکردنەوەی ئەگەری هێرشی سەربازیی ئیسرائیل یان ئەمریکا. هەرچۆنێک بێ کۆماری ئیسلامی توانایی خۆڕاگری لە بەرانبەر چوار ساڵ سەپاندنی گەرمارۆی ئابووری هەردەم زیاتر یان ئەگەری بەرەوڕووبوونەوەی کێشەی سەربازیی ڕاستەوخۆی نییە.

لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست تاکە هاوپەیمانی ئێران واتە ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە ڕووخاوە. بەکرێگیراوە تێرۆریستییەکانی - حەماس و حیزبوڵلا - بە گوتەی وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕێژیم "چەند گورزی جیددیان" بەر کەوتووە.

لە نێوخۆ، لە سایەی ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتووانەی ئیسرائیل، سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی دوورهەنگێو کە ڕوسیە پێی دابوون لە کار کەوتوون. دۆخەکە بە قەیرانێکی پەرەئەستێنی وزە لە نێوخۆ و قەیرانی نرخی دراو مەترسی هاندانی جەماوەرێکی وەزاڵەهاتووی خەڵک بۆ گەڕانەوە بۆ سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی تۆختر کردوە.

بە مەبەستی قەرەبووکردنەوە، ئێران زەخت بۆ هاوبەشە ستراتێژیکییەکەی، واتە وڵاتی چین دێنێ هەتا کڕینی نەوتە گەمارۆلەسەرەکەی زۆرتر بکات لە کاتێکدا کە ڕێژەی کەرەستەی پیتاندنی ئۆرانیۆم، ماددەی پێویست بۆ گەشەپێدانی چەکی ناوکی، زیاتر دەکات. بەگوێرەی ڕاپۆرت، ئەو هەروەها خەریکی لێکۆڵینەوە لە ڕێگای خێراتر بۆ گەشەپێدان بە چەکی ناوکییە. لە کاتێکدا ئەو هەنگاوانە بۆ وەدەستهێنانی ئاستی کاریگەریی تاران بەڕێوە دەچن، هیواداره واشینگتۆن لە لاوازیی و ترسەکەی تێنەگا و وەک نیازپاکیی و دان بەخۆدا گرتن سەیری بکات.

لە شوێنی دیکە، بەکرێگیراوەکانی ئێران لە عێراق لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ بەولاوە، واتە مانگی هەڵبژێردرانەوەی ترامپ وەک سەرۆک کۆمار، هێرشیان نەکردووەتە سەر پێگەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق و سووریە. حوسییەکانی یەمەن کە

بەگوێرەی ڕاپۆرت ئێران و هەروەها چین پڕ چەکیان کردوون، لەو دواییانەدا سەرنشینەکانی تانکەرێکیان ئازاد کرد کە زیاتر لە ساڵێک لەوەپێش بە بارمتەیان گرتبوون. تاران هەروەها ژنێکی وەنێوکەوتووی ئاڵمانیی - ئێرانیی کە چوار ساڵ بوو بە بارمتەی گرتبوو، لە دەورێکی دیکەی "دیپلۆماسیی بارمتەگرتن" لە مامەڵەیەکی گۆڕینەوە لەگەڵ ئیتالیادا ئازاد کرد و تەرمی بارمتەیەکی دوو ناسنامەیی کە ئێعدامی کردبوو، گەڕاندووەتەوە.

## ئەوپەڕی ساختەکاری

بۆ ڕێگا خۆشترکردنی هەرچی زۆرتر بۆ دانوستان لەگەڵ خودی ترامپ، سەرۆک کۆماری ئێران، مەسعود پزشکیان، تەنانەت هەوڵی داوە حاشا لە پیلانی تاران بۆ کوشتنی ترامپ بکات و گوتویەتی، "وەک دەستپێک، ئێمە قەت هەوڵمان نەداوە و قەتیش ئەو کارە ناکەین." ئەوە سەرەڕای ڕاپۆرتەکانی ئێف بی ئای لەمەڕ ئاشکراکردنی پیلانی ئێران بۆ کوشتنی ترامپ لە ٢٠٢٤ و هەڕەشەکانی کاربەدەستە سەربازییەکانی ئێرانی بۆ کوشتنی ترامپ لە ٢٠٢٣. هۆی سەرەکی ئەو هەڵگەڕانەوەی ئێران و هەستی بێهیواییە ئاشکراکەی ترامپە. دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ترامپ فرە قووڵتر لە دوژمنایەتییەکەی بەرانبەر هەر سەرۆککۆمارێکی دیکەی ئەمریکایە.

### هۆیەکەشی سێ تەوەر لەخۆ دەگرێ:

**یەکەم**، ترامپ یەکەم ڕێبەری ڕۆژئاوایی بوو کە تابوی پشتیوانیی لە خەڵکی ئێران، هەرکاتێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی مەلا دەسەڵاتدارەکانیان ڕژانە سەر شەقامەکانی شکاند. هەڵوێست و تویتە دەنگ بەرزانەکەی ترامپ لە ٢٠١٧ تا ٢٠٢٠ جیاوازییەکی زەقی لەگەڵ هەڵوێستە شلوێیەکەی سەرکۆمار ئۆباما بەرانبەر بە ناڕەزایەتییەکەی ٢٠٠٩ هەبوو، کە بووە هۆی ئەو دروشمەی خۆپیشاندەرەکان، "ئۆباما، ئۆباما، لەگەڵ ئێمەی یان لەگەڵ ئەوان؟" بەر لە ترامپ، پشتگیریی ڕۆژئاوایی، تەنانەت بە قسەش، تا ماوەیەکی دوور و درێژ وەک "ماچی کوشندە" سەیر دەکرا، بەڵام دوای ترامپ ئەم دۆخە گۆڕا.

**دووهەم**، سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی ترامپ لە یەکەم دەورەی بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا لە ڕادەبەدەر کاریگەر بوو، بە شێوەیەک کە کاربەدەستانی ئێرانی گوتویانە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لە جەنگی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق (١٩٨٩ - ١٩٨٠) وێرانکەرتر بووە. ترامپ زەرەری یەکجار گەورە و قەرەبوونەکراوەی لە ئابووریی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و هەناردەکردنی نەوت بە شێوەی یەکلایەنە دا. ئەو هەڵوێستە بووە هۆی تێکڕمانی ئەو بۆچوونە باوە کە گەمارۆکان دەبێ فرە لایەنە بن تا کارتێکەریی ڕاستەقینەیان هەبێ.

رەشەمەی ٢٧٢٤

**سێهەم**: ترامپ ئەو سەرۆککۆمارەی وڵاتە یەکگرتووەکانە کە دژی گەورە تیرۆریستی ئێرانی قامکی بە پەلەپیتکەیەوە نا، واتە فەرماندەی سوپای قودس قاسم سولەیمانی. خامنەیی پێشتر گوتبووی، "کەوشەکانی سولەیمانی لە سەری بکوژەکەی پیرۆزترن." ئەو کردەوەیە، کە گوایە تەنانەت بەڕێوەبەرایەتیی بووشیش خۆی لێ دەبوارد، شکستێکی ستراتێژیک و هەروەها دەروونی بۆ تاران بوو کە هاوسەنگییەکەی وەها تێک دا کە ئاسەوارەکەی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی دوای ٧ی ئۆکتۆبەر ئاشکرا بوو.

لەبەر هەموو ئەو هۆیانە، پەیامە تێکەڵاوەکانی ئێران و پاڕانەوەکانی، لە جیات نیشانەکانی ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینەی کردار، داوێکن بۆ ڕزگارکردنی ڕێژیمێکی سەر لێواری ڕووخان.

لە جیاتی پێهەڵداگوتن بە ڕێککەوتن، ترامپ دەتوانێ دۆخی چەنە لێدانەکەی بە کەلکوەرگرتن لە هەست بە لاوازبوونی هەنووکەیی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەرگرێ. ئەوە دەتوانێ بە چڕترکردنەوەی گەمارۆکان، بە تایبەتی ئەوانەی سەر فرۆشتنی نەوت بە چین، لە کاتێکدا پەرە بە ترسی ئێران لە هێرشی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بدرێ، هاوکات دەبێ بە ئاشکرا بیرۆکەی دانووستان لاواز بکرێ. بە گوتەیەکی دیکە، با دڵەڕاوکەی ڕێژیم زیاتر بێ و با ئەوپەڕی زەخت درێژەی هەبێ.

١٦ی رەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## چیتر عەقڵیەتی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ خۆی لە کەلێنە ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئابووری و فەرهەنگییەکان بشارێتەوە



**(پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن و ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکڕات)**

**هاونیشتمانییانی خۆشەویست!**
**ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی کوردستان!**

ناودێر کردنی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانیی ژن لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئاماژەیە بۆ نایەکسانیی ڕەگەزی وەک ستەمێکی مێژوویی دژی ژنان لەلایەک و وشیارکردنەوەی دەوڵەتان و کۆمەڵگا بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بە ئامانجی سڕینەوەی ستەمی ڕەگەزی لەلایەکی دیکەوە. گرینگیی لابردنی ئەو ستەمە مێژووییە وایکردوە چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و چ لەسەر ئاستی ناوچەیی و ناوخۆیی وڵاتاندا، هەنگاوی جۆراوجۆر لە چەشنی ڕێککەوتننامە، ڕاسپاردە، یاسا و ڕێوشوێنی جیاواز بگیرێتەبەر.

پرسی ژن یەکێکە لە پرسە هەرە گرینگ و مشتومڕهەڵگرەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و سەرەڕای پێشکەوتنی بەرچاو لە کۆمەڵگە گەشەسەندووەکانیشدا، تا ئێستاش ڕوانینێکی پیاوسالارانە بە سەر بەڕێوەبردنی کۆی ڕەهەندە سیاسی، ئابووری،

کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا زاڵە.

پرسی ژن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لە دۆخێکی نالەباردایە، ژنانی ئێران سەرەڕای پاشخانی مێژوویی و فەرهەنگیی کۆمەڵگا لە پەراوێز خستنییان، بەشێوەی یاسایی و سیستماتیکیش لەلایەن حکوومەتەوە بەرەورووی هەڵاواردنی ڕەگەزی بوونەتەوە. ڕێژیم هەموو ئامرازەکانی حەوزەی گشتی کۆمەڵگا، لە میدیای فەرمییەوە تا دەگاتە پەروەردە و دامەزراوە ئایینی و فەرهەنگییەکانی بۆ سەپاندنی پیاوسالاریی حکوومەتی و چەسپاندنی یاسا و نەریتە دژەژنەکانی خستۆتەگەڕ.

لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا کۆماری ئیسلامی نە تەنیا ڕێککەوتننامە و ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕێزگرتن لە مافەکانی ژنان پێشێل دەکا، بەڵکوو هەوڵی سەپاندنی مۆدێلی حوکمڕانیی دژەژنی خۆی لە وڵاتانی ناوچەش دەدا.

سەرەڕای هەموو ئەو فشار و سیاسەتە نابەرپرسیارانە بەرامبەر بە ژنان و هەروەها ملهوڕی نواندن لە ڕەتکردنەوە و پێشێل کردنی نۆرم و بایەخە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە یەکسانی خوازیی ڕەگەزی، کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بووەتە گۆڕەپانی خەبات لە پێناو وەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی لەلایەن ژنانی ئازادیخواز و مافویستەوە. لە ساڵانی ڕابردوو و بەتایبەت بەدوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینادا، شاهیدی خەبات و فیداکاریی بێ وێنەی ژنان لە پێناو لادانی ستەمی ڕەگەزی بووین. ئەو بزووتنەوەیە سەرەتای تێگەیشتن لەو ڕاستییە بوو کە چیتر عەقڵیەتی حوکمڕانیی ئەو ڕێژیمە ناتوانێ خۆی لە کەلێنە ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئابووری و فەرهەنگییەکان بشارێتەوە و درەنگ یا زوو گۆڕانی بنەڕەتی بە ئاراستەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە ڕوو دەدا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ململانێ لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنەدا تایبەتمەندیی جیاوازی خۆی هەیە، ژنی کورد هەم قوربانیی ستەمی ڕەگەزییە و هەم قوربانی ستەمی نەتەوەیی. بەو پێیە سروشتی خەباتی ژنانی کورد جیاوازە لەوەی لە نێو ژنانی ناوەندنشین دەبینرێ. ئەگەر ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادیی پۆشینی جلوبەرگ کەڵکەڵەی سەرەکیی ژنان لە ناوەند بن، ئەوا ژنانی کورد چاویان لە لابردنی هاوکاتی ستەمی نەتەوەیی و ڕەگەزییە و بە تەواوکەری یەکتریان دەزانن.
پڕڕەنگ بوونی نەخش و دەوری ژنان لە بزووتنەوەی ژینا لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەو ڕاپەڕینە بوو، سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕاپەڕینە لەگەڵ سەرکوتی دڕندانە لەلایەن ناوەندە داپڵۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بۆوە، ئیرادەی خەباتگێڕانەی ژنان بوو بە پێشەنگی بزووتنەوەیەک کە لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە. لەگەڵ ئەوەی کە دەیان کەس لە ژنانی کورد بەند کران و سزای قورس و تەنانەت ئێعدامیان بەسەردا سەپێنرا یان لە نارەزایەتی دەربڕینەکانی سەر شەقام شەهید و بریندار کران، بەڵام سەرکوتی بێ بەزەییانە و ڕێگرییەکانی دەسەڵات لە خەباتی ژنان نە تەنیا نەیتوانیوە بەر

بە بزووتنەوەی ڕوو لە گەشەی ژنانی کورد بگرێ، بەڵکوو ئەو خەباتەی ڕادیکالیزەتر کردوە و بۆ بەرنگاربوونەوەی دەسەڵات گوڕوتینی زیاتری بە ژنان داوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ لە بەرنامە و بەڵگەنامە پەسندکراوەکانیدا و چ لە هەڵوێست و وتەی ڕێبەرانیدا، جەخت لەسەر باوەڕمەندیی خۆی بە بنەما و پرەنسیپە جێکەوتووە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕێزگرتن لە مافەکانی ژنان کردۆتەوە و لەو پێناوەدا بە کردەوە هەوڵی داوە پرسی ڕزگاریی نەتەوەیی، بە خەباتی یەکسانی خوازانەی ژنانەوە گرێ بدا. دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ و تەنیا چەند مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دیمۆکرات بۆ خستنە سەریەکی هێز و تواناکانی ژنان و کاریگەری دانانیان لە پرسە جیاوازەکانی بەڕێوەبەری و پەروەردە و فەرهەنگ و هونەردا، بە ڕابوونێکی مێژوویی ژنان ئەژمار دەکرێ کە بە دەستپێشخەریی ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکڕات و لە سەروویانەوە پێشەوا قازی محەممەد هاتۆتە دی. دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکڕات لەو سەردەمدا کە زۆرینەی ژنان نەخوێندەوار بوون و فەرهەنگی خێڵ و عەشیرە و دەرەبەگایەتی بە سەر کوردستان و زۆربەی وڵاتانی ناوچەدا زاڵ بووە، ئاماژەیە بۆ تێگەییشتن و بڕوای قووڵی حیزبی دیمۆکڕات بە مافەکانی ژنان.

حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان و ٢٤ی ڕەشەمە ٧٩ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی ژنان، جەخت لەسەر پێویستیی بەهێزکردنی فەرهەنگی ڕێکخراوەیی ژنانی کورد دەکاتەوە و باوەڕی وایە کە خەباتی نەتەوایەتی بە بێ بەشداریی چالاکانەی ژنان لە سەرجەم بوارەکاندا سەرکەوتوو نابێ. لەڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتەوە هەرچەند لاسەنگیی ڕەگەزی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بەرچاوە و پێگەی ژنی کورد لە بنەماڵەوە بگرە تا بنیاتە ئابووری و سیاسییەکان و تەنانەت بزووتنەوەی سیاسیی کوردیشدا لاوازە، بەڵام بە بوونی خواست و بزووتنەوەیەکی زیندوو و ڕوو لە گەشەی ژنان، ئاسۆیەکی گەش بۆ داهاتووی خەباتی ژنانی کورد بەدی دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی


١٧ی ڕەشەممەی ١٤٠٣ (٧ - ٣ - ٢٠٢٥)

١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# زمانی دایکی و کاریگەریی لەسەر شوناسی نەتەوەیی




**ڕەزا محەممەدئەمینی**

زمانی دایکی یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ناسنامەی کەسێتی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتییە کە پێوەندییەکی نەپچڕاوەی لەگەڵ کولتوور و مێژوو و ناسنامەی نەتەوەیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە هەیە. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پاراستنی زمانی دایکی، بەتایبەت ئەو زمانانەی کە هەڕەشەی لەنێوچوونیان لەسەرە، وەک میراتێکی فەرهەنگی ڕۆژی ٢١ی فێورییەی وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی دیاری کردوە .

لە ساڵی ١٩٩٩ لە کۆنفرانسی گشتیی ڕێکخراوی یوونێسکۆ ئەو بریارە دەرکرا کە پاڵنەرەکەی ڕاپەڕینی خوێندکاران پاکستانی ڕۆژهەڵات (بەنگلادێش) بوو کە لە ٢١ی فێورییەی ١٩٥٢ زایینی دژی سەپاندنی زمانی ئۆردوو هاتنەسەر شەقامەکان و زۆر بێبەزەیانە سەرکوت کران. دیارە پێش ئەو ڕووداوەش کە کوژراو و برینداری زۆری لێکەوتەوە، جووڵانەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی دیکەش لە جیهاندا هەبوون کە هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەنەتەوەییەکانیان دەدا کە نموونەی زۆر بەرچاویان، ڕاپەڕینەکانی نەتەوەیی ئازادیخوازانی کورد بوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان کە ئێستاش هەر

درێژەی هەیە. بەوحاڵەش خۆپێشاندانی خوێناویی خوێندکارە بەنگاڵییەکان کە دواتر کۆتایی بە دەسەڵاتی حکوومەتی پاکستان هێنا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی گەیاندە ئەو باوەڕە کە دەبێ هەوڵی جیددی بدرێ بۆ پاراستنی زمانی دایکی و مافی خوێندن و نووسین بەو زمانە، بۆ کەمایەتییە نەتەوەییەکان مسۆگەر بکرێ.

بێگومان فێربوونی زمانی دایکی و خوێندن بەو زمانە لە خوێندنگاکاندا کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە ئافراندنی کەسایەتیی تاکەکان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە. جگەلەوەش منداڵان کاتێک لە قوتابخانەکان لەگەڵ زمانی دایکییان بەرەوڕوو دەبن، لە وشە و چەمکە نوێیەکان باشتر تێدەگەن و بۆیان نامۆ نابێ و تەنانەت دەتوانن زمانەکانی دیکەش زۆر ساناتر فێر ببن. لە بەرانبەردا داسەپاندنی زمانی بێگانە و نامۆ لە قوتابخانەکان، نەتەنیا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی فێربوون، بەڵکوو دەبێتە هۆی بێگانەبوون و سەرلێشێواوی و ئەوەش کاریگەریی زۆر نەرێنیی لە کۆمەڵگەدا دادەنێ. لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو خوێندن بە زمانی دایکی وەک ڕێکارێکی کاریگەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و کەمکردنەوە لە ئاماری وازهێنان لە خوێندن سەیر دەکرێ. زمانی دایکی یارمەتیی منداڵان دەدا کە لەگەڵ کولتوور و مێژوو و میراتی نەتەوەیی خۆیان باشتر پێوەندی بگرن و لە هەمان کاتدا هەستی باوەڕبەخۆبوونیان تێدا بەهێزتر بێ.

جگە لەوەش بە پشتئەستووربوون بە ئەزموونی وڵاتان، بەتایبەت وڵاتانی فرەنەتەوەیی کە نەتەوەکان مافی یەکسان، لانیکەم لە بواری خوێندن و نووسینان هەیە، منداڵان زۆر باشتر و خێراتر خۆیان پێگەیاندوە و ڕێژەی بێسەوادی لە ئاستی سیفردایە. بەپێچەوانەوە لەو وڵاتانەی کە نەتەوەی باڵادەست ئیزنی خوێندن بە زمانی زگماکی نادا، ئاستی خوێندن و سەواد نزمە و منداڵان لەڕووی گوشار و ناچارییەوە مل لە خوێندن دەنێن و ڕێژەی بێسەوادییش زۆر بەرچاوە.

بێگومان زمانی دایکی یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی یەکگرتوویی کولتووری و پێناسەی نەیەوەییە. بەهۆی زمانی دایکییەوە کە لەڕاستیدا زمانی نەتەوەییە، مێژوو، شێعر و ئەدەبیات، دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و بەها و بایەخەکانی دیکەی نەتەوەیەک دەپارێزرێ و دەدرێ بە بەرەی داهاتوو. ئەو نەتەوانەی کە لەژێر ستەمی نەتەوایەتیدان و ناتوانن یان ناهێڵن پەرە بە زمانی خۆیان بدەن، هەمیشە هەڕەشەی توانەوەی نەتەوەیی و لەدەستدانی ناسنامەی کولتووری و مێژوویان لەسەرە. نەتەوەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان، بەهۆی سەرکوتی هەمەلایەنەی داگیرکەران و بەربەستە داسەپاوەکان، کەم و زۆر لە دۆخێکی هەڕەشەئامێزدایە. دیارە زمانی کوردی کۆڵەکەی سەرەکیی ناسنامەی کوردییە و بەربەرەکانی لەگەڵ هەوڵی دەسەڵاتداران بۆ سڕینەوەی زمانی کوردی و توانەوەی نەتەوەیی، تا ڕادەیەکی زۆر پاشەکشەی بەو هەڕەشانە کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

زمانی دایکی تەنیا ئامرازی دەربڕین نییە، بەڵکوو بەشێکی گرینگ لە بوونی کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی هەموو نەتەوەیەکە و، پێوەندیی نێوان زمانی دایکی و بیر و هزر و کەسایەتیی نەتەوەیی ئاوێتەی یەکترین و ناکرێ لێکیان جوودا بکەینەوە. هەربۆیەشە داگیرکەرانی کوردستان بەهەموو شێوەیەک بەر بە پەرەسەندنی زمانی کوردی دەگرن ولێی تۆقیون و ئەو مافە بە کورد ڕەوا نابینن. نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە بێبەشبوون لە زمانی دایکی دەتوانێ لە درێژخایەندا ببێتە هۆی لاوازیی ناسنامە و کەسایەتیی نەتەوەیی و دابەزینی جومگە و پێگەکانی فەرهەنگ و کولتووریی نەتەوە ژێردەستەکان؛ چونکی زۆر نەتەوە بوون کە تەنیا ناوەکانیان ماوە و زمان و ئەدەبیاتیان سڕاوەتەوە و چوونەتە نێو مێژووی زمانە مردووەکان.

جگەلەوەش زمانی دایکی ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگری هەیە لە بەردەوامیی هزر و بیری مێژوویی نەتەوەیەک، واتە زۆر لە دابونەریتەکان، داستان و بەسەرهاتەکان و سروود و گۆرانییە نەتەوەیی و دینییەکان بە زمانی دایکی گوتراون و بوونە بەشێکی گرینگ لە ناسنامەی نەتەوەیی و ئەوە ئەرکی زمانی دایکییە کە ئەو سامانە کولتوورییانە تەحویلی بەرەی نوێ بدات. بێهۆ نییە داگیرکەرانی کوردستان هاوتەریب لەگەڵ بەربەرەکانی زۆر توند و بێبەزەیانە لەگەڵ چالاکانی بواری زمان و کولتوور، زۆربەی داب و نەریت و بایەخەکانی نەتەوەییەکانمانیان لێدزیوین و دەستیان بۆ بردوە، و بەرە بەرە خۆییان کردوە. لەڕاستیدا لەنێو ئەو نەتەوانەی لە مافە سەرەتاییەکان وەک پەرەپێدانی زمانی دایکی بێبەش کراون، کولتوور و فەرهەنگی زارەکی و وێژە و ئەدەبیاتی خۆجێی بەرەو لاوازی ڕۆیشتوە و خەریکە لەبیر دەچنەوە.

شک لەوەدا نییە کە داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە دژی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد بوون و سیاسەتی سڕینەوەی زمان و تواندنەوەی نەتەوەیی کوردیان بەڕژدی ڕەچاو کردوە. لە ئێران و لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوییەوە هەتا ئێستا، سیاسەتی یەکسانسازیی فەرهەنگی لەسەر بنەمای یەک زمان و یەک نەتەوە و بە داسەپاندنی زمانی فارسی بەکردەوە کراوە. ئەو سیاسەتە بریتی بووە لە قەدەغەکردنی فێرکردنی زمانی کوردی، بەرتەسککردنەوە و داخستنی ڕاگەیەنە کوردییەکان و سەرکوتی هەرچەشنە جموجۆڵی فەرهەنگی و زمانی. هەوڵی بێپسانەوەی دەسەڵاتدارانی "شا و شێخ" لە ئێراندا بۆ گۆڕینی زمان و کولتووری کوردی، لە ڕاستیدا بەشێک لە پیلانی داگیرکەران بووە بۆ تەک زمانی و تەک فەرهەنگی بەشێوەی زۆرەملێ کە نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارسیشی گرتووەتەوە. ئەو سیاسەتە دژی گەلییە، وێڕای سەرکوتی خوێناویی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلەکەمان، بە کەلکوەرگرتن لە ئامرازی وەک، بەرتەسککردنەوەی گۆڤارو ڕاگەیێنە گشتییەکان، سوانەوەی مێژوو و بونیاتنانەوەی دووبارەی لەبەرژەوەندی نەتەوەی دەسەڵاتدار، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان و قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی و بەرگرتن بە ئاخاوتن بە زمانی کوردی لە خوێندنگا و ناوەندە ئیدارییەکان و هەروەها بەکەمزانین و شکاندەوە و سووکایەتیی نەتەوەیی بەڕێوە چووە.

هەروەها بەرگرتن لە خوێندن بە زمانی دایکی لە سیستەمی فێرکردن و بارهێنانی وڵات، بۆتە هۆکارێک کە بەرەی نوێ کەمتر شارەزاییان لەسەر زمان و کولتووری نەتەوەییان هەبێ. بەوحاڵەش و سەرەڕای سەرکوت و زەبرو زەنگی هەمەلایەنە، بەڵام چالاکانی مەدەنی و زمانەوانی و ئەدیبان و دڵسۆزانی نەتەوەکەمان، بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوو، هاوتەریب لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی و آزادیخوازی، تێکۆشاون زمانی کوردی گەشە پێ بدەن. لەڕاستیدا چالاکانی فەرهەنگی لەو دۆخە نالەبارە و بە ئیمکانیاتێکی زۆر کەم و ئەو هەمووە بەربەستانەی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم بۆیانیان داناوە، توانیویانە لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان کۆرسی فێربوونی نووسین بە زمانی کوردی دابنێن و زۆر منداڵ و لاو و تەنانەت گەورەساڵیش فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی بکەن. هەر ئێستا مزگەوت و شوێنە گشتییەکان بوون بە قوتابخانەی زمانی کوردی و میوانداری لە کچان و کوڕانی بەهەستی نەتەوەکەمان دەکەن کە بە پەرۆشەوە خەریکی خۆپێگەیاندنن. ئەو شەپۆلە کەموێنەیە دەزگای سەرکوتی ئاخوندەکانی هەراسان کردوە، هەربۆیەشە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی ئەو ڕەوتە دەکەن و زۆر چالاکی زمانەوانییان تەنیا بەتاوانی فێرکردنی خۆبەخشانەی زمانی کوردی ڕاپێچی بەندیخانە کردوە.

هەر لە نوێترین نموونەکانی سیاسەتی سەرکوتکەرانە و دژ بە زمانەکانی غەیرە فارسی، مەجلیسی دژی گەلیی ڕێژیم ڕۆژی چوارشەممە٨ی ڕەشەمە و چند ڕۆژ پاش ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، بەفەرمی و بە دەنگی زۆرینەی نوێنەران، دژایەتی خۆی لەگەل خوێندنی زمانە غیرە فارسییەکان ڕاگەیاند. ئەو بڕیارەی مەجلیسی ئاخوندی بۆ جارێکی دیکە سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی ڕێک وەک ڕێژیمی بنەماڵەی پەهلەویی و بگرە خراپتریش دژی مافی خوێندن بە زمانی دایکییە، مافێک کە لە جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یکگرتووەکاندا هاتوە و دەسەڵاتدارانی ئێران بە نوێنەرایەتی وڵات و خەڵکی ئێران پشتڕاستیان کردووەتەوە. سەیر ئەوەیە لە ماددەی ١٥ یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا ئاماژە بە خوێندن بە زمانی "ئەقوام" کراوە و ڕێگە پێدراوە کە لە تەنیشت زمانی فارسی ئەو زمانانەش کەڵکیان لێوەربگیرێ، بەڵام ئەو بڕیارە مەجلیس نیشانی دا کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هیچ بایەخێک تەنانەت بۆ یاساکانی خوشیان دانانێن و دژایەتیی نەتەوەکان لە بیر و هزری فاشیستی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوە تەنیا نموونەیەکە لە ئاکار و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەئاست ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکانی ئێران.

جێی تێڕامانە، ئەو نیزامە دواکەوتوو تۆتالیتێرە تەنانەت بە خوێندنەوەی چەند بەیت شێعر بە زمانی تورکی لەلایەن مەسعوود پزشکیان، سەرۆککۆمارەکەی خۆیشیی تووڕەیە و تانەی لێدەدا. پزێشکیان کە خۆی تورک زمانە لە بەرنامەی کۆتایی ڕێوڕەسمی" حەوتووی فەرهەنگی تەورێز" لەتاران چەند بەیت شێعری تورکی خوێندەوە کە هەرئەو کات و لەبەرچاوی ئامادەبووان و کامێراکان بەنووسراوە "تذکر"ی پێدەدرێ و ئەویش شێعرەکەی بە نیوەچڵی دەهێڵێتەوە و ملکەچی و بێدەنگی



سەرچاوە
Serchawe

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

**هەڵدەبژێرێ!**

**لەکۆتاییدا دەبێ بڵێین پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایکی، نەک هەر مافێکی ئینسانییە، بەڵکوو بەردی بناغەی ناسنامەی نەتەوەییشە. لەحالێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی هەڵاواردنی نەتەوەیی بەردەوامە، ڕێگای وەدیهێنان و دابینکردنی مافی نەتەوەیی گەلانی غیرەفارس، بە کوردیشەوە، لە گرەوی خەباتی بێوچان و بەردەوام بۆ ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانیەتی. هەروەها پاراستنی زمانی دایکی و تێکۆشان بۆ بەفەرمی ناسینی، بەواتای خاشەبڕکردنی ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەییە و ئەوە ئەرکێکی پیرۆز و گشتیی گەلانی بەشخوراوی ئێرانە کە بەبێ یەکیەتی و خەباتی فرەڕەهەند و شێلگیرانە، دەستەبەر ناکرێ.**

١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# زمان و سیاسەتی زمانی




**پەیمان ئابجامە**

زمان یەكێك لە گرینگترین تایبەتمەندییەكانی مرۆڤە، و وەكوو سەرەكیترین فاكت و پێناسەی كۆمەڵگەی مرۆیی بەردەوام بەر سەرنجی زانایان و زمان زانان كەوتوە. بە دەربڕینێكی دیكە زمان لە ژیانی كۆمەڵایەتیی مرۆڤەكاندا سەرەكیترینی ڕۆڵەكان دەگێڕێت و "قسەكەربوون" یەكێك لە تایبەتمەندی و خاڵە جیاوازەكانی مرۆڤ لە گەڵ بوونەوەرەكانی دیكەیە.

زمان دیارترین ڕەهەندی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە و هەر بۆیە دەبێ سەرجەم لایەنەكانی بوونی كۆمەڵایەتی ئێمە بێنێتە درەوشاندن و بیخاتە ژێر كاریگەریی خۆیەوە. كەواتە چییەتی كۆمەڵایەتی زمان، خاڵی دەسپێكی لێكدانەوە و توێژینەوە زمانییەكانە. دیارە سەرەكیترین ئەركی زمان بەئەنجام گەیاندنی پەیوەندییەكۆمەڵایەتییەكانە بەڵام جیا لەم بوارە زۆر گرینگە فاكت و بەڵگەیەكی هەستیاری شوناسی كۆمەڵایەتی و نەتەوەیییە و لە ناوەندی باس و خواسە ئایدیۆلۆژیكەكاندایە و بەردەوام بە درێژایی مێژوو بە تایبەت لە سەردەمی هاوچەرخدا و لە گەڵ سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزم، وەكوو ئامرازێك بۆ دەوڵەت – نەتەوەسازی سەرنجێكی چڕوپڕی پێ دراوە و بە واتایەكی دیكە سەرنجدان بە

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی زمان تەنیا لە کۆڕە زانستییەکانی زانستگاکان بەرتەسک نەکراوەتەوە و بەردەوام زۆرێک لە کێشە و پرسی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەستیاری خوڵقاندوە و بۆتە بەستێنی بووژانەوە و خەساندنی شوناسەکان.
دوابەدوای سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزم و بەرچاوکەوتنی زمان وەکوو کەرەستەیەکی ئایدیۆلۆژیک بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە دەوڵەتەکان هەوڵی زۆریان لە پێناو زمان و سیاسەتی زمانی داوە و کێشەکان، بەربەستەکان، دەرفەت و مەترسییەکانی ئەم بوارەیان لێکداوەتەوە و بە شێوەیەکی کەم و زۆر زانستی لایەنەکانی ئەم بابەتەیان بەرتیشکی سەرنج خستووە و هێز و توانایان لە پێناو داڕشتنی پڕۆگرام و سیاسەتێکی شیاو و گونجاو لەم بوارەدا خستووەتەگەڕ. بێگومان ئەم سیاسەت و پلانانەی دەوڵەت-نەتەوە تازە پێگەیشتووەکان کاردانەوەی سیاسی ، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی زۆری بەدواوە بووە و دەرەنجامی خوازە و نەخوازی جۆراوجۆری بە شوێن خۆیدا هێناوە و زۆر جار زمان لە سەرەکیترین ڕۆڵی خۆی واتە لە سیستمێکی پەیوەندییەوە بۆ ئەلێمانێکی سیاسی دابەزیوە و هەوڵەکان نەک لە ئاقاری سیاسەتێکی زمانی بەڵکوو سیاسی کردنی زمان ڕۆیشتووە و ئەم کارە زۆر لایەن و پرسی نێگەتیڤی لێکەوتووەتەوە.

## پەیوەندیی سیاسەت و زمانی کوردی

پەیوەندی زمان و نەتەوە، پەیوەندییەکی قوڵی تیۆریکە. ویلهلم فۆن همبۆڵت یەکێکە لە وانەی لە سەرەتاوە"زمان"و"روحی نەتەوە" پێکەوە گرێ دەدات، بە ڕای همبۆڵت زمان دەرکەوتووترین دەرکەوتەی ڕوحی نەتەوەیە، زمان ڕوحی نەتەوە و ڕوح زمانی نەتەوەیە.
هەرچەند کە ئەم پەیوەندی سازدانەی همبۆڵت یەکجار میکانیزەیە، بەڵام لە لایەکەوە دەربڕی جۆری گۆشەنیگای ناسیۆنالیزم بەرانبەر بە زمانە و ئەو هەستیاربوونەی دۆخی زمان لەم چێوە فکرییەدا بە جوانی هاتووەتە درکاندن. بە دەربڕینێکی دیکە، چەمکی "زمان" و "نەتەوە" هاومانا و یەک مانا لەگەڵ یەک هاتن، نواندنەوەی پرسی شوناسی ناسیۆنالیزم و زمانە. بەڵام ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ زمان چەندە دەتوانێت زانستی بێت؟ ئایا ئەو پڕۆژەی بە ناوی سیاسەتی زمانییەوە باسی لێ‌دەکرێ تا چەند لایەنەکانی سیاسەتی زمانیی لە خۆیدا ڕۆناندوە، بە دەربڕینێکی دیکە ئەو هەوڵانەی دەدرێن لە ئاقاری سیاسەتی زمانیيە یا سیاسی کردنی زمان؟

سیاسەت و پلانڕێژی زمانی پاڵێوەر بە ناسینی زمان بە وێنەی چاوگەیەکی کۆمەڵایەتییە و گرینگایەتی ئەم سەرچاوەیە بەهۆی بەهای پەیوەندی و شوناسی ئەو بۆ کۆمەڵگەیە و سیاسەتزانان گرینگترین کارگێڕانی هەر پلانێکی زمانین. سیاسەتەکانی زمان دەبێت جۆرێک داڕێژرێن کە نیاز و حەزەکانی سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی کاریگەر و هاوسەنگ بێنێتە دی و بوار بۆ پەیوەندییەکی ئامرازی برەخسێنێت و لە هەناوی ئەم پەیوەندییە ئامرازییە، پەیوەندییەکی

عاتیفی و سۆزەکی بخوڵقێنێت. هۆی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە پەیوەندیە ئامڕازی و عاتیفییەکانی تاکەکان لە گەڵ زماندایە کە زمان دەبێتە هێمایەکی شوناسی نەتەوەیی و بە دوایدا شوناسیی نەتەوەیی پێک دەهێنێت. ئاکامی ئەو تێفکرینە هەوڵدانی ئەنقەست لە ئاراستەی دەسکاریی ڕاستەوخۆی هەست و سۆزەکانی خەڵک بە ناسەرکەوتوویی دەزانێت کە بەردەوام دەرەنجامێکی پێچەوانەی بە دواوەیە.
کۆمەڵگەی کوردی بە هۆی بارودۆخی تایبەتی خۆیەوە، بەها و گرینگییەکی زۆری بە زمان داوە و ئەم بایەخدانە زۆرجار تا ئاستی بەپیرۆز کردنی زمانیش ڕۆیشتوە و زمانی کوردی بە یەکێک لە کۆڵەکە پتەوەکانی پێکبەستی شوناسیی نەتەوەیی داندراوە و بەردەوام لە گۆشەنیگای ئایدیۆلۆژیکەوە سەیری کراوە.

ڕاستە هەموو زمانەکان ڕەهەند و لایەن و مۆرکی ئایدۆلۆژیکیان تێدایە، بەڵام لەوانەیە زمانی کوردی یەکێک بێ لەو زمانانەی کە زیاتر لە هەر زمانێکی تر ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیکی تێدا بەرجەستە بووبێتەوە. کورد بە حوکمی ئەوەی لە ڕابردوودا و بە تایبەت لە سەدساڵی ڕابردوودا بە سەر چەندین دەوڵەت نەتەوەی جیاجیادا دابەش بووە و بە حوکمی ئەوەی خاوەنی چەندین حیزب و ڕەوت و ڕێکخراوی سیاسیی جیاجیا و تەنانەت هێندێک ڕێبازی ئایینی جیاوازیش بووە، کەواتە ئاساییە نەک هەرلایەنی ئایدیۆلۆژیک بوونی زمانی کوردی زەق بێتەوە بەڵکوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامیشدا بێ لەگەڵ چەندین گوتاری ئایدیۆلۆژیکی جیاجیادا، ئەو گوتارانەی تەنانەت ئەمڕۆکەش هەست پێدەکرێن. زمانی کوردی بەم چەشنە بووەتە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدیۆلۆژیکییەکان. هەرچەند ئەم دیاردەیە لە زمانەکانی تریشدا دەبینرێ، بەڵام زمانی کوردی بە هۆی گەشەنەکردنی لە دەوڵەت - نەتەوەدا و بە تایبەت بە هۆی لە ئارادانەبوونی زمانێکی ڕەسمی ئەو ناوەندە پەروەردەیی و زانستییانەی کە پەیڕەوی لە زمانێکی زانستی یەکدەست بکەن لایەن و تایبەتمەندیی ئایدیۆلۆژیکی بە تەواوی تێدا بەرجەستە بووەتەوە. لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزمی کوردی نەک هەر زمان بە فاکتێکی گرینگی شوناس دەزانێت، بەڵکوو بوونایەتی و جەستەی ئایدیاڵی یەکانگیرانەی خۆیشی لە نیگایەکی واقماوی ئاوێنەی زماندا دەدۆزێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، جەستەی پارچەپارچەبووی خۆی لە ئەمری خەیاڵی و ئایدیاڵی زماندا دەبینێتەوە و هەر بۆیە گرینگیدان بە زمان تان و پۆی ناسیۆنالیزمی کوردی تەنیوە.
لێرەدا پرسیار دێتە پێش، ئایا بە ئایدیۆلۆژی کردنی زمانی کوردی تا چەندە توانیویەتی لە گەڵ پلانی زانستیانەی سیاسەتی زمانی خۆی ڕێک بخات؟ یەکێک لەو مشتومڕ و ململانە ڕۆشنبیرانە و لە هەمان کاتدا سیاسیی لە سەر زمانی کوردی، باسی زمانی ستانداردە کە لەم چەند ساڵەدا زۆر کۆڕوکۆبوونەوە و سیمیناری بێ ئاکامی لە سەر گیراوە.

بێ ئاکام لەو ڕوانگەیەوە کە تاکوو ئێستا ئەو هەوڵانە نەبووەتە بنەمای دارشتنی پلان و سیاسەتێکی زمانی تایبەت و باسەکان تەنیا لە بەستێنی ڕۆشنبیرانەدا ماونەتەوە. زۆرێک لە ڕۆشنبیران و کەسایەتیی سیاسی پێیان وایە کە زمانی



سەرچاوە
Serchawe

ستاندارد و هاوبەشی کوردی، زاراوەی سۆرانییە و بە پشتبەستن بە بەڵگەی تایبەتەوە، لە بواری زانستیشدا پاساوی بۆ دەهێنەوە و جەخت دەکەنە سەر بواری یەکانگیری نەتەوە و دەڵێن کە یەکڕیزی و یەک دەنگی کورد لە زمان دایە و بوونی ئەم هەموو زاراوانە لە کوردیدا دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوون و تێکشکانی ئەو یەکڕیزییە و بۆیە دەبێ کوردیش وەکوو زۆربەی گەلانی جیهان زمانێکی فەرمی و ستانداردی ببێت و ئەویش سۆرانییە. لە هەمان کاتدا ئەوانەی زاراوەی سۆرانی بە زاراوەیەکی پڕپیت بۆ هاوبەشبوون و ستانداردبوون دادەنێن حاشا لە بوونی زاراوەکانی دیکە ناکەن و بەڵکوو باوەڕیان وایە کە زاراوەکانی دیکە دەبێ ببنە پاڵپشتی بەتواناکردنی زاراوەی ستاندارد.لە لایەکی دیکەوە، دەستەیەکی دیکەی ڕووناکبیران ئەم بڕیارەیان پێ زۆر لاواز و لەرزۆکە و پێیان وایە کە هیچ یەک لە کێشەکان چارەسەر ناکات و تەنانەت کێشە خوڵقێنیشە. ئەوان جووت ستاندارد بوون بە باشترین بڕیار دەزانن و پێیان وایە کە دوو زاراوەی سەرەکی کرمانجی و سۆرانی دەبێ وەکوو دوو زاراوەی ستانداردی کوردی ڕابگەیندرێن و چارەسەری پرسی زمانی تەنیا لە دوو ستانداردی دایە. تاقمێکی دیکە هیچ کام لەو دوو ڕوانگەیان پێ درووست نییە و دەڵێن کە زمانی کوردی لەو دۆخەدا نییە کە بتوانێ یەک یا دوو زاراوەی سەرەکی بە ستاندارد ڕابگەیەنێت و بەڵکوو زمانی کوردی خاوەن چەندین زاراوەیە و هەرکامەیان مافی خۆیەتی ببێتە زاراوەی ستاندارد و ئاخێوەرانی حەقیی نووسین و خوێندنیان بەم زاراوانە هەیە.
ئەوەیکە جێگای سرنج و تێڕامانە ناسیۆنالیزمی کوردی وێنەی یەکدەستی خۆی لە زماندا دەبینێتەوە و ئەوانەی کە جەخت لە سەر تاک زاراوەی زمانی کوردی دەکەن یا خاوەن وەها بیروبۆچوونێکن، ئەم تێڕوانینە تەنیا فەرزێکی ئایدیاڵ لە سەر زمان بووە، چونکە ئەم کارە نەیتوانیوە یەکڕیزی و یەکانگیری بێنێتە دی و بەڵکوو زۆرتر بووەتە هۆی شێواندنی کەشی ڕۆشنبیرانە و هەروەها کۆمەڵگەی کوردی. زۆرێک لە زمانناسان تاک زاراوەیی بە فاشیزم و شۆڤێنیزمی زمانی دەزانن و لە کۆمەڵگەی کوردیشدا ئەگەر ئەم ڕوانگەیە هەبێت ، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیرێکی ڕادیکاڵ و ئاسۆیەکی لێڵ و بشێوانە بە نیسبەت زمانی کوردی لێدەکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەمە ناکرێ مۆرکی سیاسەتی زمانی پێوە بدەین چونکە دەستنیشانکەری ڕەوتی بزاوتی زمان و داهاتووی ئەو، سیاسەتی شاراوەی زمانە و سیاسەتی شاراوە شتێک نییە بێجگە لە نواندنەوەی هەستە زمانییەکان و بە دەربڕینێکی دیکە ئایدیۆلۆژی و باوەڕە زمانییەکانی ئاخێوەرانە.


**کۆتا وتە:** زمانی کوردی یەکێک لە بنەما ئەساسییەکانی نەتەوەی کوردە. بۆیە ڕووناکبیران و زمانزانانی کورد پێویستە لە سەر ڕێزمانێکی ستانداردی دیجیتاڵی بە نیسبەت نووسین و خوێندنەوە و چاپ و...هتد لە چوارچێوەی گۆڤار و کتێب و سایتەکانی کورد بەبێ جیاوازی زاراوەکان پلاتفۆرمێکی زمانی لە چوارچێوەی ناوەندێکی ئاکادێمیکی زمانەوانی پێک بێنن و هەموو چین و توێژەکان ڕێنمایی و ڕاسپاردە لەو ناوەندە وەرگرن.

١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# شیکاریی پێکهاتەیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان (٢ - ١)




**شاڕۆخ حەسەن زادە**

بەپێی تیۆریی زیگمۆند فرۆید (١٨٥٦ - ١٩٣٩)، دەروونشیکاری ئۆتریشی، کەسایەتیی مرۆڤ لە سێ توخم پێکهاتوە. ئەو بە بەکارهێنانی ئەم مۆدێلە زەینییە هەوڵ دەدات تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و کارکردی مێشک بەم شێوەیە ڕوون بکاتەوە: "ئەو(Id) "، "خود-من (Ego) "و "ئەوپەڕخود .(Superego) "ئەم سێ توخمە بە لەگەڵ یەکهەڵکردن، ئاکار و هەڵسوکەوتە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ بەرهەم دێنن. "ئەو-ئید"، پێکهێنەری کەسایەتییە کە لە سەرەتای لەدایکبوونی مرۆڤەوە ئامادەیە و بەپێی تیۆریی فرۆید، ئید بە تەواوی ناوشیارە. بە نەرینی فرۆید؛ "ئید بەشی تاریک و نەگۆڕیی کەسایەتیمانە و زانیاریمان لەهەمبەر بنەمای لێکۆڵینەوەی بیر و خەونەکان و پرۆسەی دروستبوونی نیشانەکانی "دەروون پەرێشی" (ئاڵۆزیی دەروونی یان ئاژیتاسیۆن) کە هەتا ئێستا ناسیومانە گەلێک کەمە و زۆربەی تایبەتمەندییەکانی نەرێنییە و دەگەڵ ئیگۆدا دژایەتیی هەیە".

"خود" (ئیگۆ)، ئەو پێکهاتەیە لە کەسایەتییە کە بەرپرسە لە ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع. دۆخی ئیگۆ زۆر ئاڵۆزە چوونکە لە ڕاستیدا لە سێ سەرچاوە ئیلهام وەردەگرێت؛ جیهانی دەرەوە، ئید و سوپەرئیگۆ، هەروەها ئەرکی ئەوەیە هاوسەنگییەک

لەنێوان خۆڕسکە سەرەتاییەکان و واقیعدا ڕابگرێت، لە هەمان کاتدا ڕەزامەندیی ئید و سوپەرئیگۆش بەدەست دەهێنێت. "ئەوپەڕخود" (سوپەرئیگۆ)، ئەو لایەنەی کەسایەتی پێکدێنیت کە سەرجەم ئارمان و پێوەرە ئەخلاقی و دەروونییەکان لەخۆ دەگرێت کە ئێمە لە دایک و باوک و کۆمەڵگە وەری دەگرین یان بۆمان بە میرات ماوەتەوە. سوپەرئیگۆ بەرپرسە لە دەروونیکردنی ڕێساکانی کولتووری و بە گشتی لە ڕێگەی کاریگەریی دایک و باوکەوە وەدیدێت. فرۆید بیرۆکەی سوپەرئیگۆ لە ئاوێتەکردنی چەمکە پێشووەکانی ئیگۆ - ئایدیاڵ و "وزەیەکی دەروونیی تایبەت کە پشکنین دەکات ئیگۆ - ئایدەئال دەگاتە ڕەزامەندیی خۆخوازانە کە ئێمە پێی دەڵێین ویژدان". سوپەرئیگۆ دژی ئید چالاکە و هەموو هەوڵێکی ئەوەیە، خۆی لەگەڵ نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان بگونجێنێت لە کاتێکدا ئید تەنیا ڕەزامەندیی خێرای دەوێت. هەروەها سوپەرئیگۆ هەستی ڕاستیی و هەڵە و ویژدانیی ئێمە کۆنترۆڵ دەکات و یارمەتیمان دەدات ئاکار و هەڵسوکەوتمان لە لایەن کۆمەڵگەوە قبوڵ بکرێت.فرۆید میناکی سەهۆڵەچیای (iceberg) بەکارهێناوە بۆ پێناسەکردنی ساکاریی سێ چینیی مێشک. ئەم مێشکە هەموو پرۆسە زەینییەکانی لەخۆ دەگرێت کە ئێمە ئاگامان لێیە و پلەی خۆئاگایی وەک لووتکەی سەهۆڵەچیا وێنا دەکات؛ بۆ وێنە، ڕەنگە هەر ئێستا هەست بە ماندووبوون بکەم و بخوازم بخەوم. پلەی بەرلە ئاگایی هەست و بیرۆکەکانی لەخۆ دەگرێت کە تاک لە ئێستادا ئاگای لێ نییە، بەڵام بە ئاسانی دەتوانێت بیگوازێتەوە بۆ خودئاگایی، ئەم بەشە بە وردی لە ژێر پلەی خودئاگایی و پێش ناخودئاگاییدایە. بۆ وێنە، تاوەکوو داوام لێ نەکەن شێعری "ناڵەی جودایی" مامۆستا هێمن بخوێنمەوە، لە قۆناغی یەکەمدا شێعرەکە لە مێشکمدا نییە بەڵام دەستبەجێ کە داوام لێکرا ئەم شێعرە دێتەوە بیرم و دەیڵێمەوە.

لە کۆتاییدا، پلەی ناخودئاگا ئەو پرۆسە دەروونییەکان لەخۆدەگرێت کە بۆ خودئاگایی بەردەست نین، بەڵام کاریگەرییان لەسەر شێوەی هەڵسووکەوت، بڕیار و هەستەکانی تاک هەیە. بەپێی ڕوانگەی فرۆید، مێشکی ناخودئاگا سەرچاوەی سەرەکیی هەڵسووکەوتەکانی مرۆڤە. هەروەک چیای سەهۆڵی، گرنگترین بەشی مێشک هەمان ئەو بەشەیە کە ناتوانین بیبینین. هەستەکان، پاڵنەرەکان و بڕیارەکانمان، لە ڕاستیدا بە قووڵی کاریگەرییان لەسەر ئەزموونەکانی ڕابردوومان هەیە، ئەو ئەزموونانەی کە لە ناخودئاگا هەڵگیراون.

لەم نووسینەدا، کەڵک لە تیۆریی سەهۆڵەچیای فرۆید وەردەگرین بۆ شیکردنەوەی دۆخی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەکان بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان و جوگرافیای ئێران.

تیۆری چیای سەهۆڵی فرۆید، کە لە بنەڕەتدا بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی زەینی مرۆڤ دارێژراوە، دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی لە چینە جیاوازەکانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، وەک پێواژۆ مەدەنییەکان باشتر تێبگەین و ئەو هۆکارە

شاراوە و ناڕاستەوخۆیانە بناسین کە کاریگەرییان لەسەر هەیە.

### تیۆریی سەهۆڵەچیا و بەکارهێنانی لە شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان:

**زیگمۆند فرۆید، وەک دەروونشیکارێک مێشکی مرۆڤی بە چیایەکی سەهۆڵی چواندوە کە تەنیا بەشێکی بچووکی دەبینرێت و بەشێکی زۆری لە ژێر ئاودا شاردراوەتەوە. فرۆید مێشکی دابەش کردوە بەسەر سێ ئاستی ئاگایی:**

**خودئاگا:**(Conscious) ئەم ئاستە، بیرۆکەکان، هەستەکان و ئەو ئەزموونانە لەخۆ دەگرێت کە لە ئێستادا ئاگامان لێیە. ئەم ئاستە، وەک لووتکەی چیاکە تەنیا بەشێکی بچووک لە مێشک پێکدەهێنێت و خۆیایە.

**نیوەخۆئاگا:**(Preconscious) ئەم ئاستە، بیرۆکەکان، هەستەکان و ئەو ئەزموونانە لەخۆدەگرێت کە لە ئێستادا ئاگامان لێی نییە، بەڵام بە ئاسانی دەتوانین بیانهێنینە سەر ئاستی خۆئاگایی. ئەم ئاستە وەک بەشێک لە سەهۆڵەچیا کە لە نزیک ئاستی سەر ئاوەکەیە دەبینرێت.

**ناخودئاگا:** (Unconscious) ئەم ئاستە، بیرۆکەکان، هەستەکان و ئەو ئەزموونانە لەخۆدەگرێت کە ئاگامان لێ نییە و بە زەحمەت دەتوانین بیانهێنینە سەر ئاستی خۆئاگایی. ئەم ئاستە وەک بەشێکی زۆری سەهۆڵەچیاکە لە ژێر ئاودا شاردراوەتەوە و دەورێکی گرنگ و بەرچاو لە هەڵسووکەوت و کەسایەتیماندا دەگێڕێت.

تیۆریی سەهۆڵەچیای فرۆید دەتوانرێت وەک خوازەیەک بۆ شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەکار بهێنرێت کە ئێمە ئەوە بە پێکهاتەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی قالب دەکەین و هەڵیدەسەنگێنین. لەم خوازەیەدا، بەشی بینراوی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی (وەک بزووتنەوەیەک) نیشاندەری لایەنە ئاشکرا و بینراوەکانی ئەوە، لە کاتێکدا بەشە شاراوەکەی نیشاندەری هۆکارە ناڕاستەوخۆکان، ڕەگ و ڕیشەکان و بەستێنی کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژووییەکانن کە یارمەتیدەرن لە شەقڵگرتنی ئەو دیاردەیە.

**بە بەکارهێنانی تیۆری سەهۆڵەچیای فرۆید، دەتوانرێت بزووتنەوەکان و بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێراندا بەسەر سێ توێژدا دابەش بکەین:**

**A ئاستی ئاشکرا (لووتکەی سەهۆڵەچیا):**



سەرچاوە
Serchawe

**ئەم ئاستە لایەنە بینراو و هەستپێکراوەکانی کۆمەڵگە و ئەو هۆکارانە لەخۆدەگرێت کە دەبنە هۆی دروستبوونی بەربزووتنەوەکان، مانگرتن، ناڕەزایەتییەکان و بزووتنەوە مەدەنییەکان. ئەم هۆکارانە بریتین لە:**

١- ڕێکخراوەکان، دامەزراوەکان و چالاکانی مەدەنی کە بە شێوەیەکی ئاشکرا و فەرمی چالاکیی دەکەن. ئەم ڕێکخراو و چالاکوانە جیاوازەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لەوانە ژینگە، ژنان، مافەکانی مرۆڤ، ئەدەبی، زمانی، کولتووری، کرێکاری، سیاسی و پیشەیی چالاکی دەکەن و هەوڵ دەدەن بە چالاکییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، ئاستی ڕۆشنبیری تاک لە کۆمەڵگەدا بەرنە بان و ورەی هاوکاری و یارمەتی بەرز بکەنەوە، هەروەها یارمەتیدەر بن لە باشترکردنی دۆخی کۆمەڵگە و بەشداری پێکردنیان لە بوارە جیاوازەکاندا.

**B چینی ناوەڕاست (بەشی هاوئاستی ژوورئاو):**

ئەم ئاستە تۆڕە نافەرمییەکان، پەیوەندییە کەسییەکان و بەها هاوبەشەکان لەخۆدەگرێت کە ڕێکخراوەکان، دامەزراوەکان و چالاکوانانی مەدەنی بە یەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم ڕایەڵکانە، پەیوەندییەکان و بایەخەکان، یارمەتیدەری ئاسانکردنی هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان چالاکوانانی مەدەنی دەکەن و بەستێن بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێز و یەکگرتوو خۆش دەکەن.

**C چینی قووڵ (بەشی شاراوە لەژێر ئاو):**

ئەم ئاستە ڕەگ و ڕیشە سیاسییەکان، مێژوویییەکان، کلتوورییەکان و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان لەخۆدەگرێت. ئەم ڕەگ و توخمانە، خەباتەکانی ئازادیخوازانە، نەریتی هاوکاری، بەها دیموکراسییەکان، مافەکانی مرۆڤ و ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی ڕابردوو لەخۆدەگرێت. ئەم بنەمایانە، گڕوتین و هەوێنی دەبەخشنە کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرگری دەکەن لە بەرامبەر هەڕەشە و بەربەستەکاندا. لەلایەکی تریشەوە قەیرانەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وەک هۆکارێکی دیکە بۆ دروستبوونی بزووتنەوەکان پاڵنەرن **کە دەکرێ ئاماژە بەم خاڵانەی بەرەوە بکەین:**

- کێشە ئابوورییەکانی وەک هەژاری، بێکاری، گرانی، ڕانت و گەندەڵیی بەربڵاو.
- کێشە سیاسییەکان، وەک نەبوونی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، سەرکوتکردنی پرتوندوتیژ، نایەکسانییە ئەتنیکییەکان، جیاکاریی و هەڵاواردنی ڕەگەزی و ئایینی، پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ.



سەرچاوە
Serchawe

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

- کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک؛ نەبوون یان کەمیی خانووبەرە، لاوازبوونی کەرتی تەندروستی، پەروەردە، خۆکوژی، تەڵاق، نەبوونی هیوا بۆ داهاتوو، ڕێژەی بەرزی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و تاوانە جۆراوجۆرەکان.
- کێشە کلتوورییەکانی وەک سانسۆر، ڕێز نەگرتن لە فرەچەشنیی کلتووری، زمانی، حیجابی زۆرەملێ، بەرهەمهێنانەوەی سیستەماتیکی تواندنەوەی نەتەوەیی.
- سیاسەتی دەرەوە، هەناردەکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی، دەستتێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە بە بەکارهێنانی هێزە نیابەتییەکان.

بە بەکارهێنانی تیۆری سەهۆڵەچیای فرۆید، وەک توێژ و لایەنە جۆربەجۆرەکانی زەینی مرۆڤ دەکرێت ئەو هۆکارە شاراوە و ڕیشەییانەی کە ڕێگری دەکەن لە دروستبوونی بزووتنەوەی بەرفرەوان لە ئێراندا دەستنیشان بکرێن. هۆکارەکان دەتوانن ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ بگرن:

نەبوونی متمانە لە نێوان دامەزراوە و ڕەوت و حیزبە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی و نەتەوەکانی دیکە، ناکۆکیی ڕوانین و هاوکاری نەکردنی نێوان ڕەوتە سیاسی و ئەتنیکییەکان، کە ئەمە ڕێگری دەکات لە هاوکاری، هاوسۆزی و دروستبوونی بزووتنەوەی بەربڵاو بۆ گۆڕانکاری و گواستنەوە دەسەڵات.

بێ هیوایی لە کەسایەتی و ڕەوتە جیاوازەکان و ترس لە سەرکوتکردنی پڕتوندوتیژیی حکومەتی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان لە بەشداریکردنی چالاکانەی نارەزایەتییەکاندا ببوێرن و دروستبوونی بزووتنەوەی گشتگیر تووشی کێشە و دواکەوتن دەکات.
نائومێدی لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای تێچووی زۆر، هەروەها نەبوونی متمانە و قەیرانی گوتاری هاوبەش و تەنانەت فرەنەتەوەبوونی ئێران دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک بە بیروباوەڕی جیاوازەوە پاڵپشتی لە چالاکییەکان نەکەن و دروستبوونی بزووتنەوەی بەرفرەوان دژوار دەکات.

نەبوون یان کەمبوونی ئاگایی لەهەمبەر ماف و ئازادییە سیاسییەکان، کێبرکێی ناتەندرووست، متمانە بەخۆنەبوون، قەیران و ئاڵۆزی کۆمەڵگە و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی نەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر لە چالاکییە مەدەنییەکاندا بەشداری بکەن و دروستبوونی بزووتنەوەی بەربڵاو و هەمەلایەن دوا دەخات.

١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ٨ی مارس؛ خەبات بەردەوامە




هەردی سەلیمی

هەشتی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن، ڕۆژێکە بۆ وەبیرهێنانەوەی بەردەوامیی خەبات لە پێناوی یەکسانیی ژن و پیاو و هەروەها سڕینەوە و نەهێشتنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی، ڕۆژێک کە لە ١١٥ ساڵ لەمەوبەرەوە هەموو ساڵێ یاد دەکرێتەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنان لە هەموو جیهاندا و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەهەندەکانی ماف، پێشکەوتنی زۆری بە خۆوە بینیوە و ئێستا لە ئاستێکی حاشا لێنەکراودایە. سەرەتای بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ژنان لە جیهاندا زیاتر لایەنی ئابووری و نەهێشتنی ستەمی چینایەتیی دەگرتەوە، هاوکات بۆ مافە سەرەتاییە سیاسییەکانیش ئەم هەوڵانە دەبینران، وەک بەدەستهێنانی مافی دەنگدان و خۆبەربژێرکردن و... بەڵام هەتا هات ئەم خەبات و هەوڵانە وێڕای پاراستنی دەسکەوتەکانی پێشوو و بەردەوامی لەو داوایانە بۆ هەموو شوێنێکی جیهان، هەم لایەنی زیاتری لێ دەرکەوت و هەمیش پەرەی زۆرتری ستاند.

هەر ئێستاش و تەنانەت لە جیهانی مۆدێرنی ڕۆژاواشدا ژنان هێشتا لەگەڵ کۆمەڵێک ستەم و نایەکسانیی زۆر بەرەوڕوون و ئاسۆی گەیشتن بە یەکسانییەکی نەتەنیا ڕەها بەڵکوو ڕێژەییش هەر بەدەست نەهاتووە. بۆ نموونە هەر ئێستاش دنیای

سیاسەت و دەوڵەتداری و... لە پاوانی پیاواندایە، هەنووکەش لە زۆر وڵاتی جیهان و یەک لەوان ئەمریکا ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافی لەباربردنی منداڵ لە شەڕدان. ئەم کێشە و کەموکووڕییانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە چەند قات زیاترن و بەدەستهێنانی سەرەکیترین مافەکان، زۆر دوورتر دەنوێنن، بەڵام نائەگەر نا، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بەردەوامیی خەباتە.

ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تەنانەت لە مافی سەرەتاییی هەڵبژاردنی جلوبەرگ و پۆششیشدا بێبەشن و ئەوە ٤٦ ساڵە لەم پێناوەدا خەبات دەکەن و نافەرمانیی مەدەنی بەڕێوە دەبەن. پڕبوونی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانییانی ژن و سەپاندنی حوکمی سێدارە بەسەر چالاکانی سیاسیی ژن لەو وڵاتەدا، نیشان لە بەردەوامی و مکوڕبوونی ئەم خەباتەیە. سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و بەئامانجگرتنی گشتییەتی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێران و بەتایبەتی پرسی حیجابی زۆرەملێ وەک یەکێک لە سوورترین هێڵەکانی ئەم دەسەڵاتە، شایەدێکە بۆ شێلگیریی ئەم بزووتنەوەیە و ڕادەی پێشکەوتن و بەرینبوونەوەکەی؛ ئەم بەردەوامی و پێشکەوتنە گەرەنتییەکە بۆ دەستەبەربوونی کۆمەڵێک دەسکەوتی بەنرخ و لەدایکبوونی کۆمەڵێکی تر داواکاریی نوێ و زیاتر.

لە ئێستای ئێراندا بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنان ڕاستە سەرکوتێکی زۆری لەسەرە و دەسەڵات لە ڕووی سیاسییەوە دان بە پاشەکشێدا نانێ و تەنانەت لە هەوڵی پەسەندکردنی یاسای دژەژنانەی زیاتریشە، بەڵام بەکردەوە ناچار بە پاشەکشێی زۆر بووە. هەر ئەم بابەتەش بووەتە هۆی ئەوە باوەڕبەخۆییی بزووتنەوەی ژنان لەو وڵاتەدا گەشە بکات و شوێنپێی قایمتر بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی ئاماژەیەک بە کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان لەم ڕۆژەدا بکرێ، ئەوەش بڵێین کە لە بەشێک لە بزووتنەوەی ژنانی ناوەندا کە خەمی خاکیان نییە ئەوە دەبینین کە لە بیرۆکەی بزووتنەوە فیمینیستییە لیبراڵییەکانی دنیا نزیک دەبنەوە، بۆیە هەندێک لە بەناو چالاکانی ناوەندگەرای مافی ژنان بە ناهەق و ناڕەوا پێیانوایە بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان، بزووتنەوەی ژنانی خستووەتە ژێر سێبەری خۆی و نەیهێشتووە گەشە بکات، بەڵام ڕێک بەپێچەوانەیە، چون یەکەم ئەوەی کە بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد بە هیچ چەشنێک - لانیکەم لە ویژمانی خۆیدا - پیاوسالارانە نییە و لەسەر بنەمای پاشایەتی و میراتگریی نێرینە و دروشمی وەک "مرد، میهن، آبادی" دانەمەزراوە و هەوڵ دەدا لەگەڵ ڕزگاریی نەتەوەیی، هەموو زنجیرەکانی دیلیی دیکەش بپچڕێنێ. زۆربەی زۆری ژنانی کورد توانیویانە دووانەی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ستەمی ڕەگەزی و نەتەوایەتی لە دەروونی خۆیاندا جێگیر بکەن و لە یەک ڕێوە هەنگاو بۆ گەیشتن بەو ڕزگارییانە هەڵێنن. ئەمە مێژووی خەباتی سیاسیی کوردستان نیشانی داوە و ئەم مێژووە شایەدە بۆ ئەوەی ژنان لەم



سەرچاوە
Serchawe

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

پرۆسەیەدا نەتەنیا پەراوێزخراو و قوربانی نەبوون، بەڵکوو لە ئەکتەرە سەرەکییەکان بوون. لێرە بزووتنەوەی ژنان تایبەتمەندیی بزووتنەوەی فیمینستیی دژەداگیرکاریی پێوە دیارە، بۆیە بە شێوەی هاوتەریب و هاوکات هەموو ڕەهەندەکانی دەسەڵات و باڵادەستی ڕەد دەکاتەوە و لەدژی ڕادەوەستێ.

وەک باس کرا هێشتاش ژنان لە هیچ کوێی ئەم گۆی زەوییە بەو مافانەی وا شیاویانە نەگەیشتوون و ڕێیەکی پڕهەورازیان لە بەردەمدایە، لە هەندێک شوێن زیاتر چوونەتە پێش و لە هەندێک شوێنیش جارێ دارەدارەیانە و لە سەرەتای ڕێبڕیندان؛ لەم ڕۆژەدا کە ڕۆژی جیهانیی ژنە وێڕای بەرزنرخاندنی خەباتی هەموو ژنان لە هەموو جیهاندا، هیوا دەخوازین و دڵنیاشین لەوەی ئەم ڕەوتە هەتا گەیشتن بە دوامزڵی مەبەست هەر درێژەی دەبێت.

**١٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# **فرمێسک ڕەزایی**: ژنان کۆڵەکەی ئازادی هەر کۆمەڵگەیەکن واتە پێوەری ئازادی وڵاتەکان بە ئازادی ژنان پێوانە و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەکرێت



**وتووێژ**: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

**هەشتی مارس، ڕۆژێکە کە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ماف و داخوازییە ڕەواکانی ژنان لە ئاستی دنیادا بە "ڕۆژی جیهانیی ژنان" ناودێر کراوە، و هەموو ساڵێک لەلایەن ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی دنیاوە یادی ئەم ڕۆژە دەکرێتەوە و تێیدا باس لە دۆخ و ڕەوشی مافی ژنان دەکرێ. بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە نابێ ڕێزگرتن لە ژنان و مافەکانیان تەنیا قەتیس بکرێتەوە بە ڕۆژێک، بەڵکوو هەموو ڕۆژێک دەبێ ڕۆژی ژنان بێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەوە ژنانن کە ژیان پێک دێنن و کۆمەڵگە بونیاد دەنێنەوە. لە وتووێژێکدا لەگەڵ خاتوو فرمێسک ڕەزایی، چالاکی سیاسی ئەو باسەمان کردووەتەوە:**

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو فرمێسک زۆر سپاس بۆ ئەم دەرفەتە با بەم پرسیارەوە وتووێژەکە دەست پێ بکەین کە بۆچی



سەرچاوە
Serchawe

**هەشتی مارس وەک "ڕۆژی جیهانیی ژنان" لە ئاستی دنیادا دیاریکرا و مێژووی ئەم ڕۆژە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**فرمێسک ڕەزایی**: هەشتی مارس کە سەرەتا بە ناوی ڕۆژی جیهانیی ژنانی کرێکار ناونراوە بوو، بەهۆی ئەوەیکە لە ڕۆژی هەشتی مارسی ١٨٥٧دا ژنانی کرێکاری کارگەی ڕستن و چنین لە شاری نیۆیۆرک هاتنەسەر شەقام و داوای مافەکانی خۆیان کرد، ئەم ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە لەلایەن هێزی پۆلیسەوە سەرکوت کرا، بەڵام پاش پەنجا ساڵ خۆڕاگری و بەردەوامبوون لە خەبات، دیسان ژنان لە کارگەکان خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد و مانگرتنیان دەستی پێکرد، بەڵام پاسەوانەکان درگایان لەسەر داخستن و بە هۆکارێکی نادیار کارگەکە ئاگری تێبەر بوو و جگە لە چەند کەسێک هەموو ئەو ژنانە سووتێندران. ژنانی درێژەدەری ئەو خەباتە، هەموو ساڵێک لە یەکشەممەی کۆتایی مانگی فێوریە خۆپیشاندانی گشتییان لە ئامریکا بەڕێوە برد، کلارا زتکین، یەکێ لە بەناوبانگترین پارێزەرانی مافی ژنان، لە ڕۆژی ٢٧ی ئاگۆستی ١٩٧٠ لە شاری کۆپێنهاکی دانمارک لە ئەنجومەنێک بە بەشداری ١٧ وڵات ڕۆژی هەشتی مارسی بە ناوی ڕۆژی ژنان و هاوپەیمانی بۆ پاراستنی ژنان و خەبات دژ بە نابەرابەری و جیاوازی و هەڵاواردن دژی ژنان دیاریکرد. هەشتی مارس بەدەر لە جیاوازە سیاسی و ئایینی و فکرییەکان ڕۆژێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی جیهانی بە گەڕانەوە بۆ مێژووی خوێناوی و پڕ لە خەبات و ماندووبوون لەوە تێبگەن کە ژنگەلێکی خەباتکار بە ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان، ڕۆژێکیان وەک ڕۆژی ژن لە مێژوودا تۆمار کردوە.

**شەهرام سوبحانی**: **پێوەندیدار بە پرسیاری پێشوو ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە مافی ژنان و داکۆکی لەسەر داخوازییەکانیان چەندە توانیویەتی لە چوارچێوەی پراکتیکی دەوڵەتان و ڕێکخراوە مەدەنی و مرۆڤییەکان ڕەنگدانەوەی بێت؟**

**فرمێسک ڕەزایی**: هەشتی مارس ڕۆژێکی گرینگ لە ڕۆژژمێری جیهانییە، لەم ڕۆژەدا تێکڕای ژنان و پارێزەرانی مافی ژنان هاودەنگ دەبن، تێکڕای ڕێکخراوە فێمێنیستییەکان چڕوپڕتر لە هەموو کاتێک دەپرژێنە سەر پرسی ژنان و ژنانی ترەنس. ئامانجی ئەم یەکدەنگییە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی و دەوڵەتەکان بەتایبەتی بە شێوەی جددیتر لەسەر پرسی ژنان و ژنانی ترەنس بڕوانن و کاری بۆ بکەن. ئەگەر ژنان لە وڵاتە جیاوازەکان بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوونەتە خاوەن مافە سەرەتاییەکان، و دەرفەتێکیان بۆ ڕەخساوە، هەموو بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوە فێمێنیستییەکان بووە. ئەگەر یاساگەلێک وەکوو مافی دەنگدان وەکوو لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و... هتد. پەسەند کراون هەمووی ئامانجی خەباتێکی درێژماوە و قوربانیدانی ڕێکخراوە فێمێنیستییەکانە. بەڵام وەک دیارە سەرەڕای تێچوویەکی یەکجار زۆر تا گەیشتن بە یەکسانی، ئەم تێکۆشانە، ئەم خەباتە هەر بەردەوام دەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی: لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە سەرەڕای ئەوەیکە ژنان بزوێنەری سەرەکی شۆڕشی(ژن، ژیان، ئازادی) بوون بەڵام بەداخەوە بەشێکیش هەن کە نایانهەوێ ئازاد بن لەو یاسا و چوارچێوانەی کە دەیان چەوسێنێتەوە، پێتان وایە هۆکار چییە و ڕێگەی چارەسەری چۆن دەبێت؟**



**فرمێسک ڕەزایی**

**فرمێسک ڕەزایی:** نەبوونی بڕوا بەخۆبوون و مانەوە لە چوارچێوەی زوڵم و ستەم، هەمووی ئەنجامی سەرکوتی پیاوسالارییە، لە مێژەوە دەسەڵاتی پیاوسالارانە لە کوردستاندا وەکوو زۆربەی لە نەتەوەکانی دیکە زاڵ بووە بەسەر ژناندا و وای کردووە کە ژنان نەتوانن بەپێی پێویست پەروەردە بکرێن، ئەم ژنگەلە لە بنەماڵەیەک پەروەردە کراون کە پیاوانی بنەماڵە پێوەری «ژنی باشبوون»یان دیاری کردووە، و پێوەرەکان هەموو پێوەری کۆیلایەتیین، ژنێک ئەگەر پێچەوانەی ئەو پێوەرانە بجووڵێتەوە و لەو بازنەیەدا بێتەدەر، کەواتە دەچێتە نێو ڕیزی «ژنی خراپ»وە. ئەمە وایکردووە کە هەندێک لە ژنان بترسن لەوەیکە هەوڵ بەن بۆ دەستەبەرکردنی خواست و مافەکانیان.

**شەهرام سوبحانی: پێوەندیدار بە پرسیاری پێشوو، شۆڕشی ژینا چەندە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەم چینەی کۆمەڵگەدا هەبوو؟**

**فرمێسک ڕەزایی:** شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» ئەو شۆڕشە بوو کە پیاوسالاری لێ دەترسا و دەسەڵاتی پیاوسالار ساڵانێک بە هەموو هێزیانەوە هەوڵیان دا کە ئەم شۆڕشە لە بنەڕەتەوە سەرکوت بکەن، و نەیانتوانی. بێگومان شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" کاری یەک ڕۆژ و دوو ڕۆژ نەبوو، بەڵکوو بەرهەمی دەیان ساڵ تێکۆشانی بێوچان بوو، بەرهەمی خۆڕاگری و خەباتی

کەسگەلێک وەکوو "زەینەب جەلالیان" کە پێش پازدەساڵ لە سەر دیواری بەندیخانە نووسیوە «ژن، ژیان، ئازادی» و دەیان و سەدان ژنی دیکە کە لەم ڕێگەیەدا گیانیان بەخت کردووە. بە چاوخشاندێک لە دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگەی کوردستان جیاوازییەکی بەرچاو لەگەڵ پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" هەستی پێ ئەکرێت و دیارە. هەرچەندە ئەستەمە کە سەرکوت و چەوساندنەوەی ژنان بە تەواوەتی بنبڕ بکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە کە ژنان مافەکانیان بناسن تەنانەت ئەگەر نەتوانن و ئەو دەرفەتیان بۆ نەڕەخست کە دەستەبەری بکەن، چونکە یەکەم هەنگاو بۆ ڕزگاری لە کۆیلایەتی، ناسینی ماف و ئازادییە و زانستی گەیشتن بە ئازادییە.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان لە ئازادی و وشیاری ژن تۆقیون؟

**فرمێسک ڕەزایی**: بناغەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لەسەر چەوساندنەوە و سەرکوت چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیە بەتایبەتی ژنان هەڵچنراوە. ژنان کۆڵەکەی ئازادی هەر کۆمەڵگەیەکن واتە پێوەری ئازادی وڵاتەکان بە ئازادی ژنان پێوانە و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەکرێت. ئەمە فەلسەفەیەکە کە تەواوی دەوڵەتە دێموکراتیک و دیکتاتۆرەکان پێ گەیشتوون و لە دەسەڵاتی دێموکراتیک ڕۆژ بە ڕۆژ ژنان زیاتر ئەتوانن مافەکانیان بچەسپێنن و بە پێچەوانەوە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆر و تۆتالیتەر ڕۆژ بە ڕۆژ ژنان زیاتر دەچەوسێننەوە، ئازادی ژنان واتە هەنگاوێک بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، ژنێکە خاوەن ڕۆحی ئازاد بێت دەبێتە سەرچاوەی بیرو هزرێکی ئازاد و هەروەها کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگە دادەنێت. دەسەڵاتی دیکتاتۆر لە ڕێگەی سەرکوتی ژنان و هەڵخڕاندنی پیاوان و گەشەپێدانی پیاوسالاری و هزری دژە ژن، مانەوەی خۆی گارانتی دەکات. بۆ نموونە حکوومەتی تالیبان هەر لە ئێستەوە بە هەموو توانایەوە کچان سەرکوت دەکات بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا کۆمەڵگەیەک گوێڕایەڵ پەروەردە بکات. ئەوان باش لە هێز و توانای ژنان تێگەیشتوون و تاکە ڕێگەیان بۆ بەردەوامی دەسەڵاتیان، سەرکوتی هێزی ژنانە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو بەربەستانەی کە پێش بە ئازادی و مافی ژنانن ئەگرێ، چین؟ و ژنان چۆن دەتوانن بەرپەرچی ئەوانە بدەنەوە و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەختەوەر پێک بێنن؟

**فرمێسک ڕەزایی**: هەنگاوی یەکەم وەک باسم کرد ناسینی مافەکانە، هەنگاوی دووهەم پاش ناسینی مافەکان، هەوڵدان بۆ پێشکەوتنە، بەڵام بەربەستەکان لەم ڕێگەیەدا یەک لە دوای یەک خۆیان دەردەخەن، دەکرێت ئەم بەربەستانە لە سێ خاڵدا ئاماژەی پێ بکرێت، یەکەم بنەماڵە و کۆمەڵگە، دووهەم ئایین و سێهەم کە ئەستەمترین بەربەستە بۆ دەرباز بوون یاسا و دەسەڵاتە. هەندێک لە ژنان دەتوانن لەسەر بەربەستی یەکەم کە بنەماڵە و کۆمەڵگەیە دەرباز بن و هەندێکیش کە

بەپێی ئامار، ڕێژەیان زۆرە لەم هەنگاوەدا لەلایەن پیاوانی بنەماڵەوە دەکوژرێن، و لە ئەگەری دەرباز بوون لەگەڵ ئایینـدا ڕووبەڕوو ئەبنەوە، بە تەواوەتی ئایینەکان لە دژی ژنان دارێژراون و لە هەر ئایینێک بەشێوازی جۆراوجۆر. بەڵام گرنگترین و ئەستەمترین بەربەست یاسا و دەسەڵاتە. دەرباز بوون بەسەر یاسادا تا ڕادەیەکی زۆر مەحاڵە. بۆیە هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکردبوو، ئامانجی خەباتی ڕێکخراوە فێمێنیستییەکان، چەسپاندن و داڕشتنی یاسای نوێی و بە پێوەری یەکسانییە. هەروەها جیاوازی ئەو وڵاتانەی کە ژنان توانیویانە مافەکانیان دەستەبەر بکەن، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی یاسا. یاسا دەتوانێت ئاسانکاری بکات و بە پێچەوانەوە ڕێگر بێت لە بەردەم بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنان. ژنانی بەندکراو لە بەندیخانەکان نموونەیەکی دیارن بۆ ئەم بابەتە، کەسانێک وەکوو "ژینا مودەڕێس گورجی" کە لە هەموو بەربەستەکان دەرباز بوون، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی یاسایەکی دادپەروەرانە ئێستا لە بەندیخانەدایە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر بە چاوێکی خەسارناسییەوە بڕوانینە ئەم مەسەلە پێتان وایە پرسی ژن و مافی ژنان چەندە لە چوارچێوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا ڕەنگدانەوەی بووە؟

**فرمێسک ڕەزایی**: هەنووکە ژنان لە پێشکەوتووترین وڵاتەکانیش نەیانتوانیوە مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەیکە لە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی ژن بە تەواوەتی چارەسەر بکرێت و تەواو مافەکان بدرێت، چاوەڕوانییەکی ژیربێژانە نییە، بەڵام هاوکات ئەکرێت ئەم ڕەخنەیە ئاراستەی ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێت. ئاشکرایە کە وەک پێویست ڕێگە بە ژنان نادرێت کە سەرکەون و خۆیان لە ئاستی ڕێبەریی و ... ببیننەوە، بەڵام حاشاهەڵنەگرە کە زۆرێک لە ژنان هەر لە چوارچێوەی ئەحزابدا خۆیان دۆزیوەتەوە. هەر لە ڕابردوو تاکوو ئێستا چەک هەڵگرتن و شەڕ لە دژی دەسەڵاتە ملهۆڕەکان، بۆتە هۆکارێک کە ژنان توانای خۆیان ببیننەوە و ئاستی هێزی و تێفکرینی خۆیان بناسێنن، و هەروەها لە ئەو دەرفەتە ڕەخساوە کە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی پەروەردە بکرێن.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو فرمێسک سپاس بۆ بەشداری کردنتان لەم وتووێژەدا و ماندووش نەبن


**فرمێسک ڕەزایی**: زۆر سپاس بۆ ئەم دەرفەتە و ئێوەش ماندوو نەبن.

١٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## لە کێبڕکێی قژ و ڕیشدا، وا دیارە قژ دەیباتەوە



**دارسمە**

کارگەیەکی دروستکردنی "کڵاوقژ" یان قژی دەستکرد لەم ڕۆژانەی دواییدا لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە؛ وەک گەورەترین کۆمپانیا و کارگەی هەناردەکردنی قژی سروشتی لە باشووری ئێران، پێویستیمان بە قژی سروشتیی درێژتر لە ٥٠ سانتی میترە. ئەم کارگەیە دەڵێت: هەموو جۆرە قژێکی لوول و لووس و ڕەنگکراو و ڕەنگنەکراو بە بەرزترین نرخی باوی سەردەم دەکڕین و پارەکەشی لە ڕێگەی سەرهێڵەوە دەدەین بە قژفرۆشەکە و هەروەها خاتوونێکی شارەزا و لێهاتوو، لە ماڵی قژفرۆش بەئارامی قژی فرۆشراو دەبڕێت.

سووکە گەڕانێک بە نێو دنیای ئینتەرنێتدا دەریدەخات برەوی بازاڕی کڕین و فرۆشتنی قژی دەستکرد چۆنە. ئەو ماڵپەڕانەی ڕاستەوخۆ وەک بازاڕی سەرهێڵن، هەموو شتێک بۆ کڕین و بۆ فرۆشتن پێشانی کڕیاران و فرۆشیاران دەدەن. یەکێک لەم ماڵپەڕانە لە بەشی کڕینوفرۆشتنی ئەم کەرەستەخاوەدا بانگەوازی فرۆشتنی چەندین جۆر قژی فرۆشیاران و داواکاریی چەندین کڕیاریشی بڵاو کردووەتەوە و دیارە قژی سروشتی تەنیا کەرەستەی خاوە، بەردەوام بە خاوی جوانە.

هەتا ئێرە هەموو شتێک ئاساییە و لە جێگەی خۆیدایە. لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە و ئەویش ئەمەیە لە هەموو وڵاتان کڕین و فرۆشتنی قژ هەیە و لەبەرچی ئێمەش لەم بازاڕە ئابوورییە بێبەش بین؟ هەروەها هەبوونی بازاڕی سەرهێڵیش خۆی یەکێک لەو نیشانانەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابوورییە.

بازاڕی فرۆشتنی قژ خۆی نیشانەی پشتکردن لە کولتووری کۆنی ڕابردوو و ڕووکردنە سەردەمێکی نوێیە و ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی خۆهەڵفشاندنی بەرەی ئەم سەردەمە بە سەر بەرەی کۆن و بەرەکانی ڕابردوودا.

ساڵانی پێشوو کاتێک ژنێکیان سەرکۆنە دەکرد، قژیان دەتاشی و ئەمەش وەک بێڕێزییەکی گەورە سەیری دەکرا. لەلایەکی دیکەوە ژنان لە ترسی لۆمەی ئەملا وئەولا نەیاندەوێرا قژیان کورت بکەنەوە، بەڵام ئێستا ژنی قژکورت بە تایبەت ئەوانەی لە نەکاو قژیان کورت دەبێتەوە، وەک ژنانی ماڵدار و ئابووریناس دەناسرێن. لە کاتێکی وەهادا گومانی تێدا نیە پێستی سەر و پێوازۆکەی بنی مووش ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر دۆخی ئابووریی ئەو خانمەی قژی کورتە.

لەمەودوا هەرگیز خەسووی داخلەدڵ ئاواتەخواز نابن ئەم بووکانەیان قژیان بە بڕین بچێت، بەڵکوو پێچەوانە حەز دەکەن قژی بووکەکانیان ئەوەندە درێژ بێت، زەوی بماڵێت و بازاڕی قژ فرۆشتنیش زۆر سارد و سڕ بێت و قژ بەسەر دەستی بووکاندا بمێنێتەوە.

بازاڕی قژفرۆشی لە هەموو بوارێکەوە خزمەت بە مرۆڤ دەکات و هیچ بە دووری مەزانن ببێتە هۆیەک بۆ پتەوکردنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاوان. لە وەها کاتێکدا دەکرێت پیاوانیش وەک ژنان بکەونە بیری ئەم سەرچاوە ئابوورییە بەنرخە و وەک ژنان خەریکی قژ فرۆشتن بن. لێرەدا ئیدی قژی درێژی پیاوان بۆیان بە عەیبە لێکنادرێتەوە و قژکورتیی ژنانیش نابێتە عەیبە. بەم جۆرە کۆمەڵی ئێرومێ لە ڕواڵەتیاندا هەنگاوێکی گەورەی وەک قەڵەمبازی کەروێشکی دەشتێ بەرەو یەکسانی داوێن.

لە کاتێکدا درێژبوونی قژی مرۆڤ بە جۆرێکی مامناوەندی لە ماوەی سێ مانگاندا نزیکەی چوار سانتیمیتر درێژ دەبێت و لە ساڵێکدا دەگاتە نزیکەی دە بۆ دوازدە سانتیمیتر، هەر ژن و پیاوێک دەتوانێت لەماوەی چوار ساڵدا جارێک دەستە قژێکی نزیکەی نیو میتر درێژ بفرۆشێت. لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە داخێکی گرانەوە ئاورێکیش لە ژنان و پیاوانی کلۆڵ و سەرلووس بدەینەوە و لە بێبەشبوونیان لە بازاڕی قژفرۆشتن هاوبەشی خەمیان بین.



سەرچاوە
Serchawe

رەشەمەی ٢٧٢٤

ئەم دۆخە ڕەنگە بۆ ئابووریی وڵاتیش باش بێت. لەلایەک هەناردەی "کڵاوقژ"ی سروشتی بۆ دەرەوە دەبێتە هۆی هاتنی دراوی بیانی بۆ نێو وڵات و هیچ بە دووری مەزانن هەناردەی ساڵانەی قژی دەیان ملیۆن کەس بۆ دەرەوە، ببێتە هۆی دابەزینی نرخی دۆلار و بەرزبوونەوەی تمەنەکەی خۆمان.

ڕەنگە لەمەودوا ئەم گەشتی ئیرشاد و شتەش نەمێنن و بەرپرسانی چازان بیر لەوە بکەنەوە چی دیکە مووچە نەدەن بە ئەوانەی قژی ژنان و کچان بە شەقاماندا ڕادەکێشن و سەرەڕای گەڕانەوەی ئەم مووچانە بۆ نێو خەزێنەی دەوڵەت، لەمەودوا قژڕاکێشانیش زیان بە ئابووریی دەوڵەمەندی هەناردەکردنی کڵاوقژ ناگەیەنێت.


بە دووریشی مەزانن ئەو قژانەی با دەیانشەکێنێت، باشتر خۆ ڕابکێشن و درێژ بن. ئەمەش یارمەتییەکی باشە بۆ بەهێزبوونی ئابووری. ئەگەر باش خزمەتی پێشاژۆی قژپەروەری و قژفرۆشی بکرێت؛ هەناردەی قژ جێگەی هەناردەی نەوت دەگرێتەوە و ئەم سزا ئابوورییانەی لەسەر هەناردەی نەوتی ئێرانن، لەمەودوا خەو لە چاوی مەسئولینی موحتەڕەم نازڕێنن. وەک ئاگادارن لە سایەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا بەردەوام بایەخی وزەی پاک و نوێبووەوە بە سەر وزەی نەوت و گازدا زاڵ دەبێت. لەم دۆخەدا لە سایەی ئەو قژانەی بۆ فرۆشتن خزمەتیان دەکرێت و با دەیانشەکێنێتەوە، بە بۆنی ئەم قژانەوە هەوا ئەوەندە پاک دەبێت، کەس بە خەمی مەترسی لەسەر بەرگەهەوای دەوری گۆی زەوی ناتلێتەوە و مرۆڤ ڕۆژ بە ڕۆژ جوانتر دەبێت و هەر چوار وەرزی ساڵ دەچنەوە شوێنی خۆیان. کرێوە و شێڵوە و پەلەپووشە و باسریشک و نوابەفر و ڕێژەنباران و بۆنی گوڵان و کەروێشگەی گەنم و جۆش دەبنە هۆی پەرەسەندنی گەشت و سەیران و داوەت و هەڵپەڕین. لە هەمووی گرنگتر، دەستەڵاتی ئابووریی قژ لە دەستەڵاتی ڕیش کاریگەرتر دەبێت و بە سەریدا زاڵ دەبێت.

١٩ی رەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# نوێنەری زامی گەل و مێژووی خەم و خۆڕاگری




**برایم چووکەڵی**

گەورە پیاوێک کە لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارە ئاور لە ژیان و خەباتی دەدەینەوە، شەهید عەبدوڵڵا قادریئازەرە کە خوێنی تێکەڵ بە خوێنی ڕێبەری گەورەمان د. قاسملوو بوو.

شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە شاری نەغەدە چاوی بەدنیای ڕوون کردەوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری نەغەدە تەواو کرد و بۆ خوێندن لە هونەرستانی سەنعەتی چووە ورمێ و ئەو قۆناغەی لە ماوی ٣ ساڵدا بڕی و ساڵی ١٣٤٨ دیپلۆمی فەننی هونەرستانی سەنعەتیی وەرگرت. ساڵی ١٣٤٩ نێردرایە سەربازی ئیجباری و دوای تەواوکردنی دەورەی ئاموزشی چووە قەزوێن و وەک سپای دانشی لە گوندی" ئەڵەمووتی "سەر بەو شارە دەستی بە گوتنەوەی وانە بە منداڵان کرد و، پاش تەواوکردنی دەورەی سپای دانش گەڕایەوە بۆ شاری نەغەدە.

عەبدوڵڵا قادریئازەر دوایە وەک مامۆستا لە ئیدارەی پەروەردە دامەزرا و بۆ ماوی دوو ساڵ ئەو ئەرکەی بەجێ هێنا. دواتر

بەهۆی هۆگریی زۆر و تایبەتیی بە کاری هونەری چووە ئەنیستیتۆی کاروباری هونەرە جوانەکان لە شاری تاران و بۆ ماوی دوو ساڵ لەو ئەنیستۆیە خوێندنی و فەوقی دیپلۆمی هونەری وەرگرت. بەدوای بڕینی ئەو قۆناغە گەڕایەوە شاری نەغەدە و لە دبیرستانەکانی ئەو شارەدا خزمەتی منداڵانی هەر دوو نەتەوەی تورک و کورد دەکرد. وەک بۆخۆی بۆ هاوسەنگەرانی باس کردبوو، وانەگوتنەوە لە قوتابخانە بۆ ئەو تەنیا ئامرازێک بۆ بژێو و خۆژیاندن نەبوو، بەڵکوو ئەو بە زانین و تێبینییەوە پیشەی مامۆستایەتیی هەڵبژاردبوو هەتا لەو ڕێگەیەوە خزمەتی زیاتر بە نەتەوە بەشخوراوەکەی بکا. ئەوە بوو کە عەبدوڵڵای قادریئازەر لە ڕێگای قوتابخەنە و قوتابییەکانیەوە لەگەڵ ژیانی پڕ لە چەرمەسەری و کوێرەوەری گەلەکەی ئاشنا دەبوو، و هەم دەرد و هەم دەرمانی بە قوتابییەکانی دەگوت.

عەبدوڵلا قادریئازەر هەتا ساڵی ١٣٥٧ مامۆستای قوتابخانەکان بوو، و دوای ئاشکرابوونی تێکۆشان و چالاکیی سیاسی و پێشمەرگانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندی بە حیزبی دیموکراتەوە گرت و وەک ئەندامی حیزب هەتا سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان وەک کادری تەشکیلاتی و شاراوەی حیزب لە شاری نەغەدە کاری کرد. بەدوای دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە شاری نەغەدە و دامەزرانی کۆمیتەی حیزب لەو شارە کاک عەبدوڵڵا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە و بە ئیمانێکی بەهێزتر و بیروباوەڕێکی قووڵتر قۆڵی بۆ خەبات دژی دوژمنانی ئازادی و هەموو ئەو کەسانەی خەونی تواندنەوەی گەلی کوردیان هەبوو هەڵماڵی.

عەبدوڵلا قادریئازەر لەنێو ڕیزەکانی حیزبدا بەهۆی لێهاتوویی و تێگەیشتوویی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەناسرا و وەک کادرێکی هەڵسووڕ جێگای خۆی لە دڵی خەڵک و هاوسەنگەرانیدا دەکردەوە. ئەو بە جوانی و تێگەیشتوویی زۆرەوە سیاسەتەکانی حیزبی لەنێو خەڵکدا شی دەکردەوە و بۆ هەموو مەئمووریەتێک سەرلەپێناو بوو. ئەو لەژیانی حیزبایەتیدا بە هەموو هەست و توانا و فیداکارییەوە تێکۆشا و بە لێهاتووییەوە پلەکانی سەرکەوتن لە ئەرکە حیزبییەکانی یەک لەدوای یەک بڕی. بەرپرسایەتیی کۆمیتەی حیزب لە شاری نەغەدە، کار لە ڕادیۆ، نەخۆشخانە، کۆمیسیۆنی ماڵی بەشێک لەو ئەرکانە بوو کە عەبدوڵلا قادریئازەر لە ماوەی ژیانی حیزبییدا ڕاپەڕاندن.

شەهید عەبدوڵڵا قادریئازەر لە کۆنگری ٧ی حیزبدا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و دوای کۆنگرە وەک نوێنەری حیزب لە ئورووپا چووە دەفتەری حیزب لە پاریس و بەرپرسایەتیی دەزگای دیپلۆماسیی حیزب لە دەرەوەی وڵاتی گرتە ئەستۆ و هەتا ڕۆژی شەهیدبوونی لەو بەرپرسایەتییەدا خزمەتی گەل و خاک و حیزب و نیشتمانەکەی کرد. ئەو کوڕی ڕۆژانی تەنگانەی بوو و بەرامبەر بە حیزب و ڕێبازەکەی ڕۆڵەیەکی بەئەمەگ و وەفادار بوو. ئینسانێکی خەڵکی و خاکی، دڵپاک و بەرپرسێکی لێوەشاوە و خۆشەویست بوو.

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

**شەهید عەبدوڵڵا قادریئازەر تێکۆشەرێکی بەئیمان، کادرێکی لێهاتوو، و ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێر بوو، هیچکات لە ئەرکە پێسپێردراوەکاندا ماندووبوونی نەدەناسی. کەسایەتییەکی مەتین، بەحەوسەلە و بیرورد بوو. ئەو لە ماوەی کاری پێوەندییەکاندا بەتەواوی شارەزای زمانی ئینگلیسی وفەرانسەوی ببوو، و لە ماوەی ٥ ساڵ کارکردن لە دەرەوەی وڵات و بەهۆی پێوەندی لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکانی ئورووپا و بەتایبەتی ئەو پیوەندییانە کە بە هاوکاریی شەهید دوکتور قاسملوو دەیگرتن، توانیبووی ئەزموونێکی زۆر لە کاری دیپلۆماسی بخاتە سەر یەک و لە بەرەوپێشبردنی ئەرک و خەباتی حیزبی و نەتەوەییدا بەکاریان بێنێ.**

**شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٣ - ٨ - ١٩٨٩) و لە کاتێکدا هاوڕێیەتیی شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملووی لە بەناو وتووێژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد دەکرد، لەگەڵ فازیل ڕەسووڵ، ڕووناکبیری کوردی عێراقی و مامۆستای زانکۆ لە ڤییەن بەدەستی نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامی شەهید کران.**

**١٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

---

# ترس لە زمان




**ئاسۆ مینبەری**

کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕۆژی هاتنەسەرکاری خۆیەوە هەتا ئەمڕۆ لە ستەم و سەرکوتکاری بەرانبەر بە خەڵکانی ئێران بەردەوام بووە. ئەم دەسەڵاتە لەگەڵ مافخوازیی نەتەوە بندەستەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافە ئێتنیکی و نەتەوەیی و فەرهەنگی و کولتورییەکانی خۆیان، ئاستی ستەم و سەرکوتکارییەکانی چەد قات کردوە، تاکوو هیچ جێگایەک بۆ بەرەو لاوازیچوونی دەسەڵاتەکەی نەهێڵێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش سامانی نەتەوەیی ئەو خەڵکەی بە تاڵان بردوە و هەر بە سامانەکەی خودی خۆیان میدیا و پەروەردە و کەرتەکانی دیکەی خستووەتە خزمەت ئامانجەکەی خۆیەوە و سەرکوتکارییەکانی بە شێوەی سازماندراو و سیستماتیک درێژە پێ داوە.

لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا بەتایبەت لە کوردستان هێرشێکی بەرینی بۆ سەر مێژوو و چاند و فەرهەنگ و زمانی نەتەوەی کورد هەبووە و لەم پێناوەشدا، ئەوەی کە پێویست بووە وەکوو تێچوو، لەلایەن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیەوە لەژێر ناوی بوودجە بۆ گەلاڵەی فەرهەنگی دابین کراوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە و لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا، هەموو چەشنە



سەرچاوە
Serchawe

هەوڵێکی چالاکانی بواری فەرهەنگ و زمان سەرکوت کراوە تاکوو زمانی یەکدەستی فارسی بەسەر کۆمەڵگە و ژیان و ئاوەزی تاکەکاندا زاڵ بێت و بە کردنەوەی تلویزیۆن و دامەزراندنی مۆرە گۆپاڵ بەدەستە کوردینەزانەکانی خۆی، ئەوەی بۆ سەقەتکردنی زمانی کوردی لەدەستی هاتبێ کردوویەتی. لەگەڵ ئەوەشدا دڵسۆزانی ئەم بوارە هەوڵیان داوە بەرەنگاری ئەم سیاسەتە ببنەوە و بە شێوەی خۆبەخشانە، بە بەڕێوەبردنی پۆلی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و هاوکات هەوڵدان بۆ گەشەی بیری نەتەوەیی و پەرەدان بە پەروەردە بە زمانی کوردی، تا ڕادەیەکی باش کەلێنەکان پڕ بکەنەوە. بەڵام هەوڵەکانی ڕێژیم شێوازی نوێشیان لە خۆ گرتوە!

کودستان هەمیشە بەریەککەوتنێک لە ڕووداوەکانی تێدایە، کە زیاتر دەبنە هۆکار بۆ تێڕامان لە دۆخی هەنووکەیی و ئەم تێڕامانەش ئەتوانێ شتی نوێ بە دوای خۆیدا بێنێت. ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا هەواڵێکی بەم چەشنە بڵاو کرایەوە: سوعدا خەدیرزادە و منداڵەکەی "سۆلینا" کە لە بەندیخانەدا لەدایک بووە، پاش ٤٠ مانگ دەسبەسەرکران بە دانانی بارمتەی ٢ میلیارد و ٥٠٠ هەزار تمەنی و بۆ یەکەمین جار بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ مەرەخەسیی پێ درا. بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە دڵخۆشکەر بوو، چونکە جیا لە خودی سوعدا کە لەو تەمەنەی لاوێتیدا لەژێر سەختترین ئەشکەنجە دەروونییەکانی کاربەدەستانی بەندیخانەدا بوو، لەلایەکی دیکەوە مژدەی ئازادیی کاتیی سۆلینای پێ دابووین کە هەموو تەمەنی خۆی لە بەندیخانەدا تێپەڕاندبوو! چەند ڕۆژ دواتر و لە ٢٩ی ڕێبەنداندا، سۆلینا و دایکی بۆ ڕزگاربوون لە گوشاری هێزەکانی ڕێژیمدا ناچار بوون ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بهێڵن.

هەروەک گوترا بەریەککەوتنی ڕووداوەکان لە کوردستان، ئاماژەی دیاریکراویان پێیە و لێرەدا ئەمەوێ ئاماژە بە یەکێک لەم بەریەککەوتنانە بکەم. سۆلینای تەمەن ٢ ساڵ و ٧ مانگ بچووکترین یان کەم تەمەنترین بەندکراوی سیاسیی کورد بوو کە تەنانەت پێش لەدایکبوونیشی، لە بەندیخانەدا هاوڕێی دایکی بوو و زیاتر لەو تەمەنەی کە تاکوو ئێستا ژیاوە، لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووە. بەڵام خاڵی گرینگ کە بوو بە هۆکارێک بۆ نووسینی ئەم بابەتە، هەڵاتنی سۆلینا و دایکی لەدەست ستەمکاریی کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیدا بوو! سۆلینا وەک کچێکی کورد جیا لەوەی کە هەموو تەمەنی وەکوو بەندکراوێک تێپەڕاندووە و وەکوو منداڵێکی ساوا لە هەموو چەشنە خزمەتگوزارییەکی مرۆیی بێبەری بووە، لە قسەکردن بە زمانی دایکی خۆشی بێبەری بووە! ئەمە تراژێدیایەکی زۆر گەورەیە کە مرۆڤێکی بەو بچووکییە کە تەنیا زمان بۆ دەربڕینی هەست و ویستە سەرەتاییەکانی خۆی بەکار دێنێ، لەلایەن دەسەڵاتێکی دڕندەوە ئەوەندە مەترسیدار بێت کە مافی قسەکردن بە زمانی دایکیی خۆی لێ زەوت بکرێت و بە ناچاری بە فارسی قسە بکات!

هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژی ٢١ی فێڤرییەی ئەمساڵدا، باس لە مافی خوێندن و نووسین و پەروەردە بە زمانی دایکی دەکرا، سۆلینا تەنیا بە تاوانی کوردبوون، ئەم مافە بنەڕەتییەی لێ زەوت کراوە و تازە وردەوردە دەیەوێ فێری بێت کە

ڕەشەمەی ٢٧٢٤


**بەبێ ترس و بەبێ دڵەڕاوکێ، فێری زمانی دایکیی خۆی بێت.**

سیاسیبوونی سۆلینا و ترس لە فێربوونی زمانی کوردی، دەرخەری ڕاستییەکی ئاشکرایە، دەسەڵاتێک هەرچەندە دڕندەش بێت دیسانەوە خاڵێکی لاوازی هەیە کە زراوی لێ چووە و بووەتە مۆتەکەی شەوانەی و هەموو ڕۆژێک پێوەی ئەتلێتەوە. ڕاستە کە کۆماری ئیسلامی سۆلینا و دایکی سۆلینای بەند کردبوون و ڕۆژانەش ئازاری داون بەڵام، هەموو ئەوانە دژکردەوە بەرانبەر بە ژن و کچێکی ئەم کوردستانە بووە کە لە بەندیشدا، ڕۆحیان ئازاد بووە و ترسیان خستووەتە دڵی ڕێژیمەوە.

ڕێژیم بە بەندکردنی سۆلینا، ژیان و زمانی ئەو کچە ساوایەی بەند کردبوو، چونکە ترس لەلایەن دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیتەرەکان، تەنیا ترس لە چەک و هێزی ڕەق نییە، هەر ئەوەی کە زمان و ژیانی سۆلینا بەند دەکرێن، هەر ئەوەی کە هەموو هێزی کۆماری ئیسلامی لە زمانی دایکیی سۆلینادا بەرەو تەفروتوونابوون دەچێ، خۆی نیشان دەدات کە سۆلینای ٢ ساڵان هەزاران قات لە دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکەی ڕێژیم بەهێزتر بووە. وەک چۆن ژینا ئەمینی نوێنەرایەتیی ژنی کوردی کرد، سۆلیناش بە جۆرێکی دیکە ئەم نوێنەرایەتییەی کەوتە سەر شان. ڕێژیم لە سۆلینای ٢ ساڵان ترسا چونکە بچووکترین بەندکراوی سیاسیی کورد بوو کە بە کوردی ئاخافتنی خۆی دەیتوانی شەق لە مێژووی ٤٦ ساڵەی سەرکوتکاری و دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی بدات.

١٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# نەورۆز، بەڕۆژەڤکردنەوە لێکگرێدانی گێڕانەوەی وجوودیی کورد




**تەهای ڕەحیمی**

ڕەنگە لایەنە بەرهەستەکەی چەمکی نەتەوە دوارەهەند کۆتایی پرۆسەی هێمۆجێنەیشنی کۆمەڵە خەڵکێک بێ. ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی- سیاسییە ڕەهەندە دەرهەستەکانی زۆر زیاتر و بەرچاوتر و گرنگتر و تەنانەت لە بەدیهێنان یان گوورانندنی دیاردەکەدا دیاریکەرترن.

یەکێک لەو توخمە دەرهەستانەی ڕۆڵێکی بنەمایی لە بیچمگرتنی نەتەوەدا دەگێڕێ گێڕانەوەیە (نەرەیشن). گێڕانەوە دەرخەری وشیاری، دەسەڵاتی کۆمەڵە خەڵکێک و هەروەها وێنای یەکخستنی نەوەکانی داهاتووی نەتەوەیەکی دیاریکراون. بەو واتایەی گێڕانەوە پێناسەی خۆ (کۆمەڵ) لە بەرانبەر سروشت و دەوروبەر و هەروەها بناخەی دیاریکردنی پۆزیشەنی "خۆ" دە بازنەی گەردوونداییە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە. هەروەها ئەوە دەسەڵاتی تێگەیشتن لە خود و دەورووبەر و دیاریکردنی پێوەندییە بەرانبەرەکان یان بەگشتی هەستکردن بە خۆیە کە گێڕانەوە دەمەیەنێ. هەر ئەمەش وا دەکا داگیرکەران و کۆلۆنیالیستەکان یەکەم شت کە لە پرۆسەی داگیرکاریدا دەستیان بۆ بردبێ، هەڵبەستن، گێڕانەوەی درۆیین و

کلۆڵە، هەتا بە داماڵینی ئەم وشیارییەی دە گێڕانەوەدا توێی گرتوە، دەسەڵات و سەروەری لە پێکهاتەیەک زەوت کەن و وێنای داهاتووی نەوەکانی بەگوێرەی ویست و بەرژەوەندیی خۆیان بنووسنەوە.

لەڕاستیدا بە شێواندنی گێڕانەوەکانی نەتەوەیەک، داهاتووی ئەم نەتەوەیەش دەشێوێ. چونکی ئەگەر گێڕانەوە تێگەیشتن و جیهانبینی مرۆڤ بێ لە خۆی و دەورووبەری، ئەم تێگەیشتنە دەبێتە بناخەی پێناس و بە تێپەڕینی کات ئاوەز و هزری کۆمەڵگەی لەسەر کەڵکە دەبێ و دواجار کانشێسنیسی نەتەوەی لەسەر پڕ دەبێ، ئەگەر بناخەی ئەم کانشێسنێسە بناخەیەکی بەلاڕێدابراو بێ، چینەکانی ئێستا و داهاتووی تێگەیشتن و هزرینی نەتەوە ناتەبا دەبن بە ڕابردووی و لە ئاکامدا ناتەبایی ئایدێنتێتی یان خۆبەسووکزانین لە هەناوی کۆمەڵگەدا ڕوو دەدا و نەتەوە بەرەو پووکانەوە دەبا.

نەتەوەی کورد بەهۆی بندەستیی و داگیرکراوبوونی لە هەموو پارچەکاندا، گێڕانەوەیەکی عەجەمی (بە فارس و تورکەوە)، عەرەبی، یەهوودی، ڕووسی و تەنانەت ئورووپیشی بۆ داتاشراوە. بەگشتی بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگە لەت لەتە دە نێو پێکهاتە و پێناسە نامۆ و دەسکردەکاندا بتوێننەوە، هەوڵ دراوە کەڵێن بخرێتە نێوان ڕابردوو و ئێستای، هەتا داهاتووی بەدەست خۆی دیاری نەکرێ. دیارە ئەم بێدەسەڵاتی و بێبەشبوونە لە دەسەڵاتی سیاسی و ساڤێرێنتی خۆیی، زەبری کاریگەریی لە پێکهاتەی نەتەوەی کورد داوە و زۆر جار بەهاکانی خۆمان لێ کراوە بە دوژمن و دژە بەها (کاوە ئاسنگەر). بەڵام بەم حاڵەشەوە خەباتی نەپساوەی کورد، بەتایبەتیش هاوشان دەگەڵ بە جیهانیبوون ڕەوتی گەڕانەوە سەر گێڕانەوەی خۆیی، خێراتر و مسۆگەرتر کرد و ئاریایی بوون و تورکی شاخی بوون هتد لە زەینی تاکی کورددا کەوتە سەراولێژ و بنیاتنانەوەی گێڕانەوەی خۆیی و یان دووبارە گێڕانەوە بەسەرنجدان بە "ئێمە" دە بەرانبەر "ئەوان"دا دینامیزمی بە پرۆسەی بە نەتەوەبوونی بەخشی.

جەژنی نەورۆز یەکێک لەم فاکتەرە گرنگانەیە کە گێڕانەوەی بنەڕەتی پێناسی کوردی دە خۆی گرتوە، کە بە هۆکاری جۆراوجۆر لە قۆناخێکدا تا ڕادەیەک لە ڕەنگ و بۆ دەکەوێ، بەڵام دەگەڵ داگیرکرانی بەکردەیی کوردستان و نەمانی هیچ چەشنە سەروەرییەکی کوردی لە پانتایی کوردستان لە شێوەی شۆڕش یان باشتر بڵێم شۆڕش و خەبات ئابدەیتی دەکاتەوە و ئەویش بەرخۆدان و بەرەنگاریی بەرۆژڤ دەکاتەوە و نەورۆز لە سەر بناخەی گێڕانەوەی بناخەیی خۆی و بە گوڕ و تەوژمێکی تایبەتتر دەگەڕێتەوە ژیانی کوردەواری. دیارە خۆ نەورۆز هەر بەتەنیا هی کورد نییە و، نەتەوەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەیکەن بە جەژن و گێڕانەوەی تایبەت بە خۆیان لێی هەیە. بەڵام ئەوەی جەژنی نەورۆزی لای کورد تایبەتتر کردوە، یان کوردی بە نەورۆزەوە لای ئەوانی دیکە تایبەتتر کردوە، ئەم فەلسەفە قووڵەی نەورۆزی کۆن و نەورۆزی ئێستایە کە ئەویش ڕەهەندی ئازادیخوازی و بەرەنگاریی هێزی تاریکی و درەوشانەوەی ڕووناکایی بە گێتیدایە کە هەنووکە

نەورۆزەکانی کوردستان لووتکەی بەرخۆدان و بە چۆکدانەهاتنن.

لە هەر چەند پارچەی کوردستان و بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵات نەورۆز لە گێڕانەوە و بناخەی پێناسی کوردبوون تێپەڕیوە و، بەتایبەت پاش شۆڕشی ژینا، بووە بە توخمێکی نەیشن برەندینگ بۆ کورد. نەیشن برەندینگ بە گشتی خۆی لە ستراتیژی وڵاتێک، پێکهاتەیەک یان نەتەوەیەکدا دەبینێتەوە بۆ گواستنەوەی وێنایەکی تایبەت لە "خود" بۆ "ئەوانی دیکە"، بۆ دەرەوەی سنوورەکان، بۆ مەبەستی تایبەت کە پێوەندیدارە بە بەرژەوەندی نەتەوە. دەکرێ ئەم وێنایە، وێنایەکی قبووڵکراوی پێشوو لە "خود" یان وێنایەکی نوێ بۆ داماڵینی وێنایەکی ناتەبا دەگەڵ وجودی نەتەوە بێ.

بۆ وێنە نەتەوەکانی پێشووی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەت زۆربەی هەرە زۆریان گێڕانەوە و نەرەیشنی زاڵی سۆڤییەتی و کۆمۆنیستییان بە پرۆسەی نەیشن برەندینگ هەڵگەڕاندەوە و وێنای پێشوویان بە گێڕانەوەی نوێ و ستیراتیژی تازە بۆ بنیاتنان و تەنانەت گۆڕینی بەریانی و بەرەی جیهانی سڕییەوە. لەم سۆنگەیەوە هەڤرکێی پێناسی (کامپێتێتڤ ئایدێنتیتی) هاتە گۆڕ، کە ئەمیش لەسەر ئەم توخم و ڕەگەزانە چڕ بووەتەوە، نەتەوە و پێکهاتەیەکی پێ دەناسرێ یان ڕەفتار و کردەکانی نەتەوەیەکی پێ ئانالیز دەکرێ. ئەم دیاردە و پرۆسەیە زیاتر لە قەوارەی دەوڵەت و پێکهاتەی سیاسیدا باو بووە، بەڵام بەو مانایە نییە نەتەوەیەکی داگیرکراو یان سەرەوەی لێزەوتکراو ناتوانێ لەم گۆڕەپانەدا ئەکت بنوێنێ. بۆ وێنە ئەگەر نەتەوەیەکی خاوەن سەروەری و سنوور دەتوانێ بە بازارکردنی بەرهەمەکانی وێنایەکی پتەو لە زەین کڕیارەکانی ئەودیوی سنووریدا چێ بکا (مەک دانالْد، سۆنی، سامسۆنگ)، نەتەوەیەکی دەرەوەی ئەم نەزمە نادادپەروانە داسەپاوەش دەتوانێ بە گواستنەوە، هاوبەشکردن و بەبازارکردنی (لێرەدا مەبەست کڕین و فرۆشتن نییە) ئەو توخم و فاکتەرانەی ئایدێنتیتییەکەی لەسەری دامەزراوە برەندی نەتەوەیی بکا. بۆ وێنە نەورۆز لە ڕۆژهەڵات ساڵی پار هەزاران غەیرەکوردی ڕاکێشی کوردستان و ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان کرد، کە ئەمەیش بە هۆی ئەم ڕەهەندە ڕاکێشەرانەی ڕێوڕەسمەکان لە کوردستان و هەوینی بەرەنگاریی نەورۆز بوو، هەتا خودی نەورۆز وەک گێڕانەوە لەمێژینەکەی. واتە بەرخۆدان، خەڵکێکی تینووی ئازادی و دیمواکراسی ڕەکێشی کەوشەنێک کرد کە باب و باپیرانی ئەم خەڵکە بەهۆی فتوایەکی ئایینی یان ئایدیایەکی فاشیستی و ڕەگەزییەوە ڕۆژگارێک ئەم ئاخەیان وەک نەیار و دوژمن و کافر داوەتە بەر هێرش و هڕووژم.
لێرەدا دەردەکەوێ نەورۆز وەک پرۆسەیەکی برەندینگ، وێنای کوردبوون هەم لای ئەوانی دیکە هەمیش وەک فاکتەری یەکڕیزی و یەکیانگیری نێوخۆیی لە ڕۆژهەڵات دەور دەگێڕێ. هەروەها دەبێتە گێڕانەوەیەکی بەرهەمهێنراو لە تێگەیشتن یان گێڕانەوەی وجودی پێکهاتەیەکی تایبەت، کە ئەمڕۆی کوردە. ئەم گێڕانەوەیە هەم فەلسەفەی نەورۆز کە ڕابردنی سەردەمی شەختە و بەستەڵەک و گیان وەبەر سروشت نانەوە وهەمیش ئەفسانەی وجوودی کورد واتە ئەو مرۆڤە هەڵبژاراوانەی لە شاخەوە داگەڕان و دەسەڵاتی زاڵمی زەمانیان تێکڕووخاند، لێک گرێ دەدا و بە جۆرێک لە جۆرەکان

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

**دووپاتبوونەوەی مێژوو و هەمیسان ئەرک و ڕیسالەتێکی نەبڕاوە وەبیر کورد دێنێتەوە، کە ڕووخاندن و بەرەنگاریی زاڵمانە (تاریکی). کەواتە چۆن خودی نەورۆز و هەمیش ئەفسانەی کاوەی کورد و ڕاپەڕینەکەی بووەتە بەشێک لە ئایدێنتیتی کورد و لە قووڵایی مێژوو و پێناسی کوردییەوە پەلی هاویشتوەتە ئەمڕۆ، ئەم چەشنە نەورۆزە کە بەتایبەتیش تێکەڵ بە بەرخۆدانی کوردان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بووە، دەبێ بە بنەما و توخمێکی نوێ یان بەرۆژەڤکراوەی پێناسی کورد و لە کەلەپوور و کانشێسنێسی تاک و کۆدا گێڕانەوەی کۆن و نوێی وجوودی کورد لە ئامێز دەگرێ. بە پەلهاویشتنی ئەم چەشنە نەورۆزە کوردییە هەم سنوورە ڕاستەقینەکانی کوردستان دیارتر دەبن و هەمیش دەرودراوسێ بە یار و نەیارەوە گێڕانەوە هەڵبەستراوەکانی لەسەر کورد لێ کاڵ دەبێتەوە و هەمیش گێڕانەوەی نوێ بۆ نەوەی داهاتوو بەرهەم دێ کە دواجار یەکخستنی زەینی و وێنایی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە (کۆمەڵگە وێناییەکان).**

**٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# بۆ خاکیپۆش؟ بۆ نەورۆز؟




**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

جارێکی دیکە وڵات بەرەو بەهارێکی دیکە دەڕوات، جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان پێش ئەوەی بەهار بێت، بەرەو پێشوازی نەورۆز چوون، و ئەو پێشوازییە ئەو کاتە دەستی پێکرد کە خەڵک بە لەبەرکردنی لیباس خاکی لە شایی و کۆبونەوەکانی خۆیاندا ویستیان ئەو هاودڵی و هاوهزری و تەنانەت هەماهەنگییەش لەگەڵ یەکێک لە گرینگترین شوناس و هێما و کاراکتەری سەرەکیی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان واتە "پێشمەرگە" نیشان بدەن.

هەر زووش بە دوای ئەو چالاکییە پڕ جۆش و خرۆشانەدا ناوی نەورۆزی خاکی‌پۆشانیش هاتە سەر زمان کە ئێستا ئیدی هەموو کەشی سیاسیی ڕۆژهەلاتی داگرتوە. لە وەها دۆخێکدا هەڵوێستە کردن لە سەر ئەو پرسیارەی بۆ خاکیپۆش؟ بۆ جامانە؟ بۆ نەورۆز؟ دێتە ئاراوە. ئەو هەڵوێستەکردنە تێرامانێکە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دۆخی کۆمەڵگەی وشیار و زیندووی ئێمە بۆ ئەوەی ئاراستە و چۆنیەتیی هەنگاوەکانی داهاتووشمان ڕوون بکاتەوە.

ئەوەی کۆمەڵگەی وشیاری کوردستان بۆ نیشاندانی هاوسۆزییەکی ڕاسیوناڵانە لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی و کاراکتەرێکی وەک "پێشمەرگە" دەستپێشخەری دەکات و دەیکاتە ئەکتێکی شوناسخوازانە و تەنانەت بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لە دەستی هاتوە دەیکات و تەنانەت بە نرخی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ دەزگای سەرکوتگەری دەوڵەتی داگیرکەر دەیکات ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە کوردستان بڕیاری خۆی داوە و دەیهەوێ خزمەت بە هزر و ئامانج و تێڕوانینی "پێشمەرگە" بۆ نیشتمان بکات. ئەوە لە لایەک کاریگەریی خەباتی کوردی لەسەرە، لە لایەکی دیکە نیشان دەدات کە خۆی خاوەن خەباتە و دەیهەوێ بە بەهێزییەوە بگوازێتەوە بۆ داهاتوو.

ئەوە یەکێک لە نیشانەکانی ماتەوزەی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ ڕزگاری و تەنانەت دەسەلمێنێ کە ئامادەیی زۆری تێدایە کە ماتەوزە بگۆڕێ بۆ ئەکت و لە چاوەڕوانیدا خۆی قەتیس نەکات و ببێ بە بکەر. ئەوە پەیامیشە بۆ هێزە سیاسەکان بۆ پێشمەرگە و ڕێکخەری پێشمەرگە کە ئەوان تەنیا نین و، ڕێککەوتنی ئەمنیەتیی نێوان وڵاتان ناتوانێ هێزێکی وەک پێشمەرگەی وڵات بە ئاسانی وەلا بنێ، چونکە کۆمەڵگەیەکە بە هزرێکی پێشمەرگانە بیر دەکاتەوە و خولیای ئازادییە.

لە سەر وەڵامی پرسیاری بۆ نەورۆز، زۆر ئاسانە نەورۆز و هەموو بونەکانی دیکە و تەنانەت هەر دەرفەت و کەلێنێک کە ڕێک دەکەوێ دوو کورد پێک دەگەن و شان لە شانی یەکتر بدەن، دەبێتە کردەوەیەکی سیاسی، چونکە کورد سیاسی لە دایک دەبێ، سیاسی دەژی و سیاسییش دەمرێ، چونکە شەڕی مان نەمانی خۆی دەکات و ئەو شەڕە تەنیا لە لوولەی تفەنگی پێشمەرگەدا نیە، ئەو شەڕە لە ڕۆنانی هزری پێشمەرگە لە مێشکەکاندا دەست پێ دەکات، لە خۆشەویستی و خولیای ئازادبووندا دەبیندرێ، لە پاراستنی هێما نەتەوەییەکاندا هەیە، لە هەوڵ بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی دەردەکەوێ، لە کار بۆ بەرجەستەکردنی کەلتوری کوردانە و پاراستنی تەنانەت ژینگەی کوردستاندا دەبیندرێت، لە ئاخاوتن فێر بوون و فێرکردنی زمانی دایکیدا بەرچاو دەکەوێت و هەمووی ئەو هەوڵانە شەڕی مانی کوردیان تێدایە کە ڕووبەڕووی سیستەمی سڕینەوەی نەتەوەی دەزگایەکی ڤاشیستی دەوڵەتی داگیرکەرە کە بۆ سەدان ساڵە هەوڵی بێ وچانی بۆ دەدات و تەنانەت هەبوونی خۆی وەک دەوڵەت لە نەبوونی ئێمەی کورد وەک نەتەوەو و نیشتمانێکی ئازاد وەک کوردستان دەبینێتەوە و کاری بۆ دەکات.

بێگومان لە دۆخێکی وەها هەموو دەرفەتێک کە دێتە پێش بە نەورۆزی نوێبوونەوەی سروشت لە داوێنی شاخەکانی کوردستان دەبێتە مەکۆیەک بۆ خاکیپۆشان کە نیشان بدەن ئەو خاکەن کە بزوتنەوەیەک سەوز دەکەن و پەرەی پێ دەدەن. لە هەمووی گرینگتر پێکەوە خاکیپۆش پێکەوە لە نەورۆز، هەوڵی پێکەوەبوونێکە کە دەیهەوێ خەبات پێکەوە بیکات بە خەباتی هەمووان، بۆ ئەوەی سەرکەوتن مسۆگەر بکات بۆ ئەوەی لە داوێنی شاخ بێبینە خوارەوە، بۆ نێو کۆڵان و شەقامەکانی شار و



سەرچاوە
Serchawe

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

لە سەنتەرەکانی شار واتە لە چەقی حوکمڕانیدا کە ناوەندی شارە پێکەوە ئاڵای کوردستان بەرز بکەینەوە تا نیشان بدەین ئێمە ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ کە کۆ دەبینەوە لە داوێنی شاخ و بە ئازادی جامانەی لە مل دەردێنین و لە چۆپیدا ڕایدەوشێنین کە دوژمن ناتوانێ پێشی پێ بگرێ، لەوانەشە لە مەیدانی سەرەکی و نێوەڕاستی شاریشدا ئەو ساتە ئازادییەی خۆمان بیکەین بە ڕۆژ و ساڵ بۆ هەمیشە بەردەوامی پێ بدەین.


نەورۆزی خاکی پۆشان پێمان دەڵێ بەو ئاگرەی لە شاخ هەڵدەکرێ، دەکرێ تین و گەرمی شۆڕش بداتە شارێک و ئازادی شین بکات، ئەوە پەیامی سەرەکییە کە هەموومان دەبێ وەری بگرین و تێبگەین و کاری بۆ بکەین و پێکەوەش گەورە و گەورەتری بکەین چونکە پێکەوە سەردەکەوین.

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# وەهمە بێکۆتاییەکانی میراتگری دیکتاتۆری پێشوو



**ڕەزا دانشجوو**

ڕەزا پەهلەوی، یەکێک لە دوو منداڵی لە ژیاندا ماوی شای پێشووی ئێران و فەرەح دیبا، دەبێت بە دیاردەیەکی ناوازە لەم بنەماڵەیە هەژمار دابنرێت. ئەگەر ڕەزا میرپەنج بە هۆی قەزاقبوون و بەکارهێنانی هێز و هەڵبەت بێگومان پشتیوانیی ئاشکرای ئینگلیسییەکان توانی بگاتە سەر تەختی پاشایەتی، یان محەمەدڕەزا پەهلەوی بە دامەزراندنی کەسانی خوێندەوار و لێهاتوو لە پۆستە هەستیارەکاندا توانی لانیکەم لە ڕواڵەتدا وێنەیەکی پێشکەوتووخواز لە خۆی بخاتە ڕوو، دەبێ بگوترێت کە کوڕی محەممەدڕەزا و نەوەکەی میرپەنج میراتگری هیچ کام لەو کەمترینانەش نییە! ڕەزا پەهلەوی نە کاریزمای میرپەنجی چەکمەپۆشی بە میرات بردوە و نە هیچ کەسێکی تێگەیشتوو و لێهاتوو لە دەوروبەری دەدۆزرێتەوە! ئەگەر کوڕی دیکتاتۆری پێشوو هیچ شتێکی تایبەتی نەبێت کە پێشکەشی بکات، بەلام یەک شت بەباشی فێر بووە و ئەوە تاکە سەرمایەی تەواویی ژیانیەتی؛ وەهم و وەهم!

ڕەزا پەهلەوی کە دوای ساڵیانی ساڵ گۆشەگیری و فەرامۆشبوونی توانی بە کەلکوەرگرتن لە هەلومەرجی نالەباری

ئۆپۆزیسیۆن و بە تایبەت دەرفەتی زێڕینی ڕەخساو لە چوارچێوەی هاوکاریی مەنشووری جۆرج تاون جارێکی دیکە ناوی خۆی بێنێتە نێو گۆڕەپانی سیاسی! زۆر زوو نیشانی دا کە لە دونیای وەهم و خۆبەزلزانیین و پڕوپاگەندە و قسەی بێبنەما توانایی تەنانەت لە کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییش زیاترە!

دوای ڕێکخستنی سیرک و شانۆی گاڵتەجاڕی "وکالت میدهم " و ئەو ئابڕووچوونەوەی کە بەدوایدا هات، پەهلەوی ئەمجارەیان زۆر ڕووهەڵماڵراوتر و بێشەرمانەتر لە پێشوو ئیدیعای سەرکردایەتی و ڕێبەری دەکات! ئیدیعایەک کە بێجگە لە کەسانی نۆکەر و ڕاسپێردراوی بنەماڵەی پەهلەوی و هەڵبەت جەماوەری لات و شەڕانخێوی نێو تاقمێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ وەرگرتنی لایک و خۆنیشاندان، ڕووبەڕووی کاردانەوەی زۆر کەس و لایەنی دیاری سیاسی چالاک بووە! ئێستا جەنابی پەهلەوی هەنگاوێکی تر هاتۆتە پێش و ئەو جار خۆی وەک ڕێبەرێکی کاریزمایی شۆڕشگێڕی خاوەن ستایڵ وەک گاندی دەبینێت! ئەم بانگەشەیە لە کاتێکدا دەکرێت کە ڕێبەری خەیاڵی تەنانەت هەڵگری کەمترین تایبەتمەندیی وەک نەیارێکی سیاسیی دیار و بەرچاوی کۆماری ئیسلامییش نییە و هیچ کات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا وەک کەسێکی خاوەن هێز و توانا نەبینراوە! لە خوارەوە باسی هەندێک لەو خاڵانە دەکەین کە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە پەهلەوی هیچ کات ناتوانێت بۆ ڕێبەرێکی سیاسی باسی لێبکرێت؛

## میراتگری حکوومەتێکی شکستخواردوو

یەکێک لە تەحەددییە سەرەکییەکانی ڕەزا پەهلەوی پەیوەستبوونی بە ڕابردوویەکە کە بەشێکی زۆر لە گەلانی ئێرانی بە هۆکاری کێشەکانی ئێستای وڵاتی دەزانن. ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ساڵی ٥٧دا دەرئەنجامی ناڕەزایەتیی بەربڵاوی گەلانی ئێرانی بوو دژی گەندەڵی و ستەمکاری و سەرکوتی سیاسی دەسەڵاتی پەهلەوی! بەڵام ڕەزا پەهلەوی چەندین جار هەوڵی داوە ئەم ڕاستییە پشتگوێ بخات و دەسەڵاتی باوکی وەک قۆناغی "مۆدێرنیزاسیۆن" و "پێشکەوتن" بخاتە ڕوو، بێئەوەی باسی سەرکوت و ئەشکەنجەدانی ساواک و نایەکسانیی بەربڵاوی ئابووری بکات.

## نەبوونی پشتیوانی جەماوەری

یەکێک لە گرینگترین وەهمەکانی ڕەزا پەهلەوی، بانگەشەی هەبوونی بنکەیەکی جەماوەرییە لە نێوخۆی ئێراندا. لە کاتێکدا بەشێک لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی پشتیوانی لێ دەکەن، بەڵام هیچ نیشانەیەک لە بوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری فراوان نییە کە داوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بکات. ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا دەرخەری ئەم ڕاستییە بوون کە

دروشمی خەڵک زیاتر لەسەر ئازادی، دێموکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر دەسەڵاتێکی تاقەکەسی و دیکتاتۆری بوو. خاڵێکی گرنگی تر ئاستی دژایەتیی پەهلەوی لە نێو نەتەوە جیاوازەکانی ئێراندایە. لە ڕاستیدا دەبێ بگوترێت کە لە ڕوانگەی زۆرێک لە نەتەوەکانی ئێرانی غەیرە فارسەوە، ڕەزا پەهلەوی گەورەترین فاکتەری دابەشکەر و هۆکاری سەرەکی مانەوەی کۆماری ئیسلامی دوای ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینایە.

## نەبوونی بەرنامەیەکی سیاسی ڕوون

یەکێکی دیکە لە کێشە سەرەکییەکانی ڕەزا پەهلەوی، نەبوونی بەرنامەیەکی سیاسیی ڕوون و پراکتیکییە. لە کاتێکدا ڕەزا پەهلەوی چەندین جار باسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادیی کردوە، بەڵام هەرگیز ڕوون نەیکردووەتەوە کە چۆن بەنیازە ئەو ئامانجانە لە ئێرانی داهاتوو بەدی بێنێت. ئایا پابەندە بە دەسەڵاتێکی پاشایەتیی دەستوری؟ ئەگەر وایە بۆچی هێشتا پێگەی خۆی وەک "شازادەی میراتگری پاشایەتی" و نازناوی شاهانە بەکار دەهێنێت؟

تێڕوانینی پەهلەوی بۆ پرۆسەی حوکمڕانی دوای کۆماری ئیسلامی بە گشتی ناڕوونە و تێکەڵ بە جۆرێک لە نهێنییە. ئەزموونی تاڵی دەسەڵاتی خومەینی کە لە سەرەتادا ڕایگەیاند ئامانجی حوکمڕانی نییە و تەنیا دەیهەوێت چاودێر و پارێزەری دموکراسی لە ئێران بێت و دەبێت تەنیا سیاسییەکان حوکم بکەن بەڵام دوای سەقامگیربوونی و چەسپاندنی دەسەڵات، بوو بە گەورەترین دیکتاتۆر دژی دموکراسی، دەتوانێت نیگەرانی بنەڕەتی سەبارەت بە لێدوانەکانی پەهلەوی دروست بکات. واقیعەکە ئەوەیە کە خەڵک نایەوێت جارێکی دیکە داهاتووی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان گرێدراوی چارەنووس و قەزای و قەدەر بێت و چاوەڕێی ئەوە بکەن کە ئاراستەی ڕووداوەکان دوای لەنێوچوونی کۆماری ئیسلامی بۆ کوێیان دەبات! دێموکراسییەکی گشتگیر کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی هەموو نەتەوەکانی ئێران دامەزرابێت، تەنیا گەرەنتی گەیشتن بە ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکە!

## پشتبەستن بە پشتیوانی دەرەکی و بیانی

ڕەزا پەهلەوی هەمیشە هەوڵی ڕاکێشانی پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوای داوە، بەڵام ئەمە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بێمتمانەیی خەڵک سەبارەت بە ڕۆڵی کوری شای لەسەرکار لادراو. مێژووی سیاسی ئێران دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتدا ڕووبەڕووی بەرخۆدانی توندی خەڵک بووەتەوە. پشتبەستنی زۆر بە پشتیوانی ئەمریکا و ئیسرائیل و هەندێک وڵاتی ئەورووپی وایکردوە زۆر کەس کوری دیکتاتۆری پێشوو وەک ئامرازی دەستی

ئەم وڵاتانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە داهاتووی ئێراندا ببینن! خاڵێکی دیکەی گرنگ کە نابێ لەبیر بکرێت ئەوەیە کە پەهلەوی خاوەن هیچ ئیرادەیەک و تێکۆشانێک بۆ گەیشتن بە دیموکراسی لە ئێراندا نییە و تەنیا کاری گرنگی لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەرکردنی چەند بەیاننامەی دووپاتە و ئەنجامدانی تاقمێک گەشتی سەیاحەتی بۆ چەند وڵاتی دیاریکراو بووە! کوڕی دیکتاتۆری پێشوو لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دواییەدا، لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە هەوڵیدانی بۆ گەڕانەوەی بۆ ئێران، بەئاشکرا باس لەوە دەکات کە ئەو خۆی ئازادە و نایەوێت ئازادی خۆی بۆ ڕزگاربوونی خەڵکی ئێران بخاتە مەترسییەوە!

## دژایەتی لە قسەکردن و ڕەفتاردا

ڕەزا پەهلەوی لە وتارەکانیدا بانگەشەی پشتیوانی لە دیموکراسی دەکات، بەڵام هەروا پابەندە بە دەسەڵاتێکی پاشایەتییەوە. بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ دەکات، بەڵام خۆی لە لێپرسینەوە لە تاوانەکانی ڕژیمی پەهلەوی دەدزێتەوە. ئەم دژایەتییانە وایکردوە تەنانەت لەلایەن زۆرێک لە نەیارانی کۆماری ئیسلامیش بە جددی وەرنەگرێت. لە کاتێکدا پەهلەوی بانگەشەی پابەندبوون بە دێموکراسی دەکات، کە کەسانی نزیک و لایەنگرانی بەردەوام خەریکی هێرشبردن سەر زۆرینەی نەیارانی کۆماری ئیسلامین کە دژی نیزام پاشایەتی و دیکتاتۆرین! تاقمێک شارلاتان و چەقۆکێش کە تەنیا کاریان بە ناو دیفاع لە شازادەی خەیالی قسەی نەشیاو و بێڕێزی کردن بە هەر کەسێک یا لایەنێکی سەربەخۆ و خاوەن بیری جیاوازی سیاسین!!
وەهمەکانی کوڕی دیکتاتۆری پێشوو سەبارەت بە ڕۆڵی خۆی لە داهاتووی ئێراندا زیاتر لەسەر بنەمای نۆستالژیای مێژوویی و خەونە کەسییەکانە نەک لەسەر واقیعی کۆمەڵگای ئیمڕۆی ئێران! ئێران ئەمڕۆ بەدوای گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیدا دەگەڕێت نە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی تاڵ و لەنێوچوو. ئایندەی سیاسی ئێران پێویستی بەو سەرکردانە هەیە کە لەسەر بنەمای خواستی ڕاستەقینەی خەڵک هەڵسوکەوت بکەن، نەک بەپێی وەهمی تاکەکەسی و پڕوپاگەندەی درۆ و ناڕاست!

هەر بزووتنەوەیەکی تاکەکەسی یان حیزبی کە مافە بنەڕەتییەکان و پلۆرالیزمی کۆمەڵگای ئێران قبووڵ نەکات، بێ گومان مەحکوم بە شکستە! ئێرانی داهاتوو تەنیا دەتوانێت خاوەنی دێموکراسییەکی گشتگیر و فرەیی بە ڕەچاوکردنی مافی هەموو گەلان و کەمینەکانی نێو جوغرافیای ئێران بێت. هەر هەوڵێکی تر یان دیکتاتۆرییەتی دیکەی لێدەکەوێتەوە یان شەڕ و ململانێی زیاتر.

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیاندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی ڕێککەوتنی نێوان فەرماندەی گشتیی هەسەدە و سەرۆککۆماری سووریە



ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەشەمەی ١٤٠٣ی هەتاوی، ڕێککەوتنێکی هەشت خاڵی لە نێوان مەزڵووم عەبدی، فەرماندی گشتیی هێزەکانی سووریەی دێموکرات (هەسەدە) و ئەحمەد شەرع، سەرۆکۆماری سووریە بۆ قۆناغی گواستنەوە، واژۆ کرا کە ئەگەر بە تەواوەتی و وەک خۆی جێبەجێ بکرێ، بەشێک لە داخوازەکانی گەلی کورد لە سووریە دێتە دی.

بێگومان لەم قۆناغەدا گەلانی سووریە لەپاش نەمانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تێکدانی وڵاتەکەیان، زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستییان بە ئاسایش و ئارامی و پێکەوەکارکردن بۆ بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیواداره گەلی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان دوای دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشان بۆ دابینکردنی مافەکانی، بە مافە قانوونی و دەستوورییەکانی شاد بێ.

هیواخوازین ئەم ڕێککەوتنە سەرەتایەکی باش بێ بۆ مسۆگەربوونی مافی هەموو پێکهاتەکانی سووریە لە یاسای بنەڕەتیی داهاتووی وڵاتەکەدا و، پێکەوە لە بنیاتنانەوە و پێشخستنی وڵاتەکەیاندا هاوکار و یارمەتیدەر بن.

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

٢٢ی ڕەشەمەی ١٤٠٣

١٢ی مارسی ٢٠٢٥

٢٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# سێیانەی نەورۆز، جامانە و جلی خاکی



دڵشاد هەورامی

زانایانی مێژووی مرۆڤایەتی پێیان وایە مرۆڤی وشیار پێش ئەوەی پێکهاتەیەک بە ناوی زمان بۆ پەیوەندی دابهێنێت، لە ڕێگای هیماکانەوە (نماد) مەبەست و ویستی خۆی دەربڕیوە. ئەمە بەو واتایە دێت لە شوێنێک کە زمان گۆ ناگرێ، هێما و نمادەکان دێنە گۆ و دەبنە هەڵگری پەیام و نێوەرۆک. بەتایبەتیش ئەو کاتەی دیکتاتۆرەکان دەرفەتێک بۆ دەربڕین و ناڕەزایەتی ناهێڵنەوە.

یەکەم قوربانیی لە قاڵبدانی کۆمەڵگە بە شێوەی دڵخوازی دیکتاتۆر لە گشت ڕۆژگارەکاندا ئازادی ڕادەربڕین بووە. حکومەتە دژە خەڵکییەکان باجی قورس لە سەر ئازادی قسەکردنی مرۆڤەکان دادەنێن و دۆخێک دەسەپێنن کە دەتوانین بە لاڵکردنی کۆمەڵگە ناوی ببەین. بۆیە لە سەردەمی بێدەنگکردنی کۆمەڵگە و لە نەبوونی ئازادی و لەو شوێنەدا کە زمانەکان لاڵ دەکرێن، کۆمەڵگە دەست بە داهێنان و هێماسازی و بە سیاسیکردنی هیماکان دەکا.

## ڕەشەمەی ٢٧٢٤

هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، جۆری پەچە گرتنەوە و ڕەنگی ڕەشی جلوبەرگی فیداییەکانی حەسەن سەباح لە بەشێک لە فەلاتی ئێراندا ببوون بە نمادی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی سەلجوقییەکان. لە شەستەکانی زایینیدا کڵاوە بە ئەستێرە نەخشێندراوەکەی سەری چەگوارا لە سەرانسەری دنیادا سیمبول و نمادی مارکسیزم و جوڵانەوەی چریکی چەپ بوو. ڕەنگی سوور و تەنانەت سمێڵی ئیستالینی بە درێژایی چەند دە ساڵ لە وڵاتانی دژ بە جەمسەری چەپ، نمادی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات و سیستمی سەرمایەداری بوون. خاج و تاج و شمشێر و تەنانەت دار و گوڵ و باڵندەش لە سەردەمە جیاوازەکاندا وەک هێما و نمادی سیاسی بەکار هاتوون و هەڵگری پەیام و نێوەرۆکێک بوون کە بەکارهێنەرانیان هەوڵیان داوە بەرامبەرەکانیان هەر لە خۆییەوە تا دوژمن بە زمانی بێ زمانی تێبگەیەنن.

## هێما نەتەوەیی و وێمانەکانی کورد

هێما نەتەوەیی و سیاسییەکان بۆ نەتەوەیەکی مافخواز و خەباتکاری وەک کورد ڕۆڵی گرینگیان لە یەکگرتوویی نەتەوەیی و بەرەوپێش بردنی خەباتەکەیدا هەیە. سێیانەی نەورۆز، جامانە و جلی خاکی کە ئەمڕۆ بوون بە هێمای خەباتی ڕێزگاریخوازانەی ئەم گەلە، هەر کام بە ڕێچکەیەک لە مێژوویەک تێکۆشانی ئەم نەتەوەیەدا هاتوون و ئەمڕۆ بوون بە نمادی بەرگری و یەکگرتوویی و شۆڕش.

## نەورۆز

نەورۆز جێژنی ڕزگاریی گەل لە دەست تاریکی و سەرما و بەفری زستانە. لە کوردستانی کوێستاندا، سێ مانگەی زستان دەرفەتی چوون بۆ دەشت و دەر و خەڵک ناچارن لە ماڵ و ئاواییەکانیاندا دیلی دەستی سرووشت بن. نەورۆز کرانەوەی بەندی ئەو یەخسیریەیە. بەو واتایە ئەم جێژنە هەر لە خۆیدا جێژنی ئازادی و ڕزگاری لە ژێردەستەییە. لە دێر زەمانەوە گەلێک چیرۆک و ئەفسانە و ئۆستوورە وەک هێمای بەگژداچوونەوە دژ بەو ستەمەی سرووشت ساز کراون تا کۆڕی دیلی لە سەخڵەتی زستانی پێ گەرم بکەن و هیوا بە ئازادی و کۆتایی زستان لە دڵاندا زیندوو ڕابگرن. هەر بۆیەش ئەو جێژنە بۆ نەتەوەی بندەستی کورد زیاترین پۆتانسیەلی بۆ بە سیاسیکردن و بەگژداچوونەوەی داگیرکەر هەیە. ڕەنگە یەکەمجار لە باشووری کوردستان بوو کە ئەو جێژنە ڕەنگ و بۆی نەتەوەیی - سیاسی بە خۆیەوە گرت. محەممەد ڕەسوڵ (هاوار) دەڵێت: پیرەمێرد بەهێزترین هۆ بووە بۆ گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز و بوژاندنەوەی. پیرەمێرد بیرمەند و بژاردەی دیاری سەردەمی دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، باش لەوە تێگەیشتبوو کە کورد بۆ نەفەوتان و نەتوانەوە لەنێو نەتەوەکانی دراوسێیدا دەبێت هێما و شوناسی تایبەت بە خۆی هەبێت.

حکوومەتی تورکیا کە بە هەموو جۆر هەوڵی تواندنەوەی کوردی دەدا، ڕێگای لە نەورۆز و هەموو هێما نەتەوەییەکانی ئەم گەلەش دەگرت. ئەوە بوو کە بە تایبەت لە دەیەی ٨٠ی زایینیدا نەورۆز لە باکوور بوو بە هێمایەکی زۆر بەرزی نەتەوەیی. ئەمە بەتایبەت لە زیندانەکانەوە سەری هەڵدا و بەندکراوە کوردەکان و لە سەرووی هەمووانەوە مەزلووم دۆغان لە ڕۆژی نەورۆزی ١٩٨٢ بۆ ڕاگرتنی ئەو نەریتە، ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو هۆیە کە نەورۆز جێژنی هاوبەشی هەموو گەلانی نیشتەجێی لە سەر فەلاتی ئێرانە و لە ئێرانیشدا جێژنێکی دانپێدانراو و فەرمییە، هەتا دەیەی ٨٠ی هەتاوی بەشێوەی ئاسایی بەڕێوە دەچوو. بەڵام لە نێوەڕاستەکانی دەیەی دووهەمی هەشتا بە دواوە یەکەم جێژنی بەرینی نەتەوەیی لە ڕەبەت، بە بەشداریی هەزاران کەس سیمایەکی نەتەوەیی و سیاسیتری بەو جێژنە دا. لەو ساڵە بەدواوە گوند بە گوند و شار بە شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگوڕتر و سیاسییانەتر بەرەوپیری نەورۆز دەچن. تا ئاستێک کە نەورۆزی ١٤٠٣ شاهیدی یەک لە بەرینترین، نەتەوەییترین و سیاسییانەترین نەورۆزی ڕۆژهەڵات و کوردستان بووین.

شێوە و سەبکی بەڕێوەبردن، بەشداریی بەرفراوانی خەڵک، کەڵکوەرگرتن لە هیما و نمادەکانی شۆڕش، ئەو هۆکارانەن کە نەورۆزی کوردی وەک جووڵانەوەیەکی دژی کۆلۆنیالیستی لە نەورۆزی نەریتی گەلانی ناوچەکە جیا کردووەتەوە.

## جامانە و جلی خاکی

لە سەردەمی ئێمەدا شەڕی ئەساتیری ڕووناکی و تاریکی لە پێکدادانی دیکتاتۆرەکان و ئازادیخوازندا ژیاوەتەوە. لەو دەوڵەتانەدا کە بە زەبری چەک و زیندان و سێدارە بەڕێوە دەچن، خەڵک هەمووکات ڕێگایەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاسای دیکتاتۆر و شکاندنی بێدەنگیی داسەپاوی سیستمی خۆسەپێن دروست دەکات. بە واتایەک خەڵک ڕووبارێکە کە ڕێی خەباتی خۆی دەدۆزێتەوە، ڕووبارێک کە مان و بوونی گرێدراوی نەوەستانە.

لەنێو کورددا جامانە و جلی خاکی لانیکەم سێ چارەکە سەدەیە بە بەژن و باڵای ژن و پیاوی پێشمەرگەی کورد بڕاون. ئەو دووانە وەک بەشێک لە شوناسی ئەو هێزە شۆڕشگێڕە، بوونەتە ئەکتی سیاسیی کۆمەڵگەی مافخواز و شۆڕشگێڕی کوردستان بۆ پشتیوانی لە ڕۆڵە پێشمەرگەکانی خۆیان و بوونەتە هێمای بەرگری و ڕاپەڕین و نا گوتن بە دەسەڵاتی داگیرکەر.

بە درێژایی ئەو ساڵانە کە خەباتی چەکداری و پێشمەرگانە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا بووە، پێشمەرگە



سەرچاوە
Serchawe

وەک پـاڵەوانێکی نەتەوەیـی بینـراوە و لای میللەتـی خـۆی ئـازیز و پیـرۆز بـووە و هەیە. ئـاوردانەوە لەو سـەردەمە نە زۆر دوورانە و بیرخستنەوەی ئەو داستان و شێعر و سروودانە کە پاڵەوانەکانیان پێشمەرگە بوو، ئاستی خۆشەویستی و گەورەیـی پێشمەرگەمان لە دڵی نەتەوەکەیدا بەسانایی بۆ دەستنیشان دەکات.

ئاساییە کە پێشمەرگە بەو پێگە و ئیعتیبارە زۆرەوە ببێتە پـاڵەوانێکی شکۆمەند. پاڵەوانێک کە هۆگرانی شـانازی بە وەک ئەو بـوونەوە بـکەن و ئەم وەک ئەو بـوونە و وەک ئەو پۆشـینە بـکەن بە پەیـامێکی بەهێـز ڕوو بە دەسـەڵاتی داگیـرکەر و فاشیستی بێگانە. دەسەڵاتێک کە هەموو هەوڵی خۆی بۆ لەنێوبردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان داوە و سەر نەکەوتوە.

شۆڕشی ژن، ژیـان، ئـازادی خـاڵی وەرچەرخـان و سـەرەتای قۆنـاخێکی نـوێ لە مێـژووی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانە. قۆناخێک کە ویست و داخوازییە نەتەوەیی و ئینسانییەکان بەربەسـتی تـرس و تۆقانـدن دەبـڕن و دەبـنە بەشێک لە وتـار و باس و خواستی ئاشکرا و پێداگرانەی کۆمەڵگە. تایبەتمەندیی هاوبەشی گشت شۆڕش و جووڵانەوە خەڵکییەکـان پاشەکشە نەکـردن و نەگەڕانەوەیـانە بـۆ دۆخـی پـێش شـۆڕش. نەورۆزی ١٤٠٣ کە بە سیاسـیترین و نەتەوەییتـرین نەورۆزی ڕۆژهەڵات دادەنرێت، بە دڵنیاییەوە کاریگەریی زۆری شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی پێوە دیار بوو.

بەشداری و چالاکبوونی ژنان لە ڕێکخستن و بەڕێـوەبەری نەورۆز، کـردنەوەی ئـاگری نەورۆز بە دەسـتی دایکـان و خۆشکان و کەسوکاری شـەهیدانی شۆڕشـی ڕزگـاریخوازی نەتەوەکەمـان و گـوتنەوە و خوێنـدنەوەی سـروود و شێعری بەرگری ئەگەر پێش شۆڕشی ژینا وەک نموونە دەبینران، ئەوە لە نەورۆزی ١٤٠٣ هەموو کوردستانیان گرتەوە.

بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان دەسکەوتیکی نەتەوەییە کە کـوردی ڕۆژهەڵات نرخـی قـورسی لە پێنـاودا داوە. نەورۆز ئێستاکە هەناسەیەک ئازاد ژیان و سەکۆیەکی بەرزە کە لێیەوە هـاواری یەکگرتـوویی و یەکـدەنگی و لەوەیـش زیـاتر، بـانگی بەرزی ئازادیخوازی بە ڕووی ڕەش و ڕووشی داگیرکەر و جاشەکانیدا دەدات.

سێیانەی نەورۆز و جلی خـاکی و جامـانە بەپێچەوانەی ئەوەی لە سـەدەی بیسـتەمدا بە هێما بێگانەکـانی وەک ئەسـتێرەکەی گیڤارا و ڕەنگە سوورەکەی سۆڤییەت و ڕیشە درێژەکەی بانگخوازە ئیسلامییەکان و... دەکرا، بـانگەواز و مانیفیسـتێکی تەواو کوردی و نەتەوەییە. هەر ئەوەندە کە ئەم هیما و نمادانە داهێنان و دڵخوازی کۆمەڵگەی کورد و تەواو وێمـانەن (خۆمـانەن) بەسە بۆ ئەوە کە نابێ هیچ هێز و تاکێکی کورد مۆڵەت بە خۆی بدا ئاماژەی پرسیاریان لەسەر دابنـێ. گـرتن و هەڕەشە و پیلانی داگیرکەر دژ بە خەڵک، بە تاوان و مەترسیی پێناسەکردنی کەلکوەرگرتن لەم نمادە کوردیانە لە بۆنەکاندا بەسە



سەرچاوە
Serchawe

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

بۆ تێگەیشتن لە درووستی و نەتەوەییبوون و حەقیقەتی پشت ئەم بزووتنەوە پێشرەو و تەواو کوردانە.

پەرەسەندنی کاریگەرییەکانی گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی و سەروەریخوازیی کورد بە سیانەی نەورۆز و جامانە و جلی خاکییەوە نەوەستاوە و ناوەستێت. ئەم جوڵانەوە نەورۆز بە نەورۆز زیاتر پەرە دەسێنێت و بۆ یەکەم جار وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە تا پارێزگای ئیلام پەلی هاوێشتوە. نەورۆز ئێستا جوڵانەوەیەک فرە ڕەهەند و بە واتای ئەمڕۆیی هیبریدییە. گرینگیدان بە داخوازییە نەتەوەیی و سیاسییەکان، پارێزگاریکردن لە فەرهەنگ و کولتوور و بەها مێژووییەکان و پاراستنی ژینگە و هاوکات چەندین پرس و هاوکێشەی دیکە لە خۆ دەگرێت.

ئەرکی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و بەرەی سیاسی و شۆڕشگێڕی کورد پشتیوانیکردن و بە هاناوەچوونی ئەم بزاڤە کوردانە و وێمانەیەیە. بوون بە دەنگ و ڕەنگ و باڵوێزی خەڵکی نێوخۆ، گواستنەوەی ویست و داخوازیەکانیان بۆ ناوەندە جیهانییەکان و دۆزینەوەی پشتیوان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەتوانن بەشێک بن لەو ئەرکانە کە دەبێت حیزبە سیاسی و کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد لە گشت بوارەکاندا بە گیانی دڵ بە ئەستۆیان بگرن.

**٢٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

# نەورۆز وەک بزاڤێکی ڕزگاریخوازانە



**شەماڵ تەرغیبی**

نەورۆزی ئەمساڵ و پێشوازی بێوێنەی خەڵک لەم بۆنە نەتەوەیی و سیاسی و مێژووییە، کە ئەمساڵ لەلایەن چالاکانی نێوخۆوە بە نەورۆزی خاکپۆشان ناودێر کراوە، وای کردووە کە مرۆڤ بێتە سەر ئەو باوەڕەی نەورۆز چیدیکە بۆ ئێمەی کورد تەنیا بۆنەیەک لە چوارچێوەی گۆڕانی کەشوهەوا و سروشت یان بۆنەیەک بۆ شایی کردن و شادی دەربڕین نییە! بەڵکوو نەورۆز بووەتە بزاڤێکی ڕەهای سیاسیی ڕزگاریخوازانە کە تێیدا کورد خۆی لە بەرەیەکدا دەبینێتەوە کە داگیرکەری خاکەکەی سیلەی لێ گرتووە.

ئەگەرچی ڕێژیمی تاران پێش لە نەورۆز و لە کۆتاییەکانی ساڵدا، دەستی بە بانگهێشت و گرتن و چاوسوورکردنەوە و قامک ڕاوەشاندن لە خەڵک و بەتایبەت لە لاوانی کوردستان کردووە و هەوڵ دەدا خەڵک بترسێنێ تا بەشداریی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان نەبن و پشت لە خەونەکانیان بکەن و لەوەش زیاتر بە "موازیسازی" و پێکهێنانی بۆنەی نەورۆزی لە چوارچێوەی ئەو هێڵانەی کە کۆماری ئیسلامی باوەڕی پێیەتی، ئەوا دەبینین کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەتەنیا گوێ بە مۆڕەکردنی چاوەنزێرانی حکومەتی نادا و بەلایەوە گرینگ نییە، بەڵکوو بەوپەڕی تواناوە هەوڵی گەرماگرتنی

## ڕەشەمەی ٢٧٢٤

کەشی نەورۆزی ئەمساڵ دەدەن و بە بڵێسەدارترکردنی ئاگری نەورۆزی ئەمساڵ، وڵامی "لەگەڵبوون" بە خاکپۆشان دەدەنەوە و دیسانەوە دوژمنی دۆشداماو، دەتاسێنن!

سەرەڕای سەرکوتی ئازادیخوازانی کورد و برسی هێشتنەوەی خەڵک و درووستکردنی کەشی خەفەقان لە کوردستان، نەورۆزی ڕۆژهەڵات بەو هۆیەوە کە لە ناخی مافخوازانەی گەلەوە سەرچاوە دەگرێ و بە لەبەرچاوگرتی ئەزموونی ساڵانی ڕابردووش، پێشبینی دەکرێ لەوپەڕی شکۆ و پێشوازی و گەرموگوڕیدا بەڕێوە بچێ. جلی خاکی، جامانە و هەوری لە ئیلام و کرماشان و گەڕووس و برادۆستدا سپای خوێن و سێدارە تووشی شۆک دەکات و ئەمەش، گەل هەنگاوێکی دیکە بەرەو ئازادی دەبات.

ژنانی کورد بە مەدەنیترین شێواز زیاتر لە پیاوان، ڕۆڵی سەرەکیان لە ڕازاندنەوەی خۆیان و منداڵان و لە ئاکامدا خەملاندنی نەورۆز و بەهاردا هەیە؛ بەو واتایە کە چۆن لە شۆڕشی ژینادا ئەوە ژنان و کچانی ڕۆژهەڵات بوون کە ئەکتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان پیشان دا هەرواش دەتوانن و دەبێ لەم نەورۆزەدا لە مەیداندا بن و جیا لە بەشدارییان هاندەرانە هەنگاو بنێن.

بە پێی ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو، ئەوەیکە لە نەورۆزی ئەمساڵدا دەبینرێ و چاوی دوژمنی پێ کوێر و کزتر لە جاران دەکات و چاوی دۆست، ڕوون و گەشاوەتر، ئەو کەتوارەیە کە خەڵکی کوردستان، بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە ئایینییەکانیان، بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە فکری و ئایدیاییەکانیان، لە چەپی چەپەوە تا ڕاستی ڕاست، نەورۆز دەکەنە هێما و خاڵی یەکگرتوویی نەتەوەیی؛ کە ئەم پرسە خۆی لە خۆیدا نیشاندەر و دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە گەلی ئێمە لە ئێستەدا سەرقاڵی تێپەڕین لە قاوخێکی سازکراوی دەستی مێژوو و بیری کۆن و داگیرکارییانەیە کە بەردەوام هەوڵی داوە ئەو چەواشەکارییە لە زەینماندا بخزێنێت کە کورد نەیتوانیوە و ناتوانێ جیاوازییەکانی نێو ماڵی خۆی قبووڵ بکات کەواتە دەبێ هەردەم برا گەورەیەک (کە ڕوونە لێرەدا مەبەست خۆیەتی!) بە لاسەرییەوە بێت و چاکە و خراپەی پێ بڵێت و ڕێنوێنی بکات بەڵام وەک باس کرا کورد لەم بەرەنگارییە نەورۆزییەدا پەیامێکی زۆر گرینگ و مێژوویی بە داگیرکەر دەدا کە ئەویش ئەم کەتوارەیە: ئێمەی کورد دەتوانین یەک بین و بە یەکگرتوویی و بە وەلانانی جیاوازییە ئایدیاییەکانمان دەتوانین بەرەوڕووی چاونەزێرانی خاکەکەمان ببینەوە بۆیە نەورۆز لە قەوارەی بۆنەیەکی ئاسایی ناهێڵینەوە و دەیکەینە خاڵێکی وەرچەرخان لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازانەمان. نەورۆز بۆ ئێمە تەنیا بۆنەیەک نییە بەڵکوو بۆخۆی بزاڤێکە لە ڕاستای خەبات بۆ نەهێشتنی ستەم و گەیشتن بە ئازادی.

٢٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# نەورۆزی کوردستان و پەیامەکانی



هەردی سەلیمی

نەورۆز لە کۆنزەمانەوە و لە بەرامبەر هێرشی هەموو سپا بێگانەکان بۆ سەر کوردستان، خۆی پاراستوە و لەگەڵ ئەوەش نەتەوەیەکی لەگەڵ خۆی پاراستوە. ئێمە بەباشی ئاگاداری ڕۆڵی نەورۆز لە ڕابردوویەکی دووردا نیین، بەڵام لە سەردەمی هاوچەرخ و لە سەردەمی مۆدێرندا دەتوانین ئاماژە بە ڕۆڵی کەسانی ڕووناکبیری وەک "پیرەمێرد" و "فایەق بێکەس" بکەین، کە لە یەکەمین کەسەکان بوون کەوا لەنێو نەتەوەی کورددا ڕۆڵێکی سیاسی و شوناسخوازانەیان بە نەورۆز بەخشیوە.

بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و سەرکوتی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دوورخستنەوەیان، کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان سەری هەڵدا و لە بواری جۆراوجۆری وەک ژینگەپارێزی، بزووتنەوەی خوێندکاری، چالاکیی پیشەیی و... وێژمانی خۆی و کوردستانی بەرهەم هێناوە. لە دوو دەیەی ڕابردوودا ڕێوڕەسمی نەورۆز لە کوردستاندا و بە دەسپێشخەری و داهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی بووژانەوەیەکی بەخۆوە بینی و لە شکڵێکی فەرهەنگییەوە بۆ بەربەرەکانی و بەرخۆدانێکی سیاسی گۆڕا و گوورا. لەمەبەدوا نەورۆز دەرفەتێک بوو بۆ خۆنواندنێکی نوێ و ڕێزکردنەوەی خواستەکانی کوردستان و ڕاگەیاندنی ئەو

خواستە سیاسییانە لە ڕێگەی بڵیندگۆی نەورۆزەوە.

لەم نێوەدا و لەم چەند ساڵەدا هەم دەسەڵات و هەم بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات وێڕای ئەوەی سەرسام بوون بەو ئاستە لە یەکریزی و ڕێکخراوبوونی بەڕێوەچوونی نەورۆز لە کوردستان، ترسیشیان ڕێ نیشتوە و هەوڵیان داوە نەورۆز "خالس" بکەنەوە و ئەو تایبەتمەندییانەی کە کوردستان پێی داوە، لێی بسڕنەوە. ئەم هەوڵانەشیان لە ڕێگەی تیئۆریک و لە ڕێگەی هەڕەشە و گرتنیشەوە داوە، لە چەند حاڵەتێکیشدا ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم هەوڵیان داوە ئیبتکاری کارەکە بەدەستەوە بگرن و بۆ خۆیان بەڕێوەبەری ئەم ڕێوڕەسمە بن! بۆ ئەوەی کونترۆڵی بکەن و خسڵەت و تایبەتمەندیی سیاسی و خۆڕاگرانە و شوناسخوازانەی نەورۆز بسڕنەوە و بیکەنە بۆنەیەکی کولتووریی ڕووت؛ کە تا ئێستاش لەم هەوڵانەیاندا سەرکەوتوو نەبوون.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ئەمساڵیش هەموو ئەم هەوڵانەیان دا و تاقییشیان کردەوە، بۆ نموونە لە شنۆ و بۆکان هەوڵیان دا بە زۆری چەک و هێز پێش بە گرتنی نەورۆز بگرن، لە ئیلام و کرماشانیش هەروەها و تەنانەت فەرماندەکانی سپا هەڕەشەیان لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە ئیلام کرد، بەڵام بەپێچەوانەی ویستی ئەوان ئەم تەوژمی وشیاریی نەتەوەییە لە ماکۆوە هەتا ئیلام و دێلورانی گرتووەتەوە و تا دێ بەهێزتریش دەبێت. هەر لە یەکدوو ڕۆژی ڕابردوودا لە مەڵکشای ئیلام و بە دروشمی "ئیمە کوردیم" و "بژیی کورد و بژیی کوردستان" ئاوری نەورۆزی ئەمساڵیشیان هەڵکرد و مۆرکی شوناسخوازانەی خۆیان لێ دا.

سەرنج بدەینە ئەو ڕێوڕەسمانەی تا ئێستا لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەڕێوە چوون، هەموو هێمای بەرخۆدان و موقاوەمەت و نەتوانەوە و شوناسخوازییان تێدا زەق بووە و لە جلوبەرگ و دروشم و بەکۆمەڵ بەڕێوەبردنیانەوە هەموو دەرخەر و نیشانەی ئەوەیە نەورۆز لە کوردستاندا ڕێوڕەسمێکی سیاسی - مەدەنی - کولتوورییە و توانیویەتی هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و هەڵگری هەموویان بێ، بەبێ ئەوەی یەکتر ڕەد بکەنەوە. زۆر جار هەوڵ دراوە نەورۆزی کوردستان وەک سەرنجڕاکێشییەکی توریستی و گەشتیاری نیشان بدرێ، بەڵام ساڵ لەگەڵ ساڵ خەڵکی کوردستان یەکدەستتر و خۆبەڕێوەبەرتر و ڕادیکاڵانەتر نەورۆزی خۆیان بەڕێوە بردوە، هەتا ئەو جێیەی ڕۆژی ڕابردوو لە شاری سەقز دروشمی "کوردستان کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان" و "ژینی ژێردەستیم ناوێ، دەوڵەتی کوردیم ئەوێ" درا کە بەردەنگەکەی بێگومان دەسەڵات و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەسەڵاتەیە کە هەوڵی بێوچانی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی ئەمری سیاسی لە نەورۆزی کوردستان بسڕنەوە، بەڵام لەگەڵ وڵامی ئاوا ڕاشکاودا بەرەوڕوو بوونەوە.

## ڕەشەمەی ٢٧٢٤

وەک دوایین وتە ئەوەی کە ئەمساڵ لە لایەن کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانەوە ناوی "خاکی‌پۆشان" لەم نەورۆزە نراوە، نە لەژێر گوشار و بانگەشەی لایەنێکی سیاسیدا بووە و نە بە واتای سڕینەوەی فرەڕەنگی و یەکدەستکردن بووە، بەڵکوو بەو واتایە بووە کە ناوێکی ڕەمز بێ لە بەرامبەر هێژمۆنیی ئەو دەسەڵاتەدا کە دەیهەوێ نەورۆزی ئێمە بەکولتووری بکات و تایبەتمەندیی سیاسی و بەرخۆدانەکەی لێ داماڵێ.

٢٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، وێنایەک لە ماریفەتی کۆمەڵگەی کوردستان



**سمایل شەرەفی**

سەرەڕای بەربەست، هەڕەشە و هەڵسووکەوتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ و خەڵکی بەشدار لەم ڕێوڕەسمانە، ئیرادەی گەل بەسەر دەسەڵاتی خۆسەپێندا سەرکەوت و بەشێک لە کارنەڤاڵە نەورۆزییەکان لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا بەڕێوەچوون.

چالاکانی مەدەنیی کوردستان ئەمساڵیش وەک چەند ساڵی ڕابردوو ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیان گرتەوە ئەستۆ و بەناولێنانی نەورۆزی ١٤٠٤ بە "نەورۆزی خاکیپۆشان"، بزووتنەوەی نەورۆزی کوردستانیان لە ئاستێکی بەرینتری جەماوەریدا نوێ کردەوە. خەڵکی کوردستان کە مانگێک پێش لە گەیشتن بە ڕۆژی نەورۆزی ٢٧٢٥ی کوردی، خۆیان بۆ بەشداریی ماناداریان لەم ڕێوڕەسمانە ئامادە کردبوو، لە هەڵسوکەت و ڕەفتارێکی تەواو هوشیارانەی پڕ لە مانا و پەیامدا، قۆناغێکی دیکەی پڕ بەرهەمیان لە بزووتنەوەی نەورۆزی کوردستاندا تۆمار کرد.

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

تا نووسینی ئەم بابەتە لە چەند شوێنێکی کوردستان، وەک؛ پۆلدەشتی ماکۆ، چەشمییەری مەریوان، گوێگتەپەی مەهاباد، ساحێو و جاقڵی سەقز، مەڵکشا و دەڕەدرێژی ئیلام و گێلان غەرب ڕێوڕسمەکانی نەورۆز بەڕێوەچوون و چەند ڕێوڕەسمێکی دیکەی نەورۆزی لە تەرەغەی بۆکان، شنۆ و پیرانشار لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕێگرییان لێ کراوە و لە چەند شوێن و ناوچەی دیکەش لە ڕۆژانی داهاتوودا ڕێوڕەسمەکان درێژەیان دەبێت.

ئەوەی تا ئێستا کراوە لە چاو ساڵانی ڕابردوو، هەم لە ڕووی جوغرافیاییەوە بەرفراوانترە و هەم لە ڕووی جەماوەرییەوە گشتگیرتر بووە. لە سەرووترین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا خوارترین شوێن ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز پەلیان هاویشتووە. بەشداریی خەڵک لە هەزارن کەسەوە گەیشتۆتە دەیانهەزاران کەس. هێما هاوبەشەکانی ئەم ڕێوڕەسمانە ڕەنگ و نێوەڕۆکێکی پڕ لە مانا و واتایان بەم ڕێوڕەسمانە بەخشیوە. جامانە و هەوری و لەبەرکردنی جل و بەرگی ڕەسەنی کوردی و بەتایبەت ئەمساڵ پۆشینی جل و بەرگی خاکی، پێناسەیەکی تەواو شوناسخوازانەیان بە بزووتنەوەی نەورۆزی کوردستان بەخشیوە. یەکێتی و یەکدڵیی خەڵکی کوردستان لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵدا زۆرترین سەرنجی لەسەرە.

بە وردبوونەوە لە ڕەفتار و هەڵسووکەوتی خەڵکی کورستان لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان و پێکهاتەی مرۆیی ئەم ڕێوڕەسمانە کە لاوان و ژنان زۆرترینیانن و، هەروەها بە تێفکرین لە نێوەڕۆکی ئەو پەیام و وتار و سروودانەی لەم ڕێوڕەسمانەدا بڵاو دەبنەوە و، بە سەرنج خستنەسەر شێوازی پێکهاتن و بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمانە و ئەو هێما و نیشانانەی پێیانەوە دیارە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە کوردستان و خەڵکەکەی لە چ ڕێڕەوێکی مێژوویی پڕ لە هوشیاری و ماریفەت دان.

کۆمەڵگەی کوردستان لەئاستێکی بەرزی خۆڕێکخستن دایە کە ئامیان و هەوێنی ئەم ڕەفتارە گشتی و جەماوەرییە، گەڕان بە دوای شوناسی نەتەوەیی و خودی ئینسانی کورد وەک خۆیەکی سەربەخۆ لە ئەوانی دیکەیە. خەڵکی کوردستان لەم ڕێوڕەسمانە و لە هەر دەرفەتێکی دیکەدا کە بۆی بلوێ و بگونجێ، بە زەقکردنەوەی تایبەتمەندییە زمانی، هێمایی، کلتووری، هونەری و زاتییەکانی خۆی، لەسەر ئەساس و بنەڕەتی شوناسخوازانە، تەعبیر لە خۆی وەک نەتەوەی کورد دەکات. ئەم تەعبیرە گشتی و جەماوەرییە بە هەڵوێست و ڕەفتاری کۆی کۆمەڵگەوە هەست پێدەکرێ کە بۆ ئەم مەبەستە، کۆمەڵگەی کوردستان وەک ئاماژەی پێ کرا، چەند ساڵێکە لەئاستێکی باشی خۆبەڕێوەبەری و خۆڕێکخستن دایە .ئەمە بۆ کۆمەڵگەیەکی بێبەش لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانی کە ڕۆژانە سیاسەتی سەرکوتی نەرم و سەختی لەسەر تاقی دەکرێتەوە، دەسکەوتێکی مەزنە، دەسکەوتێک کە بەرهەمی دەیان ساڵ خەبات و فیداکاری و کاری ڕێکخراوەیی حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانیەتی.

رەشەمەی ٢٧٢٤

ژیاندۆستی و حەزكردن بە ژیان و خۆشییەكانی، یەكێكی دیكە لە تایبەتمەنییە بەرزەكانی كۆمەڵگەی كوردستانە. ئەم تایبەتمەندییە زاتییەی نەتەوەی كورد كە ڕیشە و بناوانی لە كلتوور، كەونار و سروشتی مرۆیی خۆی وەک كورد و ژینگەكەی وەک جوغرافیای كوردستان دایە، بۆ دوژمنەكانی كە سەدان ساڵە كار لەسەر گوشەگیری، كوشتن و سڕینەوەی دەكەن، چەكێكی قورسی بەگژداچوونەوەیە.

هەموو ئەم مانایانە لە فەلسەفەی گۆڤەند و هەڵپەڕكێی كوردیدا هەیە كە كچان و كوڕانی بە پۆشێنی جوانترین و ڕازاوەترین جل و بەرگەكان، بە بەرزكردنەوەی هێما و نیشانەكان، یەكگرتووانە دەست لە نێودەستی یەكتر ماناكانی؛ ژیان بۆ مانەوەیان و خەبات بۆ ژیانێكی سەربەست بنیات دەنێن.

كۆماری ئیسلامی ئێران و هێزە سەركوتكەرەكانی كە چاویان بەرایی دیتنی كۆمەڵگەی كوردستانیان بەم تایبەتمەندییانەوە نیە، بە كردەوە دەیان ساڵە سیاسەتی سەركوت پەیڕەو دەكەن. ئەوان كە شوێنەواری دیار و بەرچاوی كلتووری كاری ڕێكخراوەیی بزووتنەوەی سیاسیی كوردستان و ڕێكخراوە مەدەنییەكان بە ڕەفتار و هەڵسوكەوتی خەڵكی كوردستانەوە دەبینن، هار دەبن و پەلاماری كۆمەڵگە دەدەن. ئەوان كە چاوی دیتنی متمانەی دوو لایەنەی نێوان خەڵک و چالاكانی مەدەنییان بەیەكتر نیە، بە گرتنی چالاكانی مەدەنی و گوشار بۆ سەر خەڵک، ڕق و تووڕەییەكانیان دادەمركێنن. ئەوان كە لە جل و بەرگی پێشمەرگانە (خاكیپۆشی) تۆقیون، هەڕەشە لە خەیاتەكانی كوردستان دەكەن و پێش بە دەركەوتنی لاوەكان بە جل و بەرگی خاكییەوە دەگرن و ڕێوڕەسمەكانی نەورۆزیان لێ هەڵدەوەشێننەوە.

خەڵكی كوردستان بە بەدەستەوەگرتنی چەكە ڕەمزی و هێماییەكانی خۆی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی شوناسخوازانەی نەتەوەییدا شەڕی مان دەكات. بۆ ئەم مەبەستە گۆڕەپانێكی بەرینی خەباتگێڕانەی جەماوەریی بۆ خۆی پێناسە كردوە كە هەر جارە و خۆی لە شكڵ و شێوازێكدا وێنا دەكات و ئەم ڕۆژانە گۆڕەپانەكە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەكانن. خەڵک و چالاكانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات، وەک تا ئێستا نیشانیان داوە، وێڕای بەگژداچوونەوەی پلان و پیلانەكانی دوژمن و، بە بێگوێدان بەوانەی بە سازكردنی پرسیار لەسەر نەورۆز و هێما و سەمبولەكان، سواڵی سەرنج و پێگەی لەدەستچوویان دەكەن، لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەكانی دیكەی نەورۆز و گەیاندنی پەیامە گەورەكە بە دۆست و دوژمن، بەردەوام دەبن.

٢٦ی رەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# هێما نەتەوەییەکانی کورد لە نەورۆزدا




**حەسەن قارەمانی**

هێما نەتەوەییەکانی کورد - ئاڵا، سروودی نەتەوەیی و جلوبەرگی نەریتیی ئێمە – مانایەکی قووڵیان بۆ خەڵکی کوردستان هەیە، بۆیە ئەو لایەنانەی خەبات دەکەن بۆ پاراستن و بەرگریکردن لەم هێمایانە، پشتیوانیی خەڵکیان هەیە، بەو پێیەی نوێنەرایەتیی هەستی بەکۆمەڵی سەربەخۆیی دەکەن.

نەورۆزی کوردەواری هەر جەژنێک نیە؛ هێمای خۆڕاگری و یەکریزی و ئیرادەی گەلە. جەژنی نەورۆز ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە مێژووی کورددا هەیە و گەشەی کردوە و بووەتە بەشێکی سەرەکیی ناسنامەی ئەم نەتەوەیە. نەورۆز بۆ زۆرێک لە کوردانی جیهان بیرهێنەرەوەی تێکۆشانیان بۆ ئازادی و چارەی خۆنووسینە. کورد لە ڕێگای ئاهەنگی نەورۆزەوە مێژوو و کولتوور و باوەڕی هاوبەشی خۆی لە داهاتوودا دەردەخات و ئەم جەژنە دەکاتە هێمایەکی بەهێزی یەکریزی و ئیرادەی جەماوەری؛ ئەم هێمایانە نەک تەنیا نوێنەرایەتیی میراتە مێژوویی و کولتوورییەکانی کورد دەکەن، بەڵکوو نیشاندەری خەباتێکی بەردەوام بۆ دانپێدانان و ئازادین.

ئـاڵا بە ڕەنگی گەشـاوە و خـۆری درەوشـاوەی لە ناوەنـددا، هێمـای هیـوا و بـوێری و بەدواداچـوونی سـەربەخۆییە. سـروودی نەتەوەیی کە لە بـۆنە و کۆبوونەوەکانـدا دەوتـرێتەوە، دەنـگ دەدات بە خەبـات و کـۆڵنەدانی نەوەکـان. جلوبەرگی نەریتیـی ئێمە کە دەوڵەمەندە بە ڕەنگ و نەخشی مێژوویی، هێزی کولتووری و خۆڕاگریمان بیر دێنێتەوە.

لە کوردسـتاندا ئەم هێمایـانە نەک هەر لە ڕوانـگەی کولتـوورییەوە گـرنگن، بەڵـکوو لە ڕوانـگەی سیاسییشـەوە گـرنگن. ئەو لایەن و حیزبـانەی کە بـۆ بەرگریکـردن و ڕێزگـرتن لەم ڕەمـزانە دەوەسـتنەوە، پشـتیوانیی گەلیـان لەپشـتە. لە لایەکـی تریشەوە ئەوانەی گرنگیی ئەو هێمایـانە پشتگوێ دەخەن، بەزەحمەت متمـانەی خەڵـک بەدەست دەهێنن، چونکە زیـان لە بەشێکی بنەڕەتیـی ناسـنامەی کـوردایەتی دەدەن. بە واتـایەکی دی ناسیۆنالیزم لای نەتەوەی کـورد تەنیـا سـنووری سیاسـی نییە، بەڵکوو پاراستنی میراتێکە کە نەوەکان خەباتیان بـۆ کردووە، بـۆیە هێمـا نەتەوەییەکانمـان تەنیـا نیشـانەی مێـژوو نین، بەڵکوو بەڵگەی زیندوو بۆ یەکڕیز و بوونمان وەک نەتەوەیەکە.

## نەورۆز وەک فاکتەری یەکگرتوویی:

سیمبولە نەتەوەییەکانی هەر نەتەوەیەک وەک ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، جلوبەرگی نەریتی و... ڕۆڵێکی چارەنووسـاز لە دروسـتکردنی هەسـتی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕن، ئەم هێمایـانە ناسـنامەیەکی گشـتین. نەورۆزیش یەکێکە لە کۆڵەکەکـانی ئەم ناسـنامەیە و وەک خـاڵی گردبـوونەوەیەک، تـاک بە تـاکی ئەم نەتەوەیە لە نـاوچەی جیاجیـا و بە ڕوانـگەی جیـاوازی سیاسـییەوە لە دەوری یەکتـر کـۆ دەکـاتەوە. لەگەڵ ئەوەش لە کـاتی بەڕێوەچـوونی ئـاهەنگی نەورۆزدا گـۆرانیی نەریتـی دەوتـرێتەوە، شێعر دەخـوێنرێتەوە، چیرۆکی مێـژوو و بەرخـۆدانی نەتەوەی کـورد هـاوبەش دەکرێت، بـۆیە نەورۆز دەرفەت و لەڕاستیدا ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی میراتی کولتووری بۆ نەوە نوێیەکان و پتەوکردنی پێوەندیی نێوان تاکەکان.

## بەهای سیمبۆلیکی سیاسی:

لە ماوەی سەدەی بیست تـا سەدەی بیستویەک، بەڕێوەچوونی نەورۆز لە تورکیە، ئێران، سووریە و عێراق زۆرجار پێشی پـێ گیراوە و تەنـانەت سەرکوت کراوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش نەورۆز وەک هێمای خۆڕاگری و ئیرادەی جەمـاوەری بەرز ڕاگیـراوە. گردبـوونەوە لە دەوری ئەم نەریـتە دەرفەتێـک بە کـورد دەبەخشـێت کە ئیـرادە و هێـزی خـۆی لە بەرامـبەر سـەرکوتکەران و پێشێلکەرانی مافەکانیدا بسەپێنێ، ئەمە تەنیا لە کوردسـتاندا قەتیس نەماوەتەوە و لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهـانە کوردی تێدا بێ، ئاهەنگی نەورۆز دەگیرێ.



سەرچاوە
Serchawe

### نەورۆز و ئیرادەی گەل:

ئیرادەی گەل لە ئاهەنگگێڕانی نەورۆزدا لە ڕێگەی بەشداریی بەکۆمەڵی خەڵک دەردەکەوێت. سەرەڕای چەندین ساڵ لە ستەم و هەوڵدان بۆ قەدەغەکردنی ئەو ئاهەنگە، کورد وەک نیشانەی ئیرادەی نەبڕاوەی خۆی بۆ بوون و دیاریکردنی داهاتووی خۆی بەردەوام بووە لە گرتنی ئاهەنگی نەورۆز.

دەکرێ نەورۆز لە چەند ڕوانگەیەکەوە شی بکرێتەوە: مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری. لە ڕووی مێژووییەوە درێژەپێدەری نەریتێکی زۆر کۆنە کە بەدرێژاییی سەدەکان مانای نوێی وەرگرتووە. لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە نەورۆز ڕۆژێکە کە کورد یەکڕیزی و خۆڕاگریی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتە ستەمکارەکان دەردەخات و ئەمەیە کە نیشاندەری ئیرادەی ئەم نەتەوەیە لە ئەمڕۆیدا کە بەرەوڕووی چەندان سیاسەتی سەرکوتکارانە دەبێتەوە. لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە نەورۆز وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردن و بڵاوکردنەوەی ناسنامەی کوردایەتی و کوردستانیبوون کاردەکات.
نەورۆز هەڵگری هێمایەکی بەهێزە کە کورد یەکدەخات بەبێگوێدانە هێڵە دابەشکەرەکانی ناوخۆ. ئاهەنگی نەورۆز نەوە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە و هەستی هاوبەشی سەربەخۆیی دروست دەکات. کورد بە ئاهەنگی نەورۆز جێگای خۆی لە جیهاندا و مافی بوونی خۆی وەک گەلێک پتەوتر دەکاتەوە.

### ئەنجام:

نەورۆز یەکێکە لە هێما هەرە بەرچاوەکانی یەکگرتوویی و ئیرادەی جەماوەریی کورد، بە هاوئاهەنگی و یەکگرتن، کۆبوونەوە لە دەوری ئەم نەریتە، مێژوو و کولتووری خۆی دەپارێزێت و لە هەمان کاتدا حەسرەتی ئازادی و بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی دەردەبڕێت. نەورۆز تەنها جەژن نییە بەڵکوو دەرکەوتنێکی بەهێزی شوناسێکی نەتەوەییە کە سەرەڕای هەموو ئاڵنگارییە مێژوویی و سیاسییەکان بەردەوامە؛ هەر ئەمەشە خاڵی سەرەکیی جیاکەرەوەی نەورۆزی کوردستان لەگەڵ ئەو نەتەوانەی تر وا ئەم بۆنەیە بەرز ڕادەگرن.
وەک وترا نەورۆز لەنێو کورددا تەنیا جەژن نییە، بەڵکوو هێمایەکی بەهێزی خەباتی بەردەوامی نەتەوەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی خۆی؛ نەورۆز لە کوردستاندا ڕۆڵێکی ناوەندی و سەرەکی و گرنگ دەگێڕێت لە بەهێزکردنی ناسنامەی کوردی و گەیاندنی هەستی پێکەوەیی و هیوا بۆ داهاتوو.

٢٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# لە ئاوارەیەکی دوورە وڵاتەوە بۆ نەورۆزی خاکیپۆشان



**هاشم ڕۆستەمی**

وا نەورۆزە و گەردوون گەڕێکی دیکەی گۆڤەندی ژیانی بە ئاوازی دڵنەوازی خوڕەی چەم و شنەی دڵ بلاوێنی شەماڵ گەڕا و، مامە نەورۆزی سەربەرزی وەرزی پیرۆزی جوان، جوان جوان سەرچۆپیکێشی ئەم گۆڤەندەیە.

وا بۆ جارێکی دیکەش بانگی ئازادیخوازی لە گەرووی پڕ لە هاواری شمشاڵی شوانی قەدپاڵەکانی چلچەمە و قەندیل و ئارارات و سەرجەم شێو دۆڵی کوردستان بەرز بۆوە و پەژواکی ئاوازە بەسۆزەکەی بە بناراندا گەڕا کە دەیگووت: "بەهارە،

بەهارە!
هەیاران!
بروانن چلۆن لە دوای زستان بەهار دێ
چلۆن لە دوای زریان و تۆفان
شنەی شەماڵ دێ

**ئاواش لە دوای ڕەشەبای زوڵم و بێدادی**
**هەڵدەکا شنەی شەماڵی شادی"...**

هەیاران! ئەمساڵ لە نەرۆزی ڕێبەندان ڕا، لە بن ئاڵای ١١ ئەستێرەدیتووی چوارچرا ڕا، جامانە و هەوری لەمل و بە بەرگی خاکیەوە وەڕێ کەوتووم و توێشووی ڕێگەم لەنێو پارچەیەکی لاکێشەی سێ ڕەنگی سوور، سپی و سەوزەوە وەرپێچاوە. دەمێکە بە ڕێگەوەم، دەمهەوێ بەرەو هەوارگەی مامە نەورۆز هەنگاو بنێم، بەڵام ڕێگەم سەخت و حەستەمە. لە ڕێگەمدا، کاتێک بە ڕێگەی دووری مێژووودا دەڕوانم، "مێشکی شەش کوڕی کاوەی باپیرمان لە بەردەم مارە نەوسنەکانی سەر شانی ئەژدەهاک دەبینم."

کاتێک سەیری مێژووی دوێنێ و پێرێشمان دەکەم،

دیسان مێشکی پڕژاو، خوێنی ڕژاو، سەری براو، لاشەی سووتاو، شار و گوندی ڕووخاو، بەڵێ، دیسان کۆی زووخاو بە دەست حاکمانی داگیرکەرەوە دەبینم. بەڵام نیگەران نیم، چوونکە هەر لەم کاتەدا گەلێکی خرۆشاو و خاکی پۆشانی دڵ پڕ لە گڕی نیشتمانپەروەری دەبینم.

**ماندوو و هیلاک و دل پڕ لە تەم**
**دەمهەوێ تێپەڕم لە بەحری فرمێسکو خەم**

لە داوێنەکانی کاروخ و ماکۆک و کێوەڕەش، لە شارە جوانەکەی ڕانیە، تووشی شایی و لۆغانی ڕاپەڕین دەبم. تەمی خەم و زەردەخەنەی سەر لێوان لە وێ دەست لە ملانی یەک دەبن. لە نێو ئاپۆرای جەماوەریی چەند ساڵ لەمەوبەردا دەست دەکەم بە گەڕان. هەر دەگەڕێم و دەگەڕێم تا خۆم لێ ون دەبێ و سەرئەنجام لە غوربەت و هەزاران کیلۆمیتر دوور لە زێد و نیشتیمانمدا دەگەمە هەوارگەی مامە نەورۆزی ئەمساڵم. بەڵام چ بکەم دڵ ئۆقرە ناگرێ بەر لەوەی بە دیداری مامە نەورۆز شاد بم.

مەلی هەست و ئەندێشەم ئەوجاریش بەرەو ئاسمانی نیشتمان باڵ دەگرێ، دەشت و کێو و ئۆقیانووسەکان یەک یەک دەبڕێ، دەفڕێ و دەفڕێ

مەلی دڵی پڕ لە تاسەم، تاسەی شاد بوونەوە بە نیشتمانی ڕزگار کراوم، لە گەڵ شنەی شەماڵی شادی دەست لە ملانە، تا دەگاتە شوێنی دیاری کراوم، لەوێ لە سەر ئاسمانی شار و گوند و چیا و پێدەشتەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لەنگەر دەگرێ. کەچی بیرەوەری دیمەنە دڵتەزێنەکانی کوشتن و سەربرین و ڕفاندن، دەیکەنە مۆم و دڵۆپ دڵۆپ دەیتوێننەوە. دەیکەنەوە بە خاک، دەیکەنەوە ئاو، دەیکەنەوە سەوزایی و سەرلەنوێ دەیڕوێننەوە، دەبێتەوە دەنگ و ئاواز، دەبێتەوە نەعرەتەی شیرانە و، هەمدیسان سروودی ژن، ژیان، ئازادی دەڵێتەوە.

## هۆ مەلی تیژباڵی ڕوح و خەیاڵم!

لە دونیای بیر و خەیاڵی ڕابردوودا گیر مەکە، چاوە تیژبینەکانت تیژتر بکە و وردتر بڕوانە، بەڵام بەر لەوەی چاوەکانت بە دیمەنی پڕ لە نەعرەتەی شێرانەی خاکیپۆشانی نیشتمان ڕون بکەیەوە، وەک ئەرکی گەلدۆستی و وەفا بۆ پێشەوای شەهید, سەرەتا بەرەوە مەهاباد باڵ بگرە. نیگەران مەبە و ڕێگە ون ناکەی. چوونکە لە هەر گۆشەیەکی ئەم نیشتمانە ڕا نووری چراکانی چوار چرا دیارن. شەو بێ و ڕۆژ بێ فەرق ناکات، ئەوان ڕێنیشاندەرن. هەر کە گەیشتیە ئەوێ، بەرەو گۆرستان، نا نا بەرەوە مەنزڵگەی پێشەوای مەزن بفڕە. لە خزمەت ڕوحی بەرز و هەرگیز نەمریدا کرنۆش بەرە و هەواڵی وەرێ کەوتنی مامە نەورۆزی خاکی پۆشانی پێ بگەینە.

هۆ ڕوحی تامەزرۆی باڵ گرتوو! دەزانم تا ئەبەد لە ڕاوەستانی دەستەو نەزەر، لە خزمەت پێشەوای مەزندا ماندوو نابی. بەڵام ڕوخسەت بخوازە و برۆ. باڵ بگرە و بفڕە بەرەو پولدەشت و ماکۆ، لەوێ ڕا پێداوەرە، بەرەوە ورمێ، نەغەدە و شنۆ، بڕۆ بەرەوە پیرانشار، سەردەشت، بانە، مەریوان و کامیاران، بگەڕێوە بەرەوە ڕەبەت، مەهاباد و بۆکان، بوکی ڕازاوەی موکریان، لەوێشەوە بەرەو سەقزی پێشەنگ و سنەی سەربەرز و کرماشانی دێرین، بەرەوە سەرپێڵی زەهاو، گێلان، شار بە شار تا قەسری شیرین، لە ئاسمانی ئیلامەوە بە حورمەتەوەکڕنۆش بەرە بۆ سەر سەرجەم شار و گوند و چیا و دۆڵێ ئەو دەڤەرە، بۆ سەرجەم کیژ و کوڕانی نیشتمان، بۆ سەرجەم خەمخۆرانی کوردستان، بۆ گۆڤەندگێڕانی نەورۆزی تێکۆشان، بۆ سەرجەم هەوری لەملان و خاکیپۆشان.

## هۆ مەلی تیژباڵی خەیاڵم، هۆ ڕوحی بە دووی ڕزگاریدا عەوداڵم!

لەوێ ڕا پێداوەرە، لە هەر شارێک، لە هەر گوندێک، لە هەر پێدەشتێک، لە بناری هەر چیایەک، ئاگری نەورۆز و گۆڤەندی خاکیپۆشانت دیت، نەر نەرم لەنگەر بگرە و وەرخوارێ، بە حورمەتەوە ببە بە قوماشێکی خاکی و خۆت بە بەر

رەشەمەی ٢٧٢٤

بەژن و باڵای تاک بە تاکی ئەو جەماوەرە خرۆشاوەدا بکە. ببە بە هەوری و جامانە و، وەک ملوانکەی ژیان، مل و گەردنی ئەو شۆخ و شەنگ و شۆڕەلاوانە وەڕازێنە. ببە بە دەسترۆکەی دەستی سەرچۆپی کێشان، بۆنەورۆزی خاکیپۆشان.

٢٩ی رەشەمەی ٢٧٢٤

# پەیامی نەورۆزیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەبۆنەی دەسپێکی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاوی




**بۆنە نەورۆزییەکان تەعبیر لە مانایی و زیندووبوونی کورد وەک نەتەوەیەک و خاوەندارەتیی لە پرسە ڕەواکەی دەکەن**
**(پەیامی نەورۆزیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەبۆنەی دەسپێکی ساڵی نوێی خەبات و تێکۆشان)**

## کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

سەرەتا بەبۆنەی هاتنەوەی نەورۆز، جێژنی نەتەوەیی و کۆنینەی کوردان پیرۆزبایی لە هەموو ئێوە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین و هیوادارین لە ساڵی نوێی ژیان و تێکۆشانیشدا، خەباتی سیاسی و نەتەوەییمان و یەکگری و یەکیەتیی خەباتکارانەمان هەنگاوی زیاتر بەرەو ئامانجەکانی بنێت. لە بەرەبەری نەورۆزدا سڵاو لە ئێوە خەڵکی کوردستان کە سەرەڕای زەبروزەنگی زۆری کۆماری ئیسلامی و کۆی قەیرانە نێوخۆییەکان، بەڵام ئاڵای خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەی کورد لە ئێرانتان بەرز ڕاگرتوە. سڵاو لە زیندانیانی سیاسی کە بە کوڵنەدان و خۆڕاگرییان بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامییان کردۆتە سەنگەری ئازادیخوازی و سڵاو لە بنەماڵەکانیان کە تێچووی قورسی ئەو خەبات و خۆڕاگرییە لەسەرشانیانە. سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و بنەماڵەی پێشمەرگە لەخۆبوردووەکانی نیشتمان. سڵاو



سەرچاوە
Serchawe

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

له هەموو هەڵسووڕاوان و خەباتکارانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کە بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامیان سیمایەکی زیندوو و هەردەم ڕوو لە گەشەیان بە بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ئێران بەخشیوە.

## هاونیشتمانیانی خۆشەویست!

ئەمە نەریتێکی جێکەوتوە کە خەڵکی کوردستان لەمێژساڵە فەلسەفەی نەورۆز وەکوو هێمای ژیانەوە و ڕاپەڕینیان کردوەتە چرای ڕێگای ژیان و خەبات و، بە تێکۆشان و نەسرەوتنیان، یەکگر و یەکرتوو لە سەنگەری شوناسخوازیی خۆیاندا پتەو ڕاوەستاون. لەو ڕۆژانەشدا و لە درێژەی ڕەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، بۆنەکانی تایبەت بە پێشوازی لە ساڵی نوێی هەتاوی و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بوونەتە گۆڕەپانێکی دیکەی کار و چالاکییە سیاسی و مەدەنییەکان. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو و بەدوای ڕێوڕەسمە بەرین و پڕ لە پەیام و ماناکانی نەورۆزی ١٤٠٣ی هەتاوی، خەڵکی کوردستان لە بۆنە و دەرفەتی جۆراوجۆردا و بە داهێنان و ئیبتکاری خۆیان وێڕای داکۆکی و پارێزگاری لە بەها و بایەخە نەتەوەییەکانی خۆیان، وەک هەمیشە بەرانبەر بە ڕەشترین ڕێژیمەکانی سەردەم، واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران و سیاسەتە دژیگەلییەکانی لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بەردەوام بوون؛ بۆ ئەو بەردەوامی و خەبات و خۆڕاگرییەش تێچوویەکی زۆریان داوە.

خەڵکی کوردستان سەرەڕای سەختییەکانی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەیان کە بە هۆی سیاسەتە چەوت و پڕ لە هەڵە سیاسی و ئابوورییەکانی ڕێژیمەوە بە سەریاندا سەپاوە، لە بەدواداچوونی چارەنووسی سیاسی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانیی خۆیان غافڵ نەبوون و لە هەر بارۆدۆخێکی ئاراییدا هەڵوێستی شیاوی خۆیان بووە. لەم پێوەندییەدا ڕۆڵ و دەوری کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی بوارە جیاجیاکانی؛ ئەدەبی، ژینگەپاریزی، مامۆستایان، کریکاران، پارێزەرانی زمان و کولتووری کوردی، مامۆستایانی ئایینیی دەروەست بە خاک و خەڵک، ژنان و لاوان و... بەرچاو و شوێندانەر بووە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ٤٦ ساڵە بە گرتنەبەری هەموو جۆرە سیاسەتێکی سەرکوتکارانە و داپڵۆسێنەرانە، حەولی دژایەتی و سڕینەوەی هەر جۆرە بەها و نیشانەیەکی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی خەڵکی کوردستان دەدات، لە یەک ساڵی ڕابردووشدا و بە پیشەی هەمیشەیی خۆی و توندتر و دژتریش جووڵایەوە، ئەمەش لە چەند بەرانبەربوونی کوشتن و گرتن و زیندانیکردن و لەسێدارەدانەکان لە کوردستان لەچاو شوێنەکانی دیکەی ئێران بە ڕوونی و بە تەواوی دیار و ئاشکرایە. دەستبەسەرکردنی لاوان بە هۆکاری پۆشینی جلوبەرگی خاکی کە هەڵگری بایەخ و واتای ماناداری خۆیەتی و هەڕەشە و گوڕەشەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دەزگا ئەمنیەتییەکان لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان و ترسیان لەو



سەرچاوە
Serchawe

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

هێما و جلوبەرگانەی خەڵکی کوردستان لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکاندا کەڵکی لێ وەردەگرن، تازەترین هەڵسوکەوتی دژی‌گەلییانەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستانن. لە بەرامبەردا خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هۆی بەرزیی وشیاریی نەتەوەیی، ڕێکخراوبوونی کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەی پەیامی شوناسخوازخوازانەی بزووتنەوەی پڕ ل شانازیی سیاسیی کورد لە دڵ و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا، چوارچێوەیەکی بەرین و قووڵی جەماوەریی بەخۆیەوە گرتوە. پرسە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کە لە ئێستادا پێناسەیەکی گشتگیری مافویستی و شوناسخوازانەی وەرگرتوە، بە لێکئالان و یەکخستنی هێز و وزەی خەبات و خۆڕاگری، بزووتنەوەیەکی گەورەیان ڕێک خستووە کە لە هەر دەرفەتێکی گونجاودا بە فۆڕم و پەیامی تایبەتەوە خۆی دەردەخات. بزووتنەوەیەک کە لە بەستێنی خرۆشانەکەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا سنوورەکانی کوردستان و ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناڤینی بڕی و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بوو بە نموونەیەکی جیهانی و کاریگەریی شیاوی خۆی دانا.

## خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

ئێستا کە بەرەو نوێبوونەوەی ساڵ و بۆنە نەورۆزییەکانی ١٤٠٤ی هەتاوی دەچین، جارێکی دیکە ئێوەی کۆمەڵانی خەڵک لە چوارچێوەی ڕێوڕەسم و کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا کە بە "نەورۆزی خاکی‌پۆشان" ناودێرتان کردوە، بە کەڵکوەرگرتن لە درووشم و هێما و جلوبەرگی تایبەت، قۆناغێکی دیکە لە جموجۆڵی شوناسخوازانەی خۆتان دەبڕن و بە بێ‌گوێدان بە بەربەستەکانی دەسەڵات، لە بەرەوپێشچوون و ڕانەوەستاندان. لە وەها قۆناغێکدا کە خەڵک لە کوردستان بە شکڵ و ڕەفتاری جۆراوجۆر تەعبیر لە مانایی و زیندووبوونی خۆی وەک نەتەوەیەک و پرسە ڕەواکەی دەکات، دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەوپەڕی زەبوونی و داماوی‌دایە. ئەم ڕێژیمە سیاسییە سەرکوتگەرە لە نێوخۆی ئێران خاوەنی نزمترین مەشروعیەتی سیاسییە و لە ڕووی ئیدئۆلۆژییەوە تووشی دارمانی فکری هاتوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا لەوپەڕی لاوازی و شکستدایە. ئەم ڕێژیمە لە ڕوانگەی گەلانی ئێرانەوە جیا لە ڕووخان و ڕۆیشتن ڕێگایەکی دیکەی لە بەردەمدا نییە و وڵاتی ئێرانیش بەبێ کۆتایی‌هاتن بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە ڕووی هیچ جۆرە بەرەوپێشچوونێک بەخۆوە نابینێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پشتبەستن بە هێز و ئیرادەی ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە پشتیوانیی لە خەباتی شوناسخوازانەی گەل کە هەر ئێستا لە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆردا لە بەردەوامبوون و بەرەوپێشچووندایە، پێی وایە بەهێزکردنی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆی وڵات و کارکردن بۆ یەکخستنی هێزی مەیدانیی خەڵک لە نێوخۆی وڵات دەتوانێ پاشەکشە بە سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم بکات و لە کۆتاییدا ڕوخانی ئەم ڕێژیمەی لێ بکەوێتەوە. بۆیە لێرەوە ڕوومان دەکەینە گشت کەسایەتی و هێزە سیاسییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و جارێکی دیکەش پێداگری لەسەر زەروورەتی

رەشەمەی ٢٧٢٤

یەکخستنی نێوماڵی کوردی، یەکگرتوویی گەلانی ئێران و پێوستیی لێکنزیکبوونەوەی زیاتری ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هێز و لایەنە سیاسییەکان دەکەینەوە و بۆ بەدیهێنانی ئەمەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروەک هەمیشە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێتەوە و خۆی بە ئەرکدار دەزانێ.

سەرکەوێ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران

نەورۆز و هاتنی سەری ساڵی نوێی هەتاوی پیرۆز بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی

٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٣ (١٩ - ٣ - ٢٠٢٥)

٢٩ی رەشەمەی ٢٧٢٤



# پەیامی نەورۆزیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**خوشک و برایانی بەڕێز!**
**هاونیشتمانییانی تێکۆشەر!**

**بەبۆنەی جێژنی نەورۆز، پیرۆزبایی گەرم لە هەموو نەتەوە ئازادیخوازەکانی ئێران، بە تایبەت نەتەوەی کورد، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کۆمەڵگەی وشیار و ئازادیخوازی کوردستان دەکەم. لەبەرانبەر زیندانییانی سیاسی و بنەماڵە بەڕێزەکانیان سەری ڕێز دادەنوێنم.**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

خوێندنەوەی ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردوو لە چەند ڕووەوە جێی سەرنجن. شکستی پرۆژە سیاسی و سەربازییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکان، یەکێک لە ڕەهەندەکانیەتی. دەستپێکەکەی، بە شکستی شانۆی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری، بە هۆی دەنگی"نا"ی زۆرینەی خەڵکەوە بوو. دواتر، تێکشکان و لاوازیی هێزە



سەرچاوە
Serchawe

نیابەتییەکانی بەدوادا هات. ئەم شکستە لە پانتایەکی سەربازی، هەواڵگری و مەیدانیدا ڕووی دا کە پێشتر کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو "قووڵاییی ستراتیژیک"ی خۆی ناوی لێ دەبرد. ئەم هاوکێشە نوێیە، کە لە بەستێنی گۆڕانکارییەکی بەرفراوانی ناوچەییدا هاتووەتە ئاراوە، لەگەڵ شکستە سەربازییەکانی حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان و بەتایبەت دوای کەوتنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، بۆشاییی سەربازی، هەواڵگری و بەگشتی قووڵاییی قەیرانە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامییش زیاتر دەرکەوت.

لە ساڵی ١٤٠٣دا، ئەو قەیرانانە بە کۆمەڵێک قەیرانی کەڵەکەبوو و تێکچڕژاوی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و وزە و بەڕێوەبەری، قووڵتر بوونەوە. قەیران و گەندەڵیی پێکهاتەییش، بەشێکی دانەبڕاو لە کولتووری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە ڕێگەی تێکهەڵکێشکردنی هێزی سەرکوت، دامەزراوە، یاسا و ئیدئۆلۆژییەوە، بەرهەم دێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە تەواوییەتی خۆیدا پێداگری لە سەر"وەزعی مەوجوود" دەکاتەوە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دۆخی چەقبەستووی ڕێژیم و شکاندنی کەرامەتی مرۆڤەکان.

هەر لەم ساڵەدا، ڕێژەی ئیعدامەکان بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو ١٧٪ زیادی کردوە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٤دا، زیاترلە ٩٠٠ کەس ئێعدام کراون کە ٣١ کەسیان ژن بوون. زیاتر لە ١٤٠ چالاکی ژن دەستبەسەر کراون. بڕیاری لەسێدارەدانی دەیان کەس دەرکراوە. لە کوردستانیش دوو ژنە چالاکی سیاسی بە ناوەکانی وریشە مورادی و پەخشان عەزیزی حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپاوە.

لە کوردستانیشدا ئەمساڵ، ئیعدام و دەرکردنی بڕیاری لە سێدارەدان، سەرکوتی ژنان، کرێکاران، خوێندکاران، کردنە ئامانجی کۆڵبەران، گرتن و زیندانیکردنی ژینگەپارێزان، ڕۆژنامەوانان، مامۆستایان، چالاکانی مەدەنی و چالاکانی بواری زمان و دەیان تاوان و پێشێلکاریی دیکە، دیمەنە هەمیشەییەکان بوون.

وێڕای دۆخی سەرکوت، ڕەوتێکی مانادار لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان، وەلانانی حیجابی زۆرەملێیە لە لایەن کچان و ژنانەوە. ژنانی بوێر و وشیار، سەرەڕای سزا و یاسا دژەمرۆییەکان، بەم کردەوەیان، پرسیاریان لەسەر ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتی دواکەوتووی ڕێژیم دروست کردوە و، سەلماندوویانە داکۆکی لە ئازادی و مافە زەوتکراوەکانیان دەکەن. بە گشتی بەرەی دژبەرانی ڕێژیم و لە سەرووی هەموانەوە بزووتنەوەی ژنان، قۆناغێکی نوێ لە ململانێ ئەزموون دەکەن.

لە خەباتی پتر لە سەد ساڵەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڕوونی دەبینرێ کە بیری کوردایەتی و



سەرچاوە
Serchawe

ئازادیخوازی بووەتە بەهایەکی گرینگی فکری و سیاسی. ئیستا لە هەموو گوند و شارەکاندا خەڵک زیاتر لە جاران ڕادەی وشیاریی نەتەوەییان بەرز بووەتەوە. ئاکامی هەڵکشانی وشیاریی نەتەوەیی، لەسەر شەقامی کوردستان و لە قۆناغی بزووتنەوەی ژینادا زیاتر خۆی دەرخست. فرەجەمسەربوونی خەباتی دژەستەمی نەتەوەیی لە کوردستان، ئاماژەکانی وەدیار کەوتوون.

## کوردستانیانی ئازادیخواز!

ئەگەرچی پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند و پەراوێزخراوەکان، ڕەهەندێکی داگیرکارانەی هەیە و ئەم خۆبەناوەندکردنە، لە ڕەوتێکی مێژووییدا بەدامەزراوەیی کراوە، بەڵام بەردەوام وەکوو بابەتێکی سروشتی و ئاسایی نیشان دراوە. ناوەندێک کە لە پێناو پاراستنی ناسیۆنالیزمی سەرکوتکەری ئێرانیدا، ڕشتنی خوێنی مرۆڤەکان پیرۆز دەکات. ئەم ناسیۆنالیزمە، بە زەبروزەنگ، کولتوور و زمانی فارسیی بە سەر غەیرەفارسەکاندا سەپاندوە. ویستوویەتی بە ناوی کولتووری هاوبەشی ئێرانییەوە، کولتووری فارسی وەک کولتووری نەتەوەیی داسەپێنێت.

لێکەوتەی بنیاتنانی دەوڵەتی ئێرانی (بە واتای سەروەریی یەک پێکهاتە)، بە درێژایی مێژووی خۆی، بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندیی باڵادەستییە کە تیایدا، فرەنەتەوەیی و فرەناسنامەبوونی جوغرافیای ئێرانی هاوچەرخ ، حاشای لێ کراوە. بەڵام ئەم هاوکێشەیە، لە دوای بزووتنەوەی"ژینا" و ڕاپەڕینی هەرێمە نەتەوەییەکان، لە بەرژەوەندیی پەراوێزخراوەکان، لاسەنگ بووە. هاوکێشەیەکی نوێ لە کوردستان و ئەم هەرێمانە هاتووەتە کایەوە. بزووتنەوەی ژینا، لەگەڵ ئەوەی مانیفێستێکە بۆ ئازادی، هاوکات بەستێنێکە بۆپێکگەیشتنی دەنگە سەرکوتکراوەکان. هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی نێو جوغرافیای ئێرانیش، هێز و وزەیەکی پەنگخواردووە بەرانبەر بە هەموو پاوانخوازییەک. ئەم گۆڕانکارییە بێوێنەیە و، هێزی یەکلاکەرەوەی داهاتووی سیاسیی نەتەوەکان و کۆمەڵگاکانی ناو ئێرانە. بە تایبەت کوردستان زیاتر لە جاران، ئاگاداری چەوساندنەوەی جێندەری و ڕەهەندەکانی ستەمی نەتەوەیی بووەتەوە و دەیهەوێ بە پێشەنگایەتیی ژنان، کۆمەڵگای کوردی، یەکسانییەکی زیاتری تێدا ببینرێ.

## خوشک و برایانی خۆشەویست!

بۆ مرۆڤی ئازادیخواز و نەتەوەی بەهەڵوێست، کە دۆخی بێ مافی و بێ دەسەڵاتیی خۆی ناسیوە، تێپەڕاندنی دۆخی بندەستی، یەکەم بژاردەیە. بە تێگەیشتنی قووڵ لەو واقعییەتە کە ڕۆژانە لەسەر خاکی خۆی، مێژوو، ناسنامە، زمان ،

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

هێما و بەها نەتەوەییەکانی لە ژێر سڕینەوە و هەڕەشەدایە، تەنیا ڕێگا، خەبات و خۆڕاگرییە. پابەندبوون بەم پرەنسیپانە، ئەرکێکی مێژوویی، سیاسی و نەتەوەییە. خەباتی سەخت و خوێناوی لە پێناو ئازادی و سازدانی بزووتنەوەیەکی فرەڕەهەند و بەربڵاوی نەتەوەیی لە مێژووی هاوچەرخدا، لای کوردستانیان، ئەم ئەرکەی گۆڕیوە بۆ بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە خاک و ناسنامە.

خاڵێکی هاوبەشی ڕاپەڕینی" ژینا" و "بۆنەی نەورۆز"، نواندنەوەی تایبەتمەندیی فرەچەشنیی کۆمەڵگای کوردستانە. بزووتنەوەی ژینا، بەهاکانی ژیانێکی دوور لە چەوسانەوەی بۆ کوردستانیان نواندەوە. بیری کوردایەتی زیاتر لە هەموو کات ئاوێتەی مانای ڕزگاریخوازی و بەها گوتارییەکانی بووە. نەورۆزیش بووەتە بۆنەیەک کە سەرەڕای گرێدانی نەتەوەی کورد بە مێژوویەکی کۆنەوە، مانایەکی سیاسی، گوتارێکی داهێنەرانە و ڕزگاریخوازانەی لێ بەرهەم هاتوە. لەم مانا نوێیەدا، نەورۆز کەرناڤاڵێکی بەرخۆدانی نەتەوەییە. ئاماژەیەکی ڕوون کە مەبەست لێی، ڕابوون و ڕاسانە دژ بە داگیرکاری و بێ مافی.

لە بزووتنەوەی ژینادا، کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە هەموو چین و توێژەکانەوە بەشدار بوون. لە خوێندنکاران و کرێکارانەوە بگرە تا مامۆستایانی ئایینی؛ لە ژنان و کچانی ئازادیخوازەوە بگرە تا ئەو کاسبکارانەی بە حەوتوو دووکان و بازاڕیان دادەخست، لە پارێزانەکانەوە بگرە تا مامۆستایانی قوتابخانە. بەم شێوەیە خەڵکی ڕۆژهەڵات نیشانی دا، ڕەمزی نەمریی کوردستان لە فرەچەشنی و هاوهەلوێستیدایە. نیشانی دا، هەموو کاتێک دژ بە هەر جۆرە بیرۆکەیەکی فاشیستییە کە بیهەوێ ماف و کەرامەتی سەرکوت بکات. لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا وەکوو نەریتێکی دژەستەم و دژەداگیرکاری، نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگر بە کۆشکی تاریکییەوە دەنێت. هێمای خاکپۆشان و پارێزەرانی خاک، ئاوێتەی جلوبەرگی ڕەنگالەی کوردستانیان دەبێ. یەکدەنگ، سروودی ئەی ڕەقیب دەڵێنەوە و، نەورۆز دەکەن بە هەوێنی نوێبوونەوە، بەهێزبوونەوە و یەکیەتیی نەتەوەیی لە هەموو کوردستان.

کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، بە هۆی بەسیاسی بوونی شوناسی کوردی و ئەزموونی دوور و نزیکی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و مەدەنی، توانای خۆڕێکخستنی هەیە. کۆمەڵگەیەکی" پێشەنگ" کە مەیداندارە؛ خۆی بە خاوەن پرسی نەتەوە وناسنامەی خۆی دەزانێ. هەر لەم پەیوەندییەدا، وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێمان وایە هەلومەرجی نوێی ناوچەیی و لاوازیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نیوخۆ و دەرەوە، بەستێن و دەرفەتێکی لەبارە بۆ سازدانی هاوپەیمانیی ئازادیخوازان و هەرێمە نەتەوەییە بندەستەکان دژ بەم ڕێژیمە. سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەخت لە سەر یەکریزی و هاوخەباتیی سەرجەم هێز و لایەنەکانی کوردستان دەکەینەوە. وەکوو حیزبی دێموکرات، بە خوێندنەوەی هەلومەرج و دەرفەت و

ڕەشەمەی ٢٧٢٤

هەڕەشەکانی سەر ڕێی بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان، بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆمان لەبەر چاوە. بە خوێندنەوەی ڕەهەند و قووڵایی گۆڕانکارییەکان، وێڕای خۆڕێکخستنمان، پێداگرین لە سەر گوتاری کوردستانی، یەکڕیزیی نیشتمانی و پێکگەیشتنی نەتەوەیی.

بەرزو پیرۆز بێت نەورۆزی کوردەواری

مستەفا هیجری

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٣٠ی ڕەشەمەی ١٤٠٣ی هەتاوی

٣٠ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤





# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

